

هۆشەنگ جاهویی
مرۆڤ
لە لوتکە دا
چاپی یەکەم
2016

# مرۆڤ لە لوتکەدا

**نوسینی: هۆشەنگ جاهویی**

چاپی یەکەم
2016

ناسنامەی کتێب

- ناوی کتێب: مرۆڤ لە لوتکەدا
- نوسینی: هۆشەنگ جاهویی
- بابەت: فیکر و فەلسەفی
- دیزاین و بەرگ: نوسەر
- ساڵی چاپ: چاپخانەی
- ساڵی چاپ: 2016
- تیراژ: 1000 دانە

**پێشکەشە بەدایکە بیرمەندەکەم لەگەل لاوێنی هەمیشەزیندوو**

بابەتەکانی ئەم پەرتوکە بۆخودی نوسەر پارێزراوەو هیچ کەس بۆی نیە بەبێ رەزامەندی نوسەر بابەتەکان وەربگرێت یاکۆپی بکات و مەفهومەکان بەرێت.

# پێشەکی

زۆرنوسراوە لەسەر مرۆڤ و ژیان و بوونی خۆیەوە، بەڵام ئەوەی لای من بوەتە جێگای تێرامان بۆچی تائێستا ئەم مەخڵقوقە بەوونی لەدایك بێت و بەوونی لەژینگەکەی خۆشیا بژێت، بۆیە ویستم شتێك بنوسم لەسەر بوون بەتایبەتی مرۆڤ کەسەرچاوەی هەموو بویەکی ژینگەکەی خۆیەتی، کەچی لەگەڵ تێرامانم و بیرکردنەوەی هزری بەهێزەوە ئەوەم بۆدەرکەوت ئەوەی ئەم مەخڵوقەی وون کردووە ئەوا هەم خۆیەتی.

واتا مرۆڤێك لەکۆنەوە چۆن هاتووە جگەلەکۆمەلێك گۆرانکاری بچوك نەبێت ئیتر هەربەم شێوەیە لەرێرەوی خۆی دایەو بەجۆرێك خۆی لەگەشەو نما دایە، ئەم گەشەکردنەی وەنەبێت لەسەر سروشتی (عەقل گەرایی) خۆی بێت، بەڵکوو ئەگەر لەبنمیچی قوژبنێکەوە توانیبێتی

وەك سروشتی بوونی خۆی بژێت ئەوا بەلایەکی ترەوە ئەوەی بەدەربێت لەم سروشتیەی هەمیشە لێی بوەتە کێشەو ئەم کێشەیەش سەراپاجیهانی مرۆڤایەتی گرتوەتەوە.

کێشەکانیش وەنەبێت بەئاشکراو بەبەرچاوان دیارنەبێت، نابەڵکوو ئەم کێشانەی کەبوەنەتە بەربەست لەبەردەم بوون گەرایی مرۆڤەوە ئەوا زۆر باش دیارن کەهەمیشە مرۆڤی وەك مەخڵوقێکی بێ دەستەڵات هێشتۆتەوە.

مرۆڤ لەدێرزەمانەوە کەگیرۆدەی کۆمەڵێك دروستکراوی خۆی بووەو لەئێستاشەوە هەربەم جۆرە ماوەتەوە، وەك (ئاین، کەلتور، ئایدۆلۆژیا) بەگشتی. بەڵام پێم وایە بەشێوەیەکی گشتی هیچیان نەیانتوانیوە مرۆڤ لەم گۆشەگیریەی ئێستای بەخەبەربێنێت و مرۆڤ لەبوونی خۆیدا بەبەرامبەربەیەکترو بەرامبەر بەژینگەکەی خۆی وەك خۆی بیرکردنەوەی بۆی هەبێت، واتا ئاین هۆکارێك بووە بۆئەم وون کردنەی سروشتی بوونەی خۆی، هەروەها ئایدۆلۆژیاش بەهەمان شێوەو کەلتوریش بەم جۆرە.

بۆیە ئیتر کاتی ئەوەیە لەدوای (دە) هەزارسال لەشارستانی بوونی مرۆڤ ئیتر ئەم کۆت و بەندە تێك بشکێندرێن و مرۆڤ نەبن بەقوربانی هیچ دروست کراوێکی خۆی کەلەکۆنەوە بەم جۆرە هێناویەتی و ئەم هێنانەشی

هەربەوونی و لەسەرخۆ بوونی خوداردوە بێ ئەوەی هەستی پێ بکرێت.

گەرئاین و کەللتورو ئایدۆلۆژیا بۆ ئەم مەخقلۆقە دروست کرابن ئەوا بەدیوێکی تردا ئەم مەخڵقوقە لەنێوان ئەم دروستکراوانەدا هەمیشە قوربانی بووە، ئەوەی ئەمەشی بەم جۆرە خولقاندووە ئەوا مرۆڤ خۆی بوەو تائێستا نەیتوانیوە لەناو ئەمانەدا هیچ مانایەکی هەبێت، چونکە مانابەخشین ناکرێت بەتەنیا لەروانگەیەکی ژیانەوە سەیربکرێت بەلکوو گەربتەوێت شتێك ماناداربێت ئەوا بەمانای ووشە ئەبێت ئەم ماناداریە بۆهەمووشتێك مانای تەواوەتی ببەخشێت، واتا ئەگەر مرۆڤێك لەگەل ئاژەڵێك لەتەنیشت یەکترەوە رابگرین و سەیریان بکەین ئەوا بەرووخسار بۆمان دەرەکەوێت کەکامەیان مرۆڤەو کامەیان ئاژەڵە بەڵام ئەوەی تەواو ئەم مانایەمان بۆدەردەخات ئەوا سیەفتی بوونی مرۆڤایەتیە نەوەك بەرووخسار مرۆڤ بوون، بۆیە دەکرێت مرۆڤیش تووا‌و خۆی بناسێت کەبەلێ ئەم مەخلقوقە هی ئەوەنیە بەکەم سەیربکرێت، چونکە خۆی لەخۆیدا (مرۆڤ) خودای سەرزەویە و ئەم خودایەتیەشی دەبێت بۆهەمووشتێك رەنگ بداتەوە.

چونکە دەمێکە مرۆڤەکان لەنێوان خودایی و بی خوداییدا مانا راستەقینەکەی خۆی وون کردووە، بۆیە کەمرۆڤ خودای سەرزەویە پیویستە ئەم خودایە لەهەمووشتیکا بوونی هەبێت و لەچاوەروانی خوداکانیشدا نەبیتە قوربانی. واتا ئەگەر مرۆڤێك لەگۆشەنیگایەکی ناو نیشتیمانەکەی یا کۆمەلگاکەی گەورەبوبێت ئەوا مەرج نیە ئەم گەورەبونەو گەشەکردنەی هی خودی مرۆڤایەتی بێت بەلکوو هەمیشە لەنێوان (دین و کەللتور) و نەبونی پەروەردەی عەقل گەراییدا بوەتە بونەوەرێکی تر بەدەربێت لەمرۆڤ بوونی سورشتی خۆی.

جگەلەمەش گەرخودا بوونی هەبێت یانەبێت ناکرێت مرۆڤ لەم نێوەندەدا بوونی خۆی نەناسێت واتا دەکرێت مرۆڤ خۆی خودابێت و هەمووکارەکانی خۆی خودایانە رەفتاربکات ئەوکات هیچ پێویست ناکات مرۆڤ لەپێناو خودادا خۆی لەناو دینێکدا قالبکاتەوەو هەموو رێگا مرۆیەکانی وون بکات، چونکە مرۆڤ بوون لەسەرەتای هەمووشتێکەوەیە و خوداش گەربونی هەبێت یانەبیت ئەوا هەرهێندەی لەمرۆڤ دەوێت مرۆڤ بێتە خودای سەرزەوی.

مرۆڤی ئێستا لەچاو مرۆڤی کۆن و هەزاران سالی رابردوو بەجیاوازیەکی کەم نەبێت ناتوانم بلێم ئەو مرۆڤەیە کەمن ئەمەوێت مرۆڤی بەرزو باڵا تائێستا دروست نەکراوە

دروست نەکردنیشی بۆ هۆکاری (ئاین و ئایدلۆژیاو کەلتورێکی بێ بنەما) دەگێرمەوە چونکە ئەمانە هۆکارێکن بۆ چەق بەستویی کۆمەلگاو ونکردنی تاکەکان.

لەوەتەی مرۆڤ هەیە بەکۆمەلێك کێشمەکێشەوە خۆی سەرقال کردووە کەزۆرجار ئەم کێشمەکێشانە بونەتە دینی راستەقینەی مرۆڤ کێشەکانی مرۆڤ جگەلەوەی لەناو هەناوی سنوری یەك نیشتیمان کەبەسەرخۆیدا سنوربەندی کردووەو هەرلەوێشدا لەناو هەناوی ئایدۆلۆژیاو کەلتورو دیندا بێ رووح کراوە.

دەولەت ئەگەر بوبێتە مایەی خۆشبەختی پاچە پارچە بوونی مرۆڤەکان تێیداو ژیان بردنەسەر ئەوا بەدیوەکەی تردا خودی دەولەتەکان بونەتە ئەم کێشمەکێشەیەبۆگەلانی دونیای ئێستای مرۆڤایەتی کەهەریەکەو بەجۆرێك لەسەرزەوی مرۆڤایەتی بڵاو بونەتەوە.

کێشەکانی دەولَەت وەك (ئابوری سیاسی ئاینی) هەژماردەکرێت، بەڵام بەتەنیا ئەوەنیە خۆی لەخۆیدا پارچەپارچە بوونی ئەم دەولەتانە و سنوردانانیان کێشەکانیان دروست کردووە، ئەوەی بوەتە هۆکاری سەرەکیش بۆئەم سنوردانانە ئەوا خودی ئاین هۆکارێکی سەرەکیەو هۆکاری دوەمیش خودی سیاسیەکان و کەلتوورێکی بێ بنەمایە

کەرۆچۆتە هەناوی مرۆڤەکانەوەو ئەم بوونەی وون کردووە.

دینەکان لەگەل یەکتردا ناکۆکن خودی ئایدۆلۆژیاکانیش هەندێ جار بەهەمان شێوە هەروەها خودی سیاسەتیش لەپاشەکشەدایە چونکە لەمرۆڤ بووندا شۆراون و لەسەر کەوڵی ئەوی تردا خۆی بنیاد دەنێت، ئیتر لەم نێوەندەدا ئەوەی بەزیانی هەرەگەورە تەواو دەبێت ئەوا زۆرینەی چینەکانی ناوکۆمەلگاکەن کەبونەتە قوربانی جولەو کردەوەو هزری کاربەدەستانی سەرەوە.

مرۆڤ کەهاتە بونیەوە ژیان و بونی ئەم مەخلۆقە پەیوەستە بەچواردەوریەوە ئیتر چواردەورچۆن بێت هەربەمجۆرە بووە. کەزۆرجاریش ئەو مرۆڤە ناتوانێت پەیرەوی دین و سیاسەت و کەللتوری ناوچەکەی خۆی بکات ئەوا بۆخودی ئەوکەسە زۆرجار دەبێتە کێشە، چونکە بەدەرە لەحەزو ویستی ئەو.

کاتێکیش بەدەربوو ئەوا لەسەر ئەو کورەی زەویە رێگەی پێنادرێت بروات بۆئەو ناوچەیەی کەویستی ئەوە، یاشتێکی تر بۆدەبێت مرۆڤ لەبەرحەزوو ویستەکانی لەبەرمرۆڤی تر رابکات؟ بۆدەبێت مرۆڤ ئەگەر بۆخۆی کێشەیەکی نەبێت بەڵام کێشەکانی ئەوی تریان بەو ببەسترێتەوە؟

هەموو ئەمانە دەلالەتێکن لەسەر نەبوونی سیستەمی هەقڵ لەناو کۆمەلگاکاندا یالەناو خۆبەخۆی دەولەتاندا. چونکە ناکرێت مرۆڤ سیستەمێك بەویستی ئەونەبوو ئیتر بەزۆر بەسەریدا بسەپێندرێت، سەپاندنی سیستەم بەسەریدا یا وون بوون لەناو سیستەمێکی بێ بنەمادا ئەوا خۆی لەخۆیدا کێشەکانی هێندەی تر قوڵترکردونەتەوە.

بەکورتی مرۆڤ دەبێت خۆی بناسێت ئەوکات دەتوانێت لەبوونی خۆی تێبگات منیش یەکێکم لەوانەی کەدەمەوێت لەبوونی خۆم بگەم کەمن کێم؟!

لاوێن: سڵاو جاهویی

جاهویی: سڵاو لاوێنی ئازیز، دەبینم هەروەك رابردووت هەمیشە ماندویت و هیچ شتێکیش و دیارنیە تۆبلیی بەراست ئەم دونیایە هەروایە؟

لاوێن: منیش پیم وانیە وابێت، بەڵام ناشکریت هەروابەردەوام بیت.

جاهویی: زۆر راستە بەڵام دەکریت ئێمەش لەو هۆکارانە بدوێین کەچ شتێکە وایلیکردووین لەژیانی بووندا وون بین.

لاوێن: تۆپێیت وایە ئەمە هۆکاری چیە؟

جاهویی: ئازیزم هۆکارزۆرن، بەڵام دەکریت بۆئەوەی بگەینە ناوەرۆکی هەمووکێشەکان ئەوا دەبێت لەویشەوە دەست پێ بکەین.

لاوێن: کەواتە دەکرێت ئێستا باسی هەموو ئەوشتانە بکەین کەبونەتە هۆکار، کەواتە فەرموو.

جاهویی: ئەم زەویە هاوشێوەی شانۆیەو ئەکتەرەکانیش رۆڵی خۆیان تێدادەگێرن، بەڵام ئەگەر شانۆکان و ئەکتەرەکان هەونەبن

و راستی نەبن ئەوا هەمیشە ناتواندریت بەم شانۆیەش بگوترێت شانۆی راستەقینە.

لاوێن: مەبەستت چیە لەمە؟

جاهویی: زەوی ئێستای مرۆڤایەتی بەسەر کۆمەڵێك شانۆدا دابەشکراوە، هەرشانۆیەشی بەجۆرێك شانۆکان پێشکەش دەکات و ئەکتەرەکانیش بەهەمان ویستی شانۆکە دەجولێنەوەو لەهەندێ حاڵەتیشدا تەنانەت بەویستی هیچ کەسێك ناجولێنەوە بەلکوو هەرلەخۆیانەوە دەکەونە سەما بێ ئەوەی لەسەماکەی خۆشیان تێ بگەن ، بەڵام هەرکاتێك شانۆکان راستی بونیان تێدانەبوو ئەوا ئەم ئەکتەرانەش هەمان شێوەی شانۆکەدەبن، کەدرك بەمە ناکەن حەقیقەتی شانۆلەچیدایە. پێم وایە شانۆکانی ئێستا وەك ئەوە وایە کەسێك لەبەر سێبەرەکەی خۆی دابنیشێت و درك بەدروستکردنی ساباتیش نەکات.

لاوێن: زۆر راستە.

جاهویی: ئێستاش هەمان شتە، کۆمەلێك شانۆهەن و هەرشانۆیەش بەویستی خۆی رۆڵی شانۆکە دەبینێت، بەڵام ئەم ویستە ویستی راستی بوونی خۆی نیە، دەکرێت بلێم بەسەریدا سەپێندراوە یا تییدا ون بوەو ئیتر هەرپێشی وایە هیچ راستیەکی تربوونی نیە جگەلەئەوەی خۆی نەبێت.

لاوێن: بەلێ راستە، بەڵام هۆکار چیە کەبەم جۆرە دروست کراوە؟

جاهویی: وەك ووتم ئەوانەی شانۆکە بەرێوەدەبەن ئەمانە هۆکاری ئەم ونیەن، کاتێکیش ئەمە روویدا ئیتر ون بوون لەناو

بووندا دروست دەبێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە لەجیهانی مرۆڤایەتیدا گەر مرۆڤ رووت نەبوو ئەوا هەمیشە بەم جۆرەدەبێت، هۆکاری ئەم رووت نەبونەشی بۆ وون بوونی (شانۆنوسەکان) دەگێرمەوە، واتا ئەوکەسەی شانۆکە دەنوسێت و ئەوانی تریش دەکاتە ئەکتەر تێیدا، جاهەرکاتێك ئەمان گەربەراستی شانۆنوس نەبن و نەزانن شانۆی راستە قینە یانی چی، ئەوا هەمیشە وون بوون لەوێوە سەرهەڵدەدات.هەروەها شتیکی تریش هەیە دەمەوێت ئەوەشت بۆرون بکەمەوە بۆئەوەی باشتر لەگوتەکانم تێ بگەیت.

لاوین: فەرموو.

جاهویی: وادابنی کۆمەڵێك کەس یاچەند کەسیك بەتاریکایی شەودا بەرێدەکەون، لەم بەرێکەوتنەیاندا دەکرێت چرایەکی باشیان پێ بێت بۆئەوەی باش بەرێگاکەیاندا برۆن و بێشرەوی بکەن، بەڵام کاتێك ئەوکەسەی چراکەی باش راناگرێت و بەو بیانوەش چراکەی بەدەستەوە گرتبێت و گوایە شەوقی چراکە یا رونکایی چراکە دەخاتە بەردەمی ئەوانی لەگەڵینی و کەچی واش نەبێت و چراکە باش نەخاتە بەردەم ئەوانی تر ئەوا ئەم چرایە بێ سود دەبێت و ئەوانی دوای ئەویش بەرێگادا دەرۆن بەم تاریکیەدا لەچراکە بی بەش دەبن و بەردەبنەوە.

لاوێن: زۆر راستە.

جاهویی: کاتێکیش ئەمانە بەربوونەوە ئەوا ئەوەمان بۆدەردەکەوێت ئەوکەسەی چراکەی بەدەستەوەیە کەسێکی شیاو نیە چراکەی بەدەستەوە گرتوە، جابۆیە لەوکاتەدا پێویستە

(چراکە) باشتر رابگرێت کەشەوقی چراکە بۆهەمووان بێت یائەوەتا چراکەی دەستی بداتە دەستی کەسێکی لەخۆی باشتر کەبتوانێت بەشێوەیەکی باش چراکە بۆهەمووان رابگرێت، کەواتە ئەمە خودی (سەرکردەیە) کەدەبێت بۆهەمووشتێك چراکەی دەستی باش رابگرێت و هۆشی لای خۆی بێت نەوەك بەجۆرێك لەبی ئاگایدا بخافلێت، هەروەها شتیکی تریش هەیە کەپێویستە ئەوەش بڵێم ئەوکەسەی چراکەی بەدەستەوەیە جگەلەوەی دەبێت چراکە باش رابگرێت، ئەوا دەبێت جۆری چراکەشی هەرباش بێت، نەوەك لەرێگادا بکوژێتەوە یاشەوقەکەی کزو بێ هێزبێت، چونکە لەوکاتەشدا هەمان شتە کەدەکەونە تاریکیەوە.

لاوێن: قسەکەت زۆر راستە و باش تیی گەیشتم، بەڵام باسی (روتیت) کرد، ئەتوانی بۆمی روون بکەیتەوە؟

جاهویی: بەرلەوەی باسی ئەمەت بۆبکەم، باچیرۆکێکت بۆباس بکەم بۆئەوەی باشتر تێم بگەیت.

لاوێن: فەرموو.

جاهویی: لەکۆنەوە بەهۆی گوێگرتن لەئەفسانەکان و چیرۆکە خەیاڵیەکان، کۆمەڵێك کەس هەبوون هەمیشە پێیان وابوو شاخەکەی بەرامبەریان یاکێوەکەی بەرامبەریان، دێوێك ئەم شاخەی راگرتوەو ئیتر هەرکاتیکیش هەرکەسێك بەویادا رەت بێت یا بەسەر لوتکە شاخەکەدا سەربکەوێت ئەوا ئەم دێوە پەلاماری ئەیات و شاخەکەش دادەرمێنێت، ئیتر لەبەر ئەم دێوەو ئەم ئەفسانەیە خەڵکەکە هەمیشە بروای کردبوو ئەم بروابونەشی

وایان لێکردبوو هیچ کاتێك نەتوانن یانەوێرن بەلای کێوەکەدا ڕەت ببن و بگەنە سەر لوتکەکەی.
لەوکاتەدا کابرایەکی حەکیم لە بیرو هزری تیژرەویدا دڵنیابوو لەوەی ئەمە ڕاست نیەو کەچی ئەوانی تر بروایان بەم ئەفسانەیە هەرهەبوو، بۆیە چوە لایان و بانگی هەموویانی کردوو پێی ووتن: هۆخەڵکینە ئێوە دەمێکە ترسی ئەوەتان لاهەیە کەئەم دیو شاخەکە یاسەرلوتکەی شاخەکە دێوێکی لێ یەو کەستان نەوێراوە خۆتان لەم کێوەبدەن و بەسەریدا سەرکەون.
خەڵکەکەش ووتیان: بەلێ وایە، بەڵام ئێستا ئەتەوێت بڵێی چی؟
حەکیمەکەش ووتی: ئەمەوێت لەبەرچاوی ئیوەدا خۆم بگەینمە سەرلوتکەی شاخەکە بۆئەوەی دڵنیابن ئێوە کەهیچ شتێك ڕاست نیە، بەڵام لای ئێوە بوەتە ڕاستی و ئەم ڕاستیەش بوەتە ترس لاتان.
خەڵکەکەش وتیان: جائێستا تۆ ئەتەوێت بۆمانی بسەلمێنیت کەئەم باسە ڕاستی نیەو بەوجۆرە تێمان بگەیەنیت و بۆمان ڕوون بکەیتەوە؟
کابرای حەکیم ووتی: بەلێ من ئەمەم ئەوێت، بۆئەو مەبەستەش ئێستا لەبەرچاوی ئێوە خۆم دەگەیەنمە سەر لوتکەکە،
بەشێك لەو خەڵکە سەریان سورماو پێیان ووت: کابرای حەکیم ئێمەش دەمانەوێت بۆمان ڕوون بیتەوە، بەڵام بەرلەوەی تۆبچیت بەتەنیا ئەوا شتێکی ترهەیە دەمانەوێت ئەوەشمان بۆبکەیت.

کابرای حەکیم پیانی وت: فەرموو بێلێن ئەمشتە چیە؟

ئەوانیش وتیان: ئێمە لەناو ماندا دووکەسی خراپ بوونی هەیە، جابۆئەوەی گەرهیچ شتیك روویدا ئەوا لەگەڵ خۆتیان بەرەو بائەوان تیابچن، چونکە ئێمە دڵنیاین کەتۆ ناگەڕێیتەوە. ئەوانیش چەندکەسێکی مرۆڤ کوژو درۆزن و دزوو خیانەتکارن لەناوماندا.

کابرای حەکیم ووتی: من هیچ کەسێك لەگەڵ خۆم نابەرم، بەڵام ئەوانەی ئێوە باسی دەکەن ئەوا هیچیان پیاو کوژ نین و دزیش نین، چونکە ئەمانە لەناو ئێوەدا فێرکراون کە دزی بکەن و مرۆڤ بکوژن و خیانەتیش و درۆش بکەن، کەواتە نەوەك هەرئەمانە بەڵکوو هیچ کەسێکتان لەگەل خۆم نابەرم.

ئیتر خەڵکەکە بەم قسانەی ئەم حەکیمە کەمێك بێدەنگ بوون و بۆیان روون بویەوە کەقسەکانی راستن و وتیان فەرموو بەرێ بکەوەو کارەکەی خۆت ئەنجامبدە.

کابرای حەکیم پشتی تێکردن و کەوتە رێ، ئیتر بەژیرانە هەنگاوەکانی ناو خۆی گەیاندە نزیك شاخەکەو هێدی هێدی خۆی گەیاندە سەرلوتکەی چیاکە، لەوێوە کەمێك سەیری هەموو ئەو دەشت و زەویانەی کرد کەلەبەرترسی دێوەکەو دارمانی شاخەکە هیچ کەسیکیان قاچی نەخستبویە ناویەوە بۆیە هەمیشە ئە م دیمە خۆیلەخۆیدا بەهەشتی سەرزەوی بوو، لەدوای بینینی ئەم دیمەنە پرلە راستیە، هاتەوەو لایان و پێی ووتن: ئێستا ئەڵێن چی ئایا هیچ دیوێك لەم دیو شاخەکە یاسەرلوتکەی شاخەکە بوونی هەبوو؟

ئەوانیش ووتیان ئێستا بۆمان دەرکەوت کەئەم شتە هیچ بوونی نیەو تەنیا ئێمە بوین کەبروامان پێی کردبوو، کەواتە ئێستا ئازادین و دەچین بۆئەو دیو شاخەکە، کەدەمێکە درکمان بەم راستیە نەکردوەو لەناوماندا وون بووە.

کابرای حەکیم بەهەموویانی ووت: ئێستا ئێوە بۆتان نیە بچنە ئەم دیو شاخەکە یاسەرلوتکەکەی، چونکە ئەم شوێنە بۆئەوکەسانە شیاوە کەلەبووندا رووت رووت بن، دەبێت ئێوەش لەمەولا بەم جۆرە بن ئەوکات برۆن بۆئەوێ.

ئیتر لاوێنی ئازیز رووتی بەم جۆرەیە کەدەبێت مرۆڤ بۆ هەمووشتێك بەم جۆرە بێت.

لاوێن: دەمەوێت باشتر بۆم روون بکەیتەوە کەتۆدەیزانی لەسەر جۆری رووتی مرۆڤ!

جاهویی: ئێستا کاتی ئەوەیە منیش کەلای تۆم ئەوا واهەست بەم کەهەموو مرۆڤەکان لەدەورەم کۆبونەتەوەو گوێیان لەقسەکانمە.

لاوێن: بەڵێ

جاهویی: گەربتانەوێت بۆهەرکارێك برۆن و جێ بەجێی بکەن جاکارەکان لەدونیای (سیاسەت، خودگەرایی، بازارو ناو گەل و مێگەل و هەرشتیکی تر) ئەوا رووت رووت بن.

لاوێن: جاهویی ئێستا ئەوانەی گوێیان لەتۆیە ئەوا رەنگە بەهەڵە تێو بگەن و بۆرۆژانی داهاتوویان رەنگە هەرچی

جلەکانی بەریانە لەبەرخۆیان داکەنن و بەرووتی بچنە سەرکارەکانیان.

جاهویی: ئازیزم جائەگەر ئەمانە لەمانای رووتی تێگەیشتبان ئەوا ئێستا بەم دەردەوە نەدەچوون.

لاوێن: کەواتە بۆئەوەی تەواو رووت نەبن لەجەستە ئەوا باشتر روونی بکەوە.

جاهویی: دەکرێت ئەوان نیمچە روتیش بن بەڵام رووتی واتا هەرچی خەوش و چڵکنی و ناپاکی و خراپی هەیە دەبێت مرۆڤ خۆی لێ پاك بکاتەوە، وەك (درۆکردن، دزی، شەر، گەمژەیی و خۆگێل کردن، تاوان و مرۆڤ کوژی، خیانەت) چونکە ئەگەر ئەمانە بوونی هەبوو ئەوا واتا وون بوونی مرۆڤ، هەروەها پێچەوانەکەشی وەك (کردەوەو لوتفی راستگۆیی، بەخشندەی و لێ بوردەیی، مرۆڤ لەناو مرۆڤ بووندا واتا خۆشەویستی مرۆڤ بۆمرۆڤ، کارکردن بە ژیری سەرمەشتقی مرۆڤ بێت ) ئەمانە هەرهەمووی پێچەوانەی مرۆڤی ناروونن، واتا تەنیا چاکەکان هەلبژێریت، ئیتر بەم جۆرەیە رووتی مرۆڤ، هەرکاتێکیش کەبەم جۆرە بوون ئیتر داوالەکەس مەکەن ژیرتان بکات، چونکە بۆخۆتان هەمووشتێکن.

لاوێن: ئەی گەر مرۆڤەکان بەم جۆرە نەبوون تۆناویان ئەنێی چی؟

جاهویی: ناویان ئەنێم نیوەمرۆڤ و نیوەئاژەڵ، چونکە بەروخسارمرۆڤن و بەڵام بەکردەوەو لوتف و عەقڵ هەونین، کاتێکیش مرۆڤ بەم جۆرە بوو ئیتر ناتوانم پێی بگوترێت

مرۆڤێکی تەواو، مرۆڤ ئەگەر هەست و ژیرایەتیەکەی خۆی وون نەکات ئەوا هەرخۆی خودایە لەسەرزەوی بەڵام کەدەبینم ئەوانەی ژیرایەتی زۆربەکارناهێنن یا خۆیان لەگۆشەنیگایەکدا قەتیس دەکەن ئەوانە مرۆڤی ونن لەژیان و لەبوونی خۆیان.

لاوێن: باسی ژیریت کرد تۆمەبەستت چیە لەم ژیریە؟

جاهویی: مرۆڤ چیە؟ جیاوازی لەگەڵ بونەوەرەکانی ترچیە؟ چۆن دەژی؟ سیفەتی ژیانی چیە؟ ئەم پسیارانە لەدێرینەوە بونەتە جێگای تیرامانی مرۆڤ، پێشم وایە ئەم بونەوەرە بەکۆمەڵێک سیفاتی راستی لەبونەوەرانی تری جیاکردۆتەوە. ئەوسیفەتەش پێی دەگوترێت (ژیری ناو ژیری).

لاوێن: ئەی هەمان سیفەت لەگیانەوەرانی تریش بوونی نیە؟.

جاهویی: ئەمانیش وان بەڵام لە (ژیری ناو ژیریدا) بێ بەشن.

لاوێن: ئەی جیاوازی نێوان ئەم دوو بونەوەرە چیە؟

جیاوزای نێوانیان کەهەردووکیان هەڵگری سیفەتی عەقڵن بەڵام شتێکی تر جیادەکرێنەوە کەپێی دەگوترێت (ژیر) ی. خۆئەگەر بلێی شتێکی ترمان لەبیرچووە کەپێی دەگوترێت (زمان) رەنگە ئەمە راست نەبێت و رەنگە راستیش بێت ، چونکە ئێمە زمانمان هەیەو بەوهۆیەشەوە لەیەکترتێ دەگەین.

لاوێن: ئەی بونەوەرانی تر چۆن لەیەکتردەگەن؟

ئەوانیش هەرپێی دەگوترێت (زمان) بەڵام زمانی ئێمە دەنگێکی تایبەتی تێدایەو ئەو تایبەتیەش وایکردووە بەوجۆرە

لەیەکتربگەین کەرۆژانە دەیبینین و ئەوانیش هەربەوجۆرەن کەدەیان بینین.

لاوێن: ئەی عەقڵ بەتەنیا دەتوانێت رۆڵی خۆی بگێرێت؟

نەخێر ناتوانێت ،چونکە عەقڵ بەتەنیا هیچ رۆلێکی نیەو ئەگەر بەتەنیا بکەوێتە کار ئەوا لەزۆرشتدا رەنگەمرۆڤ بچێتەوە سەر بونەوەرانی ترو هیچ جیاوازیشی لەگەڵ ئەواندا نەبێت.

لاوێن: ئەی ئەوشتە چیە کەجیامان دەکاتەوەو نایەڵێت ببین بە ئاژەڵ؟

ئەوە پێی دەگوترێت (عەقلی ژیری).

لاوێن: ئەی عەقلی ژیری چیە؟

ژیری واتا دەست نیشان کردنی (راستی و چەوتی ). چونکە ئێمە بەهۆی عەقڵەوە توانیمان باش و خراپی لەیەکترجیابکەینەو ، بەڵام لەناوباشی و خراپیەکەدا دەبێت زۆرباشەکە هەڵبژێرین ،چونکە لەنێوان ئەمانەدا هەریەکەیان دووجۆریان هەیە ، کەواتە ئەمە پێی دەگوتریت (عەقڵی ژیری).

لاوێن: ئەی هەموو مرۆڤێک جگە لەعەقڵ (ژیری) شی لەناودایە؟

جاهویی: نەخێر چونکە ئەوەی کێشەکەی دروستکردووە ئەوپسیارەیە کەلێت کردم ،چونکە لەنێوان مرۆڤەکاندا ئەوەی بوەتە هەرەکیشەی گەورە ئەو (ژیری) یە ، کەهەندێک مرۆڤ پێی وایە بەدەستی هێناوە ،کەچی خاڵیشە لێی.

لاوێن: ئەی چۆن بناسرێتەوە؟

جاهویی: ناسینەوەی ئاشکرایەو روونە ، بەڵام لەو ململانێیەدا بروابوون سەری هەڵداوە ، واتا بروابوون پێش عەقڵ بەکارهێندراوە ئەمە وایکردووە ژیری لەدەست بدرێت و بەدەست نەیەت.

لاوێن: بەدەست هێنانی ژیری قورسە؟

جاهویی: دەتوانم بڵێم قورسەو ناشتوانم بڵێم قورس نیە ، چونکە وەک چۆن لەسەرەتاوە فێرکراوین باشی و خراپی لەیەکترجیابکەینەوە ، بەڵام هیشتا فیرنەکراوین ئەگەر راستیەکەمان هەڵبژارد ئەوا راستی زۆرباشەکەیە.

لاوێن: چۆن بزانین لەنێوان باشی و خراپیدا هەرەباشیەکەی هەڵبژێرین؟

جاهویی: هەرکاتێک مرۆڤ خۆی لەژیان ئازادکردوو هەرپێی وانەبوو کەلەگەڵ زۆرینەبێت و ئەگەر زۆرینەش کەوتە هەڵەوە ئەوا ژیری بەدەست دیت ، چونکە ژیری زۆرجار بەهۆی هەڵاهەڵای زۆرینەوە لەدەست دەچێت ،دەبێت مرۆڤ لەوکێشمەکێشەدا بتوانێت ژیریەتیەکەی خۆی لەدەست نەدات. چونکە لەسەرەوە ئاماژەم پێی کرد هەرکاتێک مرۆڤ ژیری لەدەست بدات ئەوا توشی کیشەی دەکات و لەناو کۆمەلگادا وون دەبێت.

لاوێن: ئەوکێشەیە چیە؟

جاهویی: ئەوکێشەیە ئەوە ئێستا دیارە مرۆڤ سوورە لەسەر بیرو رایەک کەپێی وایە راستە ، ئەوەشی وایکردووە

كەبیسەلمێنێت راستە ئەوا هەڵای زۆرینەكەی پیشەنگیەتی و لەونێوەندیەشدا بوونی خۆی راستیەكەی وون كردووە.

لاوێن: تۆبڵێی ئەمە كێشەیەكی گەورەبێت؟

جاهویی: بەڵی زۆریش گەورەیە ،چونكە هەركاتێک عەقڵ ئەگەربەتەنیا ببێتە پیشەنگی مرۆڤ ئەوا هیچ جیاوازیەكیشی نابێت لەگەڵ بوونەوەرانی تر واتا ئاژەڵ ، هەركاتێكیش مرۆڤێک یان زۆریان لەژیان مامەڵەكردنی بەشێوەی ئاژەڵی بوو ئەوا بۆ ئەوانەشی كەهەڵگری ژیرین دەبێتە كێشە ، لەوكێشەیەشدا ئەگەر هەڵگری عەقڵی ژیری زۆر ژیرانە نەبێت ئەوا ئەوانیش ژیرایەتیەكەیان لەدەست دەدەن یاوەك ئەمانی تر ون دەبن.

جگەلەمەش (ژیری لەناو ژیریش) بوونی گرنگە.

لاوێن: مەبەستت لە (ژیری ناو ژیری) چی یە؟

جاهویی: ئەگەر بمانەویت خانویەك دروست بكەین بۆحەوانەوەی خۆمان ئەبێت رەچاوی كۆمەڵێك شت بكەین بۆئەوەی خانوەكە پارێزراوبێت وەك رەشەباو تۆفان كاری تێنەكات هەروەها بەشێوەیەكی وەهاش دروست بكرێت لەجێگای خۆی نەرمێت و بەرگەی كاتێكی بەرفراوان بگرێت هەروەها ئەوشێوینەشی لێی دروستەكرێت گونجاوبێت بۆخودی خانوەكە بۆئەوەی جارێكی تر بەخانوەكە هیلاك نەبینەوە ئەمە پێی دەگوترێت ژیری ناوژیری كەتایبەتە بەمرۆڤەوە، پێم وابێت زۆرینەی ئاژەلان لەم ژیریەی ناوژیریدا بێ بەشن و ئەوان دركی پێ ناكەن بەلام ئێمە كەمرۆڤین دەبێت بەتەواوی ئەم

ژیریە بەکاربخەین بۆهەمووشتێك، لەئاژەلانیشدا هەندێ جار بەدی دەکرێت بۆنمونە مێرولە کاتێك دەنکەگەنمێك لەکونەکەیدا دەشارێتەوە دەست بەجێ چەقەنەی دەنکەگەنمەکە دەخوات ئەمە بۆئەوەیە لەژێرگڵ گەنمەکە شین نەبێت یانەروێت، هەروەها سمۆرەش گوێزو بەروو بۆوەرزی زستان دەشارێتەوە بەڵام هەندێ جار هەڵەش دەکات و لەژێرگڵ دەیشارێتەوە بەڵام ژیری ئەوەی نیە گوێژەکە شین دەبێت یادەروێت هەربۆیە ئەوکاتەی برسیەتی بەدوایدادەگەرێت کەچی نایدۆزێتەوە هەست بەروانی گوێزەکە ناکات. جگەلەمەش مرۆڤایەتی دەمێکە هەست بەم ژیریایەتە ناکات وەك ئەوەی وابێت لێی ون بوبێت ئەم ونیەش وایکردووە لەکۆمەڵگادا بکەوێتە بەرشاڵاوی (ئاین و کەلتورو ئایدۆلۆژیادا).

لاوێن: ئەی مرۆڤ ئەگەر زۆرژیربوو ئەگات بەچی؟

جاهویی: ئەوکات پێی دەگوترێت (عەقڵی باڵا).

لاوێن: ئەی هەڵگری عەقڵی باڵاکێ یە؟

ئەوان پێیان دەگوترێت (بیرمەند و فەیلەسوف).

لاوێن: بۆئەوەی ئەو دووجۆرە مرۆڤە کەهەڵگری (عەقڵی رووت و عەقڵی ژیرین) توشی کێشە نەبن و بەریەک کەوتن روونەدات رۆڵی ئەوان لەونێوەندەدا چی بێت؟

جاهویی: دەبێت ئەوان رۆڵی خۆیان بگێرن چونکە تەنیا ئەوانن وەک ناوبژیوانی نێوان دوویاری زان رۆڵی خۆیان دەگێرَن، کەلەدێرزەمانەوە هەربەوجۆرەش بوونە و نەیانهیشتووە مرۆڤی سەرزەوی زەویەکەی خۆی وێران بکات.

لاوێن: پێت وایە ئێستا دەبێت ئەوان رۆڵی خۆیان بگێرن؟

جاهویی: ئەوان دەمێکە رۆلی خۆیان گیراوە بەڵام ئەوەی مرۆڤی ئێستای توشی کێشەکردووە پەیرەونەکردنی عەقڵی باڵاکانەوبەس. لەوەش کیشەتر ئەوەیە ئەوانەی رابەرایەتی هەردوو جۆری مرۆڤەکەدەکەن پێیان وایە ئەوان هەڵگری عەقڵی باڵان بەڵام خۆیلەخۆیدا هەموویان هەونین ئەگەر ئەوانیش هەونەبن ئەوا کێشەکەی هێندەی تر گەورەترکردووە، بەڵام شتێکی تر ماوە بیرم چوو پێت بلێم ئەویش ئەوەیە مرۆڤ خاوەنی چوارهەستەکی بەهیزە وەك (عەقڵ، ژیری، هەست، زانین)، بەڵام ئاژەڵ پێم وابێت جگەلە لە (عەقڵ) ئەوا خاوەنی (هەستیشە).

هەروەها رایەکی تریشم هەیە لەسەر (مرۆڤ و ئاژەڵ) ئەم رایەشم ئەوەیە پێدەچێت (ئاژەڵیش) هەمان سیفەتی مرۆڤیشی هەبێت وەك (هەست، زانین، عەقڵ، ژیری)، چونکە لەزۆر روانگەدا هەست بەم بوانەی ئاژەڵیش دەکرێت کەلەناوی بوونی هەبێت، بۆنمونە کاتێك بومەلەرزەدێت بەشێك لەئاژەڵان هەست بەم بومەلەرزەیە دەکەن بەرلەروودانی، هەروەها کاتێك باڵندەیەك بریندار دەبێت لەچۆڵەواریدا ئەوا بەنوکی دەندوکەکەی (بنێشتەتاڵ) کەبەدرەختەکانەوەیە لێی دەکاتەوە دەیخاتە سەر برینەکەیەوە، هەروەها کاتێك مرۆڤێك یاهەر مەخلۆقێکی تر لەجۆرێك لەبێچوە باڵندەکان نزیك دەبێتەوە لەوکاتە دا دایکی بێچوەکان شێوازێك دەنوێنێت کەهەرچۆنێك بێت ئەم مەترسیە لەسەر بێچوەکانی دوورخاتەوە، جگەلەمەش ئاژەڵان و باڵندەکان

بەرلەوەی دایك و باوكیان رێنماییان بكەن ئەوا هەربۆخۆیان بێچوەكانیان بەجوانترین شێوە گەورەدەكەن و بۆدروستكردنی لانەكانیش هەروان كەبەباشترین شێوە لانەی باش دروستەكەن.

هەروەها حەشاردانی بەشێك لەخواردنی هاوینەو پایز وەك گوێز كەلەلایەن سمۆرەو مێرولەوە دەحەشاردرێتەوە.

ئیتر ئەم هەستانە یائەم ژیریە لەئاژەڵانیشدا بەدی دەكرێت، بۆیە پێم وایە هەمان سیفەتیان هاوشێوەی مرۆڤە بەڵام مرۆڤ وەك مەخلۆقێكی خودایی باڵاترەو ئەم باڵابونیەشی زۆرجار لەبێ ئاگایدا وونی كردووە، بۆیە گەرمرۆڤ بگەرێتەوە سەر راستی خودایی بونی خۆیدا ئەوا دەتوانێت ژیان بۆخۆیی و بۆسەرجەمی ئاژەڵانیش دروست بكات. هۆكارەكەشی هەرئەوەبووە چونكە ژن لەناو مرۆڤەكاندا لەرووی جەستەیەوە لاوازبووە بۆیە زۆرجار لەدیندا كەوتۆتە ژێردەستی پیاوەوە لێرەدا ژن و ئاژەڵ لەدیندا هاوشان بونەتەوە بەڵام وەك چۆن ئاژەڵ هەمووهەستەكانی مرۆڤ بوونی هەیە ئەوا ژنیش لەرووی عەقڵەوە هیچ جیاوازیەكی نیە لەكەل پیاودا.

لاوێن: باسی سەركردەت كرد یافەیلەسووف مەبەستت چیە لەمە؟

جاهویی: سەركردەی فەیلەسوف بۆهەمووشتێك ژیریەكی بەهێزی لەناودابوونی هەبێت، هەتائیستا سەركردەكانی جیهان خاوەنی دووسیفات بوونە بۆبەرێوەبردنی كاروباری وڵات وەك (شێر، ریوی) هەروەها فەیلەسوفیش خاوەنی سیفەتی (سەی ماڵی) هەبووە بەڵام دەكرێت لەمەولا سەركردە ببیتە خاوەنی

سیفەتی (کەری خزمەتکارو سەیەکی ماڵی)، هەرچەندە سیفەتی (شێر) لەناو هەموو مرۆڤێکا بوونی هەیە بەدەگمەن نەبێت، بەڵام ئەم سیفەتی شێرە دەمێکە بوەتە کێشە بۆمرۆڤ خۆی، دەشکرێت سیفەتی شێری هەبێت بەڵام ئەم سیفەتە بۆچەلامارداننا بەڵکوو بۆ قورسایی و راگرتنی هاوسەنگی. بۆیە دەکرێت لەمەولا مادام مرۆڤ خاوەنی (عەقڵ و ژیریە) ئیتر دەبێت کاربەم ژیریەشدا بکات و چیتر کاربەسیفەتی (شێر) نەکات کەبۆهەمووشتێك پەلامار بدات، کەواتە دەکرێت بەسەرکردەش بگوترێت بیرمەند و فەیلەسوف لەکاتێکا بەم جۆرە بوو.

هەروەها ئەوەی سیفەتی شێری لەمرۆڤ ناوە بۆپەلاماردانی بەرامبەرەکەی ئەوا (دین و سیاسەتە ) خولقاندنی ئەم دووچەمکە لەلایەن مرۆڤەوە هەرلەکۆنەوە بۆتە کێشەیەکی مەزن بۆی. دەکرێت بۆتی بەش بەش بکەم و هەمووشتێکت بۆ روون بکەمەوە کەدواتربۆتی روونەکەمەوە. بەڵام سەرەتا باله هاتنە بوونەوە بۆتی دەست پێ بکەم.

لاوێن: فەرموو

جاهویی: ((بوون)) یاخوود ((هاتنە بوون))

هاتنە بوونی هەرمەخلۆقێك بۆناو ژیان ئەوا بەویستی خۆی نیە و لەئەنجامی بەریەك کەوتنی دووشتەوەیە کەهەڵگری ئەم بونەن، لەناو ئەم بونەشدا دەکرێت (مرۆڤ) وەك نمونەیەکی

سەرەکی وەربگرین، چونکە پەیوەستە بەهەبوونی سەرجەم هەبویەك و نەبوویەکی ژیان.

مرۆڤ کەدیتە بوون ئەوا بەویستی ئەم دووانە بووە کەهەڵگری ئەم بونەن کاتیکیش کەبەم ویستە دێتە بوون، ئەوا هەموو ئەوشتانە دەبینێت کەلەکاتی بەریەك کەوتنی دوانەکەی تر هاتۆتە بوونەوە. جائەم بینینەی هەرچۆنێك بێت چونکە بەویستی خۆی نەبووە ئەوا هەندێ جار هەمان ئەو بینینەشی دەبێت کەلەدەوریدا بوونی هەیە.

واتا ژینگەی خۆی چۆن بێت ئیتر ئاستەمە لێی بەدەربێت . هەروەها کاردانەوەی خۆی دەبێت بەسەریداو ناکرێت لێی بەدەربێت بەسەر کۆمەڵێك هەبویەکی تردا، هەروەها بەپێچەوانەشەوە کەم تازۆر کاردانەوەی خۆشی دەبێت بەسەر کۆمەڵێك هەبووی ترەوە، بەڵام دەکرێت باس لەو کاردانەوانە بکەین کەبەسەر ئەم هەبووەدا خوڵقێندراون وەك ژینگەی کۆمەڵگاکە، واتا گەر ئەم ژینگەیە لەبارنەبوو بۆ (پەروەردەی رۆحی، عەقڵ، جەستە) ئەوا ئاستەمە بتوانی هەبویەکی تەواو لەناویدا بوونی هەبێت و هەرکاتێکیش کەبەم جۆرەبوو ئەوا ئەم هەبووە کاردانەوەی هەبوەکانی تر بەسەریدا دەبێت ، وەك (کێشە)، چونکە کیشە کاتێك دەبێت کەژینگەکە لەسەر رێچکەی (عەقڵی) بوونی نەبوو، هەرکاتێکیش بەم جۆرە بوو ئەوا ناکریت بەزۆرینەی کارەکانی ئەم ژینگەیە نەگوترێت ژینگەی غیاب لە (عەقڵ)، چونکە تێیدا ئەم بووە تاوانێك دەکات یاهەرسەرپێچیەك ئەوا گەمژەییە گەربلێین ئەم خوودە بەرپسیاری یەکەمە، چونکە

ئەم خودە بەم جۆرە فێرکراوە کەژینگەکەی بەم جۆرە گەورەی کردووە، کاتێکیش هەبویەك یاچەند هەبویەکی تر سەرپێچیان کرد ئەوا هەڵەشمان نەکرد بەو ژینگەیەمان ووت ژینگەی بی پەروەردەیی عەقڵ گەرایی، چونکە لەسەرەتاوە هاتنە بوونی ئەم خودە بەویستی خۆی نەبووەو بەویستی بەریەك کەوتنی دوانەکەی تربووە، کەواتە بەرلەوەی هەبویەك دروست بکرێت یابێتە دونیای بوونەوە ئەوا دەبێت بەریەك کەوتنی دوانەیەك مانای خۆی پی بدرێت و کارەکانیان لەسەر رەوتی (عەقڵی بێت).

هەروەها ئەمە بۆنەخۆشیش هەمان شتەو ناکرێت بونێك دروست بکرێت نەخۆشاوی بێت یاغیاب بێت لەجەستەیەکی ساغ، دەکرێت لێرەدا لایەنی (رۆحی مرۆڤ گەرایی) گەشەی پێ بدرێت کەبتەوێت بونێك دروست بکرێت لەناو بووندا تەواو بونێکی تەندروست بوونی هەبێت، چونکە گەروانەبێت ئەوا پێم وایە تاوانە نەبویەك بەبی ویستی خۆی دروست بکرێت و بێتە بوون و لەناو بونیشدا وون بکرێت، ، ئیتر ئەم وون بوونە بۆهەمووشتێك تەواو وون بوونی دەخوڵقێنێت و کاتێکیش ئەمە روویدا ئەوا ناکرێت پێی بلێین بوون لەناو بووندا، چونکە ئەوکات پێی دەگوترێت نابونێکی وون لەبوندا.هەروەها کاتێکیش هەبویەکی راستی بوونی خۆی بوو ئەوا بۆژینگەکەشی هەبویەکی راستی دەخوڵقێنێت، کەهەموکارێکی بەدەردەبێت لەون بوویی.

کاتێکیش ون بووی بوونی هەبوو ئەوا مرۆڤ ناتوانێت درك بەبونی پیرۆزی خۆی بکات، درك نەکردنەی وایلێدەکات ئیدی هەرپێوایە بەم جۆرەیەو لەونیدا دونیایەکی ونیش دەخولْقێنێت، لەم قولْقاندنەش بەدەردەبێت لەیاسابنەرەتیەکانی (عەقلْ و ژیری) خۆی و دەچیتەوە چوارچێوەکانی ئەفسانەیەکان. یا رۆدەچێتە دونیایەکی بی ئاگایی لەبوون، هەمووئەمانەش بەهۆکاری نەبوونی (سیستەمی پەروەردەی عەقلْگەرایی) روودەدەن.

لاوێن: راستە. بەلاّم پێت وایە ژینگە کاریگەری هەیە بەسەر مرۆڤەکانەوە؟

جاهویی: بەلێ زۆریش کاریگەری هەیە لەم نێوەندەدا ئەگەر کۆمەلْگایەکی تەندروست نەبێت ئەوا زۆرینەی شتەکان بەسەرتاکەکانیەوە بسەپێندرێن، یائەگەر خودی کۆمەلْگاکە هەرچۆنێك بێت ئەوا ئاستەمە تاکەکانیشی هەلْگری هەمان عەقل نەبێت، بەلاّم لێرەدا باشی و چەوتی بوونی هەیە کامەیان زیاتربێت ئەوا هەمیشە کارەکانی خودەکان بەم ئاراستەیە دەروات.

لاوێن: سەرەتای بونەکان چۆن سەر هەلْدەدەن؟

جاهویی: ئێمە لەناو گەردووندا لەسەرزەوین ئەم زەویە خاوەنی کۆمەلێك سیفەتی خۆیەتی وەك (ئاو، هەوا، گەرمی، خاك) ئەم پێکهاتانە هۆکارێکن بۆدروستبوونی سەرجەمی بووەکان، چونکە تائێستا بەشێوەیەکی فەرمی لەسەر ئەستێرەکانی تر رانەگەیەندراوە ئەمانە بونیان هەبێت.

لەسەرزەوی کەئێمەی لەسەردەژین بەهۆی ئەم پێکهاتانەوە گەشەمان کردووە هەرکاتێکیش ئەمانە بونیان نەمایابونیان نەبێت ئەوا ئێمەو سەرجەم بوەکان ناتوانن بژن، یاخوود بونمان نەدەبوو، بۆئەوەی باشتر بۆتی روون بکەمەوە بانمونەیەك وەربگرم .

دارێك یا روەكێك بێنەو لەسەربەردێك بیروێنەو ئاویشی بدە بەڵام دەبینیت ناروێت چونکە ژێرەوەی خاك نیە بتوانێت رەگەکانی تێدا نەشونمابکات و بێتە بوونەوە، بەڵام کەلەسەرخاکێکی لماوی یاخۆڵاوی رواندمان دەبینین دەروێت ئەمە هۆکارێکە بۆبوون، ئیتر مرۆڤیش هەمان شتە لەدێرزەمانەوە هەرلەقۆناغی سەرەتایەکانەوە تائێستا بەچەندان قۆناغی جیاجیا گەشەی کردووە تائێستا، مرۆڤ خاوەنی ژیری ناو ژیریە بەوهۆیەوە دەتوانێت ژیرانە ژیان بۆخۆی دروست بکات دووربێت لەسەرجەم کێشەیەك، چونکە کێشەکان لەوونیدا سەرهەلدەدەن و ئەم کێشانەش بۆژیرەکان یابۆ رەسەنەکان دەبنەوەکێشە و چونکە مرۆڤی رەسەن یابالا بەدەرە لەهەمووشتێك کەعەقڵ وەری ناگرێت و کەچی بەزۆریش بەسەردونیای بوەکان سەپاوە، بۆیە ناژیرەکان یانارەسەنەکان و نابالایەکان هەست بەم ونیەی خۆیان ناکەن و ئەوان کۆپی پەیسی چواردەورێکی وونن. جابۆئەوەی تەواوی مرۆڤەکان هەست بەهەمووشتێك بکەن کەچۆن لەبوونی خۆیان تێ بگەن ئەوا دەبێت لەسەرزەوی کەژیانی خۆی پەیوەستە بەخۆیەوە ئەوە

دەبێت بەدەستی خۆی رێکی بخات و لەناو عەقڵی ئازاد دا پەروەردەبکرێت.

بۆیە هەمیشە لەم ونیەدا مرۆڤ زیاترو بەخورتر وون دەبێت و زۆرینەی شتەخەیالیەکان دەبن بەکەللتورێکی بێ بنەما، بەڵام لای مرۆڤی بالا خۆی نایەوێت لەم بێ بنەمایەدا وون بێت و ئەو هەمووشتێکی ئەوان رەتەکاتەوە کەزۆربەی جار پەیوەستە بە ناخەوەو ئەم ونیانە یائەم ناژیریە دەبێتە روح بۆمرۆڤەکان بەڵام روحێکی مردوویی یابێ ئاگایی، ئەگینا لەبنرەتدا هیچ شتێك بونی نیە کەمرۆڤ بترسێنێت یا لەخشتەی بەرێت ئەوەی وامان لێدەکات ئەوا وون بوونی زۆرینەیە لەم ئاگایی هۆشەکیدا سەرجەمی ئەمانەش هەمیشە دەبن بەگرفتی تاك یاکۆمەلگایەك کەبەدەربێت لەسەر رەوتی عەقڵ بۆنمونە وەك نەخۆشیەکان یانەخۆشی دەروونی کەلەونیدا توشی مرۆڤەکان دەبێت. یا تورەبوون یارەتکردنەوە، دەکرێت بگوترێت رەتکردنەوە هەیە بەڵام رەتکردنەوەیەکی عەقلانی نەوەك بەدەربێـ لەعەقڵ کاتێك ئەمە بوونی هەبوو ئەوا هەم دیسان تەنیا باڵاکانن هەست بەم رەتکردنەوە ناعەقلیانە بکەن.

بۆنمونە یەکێك لەسیفەتەکانی مرۆڤەکان وەربگرین ئەویش (تورەبوونە)

لاوێن: بەلێ فەرموو.

جاهویی:
((تورەبوون))

لەحەقیقەتی ئینساندا شتیك نیە پێی بگوترێت تورەبوون، بەڵكو ئەوەی تورەبوون دروستەكات یاتورەمان دەكات ئەوا چواردەورمانە،

ئەم شتەچیە كەدەمانخاتە تورەبوون؟

هەمووئەو شتانەن كەلەگەڵ هزرو عەقڵی بیركردنەوەدا ناگونجێن و كەسی بەرامبەر كارێكی پێچەوانەی هاوشێوەی ئەمانە دەیكات و ئەنجامەكەش تورەبوون دروست دەكات، بەڵام لەراستیدا شتێك هەیە ئەوەی تورەمان دەكات ئەوا (گەمژەییە)، هەروەها ئەوەی لەبەرامبەر كەسی تورەدا كارەكەی هەمان شت بێت و بەتورەبوون كاردانەوەی هەبێت ئەوا لەوكاتەدا هی ئەمیش دەبێتە (گەمژەو ناژیر). كاتێكیش ئەمە روویدا ئەوا شتێك نامێنێتەوە پێی بگوترێت (ژیری) هەركاتیكیش ئەمە بوونی هەبوو دەرەنجامی خراپ و خراپەكاری لێ دەكەوێتەوە.

شتیكی تریش هەیە كەپێی دەگوترێت حەقیقەتی تورەبوون، ئەم حەقیقەتی تورەبوونە لەبنەرەتدا ئەمیش بوونی نیە، بەڵام ئەوەی ئەمەی دروست كردووە (نالۆژیكی و ناژیری) بووە، چونكە لەژیری تەواوەتیدا نابێت كاریكی وەها بكرێت یا مرۆڤێكی وەها دروستبكرێت یاپەروەردە بكرێت كەكارەكانی (نالۆژیكی و ناحەقیقەتی) بێت.

چونکە هەرکاتێك ئەمە بوونی هەبوو ئەوا تورەبوونی حەقیقەتیش بوونی هەیە، بەڵام بۆئەوەی ئەم تورەبونەی حەقیقەتیە بوونی نەمێنێت ئەوا دەبێت هەموو کارەکان و دروستکردنی دەوروبەرو ژینگە دەبێت هەموویان پربن لەحەقیقەت، جاکاتێکیش ئەمە بوونی هەبوو ئەوا شتێك نامێنێتەوە پێی بگوترێت تورەبوونی حەقیقەت، ئالەوکاتەشدا جگەلە چاندنی تۆوی ئاشتی و چاکە هیچ شتیکی تر بوونی نابێت و بەرهەمەکەشی تەنیا هەڵگرتنەوەی چاکەو ئاشتی و خۆشەویستی دەبێت لەجیهانێکی پرلەواقیعدا، ئەم دونیا پرلەواقعیەش بۆئەوەی دروست بێت ئەوا نابێت لە (ئازادی، ، عەقڵ، جەستە، رووحی مرۆڤ گەرایی) بەدەربێت، چونکە ژیانی مرۆڤ گەرایی پەیوەستە بەمانەوە.

جیهانی راستی بونیش ئەوکاتەیە مرۆڤ بەویستی خۆی بژێت واتا هیچ کۆت و بەندێکی دینی یا کەلتوری یاهەربابەتێك لەم جۆرە خۆی نەسەپێنێت بەسەریدا.

لاوێن: منیش هەمان رایم هەیە.

جاهویی: سەرچاوەی هەمووئەمانە غیاب بوونی مرۆڤەکانە لەبوونی خۆیان واتا لەکۆنەوە ئەگەر مرۆڤەکان بەناژیری هاتبن ئەوا لەهەندێك رووەوە ئەم ناژیریە یائەم ونیەی بێ ئەوەی هەستی پێ بکات ئەوا کردویەتیە سەرمەشقی هەمووکارەکانی وتێیدا هێندەی تر وون بووە. بۆنمونە دروستکردنی (خودا) یا وون بوون لەخودایدا ئەمانە هۆکاری سەرەکین بۆ وون بوونی خودەکان و سەپاندنی تورەبوونی حەقیقەتی بەسەر مرۆڤە

ژیرەکاندا، هەروەها دەبێت بڕواشمان بەوەهەبێت هەرکاتێك مرۆڤێکی ناژیر بوونی هەبوو ئەوا هەمیشە دەبێتە کێشە بۆ مرۆڤە ژیرەکان.

لاوێن: زۆر ڕاستە.

جاهویی: مرۆڤ لەکۆنەوە بەهۆی ترس لەچواردەوری خۆیی و هەست کردن بەوەی جوڵە سروشتیەکان پاڵنەری هێزی بەدوایەوەبێت هۆکارێك بووە بۆ ترس لەخوداو ترسیش لەخودا بەم جۆرەی برد کەئێستا تێی کەوتووە. بۆیە دەکرێت ئێستا مرۆڤ خۆی بناسێت و چیتر لەوەهمێکدا خۆی وون نەکات کەپێی وایە ڕاستە. بۆنمونە مرۆڤ لەگەڵ خودا دەمەوێت لەسەر ئەوە بدوێم.

لاوێن: مەبەستت ئەوەیە مرۆڤ لەخودایدا وون بووە؟

جاهویی: ڕەنگە وابێت بۆیە ئەمەوێت بۆتی روون بکەمەوە.

((مرۆڤ و خودا))

زەوی مرۆڤایەتی کەپێکهاتەی گشت مەخلۆقەکانی خۆیەتی دابەشی دووبەش بووە بەشێکیان تایبەت بەخۆیەتی و بەشەکەی تریشی وەك هەموو ئەو گۆرانکاریانەی فیزیکی تییدا روودەدەن، وەك (کەش و هەواو بومەلەرزەو گرکان و بەربونەوەی ئەو پارچە میتۆدانە) دەکەونە سەرزەوی و لەسەر زەوی خۆشیدا

روودەدەن، دەشتوانم ئەوە بڵێم زۆرینەیان دەگەرێتەوە سەر (هزری) مرۆڤ کەدەتوانێت رێگربێت لەبەشێکی روونەدانیان.

کەواتە گەرمرۆڤ هێندە هۆشمەندو هزرتیژبێت ئەوا دەتوانێت زەویەکەی خۆی لەسەرجەم کێشەفیزیکیەکان بپارێزێت و بەرلەروودانیان رێگربێت لەروونەدانیان.

ئەوەی دەمێنێتەوە لەسەر زەوی مرۆڤ خۆیەتی کەلەوزەویەدا بوونی هەیە، ئەم مەخلۆقەش لەپێناو بونیداو دروستکردنی ژیانیدا کۆمەڵ کۆمەڵ دەژن، کەهەربەشێکیان بەجۆرێك لەژیان دەروانێت و خۆی خزاندۆتە ناو کۆمەلێك (دین و کەللتور و دروستکردنی سیستەم) کەتێیدا ئەوەی وون بوبێت ئەوا مرۆڤ هەرخۆی بووە و بەدەربوە لەم(خۆرەی) کەلەناویدا بوونی هەیە و بەدەربوە لەم هەستەی مرۆڤ خۆی خودایە لەسەرزەوی.

ئێمە گەرقسەلەسەر هەبوونی خودابکەین کەبیسەلمێنین بوونی هەیە یان نیە، ئەوا ناشکرێت چاوەرێی هیچ شتێکی لێ بکەین کەپەیوەستە بەبوونی بوەکانی سەرزەوی و بەتایبەتی خودی مرۆڤەوە، چونکە مرۆڤ خاوەنی (عەقڵ و هەست و زانین و ژیریە) و هەرشتیکیش بەدەربێت لەمە ئەوا پێم وایە مرۆڤ بوونی راستی لیی بەدەردەبێت بەڵام دەکرێت مرۆڤ خۆی لەسەرجەم گومانەکانی ئەم هەبوویە راچڵەکین بکات و بونی هەبێت یانەبێت ئەوا پێناسەیەك بۆئەم خودایە دابنێت کەدەلێن بوونی هەیە، چونکە لەکۆنەوە مرۆڤ لەبی هێزی هێزی بیرکردنەوەو تێرانەمانی لەخۆی وای نیشاندا گوایە خودایەك هەیەو بۆئەم خودایەش پێناسەیەکی دانا واتا خودی ئەم پێناسەیە

هی خودی مرۆڤ بووە بەڵام وەك ووتم لەوونی خۆیدا بۆخودای گێرایەوە.

پێناسەکەشی کەگوایە بەم جۆرەیە کەدەڵێن: خودا میهرەبانەو باڵادەستی هەمووانە، ئیتر ئەمە پێناسەیەکە لەکۆنەوە بەم شێوەیە هاتووە.

بەڵام دەکرێت مرۆڤ لەمەولا بوونی ئەم باسە بۆ خودی خۆی نەبێت و باجێی بهێڵێت بۆزانست کەدەکرێت ئەم زانستە بەدوای کەوێت یادەشکرێت مرۆڤ چیتر لەچاوەرێی ئەودانەبێت، کەپێشم وایە دەمێکە زانست نەبوونی خودای سەلماندووە، جگەلەمەش ئێمەی مرۆڤ دڵنیاین ژیان و بونمان پەیوەست بەهیچ خودایەك نیەو نەخودا پێویستی بەئێمەی مرۆڤ هەیە نەمرۆڤیش پێویستی بەخوداهەیە بۆیارمەتی دانی ژیانی.

هەروەها لەچاوەرێی گوتەی دینیشدا نەمێنێتەوە، چونکە وەك ووتم مرۆڤ درك بەژیری خۆی بکات ئیتر هەرخۆی دەبێتە خودای سەرزەوی،

بەڵام لێرەدا بۆئەوەی ئەم مرۆڤەش لەنێوان ئاینەکان و جۆرە سیستەمەکانا نەبێت بەخەڵوز ئەوا دەکرێت قسەیەکی ترهەیە کەخۆی پێ بکاتە خودای سەرزەوی، ئەویش تەنیا ئەوەیە مرۆڤ خودایە.

مرۆڤ لەکۆنەوە پێناسەیەکی بۆ خودا کردوو ووتی: خودا (زیندووە، ، بالایە، ، زانایە، ، بەتوانایە، ، بەخشندەیە)، ئێستا مرۆڤیش بەم جۆرەیە، چونکە هەمان سیفەت و بوون لەمرۆڤیشدا بوونیان هەیە، بۆیە دەکریت ئەم گوتەیە رێك مرۆڤ بیخاتە ناو

کەلەسەری خۆیەوە ئیتر کەبەم جۆرەش بوو ئەوا مرۆڤ خودای سەرزەویەو تاوانێکی مەزنیشە چیتر مرۆڤ خۆی بخاتە دەستی قەدەرو چارەنوسێکی نادیارەوە. واتا لەبنەرەتەوە مرۆڤ خۆی خودایەو خودایەتیشی بەکاربێنێت ئەوا مەحاڵە لەسەر ئەم زەویە شتێك بمێنێتەوە پێی بگوترێت کێشە.

خودا زیندووە، ، کەواتە مرۆڤ زیندووەو چیتر وەك بونەوەرێك لەچاوەرێی هیچ کەسیکا نەمێنێتەوەو ئەم زیندویەتیە بۆهەمووشتێك بەکاربهێنێت. واتا هۆشیارە.

خودا باڵایە، ، کەواتە مرۆڤ باڵایەو هیچ کەسیش لەو گەورەترنیە کەپەیوەست بێت بەژیان و چارەنوسی ئەوەوە.

خودا زانایە، ، کەواتە مرۆڤ زانایەو لەوزاناترنیەو هەرخۆیەتی چارەسەری هەموو شتێك ئەکات و بەزانایی دەیدۆزێتەوەو ئەم زانایەی بۆخزمەتی گشت مرۆڤایەتی و ژینگەکەی دا دەبێت.

خودا بەتوانایە، ، کەواتە مرۆڤ بەتوانایەو بۆهەمووشتێك توانایی خۆی بەکاردەهێنێت و پشت بەهیچ شتێك نابەستێت کەلەچاوەرێیدا بمێنێتەوە.

خودا بەخشندەیە، ، کەواتە مرۆڤ بەخشندەیە بۆهەمووشتێك ئەم بەخشندەیە بەکارئەهێنێت، کاتێکیش بەم جۆرە بوو ئیتر مرۆڤەکان یەکتریان خۆشەویت و تۆوی خۆشەویستی بڵاودەکەنەوە، چونکە مرۆڤ خاوەنی ژیریە ئەوا شتێك لەناویدا بوونی نیە ناوی کێشە بێت، چونکە کێشە لەئەنجامی

ناژیریەوەیەو دەبێت درك بەم ناژیریە بكرێت كەدەیەوێت كێشە دروست بكات، كەواتە ناتوانم بەم مرۆڤەش بگوتریت مرۆڤ كەبیەوێت كێشە دروست بكات، چونكە وەك ووتم كێشە لەئەنجامی ناژیریەوەیە.

جابۆئەوەی رێگە لەكەسێك بگیریت كەبیەوێت كێشە دروست نەكات، ئەوا دەبێت بگەرییینەوە بۆ (پەروەردەكردنی عەقڵانی واتا لۆژیكی) كەدەكرێت لەسەرەتای قۆناغ بەقۆناغەكانی گەشەسەندنی مرۆڤ تێیدا پەروەردە بكرێت كەتێیدا بۆمەبەستی (مرۆڤ گەرایی) بێت.

واتا چاندنی (روحی مرۆڤ گەرایی) لەهزری خودەكاندا كە(بەخشندەو باڵاو زاناو میهرەبان و زیندوو) بێت، كاتێكیش مرۆڤ بەم جۆرە پەرەوەردە كرا ئیتر مەحاڵە تۆوی كێشە لەسەرزەوی بنبرنەكرێت و تۆوی مرۆڤی بالا چەقەنەنەكات.

كاتێكیش ئەمە روویدا زەوی مرۆڤایەتی هەربۆخۆی یەك پارچە بەهەشتێكەو خوداش بوونی هەبێت یانەیبێت لەوە زیاتر هیچ شتێكی لەمرۆڤ ناوێت.

ئەوەی مرۆڤەكانی بەم جۆرە بێ روحیە كردووە ئەوا خودی ئاینەكانن كەبەناوی خوداوە مرۆڤەكانی سەرگەردان كردووە لەهەندێ روی ترەوە هێندە ونی كردووە بونی مرۆڤایەتی خۆی لەبیركردووە، واتا ئاینەكان جگەلەكۆیلەكردنی مرۆڤ ئەوا پێم وانیە هیچ شتێكی تریش بن. كەدواتر باسی هەمووئەمانەدەكەم.

لەهەمان كاتیشا گەرئاین بەم جۆرەبیت ئەوا لەدەرەوەی ئاینیشا مرۆڤەكان پێم وانیە كارێكی وایان كردبێت هەولەكانیان

هەستیکی مرۆڤی لەناویانا هەبێت و زۆرینەی جار هەرخۆیان کێشەیان بۆیەکتردروست کردوەو وێرای جەنگەکان ئەوا نەشیانتوانیوە خۆبەخۆیان بەیەکەوە بژن و تۆویی خودایی بوونی خۆیان بسەلمێنن.

جگەلەمەش تێکەلبوونی چەندان جۆری سیستەم و کەلتورو ئاین بەیەکەوە چونکە نەیانتوانیوە رووحی مرۆیان تێدابێت بۆیە بەتۆمەتی ئەمشتانە کێشەیان بۆخۆیان دروست کردووەو لەناو خودی یەك سیستەمیشدا هەمدیسان کۆمەلێك مرۆڤی تریان تێدابوەتە قوربانی بێئەوەی هەست بەم تاوانەی قوربانی بونی مرۆڤەوە بکەن.

چونکە مرۆڤەکان لەناو بەرداشی (دین و کەلتورو سیستەمەکانیاندا) تەنیا بونەتە خەڵوز. هۆکاری ئەمەش وەك باسم کرد چۆن لەسەرەتاوە مرۆڤ کەهێندە هۆشمەندنەبووبوو بۆیە هەمووشتێکی تایبەت بەخۆی گێرایەوە بۆهەبونی خوداو لەو پێناوەدا ژیانی خۆی بنیادنا، هەربۆئەم مەبەستەش کاتێك لەناو کۆمەلگاکانا مرۆڤێك هەستەکی بەهێزی بۆدەهات و هەستی بەبوونی خۆی و مرۆڤەکانی تردەکرد کەچۆن ژیان دەگوزەرێنن و ژیان بەرێدەکەن بۆیە هەرکاتێك مرۆڤێکی لەم جۆرە ئەم هزرەی بۆدەهات لەقولایی ئازارەکانی مرۆڤەکانەوە پێی وابوو هەستێکی (وەحیە) و خودا رێنمایی دەکات بۆ مرۆڤەکانی تر، هەموو ئەمانە هۆکارێك بوونە بۆسەرهەلدانی (پێغەمبەران) و بانگەشەکردنیان بۆخوداپەرستی، مرۆڤەکان هەرلەوکاتەوە چونکە هۆشمەندی ژیرایەتیان هێندە چەکەرەی نەکردبوو بتوانن

لەهۆشمەندیدا (سیستەمێکی هزری) دروست بکەن بۆیە بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤەکان دەیانبەستەوە بۆ ترس لەخودابوون، واتا بەم ترسەوە مرۆڤیان پەروەردەدەکرد بۆئەوەی هەڵە نەکات.

جگەلەمەش بێخەیالبوونە لەوەی جیاوازیەکی چینایەتی و رەگەزی زۆر لەنێوان مرۆڤەکان بەم هۆکارەوە دروست بووە، ئیتر لەکۆنەوە هەربەم جۆرە مرۆڤەکانیان هێناوەو زەمەن لەدوای زەمەن هێشتویەتیانەوە.

لاوێن: منیش هەمان رام هەیە.

جاهویی: بۆئەوەی زیاتر بۆتی روون بکەمەوە دەمەوێت لەخودی ئەم جۆرە کەسایەتیانە بدوێم کەبەم جۆرە بانگەشەی خۆیان لێداوە وەك (پێغەمبەران) چونکە ئەوان لەرۆچونیان لەهزرگەرایی خۆیانەوە توانیویانە بەم هۆکارەوە کاریگەریان لەکۆمەڵگاکانی ئەوسا هەبوبیت و کۆمەڵگا بەهۆی ترسیان لەخوداوە بروایان بەقسەکانیان هێناوە. ئەگینا گەربەووردی هەڵسەنگاندن بۆهزری ئەم جۆرە مرۆڤانە بکرێت ئەوا لەزۆرینەی راکانیاندا هەمان بۆچونی یەکتریان هەیە و لەهەندی شتیشا رای جیاواز، بەڵام سەرەتای هەمووشتێك کەبەم جۆرە هزریان بۆهاتووە ئەوا کاریگەری ژینگەکەی خۆیان بەسەرەوە بووەو بیریان لێ کردۆتەوەو ئەم هزرەیان بۆهاتووە.

هۆکاری بانگەشەکردنیشیان بۆ پێغەمبەرایەتی ئەوسا ترسیان بووە لەخودا ئەوهەستە بەرزەشی کەبۆیان هاتوە پێیان وابووە ئەمە خودایە بۆهەمووشتێك رێنماییان دەکات، مرۆڤەکانی ئەوساش بەهۆی ئەم ترسەوە هەمووشتیکی ئەوانیان بەراست

زانیوه و ئەمە ناچاری کردوون گوێ لەپەیامەکانی ئەوان بگرن و خاڵ بەخاڵ پەیرەوی لێ بکەن .

لاوێن: منیش هەمان بۆچونم هەیە. بەڵام لەسەربوونی خودا دەکرێت باشتربۆم روونکەیتەوە؟

جاهویی: لاوێنی ئازیز تۆ وادابنێ خودابوونی هەیە بەڵام ئایا لەتوانایداهەیە راستەوخۆ شارێك و ناوچەیەکم بۆدروست بکات و کۆمەلێك مەخلۆقیشم بۆدروست بکات کەلەسەرەتاوە هیچ هەلەیەك نەکەن؟

لاوێن: پێم وانیە ئەمە رووبدات.

جاهویی: کەواتە ئەمەش هەمان شتە خودا پەیوەندی بەئێمەوە نیەو ئێمەش پەیوەندیمان بەخوداوە نیە، مادام مرۆڤ عەقڵ و ژیرە ئیتر دەبێت خۆی بەدەستی خۆی رێك بێخێت و بکەوێتە قولایی ژیانی خۆیەوەو چاوەرێی هیچ شتێك لەخودانەکات، چاوەری کردن نامانگەیەنێتە ئەو بەرزیەی کەمرۆڤ دەیەوێت چونکە مرۆڤ گەرپەروەردەبکرێت و لەخۆی بگات ئەوا هەرخۆی خودای سەرزەویە.

لاوێن: راستە

جاهویی: بالێرەوە دەست پێ بکەم لەسەربوونی پێغەمبەران و فەیلەسوفان.

لاوێن: فەرموو

جاهویی:

((پێغەمبەران و فەیلەسوفان))

مرۆڤ مەخلوقێکی فکرو هزریەو زۆرجاریش ژینگەکەی کەتێیدادەژی کاری کردۆتە سەر ئەم مەخلوقە، مرۆڤ کاتێك کاردەکات یاقسەدەکات یاهەرشتێکی ترلەوبابەتە ئەوا هزروبیری لەوشوینەدەبێت کەخۆی لییەتی، بەڵام زۆرجاریش مەرج نیە مرۆڤ کەلەشوێنێك بێت ئیتر بیرو هزری بۆشوێنێکی ترنەروات، بەڵام بەهۆی شەپۆلە هەستەکیەکانیەوە دەگۆرێت بۆمرۆڤێکی فکری، لەم فکریەشدا بۆهزری قوڵ و تیژ، لەم تیژیەدا عەقڵ دەکاتە سەرمەشق بەڵام هەندێ جار کاریگەری ژینگەکەی هەربەسەرەوەیە.

لاوێن: ئەمە چۆن روودەدات؟

جاهویی: کاتێك مرۆڤ دەکەویتە ئەم شەپۆلە هەستەکیانەوە ئەوا بەهۆکارێك روودەدات یابەهۆی زۆرخویندنەوە یابەهۆی تەنیاییەوە، بەڵام ئەوەی کەزۆرگرنگە تەنیایی و خوێندنەوە بەیەکەوە بێت، واتا گەر هەستێکی وەها دروست بوو ئەوا هەمیشە روولەخوێندنەوە بکرێت، یا لەخوێندنەوەدا هەستی زیاترو بەهێزترت بۆدەرژێت، ئەم هەستە رژاندنە گەرلەکات و شوێنی خۆیا بێت ئەوا زۆرپیویستترە بەتایبەتی کەست بەلاوە نەبێت و لەتەنیایدا ئەم هەستانە دابرێژیت، ئەم دارشتنەش بەپسیارو وڵامی هزری بەهێزەوە روودەدەن، دەبینیت ئەوکەسە لەوکاتەدا هەست بەگۆرانی هزری و ژیری زیاتردەکات بەبەراورد لەگەل کەسانی دەوروپشتی خۆیدا. مرۆڤ کاتێك لەسەرەتادا کەئەم جۆرە شەپۆلە هزریانە رووی تێدەکات ئەوا هەست بەو هزربالایانە دەکات کەرووی تێدەکەن و کۆمەڵگاو

چواردەوری خۆی لەوکاتەدا هاوشێوەی مێرولە دەبینێت و ئەو لەعەقلدا جیادەبێتەوەو کۆمەڵێك گۆرانکاری گەورە لەناویدا روودەدەن، ئەمە زۆرجار لەتەمەنێکی تەواو ژیرایەتیدا دەبێت وەك تەمەنی لەسەروی (30) سالیەوە بێت یالەسەروی 35 ساڵیەوە. روودەدەن کەهەندێ جار مرۆڤ لەم تەمەنەشدا هەرچەندە ئەو خۆشی جیاکاتەوە ئەوا بەشێوەیەکی خراپ خۆی دەناسێنێت کەهەست بەژیرایەتی ناکات و وەك مرۆڤێکی ژیر پەروەردەنەکراوە بۆیە لەوکاتەشدا زۆرجار کەمرۆڤ وون بوو دەستەکات بەتاوان یاگۆشەگیریەکی بێ ناوەرۆك یالەناچاریدا وەك هەرکەسانی ئاسایی ژیان بەرێ بکات، یائەگەر ژیربوو ئەوا کۆمەلیك هەستی تیژی بۆدێت و رەنگە ببێتە بالا لەشتێکدا یادۆزینەوەی بیردۆزی زانستی و چەندان بواری تر تازۆرجار مرۆڤ خوێندەواریش نیەو هیچیش لەزانست نازانێت بەڵام ئەو دەستەکات بەداهێنان و کۆمەلیك شت دادێنێت کەزانایانی بواری زانستیش درکی پێ نەکەن، تازۆرجار ئەمە لەناو هەناوی مرۆڤەکانەوە روودەدەن، ئیتر گرنگ ئوەیە ئەو مرۆڤە دەتوانێت بەشێوەیەك لەشێوەکان خۆی بدۆزێتەوەو داهێنانێك بکات.

ئیتر بەمجۆرەیە.ئەم شەپۆلە هزریانە والەمرۆڤ دەکات بۆ کۆمەلیك بەش دابەش بکرێت، بەڵام لەهەموویان گرنگتر دووبەشی سەرەکین لەمرۆڤدا بونیان هەیە ئەوانیش (فەیلەسوف و پێغەمبەرانن) کەهەردوکیشیان هەرمرۆڤن، لەکۆندا زۆرجار بیرمەندێك یافەیلەسوفێك لەپێش ئاینەکانیشدا قسەیەکیان کردووە

یابیروبروایان هێندە بەهێزبووە لەچاو مرۆڤەکانی تردا ئیتر گەرهاتباو وتبای من نێردراوی خودام ئەوا ئەگەری ئەوەی هەبوو بەشێکی زۆری خەڵکەکەی بروایان بەقسەکەی کردبا، چونکە قسەکانیان هێزی ژیری زۆری تیابوەو ئەم هێزەش والێکردوون هەمیشە جێی سەرنج تێرامان بن لای کەسانی ئاسایی و کەسانی تریشدا.

ئەم جۆرە کەسانە هەرخۆیان خوداوەندێکن لەسەرزەوی، بەڵام بەهۆکاری ئەوەی ژینگەکەی دەوروپشتیان چۆن بووە ئەوا هەمیشە زۆرجار لەم ژینگەیە دەرنەچونەو گۆرانکاریەکی دەگمەن نەبێت ئەوا لەزۆرشتدا هاوشێوە بونە لەعەقڵی سەردەمی خۆشیاندا، کەدەلێم هاوشێوە بوونە مەبەستم ئەوەیە ژینگەکەی خۆیان کاریگەری هەبووە بەسەریانەوە.

لێرەدا دوکەسایەتیمان هەیە کەبەم جۆرەن، باڵە هەردوکیانەوە دەست پی بکەم، فەیلەسوفان کەهاوشێوەی پێغەمبەران ئەوانیش هەرلەتەنیایی و گۆشەگیریەوە ئیلهامیان بۆ هاتووە، کەدەشلێم ئیلهام مەبەستم ئەوەیە هەردووکیان هەڵگری هەمان عەقڵی باڵان جائەگەر ئیلهامێك بوونی هەبێت یانەبێت ئەوا مرۆڤە باڵاکانن کەئەم جۆرە عەقڵە مەزنەیان بۆدێت.

بەشێك لەفەیلەسوفان بروایان بەخودا هەبووەو تێزە فکری و هزریەکانیشیان لەسەر مرۆڤ مشتومری خۆیان لەسەری کردووە، هەروەها بەشێکی تریشیان بروایان بەخودانەبوەو بەهەمان شیوەی ئەوانیش بیرو هزریان بۆشیکردنەوەی مرۆڤ و ژینگەی بونەوە قسەی خۆیان کردووە.

لێرەدا پێم وایە دوو ئاراستە بونیان هەیە کەلەنێوان فەیلەسوفی راستەقینەو پێغەمبەرانەوە بەدیم کردبن، ئەویش ئەوەیە (پێغەمەران) روحی مرۆڤیان بۆلای خودا بردۆتەوە، واتا روحیان لەمرۆڤ کردۆتەوەو بۆخودی ئەم مەخلوقەیان نەهێناوەتەوە، واتا هەمووشتێکیان لەو مەخلۆقە سەندۆتەوەو بۆخودایان بردۆتەوە، بەو واتایەی پشتیان بە(خودا) بەستوە بۆهەرئەگەرێك کەلەسەر زەوی مرۆڤایەتی بەتایەبەتی کەتایبەت بیت بەمرۆڤەوە ئەوا بەستویەتیانەوە بەخوداوە، واتا ئەگەر نەیانتوانیبێت (روحی مرۆڤ گەرایی) بۆخودی مرۆڤ بگێرنەوە ئەوا هۆکارەکەی ئەوەبووە ئەوا پشتیان بەخودا بەستوە بۆهەرئەگەرێك کەلەسەر مرۆڤ روودەن بێ ئاگابوونی ئەوان لە (پەروەردەکردنی عەقڵ گەرایی).

جگەلەمەش لەکۆندا گەر مرۆڤێك بەم جۆرە بوبایە ئەوا چونکە هەبوونی خودا لەناو مرۆڤەکانا دروست بوو بوو بۆیە پێیان وابوە ئەم ژیرایەتیە لەلایەن خوداوە بۆیان دێت و پێیان ووتوە (وەحی)

بۆیە پێم وایە تائێستا غەدرێکی زۆرلەمرۆڤ کراوەو ئەم روحەی بۆنەگێردراوەتەوە، بەتایبەتی فەیلەسوفی راستەقینە ئەبێت ئەم روحە بۆمرۆڤ خۆی بگێرێتەوەو نابێت بۆبونی خۆی و ژینگەو سروشتی سەرزەوی پشت بەهیچ کەسێك یا دینێك ببەستێك جگەلەخۆی نەبێت، چونکە ئەم مەخلۆقە کەخاوەنی (عەقڵ و ژیری و هەست و زانینە) ئەوا نابێت هیچ شتیکیش لەبوونی خۆی وون بکات.

بەڵام لەدوونیای ئێستایدا ئەم مرۆڤە کەهەستی مرۆڤایەتی وون کردوووە، ئەوا لەنێوان (دین و ئایدۆلۆژیاو بی پەروەردەیی) بووە، چونکە ئەوان بەشێوازی خۆیان مرۆڤیان بەئاراستەیەك بردووە لەبوونی خۆیان وون کردووە، چونکە ئەگەر بێینە سەر رەسەنی مرۆڤ خۆی ئەوا هەمووشتێکی تێدا مەوجودەو ناکرێت ئەم بونە خودایە وون بکرێت، کەلەدێرزەمانەوە نەیتوانیوە لەخۆی بگات کە چ مەخلۆقێکە و ئەم خودایيەشی وون کردووە کەلەناویدا بوونی هەیە.

هەروەها ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی چەندان کێشەی ئاشکرا کەبەرەو مرۆڤ بوەتەوە خودی ئاین بۆمرۆڤی دروست کردووە بەتایبەتی لەرووی نەبونی سیستەمی عەقڵانی کەلەدواتردا باسیان لێوەدەکەم.

هەروەها کۆمەڵگای دینی بەشێك بووە لەم ونکردنەی مرۆڤ، چونکە ئەو پێی وایە مرۆڤ ناتوانێت چارەنوسی خۆی دیاری بکات لەناو خۆیداو ئەوەی لێی بەسەرهات ئەوا دەبێت پێشی رازی بێت، ئەم رازی بوونەی وایلێکردووە ئیتر خۆی وون بکات و نەتوانێت بۆهەرکۆسپ و بەربەستێکی خۆی لێ رزگاربکات، ئەمەش زیاتر پەیرەوانی دین ئەمەیان بەدەرفەت زانیوە بۆ مانەوەی خۆیان لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا.

هەروەها لەناو ئایدۆلۆژیای چەق بەستوشدا بەهەمان شێوە کەنەیانتوانیوە لەشارستانیەتی دا ببنە پێشەنگی مرۆڤایەتی، هۆکاری ئەمەش بۆ ونکردنی فەلسەفەی مرۆڤ گەرایی دەگێرمەوە، واتا پێم وایە کاتێك مرۆڤێك کەدێتە بوون ئەوا دەبێت

لەهۆكاری بونی ئەم مرۆڤەش تێبگەیەندرێت كەئایا هاتنە بوونی ئەم مرۆڤە بۆچی باشەو لەهاتنە بوونیدا چ كاریكی پێ دەسپێریت؟

خۆئەگەر ئەم مرۆڤەی هاتە بوون نەتوانی بەشێوەیەكی (پەروەردەیەكی عەقڵ گەرایی) دروست بكرێت و هەروەها ژیانی بۆدابین نەكرێت و هاوشێوەی ئاژەڵێك بۆهەمووشتێك تێرامانی بۆژیان هەبێت و لەمرۆڤ بوونی خۆی رانەچڵەكێندرێت ئەوا پێم وایە ئەم مرۆڤە بۆمرۆڤەكانی تر دەبێتە كێشەو بۆسەرزەویش هەركێشەیە.

جاكەواتە بۆچی مرۆڤێك كەلەدەوریدا و لەژینگەكەیدا سیستەمی مرۆڤ گەرایی بونی نەبێت ئەی باشە ئەم مرۆڤە بۆچی بێتە بوون؟ بەڵام كەدەبینم دونیای ئێستای مرۆڤایەتی ئابەم شێوەیە دەروات بەرێوە هۆكارەكەشی ئەوەیە كەنەتواندراوە مرۆڤ لەدوای (دە) هەزارساڵ لەشارستانیەت كەچی هێشتا نازانێت لەمانای بوونی خۆی تێبگات و ژیانی مرۆڤ گەرایی بۆسەرجەمی مرۆڤەكان دروست بكرێت، كەهۆكاری نەتوانینیشی بۆ (ئایدیای چەق بەستراوو دین) دەگێرمەوە كەتائێستا لەسەرهەمان تەقلیدەكۆنەكەی خۆیان هێشتۆتەوەو راچلەكینی عەقلیان نەكردووە بەم جۆرەش خۆیان هێشتۆتەوە، وەك (وڵاتانی ئەفریقاو، خۆرهەلاتی ناوەراست و بەشێكی تری سەرزەوی).

واتا مرۆڤ وەك كارگەیەك سەیردەكرێت دەهێندریتە بون و لەمانای بوونیشی نازاندرێت، كەلەبێ سیستەمیدا گەورەدەكرێت

و لەدوایشدا هەرچی بکات و بیخولقێنێت گەربەدەربێت لەناو بونی ژینگەکەیدا ئەوا سزاشی بۆبراوەتەوە.

ئیتر گەرمرۆڤ خۆی خودابێت لەسەرزەوی ئەوا لەئێستاوە هیچ سیفەتێکی خودایی تێدامەوجود نیە، چونکە دەبێت بۆهەمووشتێك خودایی بەکاربهێنێت، بەڵام ئەوەی لێی بوەتە کێشە تائێستا دووهۆکار هەبووە ئەوانیش بوونی (ژن) و نەبونی (سیستەمی عەقڵ گەرایی)لەدوایدا روونیان دەکەمەوە. کەهەردووکیان پەیوەستن بەبوونی مرۆڤەوە بەتایبەتی ئاین و کەللتورو سیاسەتە چەوتەکەی نێوان دەولەتانیش بە گشتی.

هەرلەدرێژەی باسەکەمدا لەسەربوونی مرۆڤ و خودا دەمەوێت باشتر روونی بکەمەوە

دایك و باوکی راستەقینە رۆڵەکەی خۆیان خۆشەوێت، ئەم خۆشەویستیە والەپەیوەندی نێوانیان کردووە کەرۆڵەکەی بۆهەرجێگایەك بچێت دڵی پێوەیەتی بەمەرجێك گەرهات و پەیوەندی نێوانیان پچرا، لەوکاتەدا دایك یاباوك هەمیشە دەیانەوێت ئەگەر رۆڵەکەیان هیچ سەوداو سۆراغێکیشی نەبێت ئەوا دەخوازن کەرۆڵەکەیان باش بێت و هیچتر.

بۆئەومەبەستە تاکەشتێك کەبیخوازن ئەوەیە: ئەزیزەکەی خۆم ئاگاداری خۆت بەو کێشە دروست مەکەو بۆهەرشتێك چاکە بکەو روت خۆش بێت لەناو خەڵك دا، هەروەها ئەگەر رۆڵەکەی ئێمەیت و بەباشی پەروەردەمان کردوویت ئەوا دەبێت ئەم پەروەردەیە فێری خەڵکیش بکەیت بەباشترین شێوەو تۆوی چاکە بڵاوبکەیتەوە بۆئەوەی لەناو کۆمەڵگا خۆشەویست بیت و لای

ئێمەش شیرین بیت. ئیتر کەئەم داخوازیەیان لەرۆڵەکەیان هەبێت و لەوەش دڵنیابن کەرۆڵەکەیان بەم شێوەیە ئیتر چ پیویست دەکات رۆڵەکەیان لەدووری دایك و باوکیدا هێندە دڵی لای ئەوان بێت چونکە ئەویش دڵنیایە کەزۆرباشن ئیتر پێویست ناکات بۆهەرکارێك بروات و فکرو هزری لای ئەوانیش بێت، چونکە ئەم فکرو هزرە والە رۆلەکەیان دەکات بەکاری خودی خۆیەوە سەرقاڵ نەبێت و هەموو هەستێکی لای دایك و باوکی بێت، ئەم دایك و باوکەش بەم جۆرە پێم وانیە کەرۆڵەکەیان بەم جۆرەبوو کەهێندە بیری داك و باوکی بکات، ئەوان خۆشیان بوێت یابەکارێکی باشی بزانن چونکە دایك و باوك گەر دڵنیابن کەرۆڵەکەیان زۆرباشەو کێشەی نیە ئەوان دلخۆشن، بەڵام بەوە دڵخۆش نین کەرۆڵەکەیان بیر لەدایك و باوکی خۆی بکاتەوە بەم شێوەیە و روح لەخۆی بسەنێتەوە لەپێناو ئەواندا و یانەتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت و هەمیشە بگەرێتەوە لای دایك و باوکەکەی، چونکە دایك و باوکیش هەمیشە حەزەکەن کورەکەیان یا رۆلەکەیان پشت بەخۆی ببەستێت و پێویستی بەئەوان نەبێت ئیتر دایك و باوکی راستەقینە هەرئەوەی لەرۆلەکەی ئەوێت

هەروەها بونی خوداش گەربوونی هەبێت ئەوا هەربەم شێوەیە بۆمرۆڤ، چونکە مادام مرۆڤێك کەزۆرباش بێت و سیستەمێکی باش و پێشکەوتنی بۆخۆی هەبێت و بەباشترین شێوە بۆکۆمەڵگاکەی و بۆخودی ویستی خۆی باش بێت و بۆبوونی هەمووان ژیرایەتی بەکاربهێنێت، ئیتر خوداش لەوە زیاتر هیچ شتێکی لەمرۆڤ ناوێت، کەبۆهەمووشتێك لەپێناوخۆیدا رووح

لەخۆی بکاتەوەو ئیتر خۆی بکات بەسۆفی گەریەك و بوونی خۆی لەبووندا وون بکات و زۆرینەی شتە رەواکان بەرەوا نەبینێت، ئیتر کاتێك مرۆڤ بو بەکۆیلەو هێندە روحی خۆی بۆخودا ببەستیتەوەکەخۆی لێ وون بێت ئیتر شتێك نامێنێتەوە ببێتە مایەی خۆشبەختی مرۆڤ لەسەرزەوی، هەروەها دەشکرێت کەبروات بەخودایەك هەبێت، بەڵام بائەم بروابونەت نەبێتە مایەی ون بوونی خۆت و وون بوونی کۆمەڵگاو چواردەوریشت بەتاییەتی پەیرەوکردنی (دین) کەواتە لێرەدا ئەگەر مرۆڤ بەم جۆرە بوو ئەوا خۆی دەبێتە خودای سەرزەوی و خوداش بوونی هەبێت یانەبێت ئیتر هەرهێندەی لەمرۆڤ دەوێت کەبەهەشتێك لەسەرزەوی بۆخۆی دروست بکات و لە کەشێکی ئاراموو دڵگیردا بگوزەرێت و (زانست و باڵایی و بەهێزی و توانایی) بۆخی بەکاربهێنێت، زانستیش بۆهەموو روانگەیەك بەکاربهێندرێت، واتا تەنیا بۆدۆزینەوە نەبێت بەڵکوو بۆفێربون و بۆ ژیرکردنی مرۆڤ، زۆرپێویسترە، چونکە هەتاکوو مرۆڤ ژیرنەکرێت ئەوا ناشتوانێت زانست بدۆزێتەوە، ئەگەرزانستیشی دۆزیەوە بەڵام کەژیرنەبوو ئەوا ئەم زانستەی بەشێوەیەکی پراکتیکی ناتواندرێت سودی گشتی لێوەدەست بێت و رەنگە کاردانەوەی خراپیشی لەگەل دابێت، کەواتە بەرلەهەمووشتێك تەنیا ژیریە مرۆڤ تێیدا گەشەبکات و لەهەرجێگایەکیش کەناژیر بوونی هەبوو ئەوا هاوشێوەی نەخۆشیەکی کوشندە وایە بۆمرۆڤایەتی، کەواتە ئەی ژیر ژیربەو ناژیرەکان ژیربکە.

لاوێن: منیش هاورام لەگەڵ قسەکەی جەنابت بەڵام بۆچی پێت وایە دینەکان بونەتە کێشە بۆمرۆڤەکان؟

جاهویی: لاوێنی ئازیز، لەکۆندا مرۆڤ بەهۆی ئەوەی هێشتا خۆی باش نەناسی بوو بۆیە ئەو بۆهەرکارێك پشتی بەخودا دەبەست و بۆشکست و سەرکەوتنیش بەهەمان شێوە بۆبونی ئەوی دەگێرایەوە، وەك باسم کرد ئەگەر لەکۆندا کەسانێك هەبووبن بانگەشەی (پێغەمبەرایەتیان) لێ دەدا ئەوا بۆئێستای مرۆڤایەتی پێویست بەم ئاینانە ناکات مرۆڤەکان لەسەر شێوازی کۆنی رابردوویان پەروەردەبکرێن و ببن بەکۆیلەی خودا چونکە مرۆڤ کەخۆی خودابوو ئیتر هیچ پێویستی بەئاین نامێنێت خۆی تێدا وون بکات. چونکە ئاینەکان هەریەکەیان لەزەمەنێکەوە پەیدابوونەو گوایە هەمووشیان بۆمرۆڤایەتی هاتوون کەچی لەدونیای ئێستاماندا ئەم ئاینانە وەك ئەوە وایە هەریەکەیان خودایەکی هەبێت جیاوازبێت لەگەل خوداکەی ئەوی تریان و هیچیان ئەوی تریان قبولنیە و هەمووشیان مشتومریانە لەسەر بڵاو بونەوەی ئاینەکەی خۆی و فرۆشتنی خودا بەمرۆڤەکان.

جگەلەمەش ئاین ئەگەر لەکۆندا بۆمرۆڤەکان بوبێت و بەم ناوەوە بیانویستبایە مرۆڤ تێیدا توشی کێشەو هەڵە نەبێت ئەوا ئەمرۆ پێویستت بەم ئاینە نیە چونکە خودی ئاینەکە بەهۆی ئەوەی مرۆڤەکان نەیانتوانیوە گۆرانکاری بەسەرخۆیاندا دروست بکەن بۆیە هەمیشە ئاینە کۆنەکانیان لێ بوەتە سەرچاوەی هەمووشتێك و لەناو ئەم ئاینانەشدا مرۆڤ هێندە وون بووە بێ خەیاڵ بووە لەوەی روح لەخۆی سەندۆتەوە دەقاو دەق خۆی

کردوەتە (سۆفی) گەریەکی لەرادەبەدەرو ئیتر رۆژبەرۆژ سۆفی گەرایی خۆشیان بەوانی تریان فرۆشتۆتەوەو تاوای لێهاتووە کۆمەڵگا زیاترو بەجۆشتر لەبوونی خۆیان وون بکەن .

ئیتر ئەم سۆفی بونەی چونکە ژینگەکەی بەدەربووە لە (پەروەردەی عەقل گەرایی) بۆیە کاردانەوەشی بۆ ئەوانی تردا هەبوەو خۆی سەپاندوە، هۆکارەکانیش هەرئەوەن کەناتوانن (مرۆڤ گەرایی) بۆخۆیان دروست بکەن، ئەمە جگەلەوەی چەندان گروپ و لایەن سەریان هەڵداوە لەناو خودی یەك ئاینیشدا ئەمانە بەهۆی دابرانیان لەمرۆڤایەتی و رۆچونیان لە سۆفی گەرایی خۆیان هێندەی تر بونەتە بارگرانی بەسەر مرۆڤەکانەوەو بونەتە خولْقاندنی دژایەتی و جیاوازی و دژایەتی کرد ن.

لاوێن: لەگەڵ قسەکەت هاورام و تێبینی ئەوەم کردووە.

جاهویی: کەواتە ئێمەی مرۆڤ گەر بەژیرانە سەیری ئەم زەویە پیرۆزەی مرۆڤایەتی نەکەین ئەوا گەربەم شێوەیە بروات بەرێوە لەدوارۆژداو بۆئێستاشمان دەبێتە کێشەیەکی مەزن و رۆژ بەرۆژیش ئەم کێشانە گەورەتربوونە بێ ئەوەی مرۆڤەکانی ناوی هەست بەم کێشەگەورەیە بکەن، کەبونەتە مایەی پوکانەوەی مرۆڤایەتی لەسەرزەوی و کۆمەلگاکان لەناویاندا وون بوونە.

لاوێن: زۆر راستە

جاهویی: بونی پێغەمبەرانیش هەمان شتەو دەمەویت لەسەربوونی ئەمانیش قسەی خۆم هەبێت.

وەك وتم چۆن لەكۆندا مرۆڤ بەهۆی ترس و وەهمەوە خودای دروستكرد ئیتر هەركەسێك كەئیلهامێكی زیرەكانەی بۆهاتبایە ئەوا بەهۆی ئەوترسەوە لەخودا بەشێكیان بانگەشەی پێغەمبەرایەتیان لێدەداو مرۆڤەكانی ئەوساش چونكە زۆر عەقڵ بەرز نەبوونە بۆیە هەندی شت وایلیدەكردن بەدوای ئەم بانگەشەیەی ئەواندا بكەون .

گەرمرۆڤ ژیربێت و لەقولایی تەنیایەوە شیكردنەوەی هزری بۆئەمان بكات و راستیەكەی ببێتە فەیلەسوف ئەوا هەرزوو قسەكانی ئەمانی بۆدەردەكەویت كەهیچ پێغەمبەرنەبونەو تەنیا ئەلهامێكی بەرزە رووی تیكردوون و بەخۆیان ووتوە پێغەمبەری خودا كەهەرخۆشیان بونە زۆرینەی شتیان بۆخۆیان بەرەوابینیوە تاكوو لەكۆنیشدا بەشێك لەفەیلەسوفان سەبارەت بەخۆیان هەمان شتیان بۆخۆیان بەرەوا بینیوە.

بانمونەیەك بێنمەوە پێغەمبەرەكان زۆرجار هەرچی ژنی ترهەیە بۆخۆیان بەراوا بینیوە ببن بەژنیان، ئەمە لەهزری فەیلەسوفیشدا بوونی هەیەو چونكە ئەوان لەعەقڵدا لەپێشەنگی مرۆڤەكانی ترەوەن بۆیە ژن بەرەوادەبینن بۆخۆیان بەڵام هەیانە ئەمەدەرنابرێت و هەشیان بووە دەری بریوە وەك (ئەفلاتوون) كاتێك وتی ئەبێت فەیلەسوفان وڵات بەریوەبەرن و لەسەرەوەشدا ئاساییە ماچ و مچ لەگەڵ هاوشانی خۆیان بكەن، ئیتر ئەمە پێغەمبەریش لێی بەردەرنەبونەو لەتەمەنێكی گەورەتریشەوە

وێرای ئەوەی کچانی بچوکیان بۆخۆیان خواستوە هاوکات هێندە حەزی ژن بەناویانا رۆچۆتە خوارەوە تاچەندان ژنیش لەخۆیان بەرەوابببینن.

هەروەها چونکە لەکۆندا ژن هاوشانی پیاو سەیرنەکراوە بۆیە هەمیشە هێشتویەتیانەوە ژێربالی پیاوو پێغەمبەرانیش هەرلەسەر رەوتی کۆن پێناسەیان بۆژن داناوە کەبەمجۆرەبێت. چونکە لەکۆندا ژن بەهۆی ئەوەی لەهێزدا لاوازبووە بۆیە زۆرجار لەلایەن پیاوانەوە دەرفێندراو داگیریان دەکردو بەزۆرلای خۆیان هێشتۆتەوە ئیتر بەمجۆرە ژیانیان گوزەراندووە.کەدواتر بەدرێژی باسی ئەم مەخلوقەدەکەم.

ئەمە وەنەبێت بەتەنیا لای پێغەمبەران ژن بەم جۆرە بووە بەڵکوو فەیلەسوفیش لەکۆندا هەمان رای وابووە کەدەبێت ژن بەمجۆرە لەژێردەستی پیاودابێت.

بۆنمونە (ئەرستۆ) ی فەیلەسوف کەهەستا بەدارشتنی سیستەمێك بۆمرۆڤەکان لەدوای بڵاوبونەوەی پەرتوکی (کۆمار) کەلەلایەن (ئەفلاتوون) ەوە نوسرا، ئیتر ئەرستۆش چونکە لەکۆندابوە ئەو پێی وایە دەبێت ژن لەبەردەستی پیاودا بمێنێتەوەو ئەویش هەمان رای هەبووە. ئەرستۆ بەتەنیا ئەم هەڵەیەی نیە کەدوایی دێم باسی لێوەدەکەم.

جگەلەمەش ئەگەر بەوردی هەڵسەنگاندن بۆجیاوازی فەیلەسوف و پێغەمبەربکرێت بەتەنیا ئەمە بەس نیە، پێغەمبەران دەیان ووت نابێت شاعیران بمێنن و ئەوان پێیان وایە شاعیر درۆزنە، ئەمە بەتەنیا قسەی پێغەمبەران نیە بەڵکوو

(ئەفلاتوونیش) هەمان رای هەیەو دەڵێت پێویست ناکات شاعیران بنوسن ، هەروەها (نیتچە)ی فەیلەسوفیش هەمان رای هەیەو دەلێت شاعیران درۆزنن. بەڵام ئەوە منیش هەمان رام هەیە کەپێویست بەنوسنی شعرناکات.

لاوێن: دەمەوێت بۆمی روون کەیتەوە بۆچی پێویست ناکات؟

جاهویی: ئەوەی شعردەنوسێت ئازارێکی رووحی وایلێدەکات بەشعردەری ببرێت وەك (ئازارەکانی ئیشق و خاك و زۆرجاریش چەوسانەوەی مرۆڤەکان) کەواتە بۆئەوەی شعر نەمێنێت ئەوا ئەمانەی باسم کردن نابێت بونیان بمێنێت، بەڵام هەتاکوو ئەمانە بوونیان هەبوو ئەوا شعریش بەردەوامدەبێت لەنوسین.

کەواتە شتەکان بەمجۆرەن لاوێنی ئازیز

ئیتر نمونە زۆرە لەسەر لەیەکچوونی (فەیلەسووف و پێغەمبەران) بکرێت کەهەردووکیان هەمان عەقڵی بالاییان هەیە بێ ئەوەی هیچ وەحیەك لەلایەن خوداوە روویان تێ بکات. کەچی هەردووکیشیان تەنیا لەسەر سیستەمی مرۆڤ قسەیان کردووەو هیچی تر بەڵام ئەوان وەك ووتم پێغەمبەران رووحیان بۆخودا لەمرۆڤ سەندۆتەوەو بەهەمان شێوەش فەیلەسوف هەبووە بروای بەخودا هەبووە وەك (ئەفلاتوون و سوقرات). تەنانەت ئەفلاتوون هێندە بروای بەخودا هەبووە ئەو پێی وایە ئەوەی بروای بەخودا نەبێت دەبێت بکوژرێت، ئێ ئەمە قسەی خودی پێغەمبەرانیشە کەبەمجۆرەن و کەچی ئەفلاتوون نەشی گووت من نێردراوی خودام، بەڵام پێغەمبەران ووتیان ئێمە

نێردراوی خوداین و خەڵك بڕوای بەقسەكانی ئەوان كرد. جگەلەوەش لەدونیای مرۆڤایەتی ئێستادا بەملیۆنان مرۆڤ بڕوای بەبوونی خودانیە خۆئەگەر بەقسەی ئەفلاتوون بێت ئەوا دەبێت هەموو ئەمانە بكوژرێن. كەواتە ئەگەر ئەفلاتوون بۆسەردەمی ئێستا بمایە ئەوا هەرخێرا لەم قسەیەی خۆی پەشیمان دەبوویەوە چونكە مرۆڤ هەیە بڕوای بەخوداش نیەو كەچی مرۆڤێكی زۆرباشیشەو ئەوەی ئەو دەیكات بۆمرۆڤایەتی ئەوا بڕوام واینە كەسی دینی بەمجۆرەی ئەو بێت .

هەروەها پێغەمبەرانیش بەهەمان شێوە گەربونیان بمایە هەرزوو لەكۆمەلیك قسەی خۆیان پاشگەزدەبونەوەو بیرۆكەی نوێیان دادەرشت بەڵام لەكۆندا چونكە هەبوونی خودا بوەتە جێگای بڕوای مرۆڤ و والەمرۆڤ كراوە كەلەترسی هەبوونی خودا هەلەنەكات، ئیتر بەمجۆرەش لای بەشێك لەفەیلەسوفان و خودی پێغەمبەرانەوە هەمووشتێك بەهەبوونی خوداوە بەستراوەتەوە. بەڵام دەكرێت مرۆڤ بڕواشی بەخودانەبێت و خودایەتی بوونی خۆی لەسەرزەوی بسەلمێنێت كەدواتر روونیان دەكەمەوە.

لەراستیشدا پێغەمبەرو فەیلەسوف هەرمەبەستیان رێكخستنی كۆمەڵگایەو بەس هەردووكیان تەنیالەسەر بوونی مرۆڤەوە قسەیان كردووە.

جگەلەوەش زۆرجار پێغەمبەران بۆئەوەی باشتر قسەیەك بدۆزنەوە لەگەل بارودۆخی خۆیان بێتەوە ئەوا ناوە ناوە خۆیان گۆشەگیردەكردو لەدوایشدا دەهاتنەوە ناو كۆمەلگاو بڕیاری

خۆیان دەدا کەلەوێدا بیریان دەکردەوەو ئەوکات بریاریای خۆیان دەدا لەدوایشدا پێیان وابو ئەمە وەحی خودایەو لەوێدا قسەی خودایان بۆدێت. کەچی ئەمە لەفەیلەسوفیشدا بوونی هەبوو تانەکەوتایە تەنیایی ئەو ناتوانێت بیرلەبوونی خۆیی و جیهان و بونەوەرەکان بکاتەوە، وێرای ئەمەش وەك چۆن زۆرجار پێغەمبەران لەناو خەڵکدابونەو قسەی خۆیان کردووە ئەوە فەیلەسوفیش زۆرجار هەربەمجۆرەبوونە کاتێك قسەیەکی بەهێزیان کردووە بەلای خەلکی ئەوکاتەوە بوەتە جێگای تێرامان یەکێك لەوانە (سوقرات) هەرهێندەی مابوو بانگەشەی پێغەمبەرایەتی لێ بدات، کەبەلای خەلکی ئەوساوە بوونی ئەوپیاوە شتێکی نامۆبووە تالەکۆتایدا بریاری ژەهرخواردنی بەسەردابراو کوشتیان، ئیتر ئەم جۆرە لێك چونە بەتەنیا بۆفەیلەسوفان نەبووە لەسەردەمی خۆشیاندا لەلایەن خەلکەوە هەولی کوشتنی پێغەمبەارنیش دراوە کەچی ئەوان هەرسوربوونە لەسەر رای خۆیان و (سوقراتیش) لەسەر پاشگەزنەبوونەوەی بریارەکانی خۆی ئامادەبووە خۆی ژەهرخواردبکات.

ئیتر کەسێك خۆی نەبێتە فەیلەسوف ئەوناتوانێت شیکردنەوەی هزری بۆئەوان بکات و لە قولایی ئازارەکانی ئەمان تێناگات. کەواتە بۆئەوەی باشتر لەهەمووئەمانە مرۆڤ تێ بگات ئەوا دەبێت ببێت بەفەیلەسوفێکی راستەقینە. بەپێی بارودۆخی زەمەنی خۆی قسەلەسەرهەمووشتێك بکات و قسەی راستی پێ بێت،

چونكه‌ ئه‌وانه‌ به‌مجۆره‌ن ئه‌وا بۆشیان نیه‌ له‌به‌رده‌ستی هیچ كه‌سێك رابكه‌ن یاله‌رای خۆیان پاشگه‌زببنه‌وه‌.

شتێكی تركه‌گرنگه‌ ئاماژه‌ی پێ بده‌م ئه‌وه‌یه‌ له‌ هه‌ردوو جۆری پێغه‌مبه‌رو فه‌یله‌سوفدا زۆرجار گوته‌و قسه‌كانیان له‌گه‌ڵ ده‌ربریندا شێوازی شعری بووه‌ ئه‌مه‌ له‌(نیتچه‌) ی فه‌یله‌سوفیشدا هه‌بووه‌ وه‌ك په‌رتوكه‌كه‌ی (زه‌رده‌شت وای گووت) چونكه‌ مرۆڤ كه‌گه‌یشته‌ هزری عه‌قڵ ده‌كرێت گوته‌كانی زۆرجار ببن به‌شعر. جگه‌له‌وه‌ش كاتێك پێغه‌مبه‌ران ووتیان بۆهه‌رهه‌له‌یه‌كی ژنان ده‌بێت داركاری بكرێن و سزای خۆیان وه‌ربگرن، به‌ڵام ئه‌وه‌ (نیتچه‌)ش به‌هه‌مان شت ئه‌م قسه‌یه‌ی كردووه‌ كه‌ڵێت كه‌چویته‌ لای ژن دارێك به‌ده‌سته‌وه‌ بگره‌

ده‌كرێت فه‌یله‌سوفیش بكه‌وێته‌ هه‌له‌وه‌ وه‌ك هه‌له‌كانی رابردوویان به‌ڵام ئه‌وه‌ ته‌نیاله‌به‌رئه‌وه‌ بووه‌ ئه‌وان باشتر شاره‌زای بوونه‌كان نه‌بوونه‌ یا زانیاریان نه‌كه‌وتۆته‌ به‌رده‌ست بتوانن ته‌واوی ئامانجه‌كانیان بپێكن بۆهه‌مووشتێكی مرۆڤ. كه‌دواتر به‌درێژی باسی ئه‌مه‌ش ده‌كه‌م كه‌چ پێویسته‌ بۆ كه‌سێك كه‌ده‌بێته‌ فه‌یله‌سوف له‌سه‌رده‌می ئێستاماندا.

كه‌واته‌ لێره‌دا بۆمان ده‌ركه‌وت له‌نیمچه‌دوورگه‌ی عه‌ره‌ب هه‌ركه‌سێك ئیلهامی به‌رزی بۆهاتبایه‌ ئه‌وا پێیان وابووه‌ له‌لان خوداوه‌ وه‌حی بۆهاتووه‌ هه‌موو‌ئه‌مانه‌ش بۆدروستكردنی چیرۆكی ئاده‌م و حه‌واو سێوه‌كه‌ی به‌نی ئاده‌م ده‌گێرمه‌وه‌ كه‌له‌چیرۆكێكی خه‌یاڵی هیچ شتێكی ترنیه‌.

بابێمەوە سەر ژن.
((ژن یاخوود ژن و سێکس))

ژن وەك هەرمەخڵوقێکی تر کەهاوشانی پیاوە واتا لەرووی عەقڵ و ژیریەوە هیچ کەموو کوریەکی لەگەڵ پیاودانیە، تەنیا لاوازی هێزی جەستەیی نەبیت، بەڵام ئەوەی وای لە ژن کردووە بەرامبەرپیاودا جیابکریتەوەو کۆیلەیەکی دەستەمۆ سەیربکرێت لەژێردەستەڵاتی پیاودا بێت ئەوا تەنیا ئەو لاوازیەیەتی کەلەرووی جەستەیدا هەیەتی.

ئەم لاوازیەش بەهۆی وونبوونی خودی دەرونی ژنەوە لەچواردەوریدا بۆی خولقاوە، واتا بۆی دروست کراوە، ئەم دروستکراویەش (روحی ژنی) وون کردووە، ئەم ونیەش بوەتە دروستکردنی خودی ئەم مەخڵوقە، واتا (روحی ژن) لەنێوان کەمی و زیادیدا تێکەڵەیەکی دروستکراوی لێ رواندراوە، لەو تێکەلاویەشدا لایەنی (سۆزو لایەنی خەفەکردن) لەگەل غەریزەیدا .

واتا بەدیوێك بوەتە مەخڵوقێکی(سۆزاوی) وبەدیوێکی تریشدا بوەتە خەفەکردنی (رووحی)

ئەم دوو جۆرە لایەنەی لەسەرزەویدا بوونی ژنی بەم جۆرە بڵاو کردۆتەوە، بەم بڵاوبونەوەیەشی خودی ئەم مەخلوقە لێی بوەتە قوربانی و بوونی سروشتی خۆیانی لێ وون کردووە.

بۆیە هەمیشە ژن بەدیوێکی (سۆزاویەوە) وون بووەو بوونی خۆی لەدەست داوە، هەروەها بەدیوی (خەفەکردنیشی) هەم دیسان وون کراوە، ئەوەی ئەمەشی دروست کردووە نەبوونی (پەروەردەیەکی عەقڵانیە) لەناو کۆمەڵگاکانداو کارپێنەکردنی دەرون شیکاریە تێیدا، کەنەیانتوانیوە ئەم بوونە بۆبنەرەتی سورشتی خۆی بگێرنەوە کەهەتاکوو دێت بەوونی دێتە دونیای بوونەوە، کەزۆرجار ژن هەست بەم ونیەی خۆی دەکات و دەنگ هەڵدەبرێت ئەوا چونکە چواردەوری خۆی بەم جۆرەی خودی دەرونی رەسەنی خۆی نیە، بۆیە هەلە تێگەیشتن لەوکەسایەتیە دەکرێت و بەنامۆسەیردەکرێت، هەم دیسان کۆمەڵگا بۆلای غەریزەی سۆزداریدا دەیگێرنەوە، بۆیە هەمیشە نەتواندراوە پشکنینی دەرون شیکاری بۆئەم بونە بکرێت و لەکۆمەڵگاکانی سەرزەوی بچەسپێندرێت. ئەمە لەلای کۆمەلگادواکەوتووەکان بەمجۆرەیە

هەروەها ئەوەی خودی ژنی بەرەو سۆزداری بردووە ئەوا خوودی پیاوانی دەوروپشتی ئەون، کەلەژیر (پەروەردەیەکی عەقڵگەراییدا) پەروەردە نەکراون، بۆیە کاتێك خودی ژن بەشێك لەجەستەی رووت دەردەکەوێت لایەنی جەستەیی غەریزەیی پیاو دەوروژێنێت.

دەشکرێت ئەم وروژاندنە بوونی هەبێت، بەڵام بۆچی وابێت خودی پیاو بوونی خۆی لەم غەریزەیەدا وون بکات؟

یاخودی پیاو بەمجۆرەبێت لەئاست ژندا وون بێت و خۆی وەك مەخڵوقێکی بالادەست سەیربکات؟

لێرەدا دەگەرێتەوە بۆنەبوونی پەروەردەی عەقل گەرایی لەپیاودا، ئەم ناپەروەردەیەش هەم خودی پیاوی بردۆتەوە بۆ لایەنی غەریزەیی سۆزداری و ئەم سۆزداریەش بوەتە هۆی وون بوونی خۆی و هەم وون بونی خودی ژنیش.

لەم نێوەندەشدا لەکۆمەلگاکانی چەق بەستودا وای لەژن کردووە بکرێتە کۆیلەو بەداپۆشینی جەستەی و خەفەکردنی و تێکەڵنەبوونی.

واتا لێرەدا والەم مەخلۆقە کرا رووحی بکوژریت و خەفەبکرێت و لەبوونی خۆی وون بکرێت. ئەم خەفەکردنەشی ئاینەکان بەسەریاندا خولقاندویانە واتا بۆئەوەی ژن هەستی وروژێنەر نەبیت ئەوا رووحیان کوشتوە بەمجۆرە ویستویانە دادپەروەری بچەسپێنن و وەك ئەوەی وابیت فێل لەگەل عەقلی ژن کراوە، بەڵام ژن دەبیت ئەم پسیارەلەخۆی بکات بۆچی جەستەی خۆی داپۆشیت لەپیناو ئەوەیدا هەستی نەوروژێت؟ هەست وروژان بونی هەیە بەڵام نابیت بەدەربیت لەعەقڵ چونکە سێکس پێویستی ژیانی مرۆڤە کەچی هێندەش گرنگ نیە کەچی گەورەکراوە، ئەم گەورەبونەی بوەتە هاوشێوەی نەوسنی خۆراك بۆمرۆڤێکی نەوسن.

بەدیوێکی تردا ئەم خەفەکردنەی وای لەپیاوکرد نەوسنی جەستەی ژن بێت و ببیتە ئامرازێکی دروستکراوی خۆی کەتەنیا وەك (غەریزەی جەستەیی) سەیربکریت و هیچی تر.

بۆچی ژن جەستەی دابۆشێت یا سەرکۆت نەبێت؟

لیرەدا خودی (دین) بۆدوومەبەست ژنی کردۆتە کۆیلە

یەکەم / لە دیندا والەژن کراوە گوایە ئەوەی سەری کۆت بێت یابەشێك لەجەستەی دیاربێت ئەوا خودا پێی ناخۆشە، ئەمە وای لەکۆمەڵگاو لەمرۆڤ کردووە هەتاکوو ئێستاش بەم گوتەیەوە خۆی بهێڵێتەوەو ئیتر ژنانیش هەرلەسەر ئەم باسە برۆن، من پێم وانیە خودا پێی ناخۆش بێت ژن بەم جۆرە بێت ئیتر خودا گەربوونی هەبیت ئەوا هەردەڵێت ئەی مرۆڤ بۆخۆت مرۆڤ بە ئیتر مرۆڤ بونیش مانای گەورەی هەیەو خاوەنی ژیریە ئیتر بائەم ژیریە ببێتە دروستکردنی سیستەمی پەروەردەی عەقڵانی کەهەرکاتێك ژنیشمان بەم جۆرە بینی ئیتر بەلامانەوە ئاسایی بێت.

دووەمیان / هۆکارێکی تری خەفەکردنی ژن ئەوەیە لەماڵەوەبێت و هاوشانی پیاو نەتوانێت کاربکات یا ببێتە رێزی پیاوەو وەك مەخلوقێکی گۆشەگیر یاکەم خەفەبکرێت و تێکەڵ نەکرێت، ئیتر ئەم خەفەکردنەی بۆتە هۆی ئەوەی ژن لای پیاو وەك غەریزەی سێکس سەیربکریت یابەکەم لەوەش زیاتر هیچ شتیکی ترنەبێت، پسیارەکە ئەوەیە ئایا بۆچی رەوابێت ژن لەبەرپیاو تێکەڵ نەکرێت و بخرێتە کونی ژورەوە یا کارنەکات و تێکەل نەکرێت؟

کێشەکە لێرەدا سەری هەڵداوە چونکە تاکوو ژن بەدوور بگیرێت و تێکەلی پیاو نەبێت ئەوا ئەم دوو مەخلوقە کەهاوشانی یەکترن ئەوا هەربەچاوێکی غەریزەیی سەیردەکرێن، جگەلەمەش ئەمە بوەتە هۆی ئەوەی پیاوو ژن چونکە لەیەکترجیاکراونەتەوە ئیتر نەشتوانن لەیەکترتێبگەن و ئازادانە

ژیانی خۆیان هەلبژێرن، چونکە ئازادنەکراون بۆیە هەمیشە بەدوو چاوی جیاوازەوە لەیەکتردەروانن.

لەکۆنەوە چونکە پەروەردەی (عەقڵ گەرایی) بوونی نەبووە کەبتوانێت بەلای پیاودا ژن ئاساییە گەرهاوشانی ئەو بژێت لەهەمووشتیکا و هەروەها بۆپیاوەکەش هەمان شێوە پەروەردە نەکراوە پەلاماری ژن نەدات یا بەلایەوە ئاسایی بێت ژنیش بەم جۆرە بێت هاوشانی خۆی بێت، ئیتر هەربۆیە ژن بەکەم سەیرکراوەو پێیان وابووە ئەبێت (خەفە) بکرێت و تێکەل بەیەکترنەبن یا خۆی داپۆشیت و روحی لێ سەندراوەتەوە، بۆیە ئەم خەفەکردنەی ژن بەم جۆرە زۆرجار بۆلایەنی خودایان گێراوەتەوە گوایە خودا فەرمویەتی ئەبێت ژن بەم جۆرە بێت، بەڵام ئەمە ناراستەو هەموو هۆکارەکان ئەوەبوون کەسیستەمی پەروەردەی عەقلانی لەوسەردەمەدا بوونی نەبووە.

بۆیە دەکرێت (پەروەردەیەکی عەقڵانی) بوونی هەبێت کەژن نیمچە رووتیش بێت، بەڵام نەبێتە هۆی لایەنی (سۆزاوی غەریزەیی) کەخۆیی و پیاو تێیدا وون بکات.هەروەها پیاویش بەهەمان شێوە کەژنی بینی بوونی خۆی وون نەکات و وەك لایەنی غەریزەیی سەیری ژن بکات، واتا گەرانەوەی هەردوو بونەوەرەکە بۆراستی بوونی روحی خۆی.

واتا دەکرێت پیاو وەك لایەنی سۆزی غەریزەیش سەیری ژن بکات، بەڵام باررووحی مرۆڤایەتی لەناو پیاودا بوونی هەبێت کەژن ئامێرێك نیە تەنیا بۆغەریزە بێت و بەس بەڵکو ئەویش مرۆڤەو هەرکارێکی نارەوا لەبەرامبەریدا ئەوا بزانە مرۆڤایەتی

لەدەست دەچێت، واتا بۆهەرسەیرکردنێك لەبەرامبەریدا لایەنی روحی مرۆڤایەتی لەناو ناخدا بچەسپێندرێت، گەرئەم رووحە بوونی نەبێت ئەوا بۆهەرکارێك لەبەرامبەریدا بکرێت ئەوا دەبێتە کێشە، کێشەکەش هۆکارێکە بۆنەبوونی ژیری، بۆیە گرنگە بۆهەردوو لا لایەنی روحی مرۆڤ گەرایی بوونی هەبێت.

کێشەی دین لەگەڵ ژن بوەتە کێشەیەکی مەزن بۆخودی خۆی دروستی کردووە واتا هەرچیەکی رێگری لەژن گرتووە ئەوا بەبیانوی هەبوونی خوداوە لەگەڵی کردووە یەکەمیان نایەڵێت لەژیانا ئازادبێت کەهەڵەشی کرد ئەوا سزای بۆبریوەتەوە، دەکرێت لێرەدا ئەم سزایەی لەجیاتی خودا دەیکات واتا دەکەوێتەوە پێش بریارەکانی خوداکەی خۆی کەلەسەرزەوی ئازاری دەدات و لەچاوەرێی ئەوەنامێنێتەوە گەرخودابوونی هەبێت سزاکەی لەدونیای ئەودیو وەربگرێت، هەموو سیستەمەکەشی بۆ ژن ئەوەیە تەنیا شەریەتی لەگەڵ لارو لەنجەی ژن. لەکاتێکا سێکس هێندە گرنگ نیە وەك لای هەندی پیاو بوەتە مۆتەکە و هەمیشە یانەوسنی سێکسە یا لەپێناو سێکسدا مافی ژنیشی خواردوە یاوونی کردووە.

دەکرێت ژن بەباشترین شێوە خۆی برازنێتەوە یابەئارەزووی خۆی جل بپۆشێت و هەڵەش نەکات لەرووی ویستی حەزی خۆیەوە بەڵام ئەگەر کردی ئەوا ناکرێت لەجیاتی هیچ خودایەکیش ئازاربدرێت چونکە ئەگەر خودابوونی هەبێت و بەم جۆرە گەورەییە پێناسەی بۆکرابێت ئەوا پێم وانیە رێگەبدات لەسەر خودا مرۆڤەکان ئازاری یەکتربدەن، چونکە هەرکاتێك

مرۆڤ لەسەرخودا ئازاردرا ئەوا بوونی خودا پوچەڵدەبێتەوە، کەواتە مرۆڤەکان دەبێت ئازادبکرێن بۆویستی ژیانی خۆیان ئەو جەهەنەمەشی کەدینەکان دروستیان کردووە ئەوا وەك چۆن لەکۆنەوە خودایان بەم جۆرە دروستکرد ئەوا جەهەنەمەکەش هەمان شتەو تەنیابۆئەوەیە مرۆڤ تییدا هەڵەنەکات بەڵام لەپال ئەم دروستکردنەدا رووح لەژن کراوەتەوەو بوەتە کۆیلەی ژێردەستی پیاو.

وەك باسیشم کرد هەرلەکۆنەوە ئەم مەخلوقە بەهۆی لاوازی جەستەیەوە پیاو توانیویەتی خۆی بەسەردا بسەپێنێت و بیخاتە ژێردەستی خۆیەوە، پێیان وابووە ژن هۆکارێکە بۆ لادانی هەستی سێکسی بەڵام بێ خەیال بوونە لەوەی دەکرێت ژن بەویستی خۆی ئازادیش بێت و دەشکرێت هیچ کەسێك بەرامبەری هەڵە نەکات و خۆشی بەدووربێت لەهیچ هەڵەیەك، بەڵام چونکە بەم جۆرە نەبووە بۆیە هەربەژێردەستەیی پیاودا ماوەتەوە .

لاوێن: زۆر راستە. بەڵام بۆچی ئەم داپۆشینی جەستەیەو خەفەکردنەی هۆکارێك بووە بۆ بەکەم زانینی ژن؟

جاهویی: وەك باسم کرد بەشێك لەدینەکان چونکە نەیانتوانیوە لەوسەردەمەدا یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا دروست بکەن و مرۆڤ وەها پەروەردە بکەن کەهاوشانی یەکتربن و گەرپیاو لەهێزدا باڵادەستیش بێت ئەوا نەتوانێت پەلاماری ژن بدات یا تەنیا وەك ئامرازی سێکس سەیری بکات، بۆیە ئەوان بۆچارەسەری ئەم کێشەیە رووحیان لەژن سەندۆتەوەو پییان

وابووە دەبێت ژن خەفەبکرێت و جەستەی خۆی داپۆشێت بۆئەوەی کێشە روونەدات، ئیتر لەوکاتەوە بەم جۆرە ژن لەئایندا چەوسێندراوەتەوەو هەمیشە وتویانە دەبێت ژن بکەوێتە ژێردەستەڵاتی پیاوەوە.

لاوێن: زۆر راستە.

جاهویی: هەروەها ئەم هۆکارانەش زۆرینەیان بونەتە هەرەشە بۆسەرژن و بەرەو هەڵدێرێکی بردووە تاهەنوکەش بەردەوامە کەزۆرکراوەتە مەخلۆقێکی سێکساوی و تێیدا هێندەی تر وون کراوە وەك لەشفرۆشتن لەپێناو پارەدا. جگەلەمەش چونکە ژن وەك کەمترلەپیاو هەژمارکراوە لەروی لاوازی جەستەیەوە بۆیە لەکۆنەوە کەوتۆتە ژێردەستی پیاو بۆئەوەی هیچ پیاوێك پەلاماری نەدات بەمەبەستی خالی بونەوەی سێکسی، هۆکاری ئەم پەلاماردانەش بۆئەوە دەگێرمەوە چونکە ژن بەکەم سەیرکراوەو هەروەها سێکس کردنی ژنیش لای خاوەن ژن وەك عەیبە سەیرکراوە لەکاتێکا ئەوەندەی لەسەر ژن کەس و کار دێتە جواب لەکورنایەتە جواب یا نابێتە شتێکی عەیبە.

هۆکارەکانی ئەمانەش جگەلەباڵادەستی پیاو بەسەر ژندا هیچی ترنیە، هەربۆیە ئاینەکانیش بەشێکیان کەپەیدابوون لەسەرهەمان ریتمی کۆن پەرەیان پێداو بەمجۆرە ویستیان کێشەی سێکسی چارەسەربکەن کە رووح لەژن بکەنەوەو بیخەنە ژێردەستی پیاو بۆهەمووکارێك، بەدەربوونە لەپەروەردەیەکی عەقلی کەهەردووکیان وەها پەروەردە بکەن گەرهات و نیمچە روتیش بن ئەوا بەلایانەوە ئاسایی بێت، یا نیمچە رووتی بوەتە

گوناح بەڵام ئەم گوناحەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە بۆئەوەی بەترسان لەخوا روحیان لەژن کردۆتەوە بەم جۆرە بوەتە گوشارێکی دەرونی لای ژن.

بەڵام پێم وایە گوناح لەوەدایە ژن بەم جۆرە بخرێتە ژێردەستی پیاوو لەش و لاریان لەجل و بەرگی تایبەتیەوە لێ مەحکوم بکەن.

بۆیە دەکرێت مرۆڤەکان کەیەکسان بوون ئیتر ئەم مرۆڤە ئازادیش بکرێت لەجل پۆشینا چونکە لەسەرەتاوە مرۆڤ هەرمرۆڤەو هیچ جیاوازیان نیە.

بەکورتی نیمچە رووتی نابێتە عەیبەو تاوان ئەمانە لای مرۆڤی گەمژە بەمجۆرە لێك دەدرێتەوە، هەروەها تاوانیش نیە نیمچە رووتی چونکە تاوانی گەورەئەوەیە تۆرێگربیت بەرامبەر بەئازادی مرۆڤ و هەروەها مرۆڤێکت پێ پەروەردە نەکرێت بەچاوێکی غەریزاوی سەیری نیمچە رووتی بکات، ئەو کۆمەڵگایانەی کە نەوسنی سێکسن ئەوا هەمیشە ئەوکۆمەلگایانە بوونە کەتێیدا ژن خەفەکراوە، دەکرێت مرۆڤەکان لەئازادیدا عەقل بەدەست بهێنن، هەروەها کردنی سێکسیش تاوان نیە ئەوەی کردویەتی بەتاوان ئەوا هاتنی عەقڵی کۆنی رابردووە کەپێیان وابووە ژن بەمجۆرە دیل و قەتیس بکرێت.

مرۆڤەکان ئەگەر لەسەرەتاوە بەعەقی ئازاد پەروەردەبکرێن هەرگیز نابن بەنەوسنی سێکس، کردنی سێکس و نەوسن بوونی مرۆڤ بەم حەزەوە هۆکارەکەی ون بوونی خودی مرۆڤەکەیەو ئەنجامدانی سێکس بەبێ خۆشەویتی وەك ئەوە وایە مرۆڤێك

برسی نەبێت و کەچی داوای نانیش بکات، ئەم داواکردنەی هاوشیوەی منالێکی نەوسنە و هیچی تر، واتا ناکرێت مرۆڤ بوونی خۆی هێندە لەسێکسدا کەم بکاتەوە چ رێگربێت یا ئەنجامدەری بێت.

دەبینم زۆرترین تاوانی ئەنجامدانی سێکس لەمکۆمەڵگانەیە کەمرۆڤەکان تێیدا خەفەدەکرێن ئەو خیانەتەی مرۆڤەکان لەناو هەناوی کۆمەڵگا دواکەوتوەکانا بەرامبەریەکتری دەکەن پێم وانیە لەوڵاتە پێشکەوتوەکان هێندە خیانەت بوونی هەبێت، هۆکارەکەشی بۆئەوە دەگێرمەوە مرۆڤ بەئازادی لەژێر پەروەردەیەکی عەقڵ گەرایی پەروەردە نەکراوەو هەمیشە رووحی لێ سەندراوەتەوە ئەم خەفەبوونەی بوەتە نەوسنی سێکس کاتێکیش نەوسنی سێکس بوونی هەبوو ئەوا ناتوانم بەم کۆمەلگایە بلێم تەندروست جابۆئەوەی کۆمەڵگاکە تەندروست بێت مرۆڤێك حەزەکانی خۆی ببەستێتەوە بەخۆشەویستی ئەوا هەمیشە دەبێت نەریتە کۆنەکان تێك بشکێنێت و بروای بەپەروەردەکردنی هەبێت لەژێر عەقڵی ئازاد دا.

لاوێن: تۆچۆن شیکردنەوەی هزریت بۆسێکس هەیە؟

جاهویی: سێکس حەزێکی سروشتی مرۆڤەو ناکرێت فەرامۆشبکرێت بەڵام دەبێت بەسیستەمی عەقل رێك بخرێت، لەسەرەتای هەمووشتێکەوە سێکس دەبێت بەلای مرۆڤەکانەوە ئاسایی بێت و بەچاوێکی قێزەوون سەیرنەکرێت وەك ئەوەی لەکۆمەلگادواکەوتوەکانا بوونی هەیە.

هەروەها کاتێك مرۆڤ کەوتە سەر رەوتی عەقڵ و لەوێشوە لەژێرپەروەردەی عەقڵی ئازادا پەروەردەکرا ئیتر مەحاڵە ژن وون بێت ببێتە نەوسنی سێکس هەروەها کوریش بەهەمان شێوە، چونکە پێش ئەنجامدانی سێکس شتێکی ترلەمرۆڤدا بوونی هەیە ئەویش (خۆشەویستی) یە بەڵام تائێستا ئەم خۆشەویستیە لەمجۆرە کۆمەڵگایانەدا وون کراوەوەو نەبۆتە مافێکی رەوای کچ و کور کەزۆرجار بەتاوان سەیرکراوەو رێگەیان لێگیراوە ئەم خۆشەویستی یە پەرەپێ بدەن.

لێرەدا هەم دیسان دەگەرێمەوە سەرئەوەی ئەوە مرۆڤ خۆیەتی بەدەستی خۆی خۆی وون دەکات، ئێمە هیچمان بێ سێکس ناژین چونکە نەکردنی سێکس دەمانگەرێنێتەوە سەر بوونی ئێمە بەخودایی بون، بەخودایی بوونی مرۆڤیش نابێت لەسیکس بەدەربێت چونکە بەدەربوون لەسیکس دەمانگەیەنێتەوە ژیانێکی بێ هودەیی یاژیانێکی قەتیس کراو و بۆیە هەمیشە دەبێت مرۆڤ لەسیکسا ئازادبێت و هێندەقێزەون نەکرێت بمانباتەوە بۆ بێ هودەیی و هێندەش قەتیس نەکرێت مرۆڤ تێیدا وون بێت یا ئەم حەزە بێ بایەخ بکرێت کەمرۆڤ خۆی تێدا وون بکات و بیکات بەکێشەیەکی مەن.

چونکە سێکس کردن بێ ئەخلاقی نیە بێ ئەخلاقی گەمژەییە کەبوونی هەبوو، وەك (درۆکردن، دزی کردن، مرۆڤ کوشتن، خیانەت کردن و زۆرشتی تر) ئەمانە بێ ئەخلاقی گەورەی مرۆڤن بەکورتی هەرشتێك بەدەربێت لەعەقڵی پەتی ئەوا لای

من گەمژەییە گەمژەیی بونیش ئەوپەری بێ ئەخلاقیە لای من نەوەك كردنی سێكس.

هەروەها خەفەكردنی ژن بۆئەوسەردەمە كۆنانە دەگێرمەوە كەزۆرجار پیاو هێرشی بۆسەرژنی جوان دەبردوو لەخاوەنەكەی زەوت دەكرد و دەیفراند، هۆكاری ئەمەش تەنیا بۆبێ دەستەڵاتی ژن دەگێرمەوە كەلەهێزدا لەپیاوبێ هێزترە، جابۆئەوەی نەرفێندرێت هەمیشە ژن خەفەدەكرا دەشاردرایەوە بۆیە تائەمرۆشی لەگەل بێت ژن لەكۆمەلگا چەقبەستراوەكان و دواكەوتوەكانا هەربەمجۆرە مامەلە لەگەل ژندا دەكرێت.

هەركاتێك كچ و كور بەیەكەوە ئازادكران و تێكەل بەیەكتركران و لەناوەرۆك و ناخی یەكتر تێك گەیشتن ئیتر بەچاوێكی غەریزەیی سەیری یەكترناكەن بەڵكوو پێش غەریزەیی خۆشەویستی دروستەبێت بەڵام هەتاكوو خەفەكردنی سێكسی بەردەوام بێت ئیتركێشەكانی سێكس چارەسەرنابن و ژنیش ناتوانێت بەمافی راستی بوونی خۆی بگات.

هەرلەبارەی ژنەوە زۆرجار ژن هاوسەری هەیە بەڵام ئارەزوودەكات خۆی لەگەل كەسێكی تردا خۆی خاڵی بكاتەوە، ئەمە شتێكی سورشتی یە بۆیە ئەم دووكەسە كەبەیەكتر رازی نەبن ئەوا ئاساییە لەهاوسەرەكەی جیابێتەوەو لەگەل ئەوكەسەدا رێك كەوێت كەخۆشی دەوێت و دلی بۆی دەچێت، بۆیە ئاساییە هاوسەرەكەی لێی جیابێتەوەو دەست بەرداری بێت چونكە بەزۆر ناتواندرێت مرۆڤێك ناچاربكرێت بێتە لاتەوە ئەوكات دەچێتە چوارچێوەی درندایەتی و دژەمرۆیی، لێرەدا شتێك هەیە

تاکوو روحی مرۆڤ ئازادنەکرێت لەعەقڵدا هەرگیزناتواندرێت یەکسانی کۆمەلگا بچەسپێندرێت.

بەکورتی سێکس نەهێندەقێزەونە مرۆڤ تێیدا خۆی لێ بگۆرێت نەهێندەش گرنگە مرۆڤ خۆی لێ وون بکات و بەچاوێکی درندایەتی سەیری بکات.

(لەشفرۆشی)

لەجیهانی مرۆڤەکانا چونکە زۆرینەی جار دروست کردنی مرۆڤەکان بەسیستەمی عەقل گەرای نەبووە بۆیە هەمیشە زۆرجار رێساو یاسانیە بۆدروست کردنی مرۆڤ یابۆهاتنە بوونی مرۆڤ ئەمەش یەکێکە بۆ دروستکردنی فەوزا لەنێوان کەمی و زیادی مرۆڤەکان لەسەرزەویدا بەکشتی و بەتایبەتی کۆمەلگاکاندا.

لەشفرۆشی یەکێکە لەدیاردە دزێوەکانی مرۆڤەکان کەلەپێناو پارەدا ئامادەیە جەستەی خۆی هەراج بکات، لێرەدا چەند پسیارێك هەیە ئایا هۆکارچیە لەشفرۆشی سەرهەڵدەدات؟

یەکێك لەهۆکارەکان دەگەرێتەوە بۆ بێکاربوونی مرۆڤ لەسەرزەوی بەتایبەتی لەژندا .

هەروەها نەبوونی پەروەردە لەکۆمەلگاکانا وەها پەروەردەنەکراون پارە بۆهەموو کارێك ئامرازێکی تایبەتی ژیان نیە، چونکە وەك چۆن هەموو ژیانێکی خۆی دابینەکات و خۆی

وونەكات لەپێناو پارەپەیاكردنێكی زۆری سەرمایە هەربۆیەش ژن چونكە دەرفەتی كاركردنی نیە بۆیە زۆرجار پەنای بۆئەم كارە بردووە.

دەكرێت ژن بەویستی خۆی سێكس بكات و ئاسایی بێت بەڵام پێم وانیە بۆپەیداكردنی پارە سێكس بكرێتە ئامرازێكی كاركردن، ئەوكۆمەڵگایانەی كەناتوانن لەشفرۆشی بنبربكەن ئەوا پێم وایە لەگەڵ بەرێوەبردنی سیستەمەكەیاندا كەمتەرخەمن و ناتوانن لەسەرەتاوە منالێك واپەروەردەبكەن كەپارە هەمووشتێك نیە لەژیان و ئەوەشی كردنی سێكسی بەسەردا زالە هەم دیسان پێم وایە مرۆڤێكە دەرونیەن نەخۆشەو وەك ئەوە وایە موحتادی مادەی بێهۆشكەربوبێت و نەتوانێت دەستبەرداری بێت، وەك وتم دەكرێت مرۆڤ سێكس بكات بەڵام بائەم سێكسە وانەكات ئەم مرۆڤە وون بێت چونكە بەرلەكردنی سێكس شتێكی ترهەیە ئەویش ئازادی مرۆڤەكانە بۆخۆشەویستی نێوانیان هەركاتێكیش خۆشەویستی رووحی بوونی هەبوو ئەوا دەكرێت سێكس ئاسایی بێت لەنێوانیانا بەڵام سێكس بۆپارە دەچێتە چوارچێوەی شكاندنی كەرامەتی مرۆیی و هەراجكردنی روحیان.

هەروەها هیچ جیاوازیەكیش نابینم ئەوانەی دەست بۆپارە لەسەرشەقامو كوچەو كۆڵانەكان پاندەكەنەوە لەگەڵ ئەوانەی لەشی خۆیان بۆپارە هەراج دەكەن، دەكرێت لێرەدا ئەم مرۆڤە بەوون بوون وەسف بكەم. ئەوەشی ئەم مرۆڤە ونانە دەهێنێتە بەرهەم ئەوا سیستەمێكی وونە لەمرۆڤ بوون و لەوەش زیاتر هیچ شتێكی ترنیە.

چونکە ئەم جۆرە سیستەمانە لەونی خۆیاندا نەیانتوانیوە پەرە بەمرۆڤێك بدەن بیکەن بەخودای سەرزەوی کەخودایەتیەکەی بۆهەمووشتێك بەکاربهێنێت و نەبێتە وونی خۆی و ئەوانی تریش.

هەروەها بێ پەروەردەیی و ڕێگەگرتن لەئازادیەکان یەکێکی ترن تێیدا ژن لادانی سێکس ئەنجام بدات بۆنمونە لەکۆمەڵگا چەق بەستوەکان و دواکەوتووەکانا هێندە رێگری لەژن دەکرێت کەنەتوانێت بەویستی خۆی هاوشانی خۆی بدۆزێتەوە بۆئەمەش رێگەی هاتنە دەری لێ گیراوەو لەمالەوە خەفەکراوە، لەوکاتەشدا هەرکاتێك هاتبێتە داوای ئەو ناچاربووە پێی رازی بێت و چیتر لەچاوەرێی کەسی تردا نەبێتەوە چونکە ناچارکراوەو هیچی تری بەدەستەوە نەماوە.

لاوێن: هۆکارەخراپەکانی ئەمجۆرە گوشارە چی لێ دەکەوێتەوە؟

جاهویی: کاروکردەوەی زۆربەدوای خۆیدا دەهێنێت کەئەم ژنە لەسەرەتاوە لەسێکس مەحروم کراوە یابڵێم لەهەڵبژاردنی هاوسەر دا نەیتوانیوە هاوشانی خۆی بدۆزێتەوە کاتێکیش لەناچاریدا بوەتە هاوسەری کەسێکی تر ئەوا زۆرجار ئەم کەسە بەویستی ئەونیەو ناشتوانێت لەبەر لۆمەی کۆمەڵگا لەپیاوەکەی جیابێتەوە لێرەدا ناچارە بەنهینی لادانی سێکسی بکات لەکەڵ ئەوانەی کەخۆشی دەوێن و لەکاتی خۆیدا نەیتوانیوە بەدەستیان بێنیت و بۆیە لادانی سێکسی ئەمە دەرەنجامەکەیەتی کەبەمجۆرە

سەرچاوە دەگرێت، ئەوە پێمان دەڵێت من حەزەکەم بەویستی خۆم سێکس بکەم و هاوسەر هەڵبژێرم.

چارەسەر؟

چارەسەرئەوەیە کچ و کوڕ لەهەموو قۆناغەکانی خوێندن و لەهەمووشوێنێك ئازادبکرێن بەیەکەوەوە گەورەبکرێن بۆئەوەی باشتر لەیەکترتێ بگەن و شتێك نەمێنێتەوە پێی بگوترێت عەیبە یاشەرموو ترس کەهەموو ئەمانە لەهەناوی کۆمەڵگای دواکەوتوودا سەرچاوەیان گرتووە تەنانەت لەبەرعەیبەی کۆمەڵگا ناتوانن لەیەکتر جیاببنەوە چونکە بێوەژنی زۆرجار بۆیان بوەتە کێشە، کەخۆی لەخۆیدا بێوەژنی عەیبە نیەو ئاساییە ئەوەی ئەمەی دروست کردووە لەئەنجامی لەیەکتر تێنەگەیشتنەوە بووە دەکرێت مرۆڤ لەدوایدا لەیەکترجیابێتەوە ئەمە لەهەموو شوێنێکی دونیادابوونی هەیە ناکرێت ببێتە عەیبە، بەڵام بۆئەوەی ئەمە روونەدات ئەوا دەکرێت لەسەرەتاوە کچان و کوران بۆهەمووشتێك ئازادبکرێن کەبەویستی خۆیان هاوشانی خۆیان بدۆزنەوە. بەڵام کاتێکیش لەیەکترجیابونەوە ئەوا بائاسایی وەربگیریت و بێوەژنی نەبێە کێشە.

جگەلەمەشهۆکارێکی تر بوونی پەردەی کچێنیە پەردەی کچێنی شتێکە لەوپەری بێ بنەمایدا لەناوهەناوی کۆمەڵگای دواکەوتوودا پەرەی پێ دراوە تەنانەت زۆرجار گەورەترین کارەساتی بەدوای خۆیدا هێناوەو تێیدا کەرامەتی مرۆڤی شکاندووە. دەکرێت چیتر ئەم پەردەیە لای مرۆڤ

بەگەورەسەیرنەکرێت چونکە ئەمەشتێکی بێ بنەمایەو دەکرێت لەسەرەتاوە رێگەی پێنەدرێت لەکۆمەلگادا بەگەورەسەیربکرێت.

ئەوەی گرنگە لای مرۆڤ ئەوەیە بەبێ هاوسەرگیری منالٚ نەخرێتەوە چونکە وەك ووتم منالٚ خستنەوە بۆخودی گەورەبوونی ئەومنالٚە بۆدەولەت دەبێتە کێشەو تاوانیشە منالٚێك بەبێ دایك و باوکی بێتە دونیایەوە.

بۆیە دەکرێت کچ و کور لەدەرەوە ئازدبن بەڵام مافی ئەوەیان پێ نەدرێت منالٚ بخەنەوە ئیتر لەوە زیاتر هیچی ترنیە لەبەرامبەر گەورەکردنی کچ و کوردا.

جگەلەمەش هاوسەنگی بکرێت لەنێوان رەگەزەکانی مرۆڤداو کەمی و زیادی لایەنێك نەبێتە کێشەی فەوزانانەوەی کۆمەلگا چونکە ئەمەش هۆکارێکە بۆناهاوسەنگی مرۆڤەکان و دەبێت لەسەر رەوتی عەقڵ مرۆڤ بخرێتە دونیای بونیەوە کاتێك پێویست نیە مرۆڤ دروست بکرێت ئەوا ناشبێت هەربێتە بوون.

(ژنی غەریزەیی یاژنی نەوسن)

سێکس وەك هەرحەزێکی تری سروشتی مرۆڤ لەحەزەکانی تر جیاناکرێتەوەو ئەویش یەکیکە لەم حەزە جەستەیەکانی ئەم

مەخلۆقە، بەڵام زۆری غەریزە یا سۆز لەژندا وەك ئەوژنانەی کەنەوسنی خواردنن کەهیچ جیاوازیەکیان نیە. ئایا دەکرێت مرۆڤ لەسەرزەوی تەنیا بیرلەخواردن بکاتەوە؟ ئایا ئەم مەخلوقە بۆچی دروست کراوە تەنیا بۆخواردن و سێکس؟ هەڵبەتە وانیە، چونکە مرۆڤێك کەلەسەرزەوی بوو ئەوا دەبێت بوونی خۆی بناسێت کەژیان بەتەنیا بریتی نیە لەخواردن و سێکس، چونکە لەوکاتەدا دەچێتە چوارچێوەی چەوساندنەوە هەم لەخۆشت و هەم لەوکەسەش کەدەبێت یەکێك هەبیت خزمەتت بکات جالەرووی خۆراکەوە بێت یالەرووی پشتگیری کردنت ، لەراستیشدا هەردوولاکە ون بوونن لەژیان.

کەواتە ژنێك کەبەم جۆرە بوو ئەوا لەشێکی ناتەندروست و تەوەزەل بیت لەسەرزەوی، ئەم جۆرە مرۆڤانە ناتواندرێت پێی بگوترێت مرۆڤێکی تەندروست تەواو.

بۆئەوەش ئەم ناتەندروستیە بوونی نەمێنێت ئەوا دەبێت کاربکات و کاری پێ بسپێردرێت کەهاوشانی جەستەی خۆی بێت.

کەواتە دەکرێت ژن لەماڵەوەش نەبێت و کاربکات، واتا ئەگەر کاری بەخێوکردنی مناڵی پێ سپێردرا تەنیا بۆئەوکاتە بێت کەمناڵەکە ساوایە و لەهەرشوێنێکا کاربکات ئەوا ئەم ژنە کارنەکات و مۆڵەتی بەخێوردنی مناڵی پێ بسپێردرێت.

لاوێن: جاهویی منیش هەمان رای تۆم هەیە.

جاهویی: هەروەها دروست کردنی منالیش بەویستی ژن و پیاوەکە نەبێت و دەبێت حکومەت بریاری لەسەربدات. چونکە

منداڵ دروستکردن ئه رکی قورسەو دەبێت حکومەت رێو شوێنی هەمووشتێکی هەبێت لەرووی پەروەردە کردنیەوە، واتا قۆناغ بەقۆناغی گەشەکردنی دا گەشەی پێبدرێت، (پەروەردەیەکی عەقڵانی) کەمرۆڤێکی تەندروست و سودبەخشی لێ بەرهەم بهێندرێت، کەچواردەوری خۆی جوان بکات و کردەوەو لوتفی ئالتونی بێت و زەوی پیرۆزی مرۆڤایەتی خۆش بوێت لەبوون گەرایی مرۆیدا گەورەبکرێ لەرووی فەلسەفەی عەقڵ گەرایی مرۆڤ بوون بخرێتە هزریەوە.

هەروەها غەریزە راستە بەسەرمرۆڤدا زاڵە بەڵام مرۆڤی ژیرو تیگەیشتوو هێندە نەوسنی غەریزە نابێت و بەژیری ئەم کارەی دەکات، مادام مرۆڤیش ژیرە ئەوادەبێت ئەم ژیریەتیە بڵاو بکاتەوەو هاوشێوەکانی خۆی زیادبکات بۆئەوەی مرۆڤەکانی تر لەغەریزەدا وون نەبن بۆئەم مەبەستەش مرۆڤ بەرلەغەریزەکردن ئەوا هەستێکی گرنگتری لەپێشەوەیە ئەویش پێی دەگوترێت (خۆشەویستی) چونکە تاهەستەکانی خۆشەویستی لەپێشەوەبن ئەوا ئەنجامدانی غەریزەیی دەچێتەوە چوارچێوەی ناژیریەوە، کارێکیش کەناژیری بوو ئەوا ژیری لەدەست دەدرێت هەرکاریکیش کەژیری لەدەستدرا ئەوکات لەمرۆڤ بوون بەدەردەبین.

جگەلەمەش وەك لەسەرەوە باسمکرد پارە هۆکارێکی بەهێزە بۆون بوونی مرۆڤەکان گەرهات و بەشێوەیەکی عادیلانە بەسەرکۆمەڵگادا دابەشنەکرا بەڵام بۆ شوێنگرەوەی پارەش ئەوا پەروەردەکردنی عەقڵ گەرایی بوونی هەیە گەربێت و ئەم

پەروەردەیە بچەسپێندرێت و والەتاك بکرێت خوبەپارەوە نەگرێت و لەبونیدا خۆی لێ وون نەکات، بۆئەمەش گەردەوڵەت سەرجەمی خواستەکانی تاك بهێنێتە ئاراوا وەك ئازادی مرۆیی و تێکەل بوونی هەردوو رەگەز لەسەرەتاوە ئەوا دەکرێت مرۆڤ لەپێناو پارەدا لەشی خۆی هەراج نەکات.

لاوێن: زۆر راستە.

جاهویی: جگەلەمەش ئەگەرچی بوونی سەرمایە هۆکارێکە بۆ وون بوونی مرۆڤەکان بەڵام ئەگەر عەدالەت بوونی هەبێت و هەژاری لەچینەکانی خوارەوە بوونی نەمێنێت ئەوا پێم وایە دەکرێت سەرمایەداری هەبێت و رێگەش نەدرێت مرۆڤ تێیدا وون بکرێت، واتا نەبوونی هەژاری و دابینکردنی سەرجەمی پێداویستیەکانی تاکوو کۆمەڵگاو پەروەردەیەکی تەندروست هەمیشە هۆکارێکە بۆنەهێشتنی بێ سەروبەری کۆمەلگا، بەکورتی ئەوەی کۆمەلگابەرەو دەبەنگی و بەرەو لارێدانی دەبات دووشتن، یەکەمیان هەژاری کۆمەڵایەتی دووەمیان نەبوونی پەروەردەیەکی عەقل گەرایی.

(نەخۆشی)

سەرهەڵدانی نەخۆشی کاری حکومەتە رێگربێت لەسەرهەڵنەدانی و پزیشکی پسپۆری هەبێت بۆهەموو بوارێك، هەروەها دەولەت دەبێت هەموو توانایەکی خۆی بخاتە گەر

بۆرێگری کردن و سەرهەڵنەدانی نەخۆشی، چونکە نەخۆش کەوتنی کەسێك تاوانێکی مەزنەو هەرکاتێکیش ئەمە روویدا ئەوا چارەسەرکردنی تەواویشی لەئەستۆی حکومەتە و خەرجی چاکبونەوەی لەئەستۆی خۆی بگرێت چونکە حکومەت کەمتەرخەم بووە لە توش بوون بەم نەخۆشیەی مرۆڤەکان.

جیهانی ئێستای مرۆڤایەتیش وەها قەتیس کراوە هەولێکی جدی لەئارادانیە بۆسەرهەلنەدانی نەخۆشیەکان و بنبرکردنیان بەجارێك تەنگی بەکۆمەڵگای مرۆڤەکان هەڵچنیوە وێرای ئەوەی زۆرینەی گەلانی دونیا بەدەست پیس بونی ژینگەیی لەژێرهەرەس دایە.

دووهۆکاری گرنگ بۆئەم پرسەش بونی هەیە یەکەمیان جیهانی سەرمایەداری و بەرژەوەندی نەتەوەیەك بەسەر نەتەوەیەکی تردا ئەم دۆخانەی دروست کردووە کەهیچ لەسەر رێچکەی مرۆڤایەتیەوە بوونی نەماوە.

هەروەها چەق بەستویی و دواکەوتویی نەتەوەکان و مانەوەیان بەم جۆرە سیستەمە نامرۆڤانەیەداو رۆچونیان لە ژێرهەیمەنەی دین و کەلتورو بێ سیستەمیدا.

((دەست درێژی سیکسی))

دەست درێژی سێکسی یەکێکە لەهەرەکێشەکانی کۆمەڵگاکان بەتایبەتی کۆمەڵگا دواکەوتووەکان، هۆکاری ئەمەش پێم وایە بۆ جیاوازی نێوان هەردوو رەگەزی (کچ و کور) دەگەرێتەوە.

لێرەدا کچ و کور بەرامبەر بەیەکتر هێندە گۆشەگیرکراون و لەیەکتری دوورکراونەتەوە بۆیە هەمیشە بەچاوێکی سێکسی سەیر کراون و ئەم چاوەشیان بوەتە هۆکارێك کەهەردوو رەگەزەکە بوونیان تەنیا وەك سێکس بێت و هیچی تر.

گۆشەگیری و تیکەڵاونەبوونی کچ و کور یەکێکە لەم هۆکارانەی کەروودەدەن، واتا کاتێك هەردوو رەگەزەکە بەیەکەوە بەتێکەڵی لەژێر (پەروەردەیەکی عەقڵ) گەراییدا گەورەبکرێن و لەمانا بوونی یەکتر شارەزایی وەربگرن ئەوا هەرگیز دەست درێژی سێکسی روونادات.

ئەوکەسەی دەست درێژی سێکسی دەکاتە سەرکەسێك ئەوا ناتوانم پێی بلێم مرۆڤێکی تەندروست باش، چونکە لەدوو روانگەیەوە نەقوستانە، یەکەمیان کەم عەقڵە کەم عەقڵی وایکردووە هەمیشە بەچاوی سێکسی سەیری ژن بکات و خۆی لێ خاڵی بکاتەوە. کەواتە مرۆڤێك کەکەم عەقل بوو ئەوا نەبوونی سیستەمی پەروەردەکردنیەتی کەمرۆڤێکی کەم عەقڵ لەناویدا دروست بووە، ئەم بێ ئەقڵیەش وایکردووە مرۆڤێك هاوشێوەی ئاژەڵێکی درندە هێرش بەرێت ئەم هێرشکردنەش وەنەبێت بۆکوشتن بێت بەڵکوو بۆ تێربوونی غەریزەی سێکسیە، کەواتە هەرکاتێك مرۆڤێك هێرشی برد ئەوا دەچێتە چوارچێوەی

ئاژەڵیەوەو لەمرۆڤ بوون بەدەردەبێت، کەسێکیش کەبەم جۆرەبوو ئەوا دەبێتە (بێ ئەقڵ) کەواتە بوونی بێ ئەقلی کێشەیە.

دووەمیشیان، نەخۆشی سێکسی واتا مرۆڤێك لەمانای بوونی خۆی تێنەگات ئەوا هەمیشە توشی کۆمەڵێك گرفتی دەکاتەوە یەکێك لەم گرفتارانە دووچاربوونیەتی بە سێکس واتا پێی وایە خۆخاڵی کردنەوەی سێکسی بەهەرجۆرێك بێت ئەوا سروشتی مرۆڤەو دەبێت هەرهەبێت، بەڵام ئەم جۆرە مرۆڤانە بۆیە پێی دەڵێم نەخۆش چونکە سێکس وایکردووە لایەنی ژیرایەتی لەدەست بدات، واتا ئەم مرۆڤە ئەنجامدانی سێکسی کردوەتە پێشەنگی ژیرایەتی خۆیەوە، واتا سێکس هێندە بەسەریدا زاڵە نەیتوانیوە کۆنترۆڵی ژیرایەتی خۆی بکات، بۆیە کاری دەست درێژی سێکسی ئەنجامەدات.

کەواتە لێرەدا بۆمان روون بویەوە گەرهات و کچ و کور لەبچوکیدا گەورەکران و لەبوونی یەکتر تێگەیشتن ئەوا پێم وانیە بۆلایەنی سێکسی دەست درێژی بکەنە سەریەکتر بەجۆرێك نابەدڵی لەنێوانیانا رووبدات.

بۆچارەسەرکردنی ئەم گرفتەش تەنیا هۆکارێك کەبەراست بزاندرێت ئەوا یەکسانی بوونی هەردوو رەگەزەکەیەو چیتر ژن یاکچ لەگۆشەنیگایەکی تاریکدا خەفەنەکرێت، چونکە خەفەکردنی دەرئەنجامێکە کەهەمیشە خۆی لەدەستی پیاو بشارێتەوە، ئەم شاردنەوەیەش هەمیشە هۆکارێکی سەرەکی بووە هەم ژنەکە بەکەم سەیربکرێت و هەم دەست درێژی سێکسیشی بکرێتە سەر.

جگەلەمەش خەفەکردنی ژن هۆکارێکی ترە بۆئەوەی بەویستی خۆی نەتوانێت هاوسەرێك هەڵبژێرێت کاتێکیش ئەمە روویدا ئەوا دەرەنجامی زیاتربەدوایخۆیدادەهێنێت وەك حەزنەکردن بەسێکس لەگەڵ ئەوکەسەی بوەتە هاوسەری ژیانی و زۆرجار دەبێتە ناچارکردنی پەنابەرێتە بەرکەسێکی تر بۆتێربوونی سێکس یابۆخۆشەویستی، چونکە بەرلەهاوسەرگیری کردنی لەخۆشەویستی بێ بەش بووە بۆیە هەمیشە دەیەوێت قەرەبووی ئەو خۆشەویستیەی بکاتەوە.

وێرای ئەمەش هۆکارێکی ترە مرۆڤ بەرەو لەشفرۆشی بەرێت لەژێرپەردەی خیانەتدا واتا بێ بەشکردنی مرۆڤ لەخۆشەویستی و لەنەبوونی عەقڵی ئازاددا هەمیشە هۆکارێکە بەرەو کارەساتی ترپەڵبهاوێت، ئەمە زۆرجار لەکۆمەڵگا دینیەکان و چەقبەستوەکانا ئەم حالەتانە بەدیدەرێن، لێرەدا ئەوە خودی ئاین و کەلتورە بوەتە هۆی تێکشاندنی رێساياسايەکانی مرۆڤ و سیستەمێکی ناعەقلی هاتۆتە بوون کەپڕاوپڕبێت لەکێشەکۆمەڵایەتیەکان.

وێرای ئەمەش زۆرجار هۆکارێکی مەزنیشن پرۆسەهاوسەرگیریەکان لەیەکتر هەڵبوەشێندرێنەوەو کێشەی زیاتر بۆخودی هەردووکەسەکە دروست بکرێت و ژنیش زۆرجار چونکە نەریتێکی کۆنی بەسەردا فەرزکراوە بۆیە ناتوانێت دەنگ بکات و بەویستی خۆی لەهاوسەرەکەی جیابێتەوە.

لێرەدا ئەوەی کێشەکەی دروست کرد لەسەرەتادا تێکەڵنەبوونی ئەم دوو رەگەزەبوو کەلەسەرەتاوە نەیانتوانی تاتەمەنی کامڵبوون شارەزایی لەیەکتروەربگرن ئەوکات بریارلەسەر پرۆسەی هاوسەرگیریەکەیان بدەن.

((هاوسەرگیری))

دەکرێت هاوسەرگیری هەبیت بەڵام نابێت زۆربکرێت لەپرۆسەی هاوسەرگیریدا، واتا مرۆڤ ئازادبێت لە پێکەوە نانی هاوسەرگیریدا بەلام پێش ئوەی ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدەن ئەوا دەبێت هەردووکیان بەشێویەکی باش پەروەردەکرابن و ئەوکات دلنیابن لەشیاوبونیان بەم پرۆسەیە بەلام باشترین شت رەچاوکردنی لایەنی پەروەردەیی و تەمەنی کەسەکانە. چونکە زۆرجار مرۆڤ لەتەمەنێکی ناکامڵبونەوە دەکەوێتە ناو ئەم پرۆسەیەوە کەپێم وایە کچ نابێت لەم پرۆسەیەدا لەتەمەنی (20 بۆ 25) سالی کەمتربێت

کچ و کور بەیەکەوە بەتێکەلی گەورەبکرێن بۆئەوەی تەواو شارەزایی لەهەست و نەستی یەکتر وەربگرن و گونجاندنی خۆیان بۆیەکتر بخەنە روو ئەوکات بریار لەسەر هاوسەرگیری بکەنەوە.

وێرای ئەمەش تێکەلبونیان دەبێتە هۆکاری ئەوەی هیچ جیاوازیەك لەنیوان ئەم دوو رەگەزەدا نەمێنێت چونکە تائەم دوو

رەگەزە لەیەکتردووربکەونەوە ئەوا مرۆڤ ناتوانێت ئەم جیاوازیانە تێك بشکێنێت کەلەئێستاوە لەنیوان خۆیدا دروستی کردووە هەرئەمەشە وایکردووە بەچاوێ:ی جیاوازەوە سەیری یەکتربکەن بەتایبەتی لەکۆمەلگاچەق بەستوەکانا کەهێشتا نەکەوتونەتە سەر رێسای عەقڵ گەرایی، دەبینین زۆرترین لادانی سێکسی و توندوتیژی لەم کۆمەلگایانەدا سەرهەلدەدات کەپێی وایە خۆی بالادەستە بەسەرژندا.

هەروەها دروست کردنی خانوو بۆهەمووکەسێك لەسەر حکومەت بێت و بەشێوازێکی یەکسان بۆهەموو تاکێك دروست بکات و کارو ژیانی مسۆگەربێت.

هەروەها زەواجی نێوان دووکەس ناکرێت لەسەر موڵك و پارەبێت تەنیا لەسەر (گرێبەستی نێوان ئەم دووکەسە بێت) کەلەسەر بنچینەی (پەیمانی مرۆڤ گەرایی) بێت و لەلایەن دەوڵەتەوە بۆیان ئەنجامبدرێت، بەم جۆرە دەتواندرێت سەرجەمی کێشە کۆمەلایەتیەکان چارەسەربکرێن بۆنەوەی نوێ و لەگۆرنانی (عەقڵی کۆن)، چونکە پارەو سامان یاهەرشتێکی لەم بابەتە ئەوا هەم دیسان مرۆڤەکان دەگێرێتەوە بۆخەفەکردنی رووحی و ئەمەش دەبێتە هۆکارێك کەمرۆڤەکان لەکەشێکی روحی ئازاد دا نەژن.

((پەروەردەکردنی منداڵ))

منداڵ گەورەترین پرۆسەی بنیادنانی مرۆڤە، مرۆڤ لەم تەمەندا دەبێت لەسەر کۆمەڵێك رێسای نوێ پەروەردەبکرێت بەدووربێت لەرق و کینەو ترس و دلەراوکێ هەرگیز نابێت کەشێکی وەهای بۆدروست بکرێت بۆخافڵکردنی فریوبدرێت یا قەتیس بکرێت دەکرێت مناڵ بۆپەروەردەکردنی شوێ"ی تایەبتی هەبێت لەم شوێنەدا لەسەربنەمای خۆش ویستنی یەکترو چواردەوری دا پەروەردەبکرێت وەك خۆشەویستنی نێوانیان و خۆشویستنی ئەو بۆ ژینگەو ئاژەڵەکان، واتا نابێت هەرگیز تۆوی و ترس و رق لەکینەیدا بوونی هەبێت بۆهەمووکارێك واپەروەردەبکرێت کەچواردەوری خۆی خۆش بوێت و چواردەوریش ئەوی خۆش بوێت، گەورەکان دەبێت ئەوپەری رێز لەویستی مناڵان بگرن.

دەکرێت لەپشوی هاوینیشدا مناڵ بەیەکەوە دوورلەماڵەوە بخرێنە ناو تاقیکردنەوەکانەوە لەوێدا پەرەیان پی بدرێت کەچۆن پەرەبەخۆیان بدەن فێربکرێن پشت بەخۆیان ببەستن دوورلەکەس و کاریان و چونکە کەس و کارناتوانێت بەمشێوەیەی بنکە بنیادنەری مناڵ پەرەی پێ بدرێت، لەوێدا لەلایەن کەسانی رووخۆش و دەم بەخەندەو عەقڵ مەزنەکانەوە پەرەبەبوونی مناڵان بدرێت قۆناغ بەقۆناغ، جگەلەمەش لەقوتابخانەکانا هەمووشتێك بەسەر خوێندکاردا نەسەپێت و بکرێتە ئەمری واقیع چونکە دەکرێت لەمەولا وانەکان لەقوتابخانەدا بکرێنە حەزی مرۆڤ بۆئەو شتەی ئەو دەیەوێت ئەوقوتابییەی دروست دەکرێت

لەتەمەنێکدا دەبێت بخرێتە ئەوبوارەی کەئەو ئەیەوێت نەوەك بەزۆر یا بۆهەرشتێکی تر ناچاربکرێت بۆئەوشوێنە، ئەمانە هۆکارگەلێکن کەناتوانن ئەو مرۆڤە دروستبکرێت کەمرۆڤ بوون ئەیەوێت.

گەرلەرێساو یاساکانی عەقڵ بەدەربوو مرۆڤ ناتواندرێت پەروەردەبکرێت پەروەردەکردنی مرۆڤ لەقۆناغێکدا دەست پێدەکات ئەبێت ئەوکەسە گونجاوبێت بۆئەو شوێنە، مرۆڤێك کەگونجاونەبوو یابەویستی خۆی نەبوو ئەوا هەرگیز ناتواندرێت سودلەو مرۆڤە وەربگیریت کاتێکیش مرۆڤ سودی نەبو لەکۆمەڵگا ئەوا لەکێشەیەك زیاتر هیچی ترنیەو ناتوانێت بگونجێت لەگەڵ ئەمری واقیعدا یاشوێنی تیانابێتەوە لەرووی کارو ویستەکانیەوە. مرۆڤەکانی لەمجۆرە لەکۆمەڵگا چەقبەستوەکانا زۆرن و کارو پیشەی خۆی نیە بەڵام لەبێ سیستەمیدا خۆی تێکەڵکردووە، بەکورتی مرۆڤ هاوشێوەی پێداویستیەکە کەلەبەردەستت بێت وەك چەکوش و بزمارو تەختەو مەقاش ئێمەی مرۆڤ کاتێك پێویستمان بەچەکوشە کەبزماری پێ داکوتین کاتێك پێویستمان مقاشە کەبمانەوێت خەلوزێکی گەشاوەی پێ بگرین ئیتر شتەکانی تریش بەهەمان شێوە ناکرێت تۆبچیتە گەشتو گوزار لەوێشدا بزمارو چەکوش لەکەل خۆمان بەرین یا بچینە سەرچیاو بەلەمیش لەگەل خۆمان بەرین، لەشاخدا پێویستمان بە کۆمەلێك شتی ترە نەوەك بەلەمی چوپ، ئیتر ئەم مرۆڤەش لەکۆمەڵگادا وەهایە کەپێویستمان پێی نەبوو یا بۆشوێنی خۆی نەبوو ئەوا هەمیشە بۆخۆی دەبێتە

کێشەو بۆچواردەوریش دەبێتە کێشە. کەواتە مرۆڤ بەرلەوەی بیهێنیە دونیای بوونی خۆمانەوە ئەوا دەبێت بزانین پێویستی چیمان بەم مرۆڤە هەیە؟ خۆئەگەر پێویستمان پێی نەبوو ئەوا تاوانێکی مەزنە ئەم مەخلۆقە بێتە دونیای بوونەوە.

جگەلەمەش پەروەردەکردنی مناڵ ناکرێت وەها بەئاسانی وەربگیرێت بۆنمونە گەر مناڵێك لەکۆمەڵگایەکی دواکەوتودا بێتە بونەوە بەڵام دایك و باوکێکی وشیاری هەبوو توانیان تارادەیەك منالەکە پەروەردەبکەن کەباشتربێت لەوانی تر بەڵام ئەگەرهات و هاوسێکانیان یامناڵانی چواردەوریان بەشێوەیەکی باش پەروەردەنەکرابن ئەوا ئەومنالەی کەپەروەردەکراوە گەرهات و تێکەڵی ئەومنالانەبێت ئەوا ناتواندرێت بەشێوەیەکی باش تەواوی پەروەردەکە لەومناڵە بێتە دی چونکە جۆرێك لەسیفەتی ترو شیوازی تری منالانی هاوسێکەی دەکەوێتە سەر کەبەدەرەلەجۆری پەروەردەباشەکەی دایك و باوکی مناڵەکە، لێرەدا کێشەیەك دروستەبێت واتا ئەوهەوڵەی بۆمناڵەکە تەرخانکرا پێم وایە بەهەدەردەبێت و گەرهیچ نەبێت جۆرێك لەخوی مناڵانی تری دەکەوێتە سەر ، لێرەدا کارلێککردن روودەدات ئەومناڵە دەکەوێتە قەلەقیەوە بەدیوێك هەلگری سیفەتی جیاوازە واتا باشترەو بەدیوەکەی تریشدا دەبێتە هەلگری سیفەتی خراپ کەلەلایەن مناڵانی گەرەکەکەیەوە پەریوەتە لای و زۆرجار ئەم پەرینە دەبێتە گوێرایەلنەبونی ئەومناڵە بەتەواوی سیفەتە باشەکانی ماڵەوەی، کەواتە لێرەدا دەبێت جۆری پەروەردەکە بۆمناڵانی تەواوی کۆمەڵگاکە هاوشانی یەکتربێت و

بەیەکەوە هەلگری هەمان عەقڵی پەتی بن، واتا لەسەرەتاوە دەبێت کۆمەلگا هەلگری پەروەردەی عەقڵ گەرایی بێت خۆئەگەروانەبێت ئەوا هەرگیزناتواندرێت مناڵان هاوشانی پەروەردەیەکی تەندروست پەروەردەبکرێن.

ئەم کارلێك کردنەی ئەومناڵەکە ناچاردەکات یاگۆشەگیربێت و سەری لێ بشێوێت لەنێوان دووجۆر کارتێککردندا لەگەورەبونیشدا چونکە کۆمەلگاکەی تەندروست نیە بۆیە ناتوانێت تەواوی بوونی خۆی بەگەربخات و دەکەوێتەوە سەرگوشاری چواردەور کەناوێرێت تەعبیروهەستی خۆی بەشێوەی عەقڵی پەتی دەربرێت.

((ژیری بۆژیان نەوەك بۆنان))

نان واتا ویستی ژیان بۆتێربوون، بەڵام لەپال نانیشدا ویستێکی ترهەیە کەپێی دەلێن (ژیری) کەژیریش نەبوو ئەوکات نە نان هەیەو نەژیان.

بۆیە سەرەتای هەرویستێك دەبێت ژیری لەگەڵ بێت، ئەم ژیریە دەتوانێت هەمووشتێك دروست بکات، ئێستا بەشێك لەگەلان بیرلەنان دەکەنەوە ئەمە زۆرکوشندەیە چونکە بەتەنیا بیرکردنەوە لەنان ئەوا بەو رۆژەت دەگەیەنێت کەنەتوانیت کاربەژیری بکەیت بۆپەیداکردنی (نان)، چونکە هەرکاتێك مرۆڤ توانی بەهێزە ناوەکیەکەی کەبریتین لە (عەقل، هەست، زانین، ژیری) ئەمانە بخاتە کار ئەوا بۆهیچ شتێك پەکی ناخات، بەڵام گەرئەمانە نەبوو ئەوا دەچێتە چوارچێوەی ئاژەڵ، چونکە ئەم گیاندارە هاوشێوەی مرۆڤ دووشتی هەیە کەبریتین لە (هەست و عەقڵ) بۆیە ئەم بونەوەرە زۆرجار لەگۆرینی وەرزەکانیشدا ناتوانێت خواردن بۆخۆی بدۆزێتەوە، بەدەگمەن نەبێت.

بەڵام مرۆڤ گەرکاربەژیری نەکات ئەوا ئەویش دەچێتە چوارچێوەی ئاژەڵیەوە، بۆیە ژیری لای مرۆڤ گرنگەو دەبێت بیخاتە کارکردنەوە بۆ دروستکردنی (ژیان) ئەم ژیانەش کۆکراوەی هەموو حەزوو ویستێکە بۆسەرجەمی مرۆڤایەتی، کەواتە بەتەنیا بیرکردنەوە لەنان هەمان شتە کەدەچێتە چوارچێوەی ئاژەڵیەوە.

بۆیە مرۆڤ بۆهەرهەنگاوێك گەرژیری لەگەل نەبێت ئەوا رۆژێك دێت بێ نان دەبێت کاتێکیش بێ نان بوو ئەوا لەمرۆڤ بوون بەدەردەبێت و کاتێکیش لەمرۆڤ بوون بەدەربوو ئەوا ناتواندرێت پێی بگوترێت مرۆڤێکی پڕلەژیان، بەڵام ئەگەر ژیری هەبوو ئەوا ئەم ژیریە دەتوانێت ژیان لەناو ژیاندا

دروست بكات و كاتێكیش ئەمە بوونی هەبوو ئیتر مەحاڵە مرۆڤ خۆی نەبێتە خوداوەندێكی ئەهریمەن لەسەرزەوی.

((دادگا))

لەجیهانی مرۆڤایەتیدا لەسەرجەم كۆمەڵگاكانی سەرزەوی شتیك هەیە بۆسزادانی مرۆڤ ئەویش پێی دەڵێن دادگا، جالەهەر كۆمەڵگایەو جۆرێك لەسیستەم هەیە كەبەگوێرەی نەریتی دینی یائایدۆلۆژیاو كەللتوری خۆیان سزاكەیان بۆمرۆڤ بریوەتەوە، واتا مرۆڤ گەرهەلەی كرد ئەوا سزادەدرێت، بەڵام ئەوشتە چیە كە والەمرۆڤ دەكات سزابدرێت؟
ئایا بەراست سزای مرۆڤ لەراستیدا بوونی هەیە؟
وەئەگەربوونی هەیە بۆچی تائێستا ئەم شتە روون نەبۆتەوە كەچی یە؟
كەواتە بۆمان دەركەوێت لەبنەرەتدا شتێك بوونی نیە پێی بگوترێت سزا، بەڵام ئەوەی سزامان پێدەكات و لەدوایشدا سزاشمان دەدات ئەوا خودی كۆمەڵگایە، ئەوەی كۆمەلگاشی بەم جۆرە گەورەكردووە ئەوا خودی دەستەڵاتە، ئەوەی خودی دەستەلاتیشی بەم جۆرە گەورەكردووە ئەوا خودی سەركردەیە.
من لەگەل ئەم سزایەم نیە لەسەر شتیكی كەم مرۆڤێك لیپیچینەوەی لەگەڵدادەكرێت و لەدوایشدا باجی سەرپێچیەكەی دەدات،

نا بەڵکوو من لەگەڵ سەرپێچیەگەورەکانما.

جگەلەمەش مرۆڤێك لەسەرشەقام هێندەی نەماوە پەلاماربدات ئیتر بۆ هەربیانویەك بێت، کەسی بەرامبەریش نایەوێت پەلاماری بدات، بەڵام کێ ئەم مرۆڤەی دروست کرد کەعەمبازبهاوێت؟ بۆدەبیت ئەم عەمبازیەی ببێتە کێشەو بۆمرۆڤەکانی تری دروست بکات؟

کەواتە هەمووشتێك دەگەریتەوە سەر نەبوونی (پەروەردەی عەقڵ گەرایی) کەلەبنەرەتدا دەبێت مرۆڤ لەقۆناغەکانی سەرەتایدا تاگەورەبوونی لەسەر سیفەتی مرۆڤ بوون و خۆشەوستی گەورەبکرێت، کەمرۆڤێك دروست بکات خۆیی و چواردەوری خۆیی و گشت مەخڵوقەکانی تری خۆش بویت و ترسیشیان لێیان نەبێت.

بۆئەوەی باشتر روونبیتەوە ئەم شتانەی مرۆڤ توشی ئەم سزایەدەکات بەگشتی زۆرن بەڵام لێرەدا تەنیا شتەگرنگەکان وەردەگرم وەك (دز) و (مرۆڤ کوژ) و (درۆزن)

لەرستیدا هیچ شتێك نیە کە مرۆڤ کوژبیت یا دز بێت، بەڵام ئەوەی ئەمشتە بەمرۆڤەکان دەکات ئەوا نەبوونی سیستەمی بەرێوەبردنە لەکۆمەڵگاکاندا، واتا کۆمەلگایەك گەرلەرووی ئابوری و دادوەری و کۆمەلایەتیەوە یەکسان نەبوو هەروەها بۆنێوان خودی مرۆڤەکانیش هەریەکسان نەبوو یاپەروەردەی عەقڵ گەرایی بوونی نەبوو ئەوا ئاستەمە بتوانێت والەمرۆڤێك بکات هەلەنەکەن، واتا لێرەدا مرۆڤێك دروست کرا لەسەرزەوی بەڵام بێ ئەوەی لەهۆی بوونی ئەم مرۆڤە بکۆڵدریتەوەو

پەروەردەبكرێت ئەوا تاوانیشی پێدەكەن و لەهەمان كاتیشدا سزاش دەدرێت.

بۆیە پێم وایە مرۆڤ كەلەسەرەتاوە هاتە بوون ئیدی گەر نەزاندرێت ئەم مرۆڤە پەروەردەش بكرێت ئیتر چۆن بتواندرێت بەم مرۆڤە بگوترێت تاوانبار؟ كەواتە بۆئەوەی مرۆڤ هەڵەنەكات ئەوا دەبیت بەو جۆرەش بێتە دونیای بوونەوە

ئەمە زۆرجار لەپێناو دینیشدا ئەنجامەدرێت.

لێرەدا دووجار مرۆڤەكانی سەرەوە تاوانبارن، یەكەمیان ئەوەیە مرۆڤ دەهێننە دونیای بوونەوە بەبێ بەرنامەو پرۆگرام، دووەمیان كەدەشهێتە دونیای بوونەوە ئەوا كەسیستەمیان نیە بۆپەروەردەكردنی مرۆڤ و كەتاوانیشی كرد ئەوا سزادەدرێت، بۆیە پێم وایە هەمووشتێك دەگەرێتەوە سەر نەبوونی پەروەردەی عەقڵ گەرایی كەتێیدا مرۆڤ وەها فێرنەكراوە گەرهات و مرۆڤێك لەگەمژەیدا كێشە دروست بكات ئەوا كارەكەی لەبەرامبەریدا گەمژەیی نەبێت، جابۆئەوەی كێشەش نەمێنێت ئەوا دەبێت گەمژەیی بنبربكرێت بەهێزی سیستەمی پەروەردەی عەقڵ گەرایی.

كەواتە لێرەدا دەتوانم بڵێم مرۆڤ هاوشێوەی ئەكتەرێك وایە كەزۆرجار ئەم ویستە هی خۆی نیەو لەلای ئەوانەوە ئەم رۆڵەی پێدراوەو رۆلی خۆشی دەبینێت بەڵام دەتوانم بلێم بەوونی ئەم رۆڵەی دەگێرێت جگەلە كەمینەیەكی نەبێت ئەمانیش كۆمەلێك

کەسن وەك بیرمەندو بلیمەت و فەیلەسوف و کۆمەڵێکی تری هاوشێوە.

ئەوەی بوەتە نوسینەوەی شانۆکانیش بەگشتی سیاسیەکانی دەستەڵاتن، واتا کاری کۆمەڵگاو گشت جیهان لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوەدەچێت.

جگەلەمەش لەکۆمەلگادینیەکاندا مرۆڤێك بەهەر هۆکارێك بێت لەتاوانکردن ئەوا کۆمەلێك سزای بۆدەبرنەوە، وەك کوشتن یا دەست برین و ئەتککردن، ئەوە دەلالەتێکە بۆبی سیستەمی عەقڵ گەرایی، چونکە مرۆڤێك لەبێ پەروەردەیدا تاوانیشدەکات کەواتە ئەوەی ئەم مرۆڤەی بەرەو تاوان بردووە ئەوا بێ پەروەردەییە، بەڵام لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا چونکە مرۆڤ لەبوونی خۆی وون کراوە ئیدی هەرچۆنێك بێت دەیخەنە کۆت و بەندی ترسی خودایی، واتا کاتێك دەستەڵات کەدەستەوەستان بوو بەرامبەر بەنەبوونی پەروەردەکردنی ئەوا خودایەکیان بەرامبەرقیت کردۆتەوە گوایە لەبەر هەبوونی خودا ئەوا ترسێکە دەخرێتە دڵی مرۆڤەکان بۆئەوەی تاوان نەکات، لێرەدا چونکە لەکۆنەوە هەبوونی خودایان بۆمرۆڤ خولقاندووە بۆیە هەموو سیستەمێکیشیان هەربۆخودا گێراوەتەوە، ئالێرەدا بێدەسەڵاتی مرۆڤ بەروونی دەرەکەوێت کەچۆن کراوەتە (بتێك) یا (پەیکەرێك) کەرووحیان لێ سەندۆتەوە. واتا مرۆڤ لەکۆنەوە کەگەشەی کردووە بەتایبەتی لەکۆمەڵگا دینیەکاندا هەربەم جۆرەش بەبێ رووحی ماوەتەوە و نەیتوانیوە خۆی لێ دەرباز بکات ئەم دەربازنەبونەشی بۆ چەق بەستویی خۆی دەگێرمەوە

لەگەڵ گۆشەگیربوونی (دین) بەتێکەڵنەبوونی لەگەڵ حوکمی (عەقڵ) دا.

پسیارەکە ئەوەیە گەرهات و لەکۆمەڵگایەکی سیستەمی دینیدا مرۆڤێك تاوانێك ئەنجامبدات سزای ئەم تاوانە گەربەمانای عەقڵی پەتی لەگەڵدابکرێت ئەوا دەکەوێتە ئەستۆی خودا بەڵام لێرەدا هاتوون ج جای ئەوەی نەیانتوانی لەژێردەستەڵاتی ئەم سیستەمەدا مرۆڤ پەروەردە بکرێت بۆیە هەرلەسەرزەویش سزای بۆدەبرنەوە.

هەروەها ئەو مرۆڤەی کەتاوان دەکات ئەوا دەکەوێتە ئەستۆی دەستەلاتەکە کەنەیتوانیوە ئەو مرۆڤە فێربکات تاوان نەکات کەواتە گەربەگوێرەی ئەم لێکدانەوەیەم بێت ئەوا دەبێت خودی دەستەڵاتەکە سزابدرێت نەوەك ئەو مرۆڤەی تاوانی کردووە چونکە نەیتوانیوە وانەکات تاوان نەکات. کەواتە گەرخودابوونی هەبێت ئەوا دەبێت ئەم سیستەمە دادگایی بکات بەڵام لێرەدا خودایی بونی ئاینەکان پوچەڵ دەبێتەوە چونکە ئەگەر تاوانبار تاوان بکات ئەوا دەبێت خودا سزایەکیشی هەبێت بۆئەوەی لەکۆمەلگادا ئەوانەی دەبنە هۆکار سزابدرێن جائەگەر بەگوێرەی ئەم لێکدانەوەیەم بێت ئەوا هاوشێوەی پەیژەیەك پێدادەچێت بۆهۆکاری روودانی تاوانکردنەکە کەهەمووشیان لەکۆتایدا دەگەرێتەوە سەرئەوکەسایەتیەی کەجۆری سوڵتەی بەدەستە

چونکە لەژێردەستی ئەودا ئەم مرۆڤە ژیرنەکراوە کەتاوان نەکات.

هەروەها بەشێك لەتاوانەکان گەربەئاشکرادیاربن ئەوا تاوانی ترزۆرن بەلام کەم کەس هەیە هەستیان پێ بکات کەهەموویان هۆکارگەلێکن بۆ دروستبوونی مرۆڤیکی تاوانبار یا مرۆڤێك بەرەو تاوانباری بەرێت.

تاکە شت بۆئەوەی مرۆڤێك لەرووی ژیانی بوونیەوە ئازادبێت و تاوانیش نەکات ئەوا هەمووی دەگەرێتەوە سەر سیستەمی عەقڵ گەرایی ئەم سیستەمەش دەبێت بۆرووحی ئازاد بگەرێتەوە واتا روحی مرۆڤ بۆخۆی بۆئەوەی ئەم مرۆڤە ببێتە خوداو تاوان نەکات.

ئەم روحە خودایەتیەش لای ئەوانەبوونی هەیە کەبەرەو لوتکەی فەیلەسووفی دەرۆن واتا دەکرێت لێرەدا بۆهەرکۆمەلگایەك تاکەکانی بکرێن بەفەیلەسووف چونکە گەروانەبێت ئەوا هەمیشە چاوەریی گۆرینی هیچ کۆمەلگایەك ناکرێت ئەوەی من ئەمەوێت.

لەوەتەی مرۆڤ هەیە بەرەو چەند بەشێك دابەشکراون جگەلە بەش بەشکردن و ناوهێنانیان ئەوا لەکۆتایدا دەگەینە باڵاترین

مرۆڤ كە(فەیلەسوفە) ناكرێت چیتر فەیلەسووف تەنیاخۆی بكەوێتە لوتكەی گەشەسەندن و لەوێشەوە هاوشێوەی یاریەك سەیری كۆمەڵگابكات و بكەوێتە بەررەخنەگرتن بۆیە ئەوەی فەیلەسوف ئەیەوێت دەكرێت لەمەولا كۆمەڵگا بەرەو ئەو هەنگاوە بنیادبندرێت بۆئەوەی چیتر مرۆڤەكان لەكۆمەڵگادا لەژێر نەبوونی سەركردەو سیستەمی چەوتی نامرۆڤایەتی وون نەكرێن و لەونیشدا تاوان نەكەن و لەتاوانیشدا سزانەدرێن.

لەجیهانی مرۆڤەكاندا بەگشتی دادگالەناوهەمویاندا بوونی هەیە كەتائستا نەیانتوانیوە مرۆڤم بۆبكەن بەخوداو تاوان نەكات یاهەست بەتاوانی ئەوان بكات، بەڵام ئەوەی بوەتە سەرنج لای من دادگالەكۆمەلیك كۆمەلگای چەقبەستودا وەك ولاتانی ئاسیاو ئەفریقاو چەندناوچەیەكی تر كەلەوێدا بروام نیە مرۆڤ لەسەررەوتی عەقل پەروەردبكرێت و خودی دادگاكەش هەرلەسەررەوتی عەقڵ بێت بەلكوو دادگا هێشتا لەژێرهەیمەنەی كەللتورو ئاین و هەرلەخۆوە بەرێوەدەچن كەزۆرجار مرۆڤ لەسەرماف دادگایی دەكرێت یابێ ئەوەی دادگابكرێت سزای قورسی بۆدەبرێتەوە. وەك سزادانی مرۆڤ لەسەر بیروبۆچون یا مافی سیسای بوونی و مافی رەوای خوودی خۆی. كەچی

هەموو ئەمانە ئەگەرچی مافی بنەرەتی مرۆڤن کەچی وێرای ئەوەی بۆی بوەتە کێشەی دادگاو لەوێشدا سزای بۆدەبرێتەوە.

بۆیە گەربمانەوێت کێشەی دادگاکە بوونی نەمێنێت یاکەمبکرێتەوە ئەوا یەکەم شت دەبێت سیستەمی عەقل گەرایی بونی هەبێت و سەرجەمی مافەکانیش بۆخاوەنەکانیان بدرێت ئەگینا ئەمجۆرە کۆمەڵگایانە هەمیشە پردەبن لەکێشەو ئەم کێشانەش زۆرجار مرۆڤە ژیرەکانیش بەخۆیەوە دەکرێتەوەو دەکەونە ناوی. چارەسەری ئەمشە تەنیاو تەنیائەوەیە خودی سیستەمەکان بکەونە سەر رەوتی عەقل و لەسەر هزری (فەیلەوسف) بنیادبندرێن نەوەك بەپێی دابونەریتی ئاینی یاهەرکەلتورێکی تر. کەهەمیشە بونەتە کێشەی سەرەکی مرۆڤەکان و نیوەروح کراون.

((پسپۆرەکان))

پسپۆر واتا کەسێك تەواو شارەزا لەبوارێکدا ئەمجۆرە کەسانە بۆهەموو بوارێك دەبێـ دروست بکرێن دروستکردنی ئەمانە بۆگشت کارێك گرنگە، بۆنمونە پسپۆرلەبواری دەرونی و

تەندورستی لەسەردەمی ئێستاماندا بۆئەوەی تەواو کۆمەڵگایەکی تەندروست دروستبکەی دەبێت دووکەس زۆرباش بوونی هەبێت.

یەکەمیان پسپۆر لەبواری تەندروستی ئەمجۆرە پسپۆرانە هاوشێوەی کوتانی منالان لەناو گەورەکانیشابوونیان هەبێت لەماوەی 6 مانگ یاساڵی جارێك پشکنین بۆسەرجەمی مرۆڤەکان بکەن بەمەبەستی دەرکەوتنی نەخۆشی و زووچارەسەرکردنیان بۆئەوەی کۆمەڵگا هەمیشە بەتەندروستی بمێنێتەوەو نەخۆش و لەشی لاواز رووی تێنەکات.

هەروەها پسپۆر بۆدەرونی مرۆڤەکان.

دەبینین زۆرجار لەناکاو یالەپرێکا کەسێك لەکۆمەلگا هەلەیەکی گەورەئەنجامەدات یالەبوونی خۆی ونەبێت و ئەم ونیە دەبێتە کاروکاردانەوەی زیاتری نامرۆڤانەی بەدوای خۆیدا دێنێت.

بۆیە دەبێت پسپۆرە دەرونیەکان هاوشانی تیمەکانی تر بەدواداچوونی ووردیان هەبێت بۆتاکەکان و کۆمەڵگا وەك چۆن ئێستا بنکەی پۆلیس بوونی هەیە بەڵام گەر ئەم پسپۆرە دەرونیانە بونیان هەبێت هیچ پێویستمان بەبونی بنکەی پۆلیس ناکات،

دەکرێت ئەم پسپۆرانە لەبواری دەرونییەوە بەدواداچونی وردیان بۆتاکەکان هەبێت لەهەرجێگایەك هەست بەمەترسی بکەن کەمرۆڤێك و کەسێك کارێکی هەلەئەنجامەدات یادەرونی تێك بچێت ئەوا هەرزوو ئەمتیمانە بەدواداچون بکەن و دانیشت و چارەسەری بۆبدۆزنەوە راهێنانی دەرونی و عەقڵی بۆئەنجامبدەن و لەدوای باشترکردن و گەرانەوەی بۆسەرسروشتی خۆی ئەوکات رێگەی پێ بدرێت بگەرێتەوە ناو کۆمەلگا.

((بێ نرخەکانی دونیا، یائەو بێ بەهایانەی کەبونەتە باهای گرنگ لای مرۆڤ))

شەهید یانیشتیمان

هەرلەکۆمنەوە مرۆڤەکان لەناو هەناوی نیشتیمانیکدا قەتیسکراون بێ ئەوەی مرۆڤەکان هەست بەبێ بەهایی خۆیان بکەن یالەناچاریدا ژیان دەگوزەرێنن.

نیشتیمانەکان زۆرجار بونەتە زیندان بۆتاکەکان بۆکۆمەلگاش بەگشتی، کەناتوانن جۆرێك لەسیستەم دروست بکەن و مرۆڤ

تاموو چێژی ژیانی خۆی وەربگرێت، یاهەندێ شت هەیە کەپێمان وایە ئەمە راستە، وەك شەهید بۆنیشتیمان

دەکرێت لێرەدا مرۆڤ پسیارلەخۆی بکات بەتایبەتی تاکەکان هەرهەموویان ئەمە چ شتێکە وامان لێدەکات بۆنیشتیمان قوربانی بدەین؟

ئەمە ئەوەیە زۆرجار خودی سەرکردەیەك کەخۆی لەسەرڕەوتی عەقل نیەو دەیەوێت پەلاماری نیشتیمانەکانی تربدات یا هەرخۆی کاریێ:ی وەهای نەکردووە رێگربێت هیچ کەس پەلاماری نەدات و ببێتە دەولەتێکی خۆشەویست بۆیە زۆرجار ئەمە لەنێوان خودی دووسەرۆکی وڵاتان روودەدات بێ ئەوەی تاکەکانی هەست پێ بکەن بریاردەدەن شەربکەن و لێرەشدا ئەوەی دەبێتە قوربانی خودی مرۆڤەکانە کەلەژێرەوەن دونیایان لێدەەن بەجەهەنەمی راستەقینە.

ئەمە وێرای ئەوەی شەهیدبۆخودا کەپێویست ناکات باسی لێوەبکەم کەشتێکی هێندە بێ بایەخە.

بۆیە دەکرێت مرۆڤ کەلەهەناوی نیشتیمانێکدا قەتیس دەکرێت لەهەموو ئەمانە تێ بگات ئەوکات بریاری خۆی بدات لەهەلبژاردنی سەرۆك، کەزۆرگرنگە لێرەدا کۆمەلگاهۆشیاربێت کەبەتەنیابەس نیە کەسێکی سەرکردەی سیسی بکرێت بەسەرۆك کەلەهەمووشی گرنگترئەوەیە خودی سەرکردەکە دەبێت فەیلەسوف بێت و کۆمەلگالەژێر رەوتی عەقڵ رێك بخات بۆئەوەی وڵات لەهەمووشتێك بپارێزێت و خۆشگوزەرانی و یەکسانی بۆهەمووان فەراهەم بکات.

((ئەوروپاو بانگەشەی مرۆڤایەتی))

ئەوروپا لەدوای ئەوەی شۆرشی رێنسانس و بوژاندنەوە رۆشەنگەری دەستی پێکردوو هەست بە مەترسیەکانی عەقڵی کەلتورو دین کراو، ئیدی دەتوانم بڵێم لەدوای پێنج سەدا یاکەمترو زیاتر ئەو ئەوروپاپە لەچاو رابردوویدا گۆرانکاری بەسەرداهات و بەرەو نوێ گەری لەهەموو رویەکی (کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریدا) لەپێش هەموو گەلانی دونیاوەن.

بەڵام ئەوەی جیهانی ئێستای مرۆڤایەتی بۆدووبەرەی جیاواز لەهەندی روووەوە دروست کردووە ئەوا ئەو گۆشەگیریەی عەقڵی ئەوروپیەکانە کەبەوجۆرە لەسەرزەوی دوونیایەکیان بۆخۆیان دروست کردووەو وەك ئەوەی بڵێی بۆ ئەوانی تریش بەرەوای نەزانن.

ئێستا عەقڵی خۆرهەڵاتی ناوەراست و بەشێکی تر لەسەر زەوی لەدوای دەهەزار ساڵ لەمێژووی شارستانیەت ئەوا هێشتا نەیانتوانیوە خۆی لەعەقڵی (دین و کەلتور) رزگاربکات و کۆمەڵگایەکی (مرۆڤ گەرایی) بۆخۆیان دروست بکەن، ، بەڵام ئەوەی بوەتە بەربەست لەبەردەم ئەم نەتوانینەی گۆرانی خۆرهەڵاتی ناوەراست ئەوا پێم وایە بەشێکی بۆخودی

روناكبيران و نوغبە نوى گەريەكانى خۆيان دەگێرمەوە كەنەيانتوانى گەلەكانى خۆيان لەم عەقل پوچيە رزگاربكەن.

هەروەها بێدەنگ بوونى ئەوروپيەكانيشە لەئاست ئەو پێشێلكاريە مرۆيەى كەلەو ناوچەيەدا بوونى هەيە، ، هۆكارەكەشى بۆناشارازايى و لێنەهاتووى سەركردەكان و بيرمەندە هزر تيژەكانە، ، كەئەوان تائێستا غيابن لەو مەسەلەيەدا چونكە سەركردە دەبێت (عەقڵى فەيلەسوفى) لەكەلەدا بێت و بۆهەموو شتێك ئەو عەقڵە بەكاربهێنێت، سەركردە گەر ئەم عەقڵەى لەسەردا بێت ئەوا دەبێت هەموو زەوى مرۆڤايەتى بەهى خۆى بزانێت نەوەك تەنيا پارچەيەك لەنيشتيمانەكەى خۆى، پسيارەكە ئەوەيە، ، مرۆڤ لەسەر زەوى دەكرێتە قوربانى (ئايدۆلۆژياو دين) ئايا ئەمە چ شتێك واى لێكردووە كەلەوەتەى مرۆڤ هەيە هەرلەو كێشمەيەدابێت و نەتوانێت ژيانێكى مرۆڤ گەرايى بۆخۆى دروست بكات و لەو كۆتوو بەندە رزگاربكات؟ وێراى ئەمەش ئەو زەويە پيرۆزەى مرۆڤايەتى بەكۆمەلێك ئەسپايى جۆراو جۆرەوە لەمەترسيە ژينگەييدايە ، ، جگەلەمەش تائێستا بەشێك لەميللەتانى دوونيا بەدەست كۆمەلێك سەركردەى هزر ديكتاتۆريەوە دەناڵێنن و لەم هزرە پوچ گەراييە رزگارنەكراون، ، ئايا بەراست پاراستنى (ژينگەو بەخەمەوە هاتنى مرۆڤە ژێردەستەكانى گەلانى دوونياو دەرهێنانيان لەعەقڵى(دين و كەلتوور) لەئەستۆى كێ دايە؟؟ خۆئەگەر بڵێى ئەوا دەبێت خۆيان لەم مەترسيانە رزگاربكەن ئەوا خۆدەبێت هاوكاريەكى ئێوەيان هەبێت چونكە ئەوان لەم

کێشمەکێشەی ئاین و ئایدۆاوژیای چەق بەستودا گیریان خواردووە.

بەڵام کەدەبینم جیهانی مرۆڤایەتی بەرەو ئاژەڵی ملی ناوە، ، چونکە مرۆڤێك ژیانێکی باشتروو مۆدێرن بۆخۆی دروست بکات و نەشتوانێت مرۆڤ گەلێکی تر لەم کێشمە کێشانە رزگاربکات و بەلاشیەوە سەیری ئەو هەموو ناعەدالیەتیەی سەرزەوی بکات کەلەبەرچاوی ئەوواندا روودەدەن ئەوا پێم وایە هەڵە نیم کەئەوانیش دەکەونە قالبی ئاژەڵیەوە، ، چونکە مرۆڤی راستەقینەی هزر ژیرو مرۆڤ گەرایی دەبێت هەموو مرۆڤایەتی و زەویە پیرۆزەکەی بەمولکی خۆیان بزانن نەوەك تەنیا پارچەیەك لەو زەویە بۆخۆی پاك بکاتەوەو ئەوەی تریشی وێران بێت.

بۆیە ئەوەی مرۆڤەکانی ئەوروپای لەم مەسەلانە غیاب کردووە لەئەمرۆدا ئەوا نەبوونی (عەقڵی فەیلەسووفە) لەهزری سەرکردەکانیاندا کەنەیانتوانیوە بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤایەتی گەلانی دونیاو خۆشیان لەم عەقڵە پوچ گەراییە کەکۆمەڵگای مرۆڤایەتی گرتۆتەوە رزگاربکەن و کاری بۆبکەن، کەتێیدا بەناوی (دین و ئایدۆلۆژیاوە مرۆڤ تێیدا بووەتە قوربانی.

وێرای ئەمەش زانست تائێستاشی لەگەڵ بێت وەها پێش نەخراوە چارەسەری کۆمەلێك نەخۆشی کوشندە بکات کەلەسەرزەوی بەناو لەشی ملیۆنان مرۆڤایەتیدا بڵاو بۆتەوە، ، ئەمە وێرای ئەوەی هەموو هەوڵێکی تری زانست بۆ دروستکردنی چەك بووە کەخۆی لەخۆیدا بوەتە بێ ئومێد بوونی

پێکەوە ژیانی گەلان لەژیانێکی ئاراموو مرۆڤ گەرایی تێیدا، ، مرۆڤی ژیر ئەوەیە کاتێك گەمژەیەك بیەوێت کێشە دروست بکات ئەوا دەبێت بەژیرانە لەگەلیدا رێك کەوێت نەوەك کارەکانی لەبەرامبەردا ناژیری بێت وەك ئەوەی بیکوژێت یاسزای بدات، کەبیرکردنەوەی ئیوە لەم مەسەلەیەدا هەوڵتان نەداوە نەیەڵن مرۆڤێکی لەم جۆرە یا کۆمەڵگایەکی توندو تیژ لەم جۆرە دروست نەبێت، ، وەئەگەر دروستیش بووە ئەوە ئێوەن رێگەتان پێی داوە غیاب بوونە لەسەرهەڵدانی بەم جۆرە.

کەواتە ئێوەی بیرمەندوو سەرکردە ئەوروپیەکان دەمێکە غیابن لەئاست ئەم هەموو تاوانەی کەتائێستا لەسەرزەوی پیرۆز بوونی هەیە و هەم نەتانتوانی ئەم گەلانە رزگاربکەن و هەم نەشتان توانیوە زیاتر پەرە بەزانست بدەن بۆ ژیانی مرۆڤ بوون چونکە مرۆڤایەتی ئەوەی هەیەتی و نیەتی هەرئەم زەویەیە کەبەدەستی خۆی چەندان جار تێکی داوەو بۆمب و ئەتۆم تێیدا تەقێندراون، ، گەرئێوەش بەراست ئەتانەوێت ئائەم زەویەو مرۆڤایەتی رزگاربکەن و بانگەشەی مرۆڤ بوون لێدەدەن، ئەوا دەبێت لەئێستاوە کاری بۆبکەن نەوەك هەرلەو خەوە دابن کەلەبەرچاوی ئێوەدا بیرمەندانی مرۆڤایەتی کەلەتوانایاندا هەیە عەقڵی خۆرهەلاتی ناوەراست و ئەرکی ئێوەش سووك بکەن ئەوا دەخرێنە زیندان و ئێوەش پرخەی خەوتان دێت .

ئەها لەبەرچاوی ئێوەدا کۆمەڵگاکانی دوونیا هێندە هێزلێبراون لەعەقل گەرایدا هێشتا نەتانتوانیوە مرۆڤ گەرایی لەکێشە نالۆژیکیەکان رزگاربکەن ئەها هێشتا دادگا لەناو ئێوەدا

بوونی هەیە کەمرۆڤێك لەناو کۆمەڵگاکەی خۆیدا نەتواندراوە پەروەردەیەکی (عەقڵ گەرایی) بکرێت، ئەوا لەگەل تاوانیشدا سزای بۆدەبرنەوە.

ئادەی پێم بڵێن ئەم مرۆڤە تاوانی چی بوو کەئێوە هێشتان بەم جۆرە تاوان بکات و لەدوایشدا سزادرا؟!،، کەواتە بۆئەوەی چیتر مرۆڤ سزانەدرێت و وەك خودای سەرزەوی بێت بۆخۆی و بۆخەڵك و بۆژینگەکەی ئەوا دەبێت بەوجۆرە دروست بکرێت، بەڵام ئێوەی ئەورروپی هێشتا نەتانتوانیوە خۆتان و گەلانی دوونیا لەم عەقڵە مردوویە رزگاربکەن کەواتە لەسەر زەوی ئێوە بوون پشتیان پێ ببەستم، بەڵام سەرەتا برۆن گەلانی دوونیا هاوشێوەی خۆتان لێ بکەن ئەوکات بەیەکەوە بیرلە جیهانی مرۆڤ گەرایی عەقڵی مرۆڤ گەرایی بکەنەوە کەبەهەزاران ساڵە مرۆڤ لێی غیابەو ئەبوایە دەمێك بوو ئەم بوونە بوونی هەبوایە، ، بەڵام لای هەمووتان وون بووەو درکی پێناکەن.

تیبینی ئەم بابەتەم لەرێکەوتی 20 / 2016/2 لەسایتی پێنوسەکان و سنورمیدیا بڵاو کرۆدتەوە. لەگەل بلاوبونەوەی ئەم بابەتەم دەتوانم بلیم گۆرانکاریەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی هەم لەخۆرهەلاتی ناوەراست و هەم لەئەوروپاو گۆرەپانی سیاسی مرۆڤایەتی. بەلام بەداخەوە بێ ئەوەی بگەرێنەوە بۆسەرچاوەی نوسەری بابەتەکە هەندێ نوسەر هەمان فەلسەفەی منیان خستە

ناو دێرەکانیان و بەشێکیشیان مەفهومەکەیتن بۆزمانەکانی تر وەرگیرا.

مەبەستی سەرەکیم لەنوسینی ئەم بابەتە ئەوەبوو ئیتر گەربەمانا راستەقینەکەی بلێن مرۆڤ گەرایی ئەوا ئاستەمە لەسەرزەوی ئێستای مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی زۆربوونی هەبێت و نەبەستراوەتەوە نێوان کۆمەڵگاکان چونکە مرۆڤ بوون هاوشێوەی خودایە لەهەمووشتێك، بەڵام کەدەبینم ئەمرۆ لەناو مرۆڤەکاندا ولاتانی ئەوروپا لەزۆرشتا لەپێشکەوتوترین ولاتانی دونیاوەن لەهەمو رویەکەوە، بەڵام خۆدەبێت ئەم پێشکەوتنە لەهەمووشتێکیانا بوونی هەبێت و بەخەمی مرۆڤەوە بن، بەتایبەتی لەرووی تێکەلبوونی گەلانی دونیاوە کەدەمێکە مرۆڤ بەهۆی ئەم گۆشەگیریەی کەبەهۆی (دین و کەلتورو ئایدۆلۆژیاوە) بۆی دروست بووە ئەوا روحی مرۆڤ گەرای لێ سەندۆتەوەو لەجیهانی خۆیاندا ونیان کردووە، زەوی مرۆڤایەتی هی هەموو مرۆڤەکانە بێ جیاوازی.

هۆکارەدواکەوتوەکانی مرۆڤ لەسەر رووی زەوی چین؟

مرۆڤ وەك باسم کرد ئیتر مەخلوقێکە خۆی باڵداری سەرزەویە و لەهەمووشتێکا بوونی خۆی سەلماندووە بەڵام گۆشەگیربوونی بوەتە هۆکارێك ئەم بوونە لەبوونی خۆی وون بکرێت، کەبوەتە هۆکاری ئەوەی لەسەرزەوی بەشێوەیەکی باش ئابوری پێشنەخرێت، سیاسەت لەجیایەتی ئەوەی ببێتە باشترکردن کەچی بوەتە بەرژەوەندی بەسەر مرۆڤێکی ترەوە بی

ئەوەی رەچاوی مرۆڤایەتی بکرێت و زانستیش لەبازنەیەکی داخراودا بمێنێتەوەو گەشەی پێنەدرێت و هەروەها وون بوونی مرۆڤ لەناو دیندا و دروست کردنی بەویستی ئاین خۆی هێندەی تر بەشیکی زۆری مرۆڤەکانی لەبوونی خۆی دابریوەو گوایە ئەوانەی لەسەر دینی ئەونەبن ئەوا بەبێگانەو بەچاوێکی تر سەیرکراوە.

ئیتر ئەم جیاوازیانە لەهەموو رویەکی ژیانەوە مرۆڤی لەمانا راستەقینەی خۆی دابریوەو لەچوارچێوەیەکی داخراودا هێشتویەتیەوە.

زانست ئەگەر چی ئەبوایە لەلوتکەدابوایە بۆ ژیانی مرۆڤەکان و لەسەرەتاوە نەیهێشتبا نەخۆشیەکان بۆسەرەوی بڵاوەنەکرابان بەڵام وێرای ئەوەی نەیتوانی رێی لی بگرێت ئەوا هاوکات نەشیتوانیوە مرۆڤ لەم نەخۆشیانە بپارێزێت کەلەئێستاوە توش بونەو پێیەوە دەناڵێنن هۆکاری ئەمەش بۆئەو تێکەڵاونەبونە دەگەرێتەوە کەلەنێوان خۆی گەلاندا بوونی هەیە و زانیستیش قەتیس کراوە.

پاراستنی ژینگە.

ئێستای مرۆڤ زەویەکەی بەهۆی ئەو ئیهمالیەی کەلەنێوان خۆیاندا بڵاو بۆتەوە بوەتە هۆکاری ئەوەی لەزۆرلایەندا ژینگە رەچاو نەکرێت بەتایبەتی کۆمەڵگا دواکەوتوەکاندا چونکە وونی مرۆڤەکانی ئەم شوێنانە باری دەرفەتی ئەوەی پێنەداون ژینگەکەی خۆیان بپارێزن، ئیتر ئەمەش هەردەگەرێتەوە سەر ئاورلێنەدانەوەیان و دەرنەهێنانیان لە چەقبەستراوی ئەوان

کەلەوەتەی هەن گیرۆدەی دین و بی زانستین و خۆیان وون کردووەو کەسیش نەبووە لەم جیهانە ونەی ئەوان بەئاگابێت.

هەروەها جگەلەمەی کەکۆمەلگادواکەوتوەکان بونەتە هۆکارێك بۆفەرامۆشکردنی ژینگەکەیان ئەوا لەدوو روانگەوە وڵاتە پیشکەوتوەکان هێندەی تر هۆکارن بۆئەم دۆخە، چونکە دەولەتە پێشکەوتوەکان وێرای ئەوەی ملێۆنان کارگەیان بۆبەرهەم هینان لەکاردان، هاوکات نەشیانتوانیوە کۆمەلگا چەقبەستوەکان هاوشانی خۆیان رزگاربکەن گەرهیچ نەبێت بیانهێنە ئاستی خۆیان بۆئەوەی چیتر ئایدۆلۆژی مردوو و دینیەکان سەرهەڵنەدەن و نەبن بەمایەی پوکانەوەی مرۆڤ لەسەر زەویدا، چونکە دەبینم لەم کۆمەلگادواکەوتوانەدا ئایدیاو دینی چەقبەستراو هۆکارێکن بۆ دەرکەوتنی مرۆڤێکی توندرەو کەبروای بەمرۆڤ بوون نەبێت و هاوشێوەی ئاژەل پەلاماربدات، ئیتر ئەم بێ خەمیەی وڵاتە پێشکەوتوەکان خۆیلەخۆیدا هۆکارێك بووە کەمرۆڤ درەنگ بکەوێت لەبون گەرایی خۆیدا.

لەلایەکی تریشەوە عەقلی مرۆڤی خۆرهەلاتی ناوەراست چونکە هەلگری دینە بۆیە رۆژ بەرۆژ دەبێتە هەلگری توندوتیژی چونکە دینی خۆرهەڵاتی ناوەراست پێی وانیە مرۆڤ تێیدا راو بۆچونی جیاوازی هەبێت لەبارەی ویستنی خۆیەوە ئەو بەزۆردەیەوێت سەرجەمی مرۆڤەکان بێنە ژێربالی دینەکەیەوە، چ جای ئەوەی بروای بەوەنیە مرۆڤ نابێت بخرێتە چوارچێوەیەکی گۆشەگیریەوە یا رۆیشتن لەسەر فکرو هزری

کۆن کەبوەتە پێشەنگی دین کۆمەلگایەکی چەق بەستودا سودی لێ بینیوە کەبتوانێت بەبیانوی خوداوە کۆمەلگا بۆلای خۆی کێش بکات، ئیتر ئەم کێش کردنەی وێرای ئەوەی کۆمەلگاکەی بەرەو توندو تیژی بردوە هاوکات دژایەتی خۆشی بۆکۆمەڵگاکانی تر دەربریوە کەپێی وایە ئەوەی لەگەڵی نەبێت ئەوا بەگومراو کافرو هەزارو یەك ناوی دژە مرۆڤیان لێناون، کەتائێستاش مرۆڤ کە سروشتیەن مەخڵوقێکی خوداییە ئەوا لەلایەن دینەوە رەزیل و کوشتە کراوە واتا هەمیشە بچوکی کردۆتەوە بەرامبەر بەبوونی خودا کەهەرچی بەسەری بێت و بخولقێت بەسەریدا ئەوا پێی وایە ئەوە خودایە تاقی دەکاتەوەو واش تێگەیاندراوە دەبێت پێی رازی بێت. جگەلەمەش خالێکی بۆداناوە کەپێی دەگوترێت بەزەیی واتا ئەکەر مرۆڤێك لەنەبوونی سیستەمدا زۆرهەژاربوو یا کەمئەندام و نەبویی عەقڵی کامڵ بوو ئەوا دین پێی وایە ئەمە کاری خودایەو دەبێت ئەو مرۆڤە بەبەشی خۆی رازی بێت، واتا فکرو هزری دین نەبۆتە سیستەمێك بۆخودی مرۆڤەکان بتوانن ئەم مرۆڤە هەژارەو ئەو مرۆڤە کەم ئەندامی هزری و نەبویە نەیەلێت نەیەتە بونەوە ئەو هەمیشە بەم جۆرە مرۆڤانە ویستویەتی سۆزو لایەنی کۆمەڵایەتی بۆخۆی راکێشێت و بەزەیی پیادابێتەوە.

چونکە هەمیشە دەیەوێت مرۆڤ بگەرێتەوە بۆدواوە

ئیتر ماوەتەوە بلێم ئەوەیە گەرمرۆڤ بەخێرایی چاوێك لەپێشهاتەکانی خۆی نەکات ئەوا بەرەو هەلدێك ملی ناوە کەهەمیشە مەترسیەکی گەورەیە بۆئێستاو بۆنەوەی داهاتوشمان

و چیتر نابێت وامرۆڤ چەواشە بکرێت بەناوی خوداوە رووح لەمرۆڤەکان بسەندرێتەوەو کۆمەڵگاکان لەچەق بەستویدا بمێننەوە.

وەك لەسەرەتاشەوە باسمکرد چونکە سەرکردە رۆژئاوایەکان کاریان لەسەرئەوە نەکردووە عەقڵی کۆمەلگاچەقبەستوەکان بگۆرن و بیانهێننە دونیای مۆدێرنەوە بۆیە هەمیشە لەوناوچانەدا واتا ناوچەکانی ئەفریقاو ئاسیادا مرۆڤ بێ رووحی ماوەتەوەو نەتواندراوە لەعەقڵی دینی رزگاربکرێت و هێندە بەناو دیندا رۆنەچێتە خوارەوە کەپێم وایە جگەلەکەمێك جیاوازی نەبێت ئیتر هیچ حجیاوازیشی نیە لەەل هەزاران سال بۆدواوەتر.

بۆیە کەخۆرهەلاتی ناوەراست نەیتوانیوە خۆی رزگاربکات هاوکات رۆژبەرۆژیش بەدەست پیاوانی دینیەوە هاوشێوەی بازرگانی کردن بەدین بەسەرمرۆڤەکاندا زیاتر دەسەپێندرێت و ئەم سەپاندنەشی خۆی لەخۆیدا هەمیشە دەبێتە هەرەشەیەك بۆ سەر عەقڵە ئازادەکانی دوونیای مرۆڤایەتی.

هۆکارێکی کوشندەی نەگۆرانی عەقڵی خۆرهەڵاتی ناوەراست و ئەوناوچانە بوەتە هۆکارێك مرۆڤەکان لەم ناوچانەدا بەلێشاو بەرەو دونیای ئەوروپا کۆچ بکەن، ئەم کۆچ کردنە پێم وایە جگەلەوەی نابێتە چارەسەری بۆخۆرهەڵاتی ناوەراست هاوکات بۆدوارۆژ دەبێتە کێشەش بۆدونیای خۆرئاوایەکان چونکە لەوێدا ئەم جیهانەی پیاوانی دینی بەسەرخۆیاندا سەپایاندویانە ئەوا لەخۆرئاواشدا بێ ئەوەی هەستی پێ بکرێت بەسەرئەوانیشدا دەسەپێندرێت و مرۆڤە لابەلاکان دەهێنە رێزی دینیەوەو بەم

هۆیەشەوە رۆژئاوازیاتر دەکەوێتە ژێر هەرەسی دینەکان کەلەوێشدا دینی جیاوازتر بوونی هەیەو ئەگەری ئەوەشی هەیە بۆدوارۆژ ئەم دینانە ببنە هەرەشەیەکی مەزن بۆسەرگشت مرۆڤایەتی.

بۆیە پێم وایە ئەگەر شۆرشی (رێنسانس) کەچوار سەدە یا پێنج سەدە پێش ئێستای ئەوروپای گۆری ئەوا گەر ئەم ناوچە چەقبەستوانەشی گرتبایەوە ئەوا جیهانی مرۆڤەکان جۆرێکی تردەبوو بەڵام بێ خەمی و درك نەکردنی ئەوروپیەکان و گەلانی دوونیا لەئاست مەترسیەکانی دین ئەوا جیهانی ئیستای بەم مەترسیەوە بردووە لەسەرزەوی بەناوی دینەوە رووح لەمرۆڤ کراوەتەوە.

لاوێن: جاهویی تۆپێت وایە ئەمە چۆن چاکەبێت؟

جاهویی: ئەم کێشمەکێشەی دین بەوە چاکەبێت خۆرئاوایەکان هەست بەم مەترسیەی دین بکەن و سیستەمی خۆرهەڵاتی ناوەراست بگۆرن و دین نەبێتە سیستەم بۆمرۆڤەکان و لەسەرجەم ناوەندەکانی خوێندن ئەم وانەیە دەربهێندرێت، هەروەها سەرکردە خۆرئاوایەکان چیتر وەك جیاوازتر و گۆشەگیرتر لەمرۆڤەکانی تر خۆیان جیانەکەنەوە جگەلەمەش گەر لەخۆرهەلاتی ناوەراست شتێك هەیە پێی بگوترێت رۆشەنبیر یاروناکبیر یانوسەر ئەوا دەبێت ئەوان رۆلی خۆیان بگێرن و دابەزنە ناو کۆمەڵگاکان و گوشار بخەنە سەر سەرکردە هزرمردوەکانی خۆیان کە چیتر نابێت لەژێردەستی ئەواندا مرۆڤەکان بەناوی ئاین و بەناوی ئایدۆلۆژیاوە

بچەوسێندرێنەوەو خۆیان بهێنە ریزی گەلانی پێشكەوتوی دوونیا.

هزری دیكتاتۆر.

دیكتاتۆر هەرئەوەنیە قەتلوعامی نەتەوەكەی بكات یا نەتەوەیەكی تر بەڵكوو جۆراو جۆرە نەتەوەیەك مرۆڤەكانی تێیدا گەر لەناو عەقڵی ئازاد دا ژیان نەگوزەرێنن و زۆرینەی كارەكانی دەستەڵات خۆی بسەپینێت بەناوی كەللتورو دین ئەوا هەردەچێتەوە چوارچێوەی دیكتاتۆریەت و چونكە لەپاڵ ئەمجۆرە سیستەمەیدا مرۆڤەكان بەشێكیان ئەگەری ئەوەی هەیە جۆری ئەم سیستەمە داپلۆسینەیان قبولنەبێت بەڵام بەهۆی ئەوەی دەنگ هەلبرینیان دەبێتە گوشار بۆسەر ژیانیان بۆیە بەناچاری رەنگە قبولی بكەن، ئەم قبولكردنە زۆرجار تاسەر نامێنێتەوە زۆرجار بوەتە هۆی پشێوی و رازی نەبوون و بەمهۆیەشەوە دەستگیركردن و كوشن و ون كردن و بێ سەركردنی مرۆڤەكان روویداوە.

جگەلەمەش سەركردەی گەلان لەكۆنەوە چۆن هاتوون هەربەم شێوەیەماونەتەوە كاریان بۆئەوە نەكردووە كۆمەلگای گەلان هاوشێوەی خۆیان لێ بكەن ئەمە بوەتە هۆكاری ئەوەی زۆرجار پەلاماردانیش روویداوەو بەوهۆیەشەوە هەزاران مرۆڤ تێیدا بوەتە قوربانی.

لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە هەولبدرێت مرۆڤ لەچەقبەستوویی رزگاربكرێن و ئەمەش دەگەرێتەوە سەر سەركردەكان و بلیمەت و عەقل فەیلەسوفانی جیهانی و كاری

بۆبکەن و کۆمەڵگاکان لەچەقبەستویی هزردیکتاتۆرەکان و هەژاری عەقڵی کۆمەڵگاکان رزگاربکەن، بۆئەم جۆرە کارەش دەبێت لەسەرکردەکانەوە دەست پێبکرێت و لەدوایشدا کەیی و ماڵی کردنی کۆمەڵگاکان.

بۆیە هێشتنەوەی مرۆڤ بەمجۆرە لەژێر سیستەمێکی داپلۆسێنەر بۆسەر مرۆڤەکان و کۆمەڵگاکان وایکردووە مرۆڤ بەداخراوی لەنیشتیمانێکدا گەورەبکرێت و جگەلەوەی رووحی لێ سەندراوەتەوە هاوکات بەبیانووی جۆراو جۆریش گیانیشی کراوەتە قوربانی مەرامی سیاسیەکان و ئاینەکان.

جگەلەمەش لەوڵاتانی ئەوروپادا ئەگەرچی پیم وایە لەبونیکی مۆدێرنەدان و مرۆڤێکن پاکن لەگەڵ خۆیانداو بەمانای ووشە تارادەیەك لەکەلتورێکی بێ بنەما رزگاریان بووە بەڵام دەبینم لەم مۆدێرنەیەدا (دزوو پیاو کوژوو لەشفرۆشی) هێشتا بوونی هەیە، تائێستا لەسیستەمی ئەویدا مرۆڤ وەها پەروەردەنەکراوە ئەمانە بوونیان نەمێنێت و بەرەو جیانی چواردەویش پەل بهاون.

هۆکاری ئەمەش بۆنەشارەزایی سەرکردەکانیان دەگێرمەوە لەچاوبوونی خۆیاندا چەق بەستوون و گەلانی دونیاشیان هاوشێوەی خۆیان لێ نەکردووە، وەك باسمکرد کۆمەڵگای چەقبەستو جالەرووی (ئابوری یاسیاسی یا دینی) هەمیشە دەبنە کێشەی ولاتانی مۆدێرنە، ئەم چەق بەستوەی ولاتە چەق بەستوەکان ئەگەر خۆی لەخۆیدا خۆیان هەست بەم شێوازەی خۆیان نەکەن ئەوا بەدیوێك رۆژێك لەرۆژان بەناوی ئایدۆلۆژیاو دین و کەلتورەوە بەرەو رووی جیهانی مۆدێرنیتە دەبنەوە وەك

ئەوەی دەیبینین لەخۆرهەڵاتی ناوەراستە بەدەیان رێکخراوی توندو تیژ سەریان هەڵداو لەکۆتایشدا بەهەزاران مرۆڤی بێ تاوان بونە قوربانی. ئیتر کاتی ئەوەیە سەرکردە بیرو هزری خۆی بگۆرێت و گەلان و کۆمەڵگاکان بەرەو مۆدێرنێتە بەرێت.

سەرزەوی مرۆڤایەتی چونکە لەکۆنەوە نەیتوانی خۆی لەکۆمەڵێك دەستکرد رزگاربکات بەئێستاشیەوە لەکەل بیت هەربەم جۆرە ماوەتەوە بوونی ئەو هەمو دەوڵەتە کەهەرکەسەو بەجۆرێك قەتیس کراون هەموو جوڵە روحی و بیرکردنەوەکان خۆیان لەدەستی هزری سیاسیەك هێشتۆتەوە ئەم هێشتنەوەیە چونکە زۆرجار لەسەررەوتی عەقڵ نیە بۆیە هەمیشە لەئاهوو سات دابووە بۆجەنگ و کاولکاری بەهەزاران ساڵ ئەمە پیشەی مرۆڤ بووە گەرکەمێك بەئاسودەیی ژیابیت ئەوا لەدوایدا جەنگ و کاولکاری بوەتە نانی سەرسفرەی.

بۆیە دەڵێم گەرجیهانی مرۆڤەکان نەکەویتە سەرعەقڵی رووتی پەتی ئەوا هەمیشە لەم گەوجیەتیەدا بەردەوام دەبێت و رۆژ بەرۆژ خۆی دووبارەبکاتەوە.

مرۆڤی کۆن کەکەوتە سەر شارستانیەت و کۆمەڵ بەکۆمەڵ ژیانیان پێکەوەنا ئیتر چونکە نەیتوانی تێکەڵ بەیەکتربێت بۆیە خۆی لەنیشتیمانێکدا هێشتەوەو بەجەنگ و بەخوێن رشتن تاهەنوکەش بەردەوامە.

کەواتە گەربەمجۆرە عەقلیەتەش بێت ئەوا هەروەك رابردووی بەردەوام دەبێت و ناکەوێتە سەر سروشتی مرۆڤایەتی بوونی بۆیە دەبێت پێم وایە بیرلەوە بکرێتەوە چیتر بەناوی ئاین و

دەولەت و نیشتیمان و نەتەوەیەوە مرۆڤ فریونەدرێت، فریودانی مرۆڤ ئەوە چارەنوسەکەیەتی کەبەمجۆرەیە لەجیاتی ئەوەی پەرەبەرەوتی عەقڵ بدرێت ئەوا پێی وابووە بەهێزو خۆسەپاندن سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، سەرکەوتنی مرۆڤ ئەوکاتەیە کەبیرلە شەرەنگێزی نەکاتەوە لەجیاتی شەرەنگێزی ئەوا دەبێت عەقل بەکاربێنێت بۆئەوەی لەیەغەی شەربێتەوە.

ئێستای سەرزەوی کۆمەڵگاکان کەوتونەتە سەر مەحسوبیەتی سیاسیەکان بەبریاری ئەوان گۆرانکاریەکان دەبێت روو‌بدەن، کەزۆرجار ئەم گۆرانکاریانە هیچ لەبەرژەوەندی خودی مرۆڤایەتی نەبووە بەڵکوو لەبەرژەوەندی کەسی سیاسی بووە بۆیە هەمیشە مرۆڤە قەتیسکراوەکانی ناو نیشتیمانێك بەبریارێکی سیاسیەکان کەوتونەتە جەنگ یاجەنگێکی خوێناویان بەسەردا فەرزکراوەوەو بێ دەستەڵاتی خۆیان ناچارکراون بەمجۆرە ژیان بەرنەسەر. بۆیە ئەگەر گۆرانکاری گەورە روونەدات ئەوا پێم وایە مرۆڤ ناتوانێت خۆی بگەیەنێتە پلەیی بوونی خودای خۆی.

کاتی ئەوەیە بیرمەندو هزرفەیلەسوفان چیتر پاشگوێ نەخرێن و لەگۆشەنیگایەکدا قەتیس نەکرێن ئەوا دەبێت بکەونە جولەو مرۆڤ بگەرێننەوە سەررەوتی مرۆڤایەتی و پێکەوە ژیانێکی عەقل گەرایی. دەبێت مرۆڤەکان ئەو پسیارە لەخۆیان بکەن تاکەی فەیلەسوف و بیرمەندەکان بنوسن؟ پێم وایە نوسین کۆتایی هات لەروی مرۆڤ بونەوە چونکە (بوون) دەرکەوت کەمانای چۆنە کەلەکۆتایشدا بەورترلەمانای بوونی فراوان تێبگەن روونی دەکەمەوە

## ((دەوڵەتی مەزن))

لەجیهانی ئێستاماندا كۆمەلیك رێكخراوی باڵای نێودەوڵەتی بونیان هەیە هەروەك (كۆمەڵەی گەلان و نەتەوەیەكگرتوەكان) ئەم دوو رێكخراوە نێودەوڵەتیەی مرۆڤەكان لەزەمەنێكەوە بونیان هەیە بەڵام وەك پێویست نەیانتوانیوە هەموو ئەركە گرنگەكانی مرۆڤایەتی راپەرێنن و بوبنە مینبەرێك بۆ كەم كردنەوەی ئازارەكانی مرۆڤ كەلەنیشتیمانەكانی خۆیاندا بەهەربیانویەك بێت دەچەوسێندرێنەوە.

بۆیە لێرەدا ئەوەی گرنگە لەمەولا (رێكخراوێكی تر) شوێنگرەوەكانی ئەمان بگرێتەوە یا بەجیا لەپێناو كۆمەلێك ئامانجی مرۆیی دروستبكرێت بۆراپەراندنی سەرجەمی تەنگژەكانی سیمبەندی مرۆڤ، كارو ئەركەكانی ئەم رێكخراوە بریتی بێت بۆ راچلەكینی گەلان لەدەست چەق بەستویی (كەللتورو دین و ئایدلۆژیای) چەق بەستویی، واتا بەدەنگەوە هاتنی مرۆڤەكان لەرووی هەموو ئەو سیستەمانەی كەبونەتە مایەی پوكانەوەی بوونی مرۆڤ و دەرهێنانیان بۆ دونیایەكی مرۆدێرنێتەو سەردەمی عەقل گەرایی مرۆڤ بوون.

جگەلەمەش ئەم رێكخراوە سەركردەكانی بریتی بن لە بیرمەندو بلیمەتەكانی جیهانی مرۆڤایەتی نێودەولەتیەكان و هەموو ئەم خاڵانە بنوسن كەبونەتە مایەی پوكانەوەی مرۆڤ و

رزگارکردنیان. واتا تێکشکاندنی عەقڵی دین و کەلتورو ئایدۆلۆژیا کەبەسەرمرۆڤەوە بونەتە بار لەناو هەناوی یەك نیشتیماندا.

هەروەها بوژاندنەوەی ئابوری سەرجەمی وڵاتانی هاوشێوەو بوونی عەدالەت لەناویاندا ئابوری ئێستای سەرزەوی چونکە مرۆڤەکان هەرکەسەو بۆخودی خۆی بەکاردەهێنێت ئەوا هیچ لایەنێکی رەچاوکردن و بوژاندنەوەی لەناودابوونی نیە.

مەبەستم ئەوەیە ئابوری ولاتانی جیهان هاوشێوەنین هەیانە پشتی بەسامانی ژێرزەوی بەستوەو هەشمانە بەسامانی سەرزەوی بەستووە کەهەردوکیشیان چەندان جۆرێکن، گەر ئەو وڵاتانەی دەمێکە پشیتیان بەسامانی ژێرزەوی بەستووەو لێی سودمەندبوونە ئەوا رەنگە بەدیلیان نەبێت بۆرۆژێك لەرۆژان ببێتەوە بەشوێنگرەوەی.

هەروەها ئەو ولاتانەشی کەلەمۆدێرنەدان و پشتیان بەم سامانەی کرینی ژێرزەوی بەستوە نەبونەتە هۆکارێك بۆدابەشبوونی عەدالەتی ئابوری جیهانی کەلەئێستاوە وڵاتانی چەق بەستوو وەها رزگاربکات کەپشت بەئابوریەکی چاڵاکەوە ببەستێت و ئەوانیش هەم هاندەریان بن و هەم کریار.

هەروەها خستنەناوی زانست و هەڵتەکاندنی چەق بەستوەکان کەپێوەی دەنالێنن بەتایبەتی لایەنی رەچاوکردنی باری ئابوری ئەم جۆرە ولاتانە گرنگە و لەبەرچاو بگیرێن، هەلبەتە ئەم کارانەش بەبەرنامە دارێژ دەبن و سەرجەمی ئەو گەلانەش

لەژێردەستی ولاتانی تر رزگاربکرێن و ببن بەخاوەنی حوکمرانی خۆیان لەژێرسیستەمێکی مرۆیی هاوچەرخدا.

کاتێك ئەم رێکخراوە بۆئایندە توانی کارەکانی خۆی راپەرێنێت ئەوا دەشتوانێت ئەم رێکخراوە هاوشێوەی (دەوڵەتێکی) مەزن دروست بێت لەسەروی هەموو دەوڵەتەکان و کارەکانی بریتیبێت بۆ لێپێچینەوەی سەرجەمی ئەو دەوڵەتانەی کەلەژێرسیستەمێکی چەق بەستودا مرۆڤەکانی دەچەوسێنێتەوەو گۆرینی سیستەمی پەروەردەی یی و بەرەو پێشبردنی خوێندن لەرووی مرۆیەوە.

جگەلەمەش لەدونیای مرۆڤایەتیدا بەهۆی جیابونەوەی لەنیوان دین و کەللتورو سنوری یەك نیشتیماندا ئەم مرۆڤەی لەزۆر روانگەیەوە بێ هێزکردوەو هەم دیسان بەدیوێکی تردا وونی کردووە ئەم ونیەی وایلێکردووە لەکۆشە نیگای ناو ئایندا و ناو یەك سیستەمی داخراودا خول بخواتەوەو زۆرجاریش بکەویتە بەرهەرەشەی ئابوریەوە.

ئابوری ئیستای سەرزەوی لەرووی نیشتیمانەکانەوە هاوشێوەنین هەرکۆمەڵگایەو بەجیا لەگەل کۆمەڵگایەکی تر خاکەکەی بەپیتەو جۆرێك لەجۆرەکان پشتی بەکانزا یا ناکانزاکانەوە بەستوە بەتایەبتی سامانە ژێرزەویەکان کەئەمانە گەرلەئێستاوە بوبنە خۆشبەختی بەشێك لەنەتەوەکان ئەوا رەنگە بۆدوارۆژ ئەم خۆشبەختیانە هەمووی پێچەوانەببنەوە بۆمرۆڤەکان.

چونکە رۆژێك دێت ئەم سامانە بونیان نامێنێت ئەوکاتیش ئەودەولەتەی پێویستی پێیەتی بۆفرۆشتن پەکی بکەویت و ئەودەولەتەشی دەیکرێت بەهەمان شێوە پەکی بکەویت جگەلەمەش مادام زەوی مرۆڤایەتی هی هەموو مرۆڤەکانە ناکرێت چیتر (ئاین و نەتەوە پەرستی و کەلتورو جیاوازی رەگەزایەتی و بونیان بمێنێت چونکە ئەمانە هەگیز نەبونەتە یەکخستنەوەی مرۆڤەکان لەسەر زەویدا. دینەکان هەرگیز یەکترقبوڵناکەن ئەم قبولنەکردنەش هەمیشە بونەتە کێشەی مرۆڤەکان ئەم کێشانەش لەمالویرانی زیاتر هیچ شتێکی ترنین. کەللتوریش زۆرجار هاوشێوەی ئاینێکی لێ هاتووە کەتێیدا بەهۆی ئەم کەللتورانەوە زۆرجار رووح لەمرۆڤەکانی سەندراوەتەوەو وەك شەرمەو عەیبە ناتوانن خۆیانی لێ رزگاربکەن ئەمە هەمیشە بوەتە کێشەیەکی مەزن بۆمرۆڤە ژیرەکانیش لەناو هزری دواکەوتوی کۆمەلگاکان کەزۆرجار ئەمان بروایان پێی نیەو کەچی خەریکە بەسەریشدا دەسەپێندرێت.

پسیارەکە ئەوەیە ئەگەربمانەوێت دین نەمێنێت ئەوا پێم وایە شتێکی خەیاڵیە و ناشکرێت مافی ئەوانە پێشێل بکرێت کەهەلگری عەقڵی دینن، هەروەها ئەگەربشمانەوێت چیتر دەولەتی نەتەوەیی بونی نەمێنێت ئەمەش هەرخەیالەو هیچی تر.

بەڵام بۆئەوەی هەموو ئەمانە رێك بخرێن ئەوا بەپێویستی دەزانم لەسەرگۆی زەوی ئێستای مرۆڤایەتی یەك دەولەتی مەزن دروست بکرێت کەتێیدا لەسەرجەمی دەولەتان و کۆمەلگاکان

هەريەكەو فەيلەسوفى خۆى لەم دەولەتە دا هەبێت و لەوێوە چاودێرى بخرێتە سەرهەموو دەولەتانى جيهان و شتێك نەمێنێتەوە پێى بگوترێت چەوساندنەوەى مرۆيى كەدەبێت سەرجەمى دەولەتان بێنە ژێربالى و ئەوان چاودێرى وردبكەنە سەرهەموو روانگەكانى كۆمەلگا كەنابێت هيچ كۆمەلگايەك لەژێرهيچ ئاينيك و ئايدۆلۆژياو سەركردەيەكى خۆسەپێن كۆمەلگاكەى بسەوسێنێتەوە يابێتە باربەسەرياندا بۆيە دەكرێت ئەمە لەئێستاوە رێكبخرێت كەتائێستا بوونى نيە بۆيە ئەوەى من ئەمەوێت ئەوەيە لەسەرجەمى شەقامەكانى كۆمەلگاكانى جيهان هەلبواسرێت (مرۆڤ ئازادە لەناو عەقلّى ئازادا) بەمەرجێك وەك ووتم سەرجەمى سيستەمەكانى جيهان بەمجۆرە رێك بخرێن و بێنە ژێربالّيەوە.

هەروەها لەوێدا چاودێرى هەمووشتێك بكەن وەك هەلبژارندەكانى كۆمە لگاكان و داماليىنى چەك و ئازادبوونى مرۆڤ لەناو هەناوى هەرنيشتيمانێك كەبيەوێت بۆى بچێت بەمەرجێك ئەم تاكە لەسەررەوتى عەقلّى پەتى پەروەردەبكرێت واتا مرۆڤى رووت لەعەقلدا.

جگەلەمەش لەزۆرينەى كۆمەلگاچەقبەستوەكانا شتێك نيە فرياى ناوەوەى ئەم كۆمەلگايەبكەويت بتوانێـ رزگاريان بكات بەدەست چەقبەستويى و لەمێژينەشدا هەرباوبوە ئەگەر كۆمەلگايەك بەمجۆرە تێكەوت ئەوا بيرلەچارەسەرى راپەرين كراوەتەوە هيچ كات شتێكى وەها دروست نەكراوە ئەم جۆرە

کۆمەڵگایانە بەرلەوەی راپەرین تێیدا روبدات ئەوا چارەسەربکرێن و بەدەنگیانەوە بچن.

بۆیە ئەگەر ئەوەی لەسەرەوەئاماژەم پێی دا بخرێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە ئەوا لەسەرزەوی مرۆڤایەتیدا هیچ شتێك نامێنێتەوە پێی بگوترێت کێشەی مەزن و بەمجۆرە مرۆڤ دەکەوێتە سەرسکەی خۆی.

هەروەها هەموو ئەوکێشانەش چارەسەردەکرێن کەبوونەتە کۆچی مرۆڤەکان بۆئەوناوچانەی کەکێشەکانیان کەمترن و تێیدا تارادەیەك مافی مرۆڤەکان پارێزراوە.

وێرای ئەمەش دەبینم لەسەردەمی دوای (10) هەزارساڵ لەشارستانیەت کەچی هێشتا نەتەوە بوونی هەیە کەبەمافی رەوای خۆی نەگەیشتوەو مرۆڤ لەسەری هێشتادەبێتە قوربانی و خەباتی شۆرش و چەکداری، بۆیە دەبێت ئەم جۆرە نەتەوانە بەمافی خۆیان شادبن و خۆیان ببن بەرێبەری ولاتی خۆیان، جگەلەمەش ئەگەرئەمەش بوونی نەبوو ئەوا دەبێت مرۆڤەکانی ناو ئەوجۆرە نیشتیمانانە بەویستی خۆیان ژیان بەرنەسەرو نابێت گوشاری بەزۆربخرێتە سەریان کەزۆرجار لەژێرهەیمەنەی نەتەوەی تر دەچەوسێندرێنەوە. بۆیە دەکرێت ئەگەرحاك و نیشتیمانیش بەلاوە بندرێت ئاساییە بەلام دەبێت ئەمجۆرە نەتەوانا هاوشانی نەتەوەی تر بەمافی مرۆڤ بوونی خۆیان بگەن و

نەکەونە ژێرهیچ گوشارێکی ترەوەو دەبێت مافی بوونیان بۆدابین بکرێت کەهاوشانی مرۆڤ بژن.

جگەلەمەش کەپێویستە هەڵوێستەی لەسەربکرێت ئەویش ئەوەیە بازرگانی کردن بەمرۆڤ بەتەنیابریتی نیە لەکرین و فرۆشتنی لەش بەڵکوو بارزگانی گەورەبەمرۆڤ بوون ئەوکاتەیە کاتێك کۆمەڵگابکەوێتە ژێرهەیمەنەی ئاین یاکەللتورێکی بێ بنەو یاسەرکردەیەکی هزردیکتاتۆر، ئیتر لەوێدا مرۆڤ ناچاردەکرێت بێ ویستی خۆی بژی کاتێکیش ئەمە بوونی هەبوو ئەوا شتێك نامێنێتەوە پێی بگوترێت نەبوونی بازرگانی بەمرۆڤ. بۆیە کەووتم پێویستە دەوڵەتی مەزن بەمجۆرەی کەباسم کردبێتە بوون.

((پیرو پەککەوتە))

لەکۆمەلگای مرۆڤایەتیدا چونکە گەلان زۆرینەیان لەبێ سیستەمیدا گەورەکراون بۆیە زۆرجار کەرامەت شکاندن و بێ رێزیەکی زۆربەپیروپەککەوتەکانەوە دەکرێت، حکومەت ئەگەر توانیبێتی بەشێك لەخەلوەتەکان بکاتەوە بەڵام ئەم خەلوەت کردنەوانە دەبێت لەسەر ئەساسی مرۆڤایەتی پەرەی پێ بدرێت،

واتا دەكرێت باشترین و خۆشترین شوێن بۆسەرجەمی پیروپەككەوتە دابین بكرێت لەوێدا حكومەت خزمەتیان بكات بۆئەوەی ئەم پیرانە نەبن بەوەی رووح لەنەوەكانیان بستێنەوەو ژیانی خۆیان بەفیرۆبدەن لەپێناو بەخێوكردنیان بەلكوو دەبێت هەموو پیروپەككەوتەیەك لەكۆمەڵگا دووربخرێنەوە بەویستی خۆیان و بخرێنە خەلوەتگا لەوێدا چۆن دلنەواییان دەكرێت بەمجۆرە خزمەتبكرێن شوێنی خەلوەتگادەبێت سەرجەم ویستی پەككەوتەكان بێت چونكە ئەوان هەمیشە ئارەزوویانە هاوشێوەی خۆیان هاورێیان هەبێت و شوێنەكەیان هاوینەهەواربێت و دلرفێن بێت نەوەك لەژورێكا دابخرێن و دەرونیان پربێت و هاوشێوەی گرتوخانەبێت، بەلكوو دەبێت لەوپەری مرۆڤایەتیەوە رێزلەم پیروپەككەوتانە بگیرێت و لەوێدا بەیەكەوە هاوریەتی یەكتربكەن و دەشكرێت كەس و كاریان ناوەناوە سەردانیان بكەن و خۆشەویستی یەكتربۆیەكترهەلبرێژن، گەرئەمانە بەشێوەیەكی جوان خزمەتبكرێن و كەس و كاریان دلنەوایان بدەنەوە ئەوپەری مرۆڤایەتی دەچەسپێندرێت و لەوێشدا تاكۆتایی بەژیانیان دێت.

((نەخۆشی دەروونی))

لەراستیدا شتێك بوونی نیە بەناوی نەخۆشی دەرونیەوە بەلكوو ئەوەی نەخۆشی دەرونی دروستەكات ئەوا قەتیس كردنی تاك و كۆمەلگایە لەویستەكانیدا، تاكێك یاكۆمەلگایەك گەربێ

بەش كرا لەویستی حەزەكانی یا لەجۆرێك سیتەمی بێ بنەمادا گەورەبوو ئەوا هەمیشە دەرگایەكە بۆ رووخانی دەرونی مرۆڤەكان روخانی مرۆڤ پەیوەستە بەچواردەوریەوە، گەرلەسەرەتاوە بونێك بەشێوازێكی بلنگۆیی مرۆیەوە لەكۆمەلگایەكی تەندروستدا پەروەردەبكرێت هیچ شتێك بوونی نیە پێی بگوترێت (نەخۆشی دەرونی).

پێم وایە نایەكسان بوون و حەزو ویستی مرۆڤێك ئاوەلابوونە بۆ دروست بوونی نەخۆشی دەرونی، هەروەها تێنەگەیشتوی تاك لەبەرامبەر چواردەوریداو دروست بوونی بەشێوەیەكی لاوازوو بێ وورە هۆكار زۆرێكن بۆئەم نەخۆشیەو پەرتەوازە بوونی و دارمان و روخانی.

بۆیە دەكرێت مرۆڤەكان لەسەرەتاوە رابهێندرێن بەخۆشەویستی و تێكەلبوونیان لەسەر ئەساسی مرۆڤایەتی، ئەگەرئەمرۆ سیاسەت بوبێتە هۆكارێك بۆبەرژەوەندی لایەنێكی بەرامبەرە ئەوا لەمەولا بوونی ئەم سیاسەتە دەبێت بۆمرۆڤایەتی بێت نەوەك زاڵبوونی لایەنێك بەسەرلایەنێكی ترداو رەچاونەكردنی بەرژەوەندیەكەی.

ئەمانە هەمیشە هۆكارێك بوونە بۆ دلتەنگ بوون و پوكانەوەی رووحی مرۆڤەكان، بۆیە سیستەمی تێكەڵ بوون و پەروەردەكردن و بەهێزكردنی مرۆڤەكان هۆكارێكە بۆ نەهێشتنی ئەم نەخۆشیە بێ بنەمایەدا.

بەكورتی لەهەرجێگایەك گەمژەیی بوونی هەبێت ئەوا هەمیشە دەرگایەكە بۆنەشوونماكردنی نەخۆشی دەروونی چونكە

گەمژەیی یەکێکە لەمەترسیەکان کەهەمیشە بۆسەر ژیرەکان تەنگەژەی دروست کردووە ئەم تەنگەشەیە کاروکاردانەوەی خۆی بینیوە بۆسەرنەوەی داهاتووش.

((شوێنگرەوەکانی سەربازی))

دوای ئەوەی سەرجەمی ولاتان تێکۆشان بۆلەناو بردنی چەك و بەرەو رێکەوتنی گەلان بۆ عەقل گەرایی مرۆیی ئەوا دەتواندرێت گەنجان و لاوان لەجیاتی بەسەربازی کردنیان ئەوا بتوانن جۆرێك لە پەروەردەیی (ژیری) دروست بکەن کەبۆماوەی سالێك گەنجەکان بەپێی تەمەنی شیاوبونیان هەلبدرێنە گۆشە تەنیایی و لەوێدا راهێنانی دەرونیان لەگەل بکرێت و فێربکرێن و راهێنانی جەستەیی و عەقلی بکرێن لەم سیستەمە پەروەردەیەدا مرۆڤەکان راهێنانیان لەگەل بکرێت بۆئەوەی لەرووی دەرونی و جەستەیەوە بەهێزبکرێن لەژیاندا لەمانای بوونی خۆیان تێ بگەن ، ئەم جۆرە سیستەمە هاوشێوەی شارێك دروست بکرێت و سالانە سەرجەمی ئەو مرۆڤانە لەخۆبگرێت کەتێیدا پەروەردەبکرێن کەلەهەموو رویەکی ژیانەوە ربهیندرێن و لەوێدا ژیان بەجۆرێکی تر ببینن و بەهێزبکرێن و وانەکانی مرۆڤ بوونیان تێدا بگوترێتەوەو هەروەها زۆرینەی خوێندنەوەی رۆمانە بەهێزو کاریگەرەکان و هزری فەلسەفی بنەرەتی وانەکانی پەروەردەیی بن و مرۆڤەکان لە جۆری

توندوتیژی و لێك تێنەگەیشتن رزگاربکرێن و لەوێدا فێربکرێن چۆن و لەچ رویەکەوە یارمەتی مرۆڤەکان بدرێت، لەجیاتی ئەوەی دەستی یارمەتی مادیان بۆدرێژبکرێت ئەوا دەبێت درێژکردنی دەستی عەقڵی مرۆیی بێت واتا (ژیرکردنی مرۆڤ) لەسەروی هەموو یارمەتیەکی بەزەیانە بێت. چونکە بەژیرکردنی مرۆڤ دەتواندرێت ئەو مرۆڤە لەسەرجەم ژێردەستەیەکان و چەق بەستویی خۆیدا رزگاری بێت. دەکرێت ئەم سیستەمە لەوەرزەکانی هاویندا بکرێت یالەسەرجەم وەرزەکان دوو مانگ بکرێت بۆماوەی یەك ساڵ کچ و کوربەیەکەوە دوورلەکەس و کاریان بن لەم شارەدا سەرجەمی پسیۆرە دەرونی و زانستی و پزیشکیەکان و بیرمەندان وانەکانی خۆیان هەبێت لەگەل مامۆستای وەرزشی، ئەم شارەش دروستکراوی حکومەت بێت و بۆسەرجەم پایەکانی بنیادی مرۆڤەکان هەموو وانەیەك لەخۆی بگرێت و کاتێکیش ئەم مرۆڤە لەوێ پێگەیشت مۆڵەتی پێ بدرێت بگەرێتەوە ناو کۆمەلگاو لەوێشدا سەرجەمی وانەکان بەکرداری لەناو کۆمەڵگاکەی جێ بەجێ بکات بۆئەوەی ئەم کۆمەلگایە لەرووی جەستەیی و دەرونیەوە لەسەرجەمی کێشەکان بەدووربێت و باشترین کۆمەلگای لێ دەربچێت.

هەروەها لەوێدا حەقیقەتی ئینسانیان لا بچەسپێندرێت کەئەوجیهانەی ئێستا جیهانێکی راستی نیەو کۆمەلێك ئەسپایی (ئایدۆلۆژیاو دین و کەللتور هەڵی چنیوە، جابۆئەوەی مرۆڤ لەراستی بوونی خۆی تێبگات دەبێت ئەم سیستەمە پەیرەو بکرێت مرۆڤ لەسەر بنەرەتی سروشتی خۆی پەروەردەبکرێتەوە.

(دروست کردنی چەك)

مرۆڤ هەرلەگەڵ گەشەکردنیەوە بۆبەرگری کردنی لەخۆی چەکی بەکارهێناوەو ئەمەش بوەتە خەسارەیەکی زۆرلەم مەخلۆقەو لەژینگەکەی، کەلەدێرزەمانەوە بەم جۆرە هێناویەتی و بۆهەرکارێکی پەیدابون و سەرهەڵدانی کێشە ئەوا پەنای بۆچەك بردووە، ئیتر بێ ئاگابووە کۆمەڵگای گەلان گەربێت و رووحی مرۆڤ گەرایی لەنێوانیان بونی هەبێت ئەوا هەرگیز کاری لەم جۆرە رووینەدەدا کەمرۆڤ لەپێناویدا بکرێتە قوربانی کەتائێستا بەملیۆنان مرۆڤی ئەم زەویە بێ هیچ مرۆڤی بۆکراوەتە قوربانی و مال وێرانی خۆی.

ئێستا شەرکردن خۆبەخۆی میللەتان لەسەر کۆمەڵێك شتە وەك بەرژەوەندی ئابوری، خۆفەرزکردنی دەولەتێکی زلهێز بەسەر دەولەتیك و ناوچەکی تری قارەییدا، گەربێت و ئابوری وڵاتان باش بکرێت و ئەوبەرهەمانەی دێنە بەرهەم مرۆڤایەتی لەگەڵدا رەچاوبکریت واتا زێدەرۆیی نەبێتە هۆی وون بوونی مرۆڤ ئەوا پێم وایە شتێك نامێنێتەوە پێی بگوترێت کێشەی ئابوری، هەروەها وڵاتانی پێشکەوت و زلهێز گەربێت و وڵاتە دواکەوتوەکان لەم دواکەوتویەدا رزگاربکەن کەبەدەست (ئایدۆلۆژیاو سەرکردەی دینیەوە) خۆیان کردۆتە خودایەکی بی ناوەرۆك بەسەر میللەتەکانی خۆیانەوە ئەوا هەم دیسان شتێك

نامێنێتەوە پێی بگوترێت کێشەی دەوڵەتان، بەڵام کەدەبینم تائیستا کاربۆئەم پرسە گرنگانە نەکراوەو مرۆڤ لەوەتەی هەیە لەم کێشە دروستکراوانەدا بوەتە قوربانی.

لیرەدا تەنیا ئەوە ماوە کەبیلێم ئەوەیە مرۆڤەکان زۆرن لەسەرزەوی کەخۆیان بەرووت هەژماردەکەن بەڵام ئەم روتیە نیە کەئەوان بانگەشەی بۆدەکەن، واتا ئەگەر ئەم جۆرانە لەجەستەدا روت بن ئەوا زۆرغیاب بوونە لەرووتی عەقڵ، چونکە عەقڵ گەر رووت نەبێت ئەوا هەمیشە مشتومرەکانی مرۆڤ بێ هودەدەبن.

ئیتر کەلەدوای ئەوەی ئەم بابەتەم بڵاو کردەوە هەستم کرد دوای چەند رۆژێك لەگۆرانکاری هزری گەورە لەسەرزەوی قارەکاندا روویدا، چونکە ورووژاندنی بابەتێکی لەم جۆرە راچڵەکینێکی بەهیز بەمرۆڤ دەدات کەبەهۆش خۆی بێتەوەو لەم جیهانە بی ئاگایەیدا چیتر خۆی وون نەکات، چونکە ئەگەر خودی ئەوروپیەکان لەولاتێکی ئارامدا بۆخۆیان ژیان بەسەربەرن ئەوا خۆیلەخۆیدا چەقبەستویی وڵاتەدواکەوتوەکان بۆئەوان بوەتە کێشە بەتایبەتی لەرووی کۆچ کردنی مرۆڤەکان بۆلای ئەوان و حاوانەوەیان بۆلای ئەوان، هەروەها گەربێت و سیستەمی عەقڵی کۆنی ئەم وڵاتە دواکەواتوانە بگۆردرێت بەرەو شارستانیەت و مۆدێرنە ئەوا چیتر ئەم خەڵکە لەوڵاتەکانی خۆیانا بەرەو ئەوروپا کۆچ ناکەن و ناشبن بەبار بەسەر ئەواندا، بۆیە ئەرکی سەرشانی ئەوروپیەکانە لەئێستاوە کاربۆئەو پرسە گرنگە

بکەن، لەلایەکی تریشەوە وەك ئاماژەم پێی دا کۆمەڵگایەکی چەق بەستوو کەپریەتی لەخورافەو تەنگی بەمرۆڤەکان هەلچنیوە و ئیتر هەمیشە گەرایەکیشە بۆ دروست بوونی ئایدۆلۆژیای توندرەوو گروپ و رێکخراو بەناوی دینەوە سەرهەڵدەدەن و هەرئەمانەشن وای لەم کۆمەڵگایانە کردووە چەق بەستراوبن.

بۆیە ئەوروپا دەبێت هەست بەم حاڵەتەی خۆی بکات و وەك چۆن (رێنسانسی بوژاندنەوە) لای ئەوان سەری هەڵدا ئەوا دەبێت لەم کۆمەڵگایەنەشدا هەمان شت بێتە ئاراوەو چیتر مرۆڤ لەژێرسێبەری حوکمی سوڵتانی و ئایدۆلۆژیای چەق بەستوو بەدەستی سەرکردەیەکی عەقڵ مردوو نەبرێن بەرێوە.

ئەوەی ماتەوە بیڵێم ئەوەیە بۆیە پێویستە سەرکردەکانی کۆمەڵگاکان بگۆرێن یا لەهزردا گۆرانکاری لەخۆیانا بکەن ئەم گۆرانکاریەش بەوە دەستپێدەکات کەزەوی مرۆڤایەتی بەهیخۆیان بزانن گرنگی ئەم زانینەش دەبێت لەروانگەی (گۆرانی کۆمەلگاو، سیاسەت و ئابوری) بەخۆیەوە ببینێت واتا بەتەنیا سەرکردە تەنیا بۆگەلەکەی خۆی بیرنەکاتەوە بەلکوو لایەنی مرۆڤایەتی رەچاو بکات و کارەکانی بۆپێداویستی مرۆڤ و ژینگەو زانست بێت، هەروەها بیرلە سیستەمێکی تۆکمە بکاتەوە کەچیتر مرۆڤ بەهۆی نەبوونی پەروەردەی عەقل گەرایی نەبێتە قوربانی، واتا لەبێ سیستەمی پەروەردەکردنی مرۆڤ نەوەستێتەوە، چونکە مرۆڤ کەخودای سەرزەویە دەبێت

بەباشترین شێوە پەروەردە بکرێت بۆئەوەی هەڵەی مرۆڤەکان نەبێتە لەگۆرنانی خەونی مرۆڤە ژیرەکان، پسیارەکە ئەوەیە سەرکردەیەك تائێستا ئامادەبێت لەبێ سیستەمیدا بەردەوامی بەدادگابدات ئەی بۆچی نەتوانێت رۆڵی ئەم دادگایە لەکۆمەڵگاکانا بونی نەمێنێت یاکەم نەکرێتەوە کە رۆژنیە لەسەرزەوی تاوانی گەورەی مرۆڤەکان تێیدا روونەدات، ئایا ئەم مرۆڤە خۆلەچیاو دەشت و ناو دڕندەکان گەورەنەکراوە؟ ئەی بۆچی لەناو سیستەمی پەروەردەو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گەورەبوەو کەچی تاوانیش دەکات، هەڵبەتە هۆکاری ئەمە هەمووی بۆ بێ سیستەمی دەگەرێتەوەو بەس.

((زانست))

قسەکردن لەسەر زانست زۆرهەڵدەگرێت کەپەیوەستە بۆسەرجەمی ژیان، بەڵام ئەوەی گرنگە بەلایەنی زۆرگرنگیەکەیەوە سەیری ئەم چەمکە بکەین نەوەك هەروەك شتیکی هاکەزایی و بەس.

لەجیهانی مرۆڤایەتیدا زۆر کارکراوە بۆخزمەتی مرۆڤایەتی بەڵام زۆرینەشیان پێم وایە لەزێدەرۆیی زیاترهیچ شتێکی ترنین، ئەمانەش زۆرن گەربێت و قسەیان لەسەربکرێت بەتایبەتی مۆدێرن واتا لەسەر مۆدێرنە چونکە پێم وایە مۆدێرنە هێشتا

نەگەیەشتۆتە ئەوئاستەی کەئیتر لەدروستکردنی بوەستێت واتا گەر ئامێرێك بۆپێداویستی ژیان دروست بکرێت ئەوا رەنگە کۆتایەکەی نەبێت و لەدوایدا لەسەر هەمان مارکە بەڵام بەجۆریکی تر دروست دەکرێت ئەمەش خۆی لەخۆیدا بوەتە زیادە مەسروفیەك لەناو مرۆڤایەتیدا.

جگەلەمەش زانست گەربەم جۆرە لەگۆشەنیگایەکا گیرۆدەبوبێت ئەوا لەلایەکی تریشەوە بەهەمان دەردی خۆی چوە بەتایبەتی لەدروستکردنی چەك و تەقەمەنیدا ئەمە وایکردووە جگەلەوەی لایەنی دەرونی مرۆڤایەتی تێکەداوە هەروەها بوەتە هۆکارێکیش مرۆڤ بەم جۆرە گەشە بکات و لەگەل گەشەسەندنی چەکیشا گەورەبێت، واتا ئەمە پێم وایە بوەتە هۆکارێك مرۆڤ لەجیاتی ئەوەی بیرلە چارەسەریەکانی عەقڵ و ژیری خۆی بکاتەوە ئەوا ئەم لایەنەی وەپاش داوەو لەجیاتی ئەمە چەکی بەکارهێناوە.

وێرای ئەمەش ئێستای جیهانی مرۆڤایەتی بەکۆمەلێك نەخۆشی کوشندە گیرۆدەبووەو تائێستا چارەسەریەکی پیویستی بۆنەدۆزراوەتەوە ئەمە وایکردووە هەم دیسان مرۆڤ لەم روانگەیەشەوە چەق بەستراو بێت و لەزانستا پاشکەوێت و نەتەوانێت چارەسەری هەموو ئەو نەخۆشیەکوشندانە بکات کەلەئێستاوە تەنگەی بەمرۆڤەوە هەلچنیوە.

بۆیە پێویستە بەلای منەوە زانست بەمانا زانستیەکەی کەوێتە کارو هەمووکارێکی تەنیا بۆخزمەتی مرۆڤایەتی بێت و بەس،

ئەمەش بەوەدەکرێت گەلانی هەژار لەوچەقبەستویە رزگاربکرێن کەجیهانی سەرزەویان گرتۆەوە.

((دروستبوونی دیکتاتۆر))

لەکۆمەڵگای مرۆڤەکانا ئەوەی مرۆڤێك دەگەیەنێتە لوتکە هەرمۆڤەکانن و ئەوەشی لەتوکەدا بۆدوو ئاراستە دەبات ئەوا هەم دیسان مرۆڤەکان خۆیانن، بەڵام زۆرجار مرۆڤ لەم نێوەندەدا وونە بێت واتا وون بوو هەم لەناو کۆمەلگاکان و وون بوو هەم لەلوتکەی دەستەڵات.

وون بوون لەکۆمەلگاکان لەکاتێکایە کاتێك کەسێك دەپاڵێون بۆلوتکەی دەستەڵات گوایە ئەم کەسە لەگەڵ ویستی ئەوانا دێتەوە، بەڵام لەگەل گەیشتنی بەلوتکەکە ئەوا پێچەوانەی ویستی خەڵك و خۆشی دەبێتەوە، واتا لەلوتکەدا چونکە خۆی کردووە بەخودایەکی بێ ناوەرۆك بۆیە ئەم بێناوەرۆکیەی دەبێتە بەلایەك بەسەر کۆمەڵگاکەیدا ئەوەی بەم جۆرەی دەهێڵێتەوەو بەم جۆرەی دروستی کردووە ئەوا بێ ئاگایی کۆمەڵگاکەی خۆیەتی کەلەچەپلەی کۆیلەکانا ئەم کەسە قەلایەکی بۆخۆی دروست کردووە کەزۆر جار لەکارەکانی هەڵەشیدا هەرپێی وایە راستەو ئەم ناراستیەشە بوەتە بەرگریەك کەلەخۆی بکات گوایە هەرکارێك کەدەیکات بۆ خزمەتی کۆمەڵگاکەیەتی، بەڵام زۆرجار ئەم خزمەتەی گوایە لای ئەو بەخزمەتی گشتی

هەژارماردەکرێت ئەوا زۆرینەی کارەکانی نامرۆڤایەتیەو پاڵپێوەنانیەتی بۆ (دیکتاتۆریەت).

لێرەدا دوو ئاراستەی دژ بەیەك دروستەبێت، ئاراستەیەك هەرسورە لەسەر بەرگری ئەم جۆرە سەرکردەیەو ئاراستەی دووەمیش هەرۆنێك بێت دەیەوێت ئەم کەسە لەلوتکەی دەستەڵاتە بێنێتە خواردوو کەسێکی شیاوتری بۆدابنێت، بەڵام لێرەدا ئەگەرچی ئەم جۆرە نالەباریە لەناو خودی نەتەوەیەکا بەدی دەکرێت بەلام ئەم بارە نەخوازراوە والە کۆمەلگادەکات بۆرق و کینەو هەلگیرسانی شۆرش و بەرخودان دێتە ئاراوە، کەهەم جارێکی تر پشێوی دەکەوێتە ناو گەل و لەسەرجەمی ئارامیەکان بێ بەش دەکرێتەوە.

لێرەدا ئەوەی غیابی هەستەکیەکانە کەئەم میللەتە بەم جۆرە ئاراستەیەی بردووە دوو تێزن لەبیرو هزردا، یەکەمیان رۆشەنبیرانی ناو میللەتەکە خۆی کەغیاب بوونە گەلەکەیان بەم جۆرە ئاراستە بگرێت، دووەمیان بێدەنگ بوونی گەلانی دوونیا لەئاست دروست بوونی سەرکردەیەکی لەم جۆرە کەببێتە مایەی چەوساندنەوەی گەلەکەی خۆی و ئاراستە بردنیان بەرەو هزری دیکتاتۆریەت.

پسیارەکە ئەوەیە بەرلەوەی دیکتاتۆرێکی لەم جۆرە دروست بێت ئەبوایە گەلانی دوونیا هۆشداریەکی بەپەلە ئاراستەی لەم جۆرە سەرکردەیە بکەن بۆئەوەی لەسەرەتاوە ئاگاداربکرێتەوە کەنابێت مرۆڤەکانی ناوەخۆت بەم گوشارە نامرۆیە بنالێنن و

بەئاراستەیان بەرێت کەجارێکی تر بیرلە شەری ناوەخۆ و پەژارەی هاولاتیانی بێت.

بۆیە پێم وایە ئەوەی رێگەپێدەدات (دیکتاتۆرێك) لەسەر زەوی دروست بێت ئەوا غیاب بوونی هەستی مرۆییە جاچ لەناو خودی گەلەکەیەوە بێت یا لەدەرەوەی کۆمەلگاکەدا، وەك کۆمەلگای گەلانی دوونیا کەلەسەرەتاوە بێدەنگن لەئاست ئەم جۆرە سیاسەتە چەوتەی مرۆڤایەتی تێی کەوتووە، بۆیە پێم وایە سەرەتای هەمووشتێك بۆچەق بەستووی مرۆیی لەسەرزەوی (گەمژەییە) چونکە لەگەمژەیدا هەمووشتێکی نامرۆڤانەی لێ چاوەروان دەکرێت، چونکە گەرمیللەتێك لەگەمژەیدا رزگاری بوو ئەوا هیچ ولاتێکیش ناتوانێت بەسیاسەتێکی چەوتانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

ئەوەی سیاسەتێکی چەوتانەشی خولْقاندووە ئەوا بەدەربوونی مرۆڤە لەمرۆڤ بوونی خۆی، واتا ئەگەر تائێستا (سیاسەت) بۆ باشترکردن بوبێت ئەوا هەمیشە ئەم باشیە گەرهات و لەگەل کۆمەڵگایەکی چەق بەستودا کرابایە ئەوا هەمیشە زۆرینەی جار لەبەرژەوەندی خودی کۆمەڵگاکەی چەق بەستودا نەبوەو لەبەرژەوەندی کۆمەڵگاکەی پێشکەوتودابووە، کەبەم جۆرە بەویستی خۆی ئاراستەکەی گۆریوە، ئەم ئاراستە گۆرینە زۆرینەی جار لەکۆمەڵگاکانی (خۆرهەڵاتی ناوەراست) یا ئەفریقاو چەند ناوچەیەکی هاوشێوەدا بەدی دەکرێت، کەهەمیشە بەهۆی بوونی سەرکردەیەکی هزر مردوەوە کۆمەڵگاکەی خۆی توشی دەیان کێشەی مرۆیی کردووە، جائەم کێشانە

گەرلەئێستاشەوە سەرهەڵنەدەن ئەوا هەمیشە بۆدوارۆژ هەندێ جار بونەتە کێشە.

جگەلەمەش ئێستای کۆمەڵگاکان بەهۆی سەپاندنی سیستەمێ:ی دینیەوە یا هەرسیستەمێکی لەم جۆرەوە، مرۆڤەکانی ناوی بێ رووح کردووە واتا ئەوانی لەبوونی خۆی بی بەش کردووەو بەئاراستەیەکی بردوون کەبەویستی ئەون، جامەرجیش نیە ئەم ویستەی سەرکردەکە ویستی مرۆڤایەتی بێت چونکە ویستی مرۆڤایەتی بەدەرە لەهەر ئایدۆلۆژیایەکی هزر مردوو یا هەر دینێك بۆدەستەڵات، چونکە لەدین و لە ئایدۆلۆیای چەق بەستودا هەمیشە بێ ئەوەی مرۆڤەکانی هەست بە بوونی خۆیان بکەن ئەوا هەمیشە بێ رووح دەکرێن، ئیتر ئەم بێ روحیەبونەشیان کۆسپێك بووە بۆ نەگۆرانیان و مانەوەیان بەم جۆرە.

چونکە سیاسەتی مرۆڤایەتی لەوەتەی هەیە بەدوو ئاراستە کاری کردووە ئاراستەیەك بە عەقڵی (ڕێوی) کەهەمیشە لەفێڵکردن دابووە بۆ ویستی خۆی، هەروەها عەقڵی (شێر) کەئەم عەقڵەش هەمیشە لەدوای ئەوەی بەویستی خودی نەبووە کاتێك لێی بەدەربووە بۆیە هاوشێوەی شێر پەلاماری داوەو تێك و پێکی شکاندووە، ئیتر ئەم تێك شکاندنەش تائێستاکە بوونی ماوەتەوەو جیهان بەم جۆرە ملی گرتوەتە بەر.

واتا ئەگەر کۆمەڵگاپێشکەوتوەکانی دونیا خۆیان هۆکارێك بووبن بۆدروست بوونی کەشێکی وەها کەدیکتاتۆرێك لەسەر زەوی دروست بێت ئەوا هەم دیسان بەبەرگێکی تر بونەتەوە

پاڵەوان بۆروخانی ئەم جۆرە دیكتاتۆره ئەمه وەنەبێت زۆرجار لەبەر بەرژەوەندی مرۆڤایەتی بوبێت بەڵكو تەنیا لەبەر بەرژەوەندی خۆیانا بووه كەخودی سەركردەكه بەدەربووه لەویستی ئەمانا، چونكه مرۆڤ بوونی راسته قینه ئالێرەدایه كەلەسەرەتاوه رێگربێت لەدروست بوونی سەركردەیەكی لەم جۆره لەسەر رووی جیهانا. چونكه ئەگەر دروست بوو هەڵسا بەدیزاینی بناغەكەی خۆی ئەوا ئەوكات بۆلادانی و بۆ روخاندنی ئەوا هەمیشه قوربانی بەدوای خۆیدا هێناوه.

ئێستا زۆرجار دەبینم بەشێك لەوڵاته پێشكەوتوەكان وەك ئەوەی بلێی مرۆڤایەتی خۆیان بەسەر كۆمەلگاكانی مرۆڤایەتیدا نیشانبدەن ئەوا زۆرجار كاتێك كۆمەلگایەك و قارەیەك بەدەست نەبوونی خزمەتگوزاریه مرۆڤیەكان دەنالێنن یا خزمەتگوزاریه سەرەتایەكانی پێداویستی خواردەمەنی، ئەوا ئەوان هەرخێرا سەردانیان كردون و بەبەرچاوی گەلانی دونیاوه یارمەتیان داون وەك خواردن و خواردنەوەو جل و بەرگ، بەڵام پێم وایه ئەم یارمەتی دانه هەردەچێته چوارچێوەی خێركردن پێان، چونكه مرۆڤێك بۆئەوەی نەبێته خودا بەسەر مرۆڤێكی ترەوه ئەوا دەبێت سەرەتا لەدەست گەمژەییدا رزگاریان بكرێت، بۆئەوەی چیتر نەبنەوه بەبار و به چاوێكی بەزەییانه سەیرنەكرێن بۆیه پێویسته سەرەتای هەمووشتێك گەلانی ژێردەستەو گەلانی چەق بەستوی هزرمردوویی لەم كێشمەكێشەی خۆیان رزگاربكرێن ئیتر رزگاربوونی ئەمانه بۆهەركەسێك بێت ئەوا دەبێته مرۆڤایەتی راستەقینه، چونكه چەق بەستویی هەمیشه گەرایەكه بۆ دروست

بونی نائینسانیەت و هاوشێوەی نەخۆشیەکە کەمرۆڤ دووچاری دەبێت و لەدوایشدا دەیان کەسی تر دووچاری ئەم نەخۆشیە دەکات.

((هزری فەلسەفە))

کۆمەلگای مرۆڤەکان کەم تازۆر گۆرانکاری زۆری بەخۆیەوە بینیوە لەچاو سەدان ساڵەی رابردوویان، کەهەریەکەو بەجۆرێك گەشەو نمای کردووە بەڵام دەکرێت مرۆڤ ئەم پسیارەی لەخۆی بکات جیاوازیم چیە لەگەل مرۆڤەکەی تر؟

واتا جیاوازی چیە کەمن کوردم لەگەڵ بیانیەك جاهەرکەسێکی تری کۆمەلگاکان بێت؟ واتا (عەرەب و تورك و فارس و ئینگلیزو) هەرکەسێکی تر لەم جۆرە.

لەراستیدا هیچ جیاوازیەك نیە، بەڵام ئەوەی جیای کردوەتەوە ئەوا کۆمەلێك شتی لاوەکین وەك (زمان، ئاین، کەللتور).

دەکرێت مرۆڤ هەم دیسان ئەم پسیارەی لەخۆی بکات، بۆچی ئاینەکەی من لەگەل ئەوی تردا جیاوازە؟ ئەم پسیارە دەلالەتی ئەوەدەکات هەرئاینەو لەگۆشەنیگایەکی جیاوازدا سەریان هەلداوە کەکەم تازۆر لە یەکترەوە دوورن یا نزیکن چ لەرووی فکرکردنەوەیان یا لەماوەی دووری سەرهەڵدانیان، کەهەموشیان مەبەستی پەرستنی بوونی خوداییە، ئەم دینانە ماوەیەکی زۆرە مرۆڤیان بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە ئەم

سەرقالبونەشیان بەومانایە نەبووە مرۆڤ تێیدا پەروەردەبكرێت بەجۆرێك كەئاینەكانی تری غەیرەدینیش هەبێت ئەوا هەرمرۆڤەو دەبێت وەك مرۆڤ رێزلەیەكتربگرن، ئەمە ئەگەر لەلوتكەی ئاینەكان هەندێ جاربوونی هەبوبێت ئەوا لەخوارەوەی پەیرەوانی ئاینەكان بوونی نەبووە، واتا ئاینەكان بەهۆی بوغزو ناتەباییانەوە هەمیشە گرفتیان بۆكۆمەڵگاكانی خۆشیان دروست كردووە وەك ئەوەی ئەوەی لەسەر دینەكەی نەبێت ئەوا بەكافرو بەگومراو بەهەڵگەراوەو نازام بەچی و بەچی لەقەلەمیان داوەو ئەم هەڵسوكەوتە نامرۆڤانایە بوەتە سەرهەلدان و بەلارێدانی مرۆڤەكان و توندو تیژی سەری هەلداوە، وەك ئەوەی بلێی ئاینەكان لەناو خۆیانا كۆمەلێك خودایان هەبێت یا هەردینەو بەجیا خودایەكی بۆخۆی هەبێت و لەگەل خودای ئاینەكەی تر جیاوازبێت.

لێرەدا ئەم دینانە جگەلەوەی نەیانتوانیوە روحی مرۆڤەكان رابگرن ئەوا هەم لەناو خۆشیانا واتا خۆبەخۆشیانا هەرناتەبابوونەو چەندان مەزهەب و گروپیان تیدایە ، ئیتر هەرگیز پسیاری ئەوەیان لەخۆیان نەكردووە ئەمە چ خودایەكە وام پەروەردەبكات بەهۆی جیاوازی دینەوە رقم لەمرۆڤەكەی تربێتەوە؟ ئیتر هەربەم جۆرە تاهەنوكەش ماوەتەوە.

ئەمە لەلایەك لەلایكی ترەوە جیاوازی (نەتەوایەتی) واتا مرۆڤێك لەگەل مرۆڤێكی نەتەوەی تر، ئەم جیاوازیە لەبنەرەتەوە هەربوونی نیە بەڵام ئەوەی ئەم جیاوازیە دەخولقێنێت ئەوا گەورەبوونی مرۆڤەكانە بەویستی كۆمەڵگاكەی جابەهەرشێوەیەك

بێت، جگەلەمەش گوشاری سیاسی نێوان سەرکردە سیاسیەکانی وڵاتان هەمیشە یەکێك بووە لەتێکەڵنەبوونی مرۆڤەکان و نەهێشتنی ئەم جیاوازیانە لەنێوانیانا. واتا لێرەدا سەرکردەکان خۆی لەخۆیدا وەك هەمان ئاینەکان هۆکارێکی تربوونە بۆلەیەکترنزیك نەبوونەوەی مرۆڤەکان و قەتیس بونیان لەهەناوی نیشتیمانێکدا.

بۆیە ئەوەی کەگرنگە بگوترێت درێژە پێدانی هزری فەلسەفەیە کەبتواندرێت لەسەرجەم پرۆسەکانی خوێندن پەیرەو بکرێت و بکرێتە یەکێك لە وانە بەهێزەکانی مرۆڤایەتی لەسەرجەم کۆمەڵگاکانا بۆئەوەی ئەم گرفتە دروستکراوانەی کەلەکۆنەوە هاتوون بنبربکرێن و ئیتر مرۆڤەکان وەك مرۆڤ سەیری یەکتربکەن نەوەك وەك دین و مەزهەبوو لایەن و ئەم شتانە، چونکە تامرۆڤ ئەم بیرکردنەوانەی لەمێشکا بوو ئیتر مەحاڵە بتواندرێت گۆرانکاری هزری لەسەرئەم زەویە پیرۆزە دروست بکرێت.

جگەلەمەش مرۆڤ بوون پێوەری راستەقینەی خۆی هەیە کەدەبێت لەهەموو رویەکەوە ئەم مرۆڤ بوونە لەناو مرۆڤەکانا بوونی هەبێت و نەبێتە دروشمی بی ناوەرۆکی خۆیان، لێرەدا سەرەتای هەمووشتێك دەبێت (دینەکان) گۆرانکاری هزری لەخۆیانا بکەن، هەروەها سەرکردەکانی سیاسیش بەهەمان شێوە کەچیتر مرۆڤەکان نەکەنە قوربانی نیازی مانەوەی خۆیان، بەکورتیەکەی چاندنی تۆووی هۆشیاری مرۆڤایەتی سەرچاوەیەکە بۆ مرۆڤ گەرایی.

جگەلەمەش ئەگەر تائێستا فەلسەفە بەشێك بوبێت بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی سەربەخۆ یا کارکردن بەهزری مرۆڤ ئەوا لەئێستاوە پێویستی بەپەرەپێدانی لایەنی هزری زیاترهەیە بەتایبەتی لەرووی سیاسەتی گەلانەوە، چونکە لەهەریەك لەقارەکانی (ئاسیاو ئەفریقادا) پێشێلکردنێکی بێ ئەندازەی مرۆیی بەخۆیەوە دەبینێت، جگەلەمەش ئەورووپیەکان و بەشێکی تری (ئەمریکاو روسیاو هاوشێوەکانیان) لەچەق بەستویی دان بەرامبەر بەنەگۆرانی مرۆڤ و گۆشەگیربوونی بەپارچەیەك نیشتیمانەکەیەوە، لێرەدا پسیارەگەورەکە رووبەروومان دەبێتەوە، بۆچی مرۆڤ پەلاماری مرۆڤ بدات بەلام نەتوانێت عەقلی بگۆرێت، خۆئەگەر مەبەستی پەلاماردانەکە لەناچاری بێت ئەوا دەکرێت بەرلەپەلاماردانی بیرلەهەلبژاردەی تربکرێتەوە کەگۆرانی عەقڵە، واتا ئەگەر دین هۆکارێك بێت بۆ توندوتیژی مرۆڤەکان ئەوا کارنەکراوە بۆ نەهێشتنی ئەم توندو تیژیەو تێکەلاوبوونی مرۆیی.

لەهزری فەلسەفەدا شتێك نامێنێتەوە پێی بگوترێت زیادەرەوی یا پوچ گەرایی، بەڵکوو پوچ گەرایی ئەوکاتەیە کەعەقڵ نەگاتە شوێنی خۆی کاتێکیش عەقل کەوتە ئەم لێکترازانەوە ئەوا هەمیشە کێشەکان سەرهەلدەدەن بۆسەرجەمی مرۆڤایەتی، کێشەکانیش لەناو (دین و سیاسەت و کەللتوردا) بەگشتی خۆیان دەبیینەوە کەتێیدا هەمیشە مرۆڤەکان دەکەونە ململانێیەکی بێ ناوەرۆك و وەك ئەوەی وابێت منالێك بەتۆپێکی یاری کردنەوە بخافلێنیت، بەڵام لەهزری فەلسەفەی کۆتایدا ئیتر هەرهێندەیە

مرۆڤەكان بكەونە سەر رێچكەی عەقڵ و سیستەمی عەقڵ گەرایی كۆتا رستەی هزری فەلسەفەیە كەتێیدا سەرجەمی مرۆڤەكان بۆویستی خۆیان لەبووندا بێنە بوون ئیتر كاتێیكش ئەمە روویدا سەرجەمی ژیان هەربۆخۆی بەهەشتێكەو ئەم بەهەشتەش دەكەوێتە سەر راستگۆیی مرۆڤ لەبوونی خۆیداو بۆژیان و ژینگەكەی بكەوێتە خۆشیەكانیەوە، ئیتر لەوێدا شتێك نامێنێتەوە پێی بگوترێت بەربەستی مرۆڤایەتی وەك ئەوەی ئێستا مرۆڤ هەمیشە لەناویدا نوقم بووە .

وەك باسمكرد كۆمەڵێك مرۆڤ بێنە بەرچاوی خۆت دەكرێت لەناویاندا بیروڕای جیاوازیش بوونی هەبێت بەڵام لەراستیدا هیچ شتێك بوونی نیە لەسەر بیرو رای جیاواز لەسەر بوونی مرۆڤدا، تاكە شتێك كەلەسەر بیرو رای مرۆڤەكان دەهێڵێتەوە تەنیاو تەنیا بۆ مەبەستی زانستی بەكاردەهێندرێت ئەم زانستیەش لەكۆتایدا بریاری خۆی لەسەردەدات كەئایا ئەمشتەی مرۆڤەكان لەسەری مشتومریەتی كامەیان راستە، واتا تەنیا بۆدۆزینەوەو بەكاربردن بیروڕای جیاواز بوونی هەبێت تادەگاتە لوتكەی خۆی.

ئیتر هزری فەلسەفە لەوەبەدەرنیە مرۆڤەكان گەر خۆیان لەبووندا بكەونە سەر رێچكەی راستگۆیی و عەقل گەرایی ئیتر لەكۆتایدا هیچ شتێك نامێنێتەوە كەهەم دیسان فەلسەفە كاری زیاتری بوێت، ئیتر تەواو مرۆڤەكان كەلەژێرسیستەمێكی عەقلگەرایدا كەوتنە سەر سیكەی ژیان لەوەزیاتر هیچ شتێكی ترنیە.

دیسان پسیارێکی تر، ئاژەڵان دەتوانن بەئازادانە بەویستی خۆیان بفرن کە ئاژەڵن، بەڵام بۆدەبێت مرۆڤێك بەهۆی لەیەکترتێنەگەیشتنەوە نەتوانێت بەئازادانەو بەویستی خۆی لەخاکێکی تردا بمێنێتەوە، چونکە مەرجەکان هێندە قوڵن مرۆڤ ئازادنیە لەهەڵبژاردنی تێکەڵاوبووندا، ئەوەی ئەم مەرجانەشی دروست کردووە ئەوا داخراوی مرۆڤەکانە لەگۆشەنیگایەکی قەتیسکراودا هیچی ترنیە.

وێرای ئەمەش زانکۆکانی کۆمەڵگاچەقبەستوەکان هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو رادەیەی مرۆڤێکی عەقڵی رووتم بۆدروست بکەن کەبەدەرنەبێت لەعەقلی کۆمەڵگای خۆی و دەروپشت بگۆرێت ئەوان هەمان فەلسەفەی کۆن دەخوێنن و هیچی تر فەلسەفەی کۆن لەسەردەمیَ:ی کۆندا نوسراو ئیتر کۆتایی پێهات دەبێت مرۆڤ بکەوێتە سەر رێچکەی تازە کەمرۆڤ لەعەقڵدا رووت بێت و کۆمەڵگابگۆرێت، زۆرن ئەوانەی لەبواری فەلسەفەدا دەخوێنن کەچی هێشتا لەسەرهەمان عەقلی کۆنن، فەلسەفەی کۆن و تازەش بۆئەوە نوسراوە کەمرۆڤ ببێتە مرۆڤ و راچڵەکینی خۆی ئەنجام بدات و کاتێك لەخۆی تێگەیشت ئیتر دەبێت کۆمەڵگاش بگۆرێت.

زانکۆکانی ئێمە تائیستا ناتوانن مرۆڤێکی باڵام بۆدروست بکەن کەدەبینم لەکەل رێزم بەشێکیان خۆیان بەبالا دەزانن کەچی لەبیروهزردا جیاوازیەکی نیە لەکەل روناکبیرێکی ساد یارۆشەنبیرێکی سادە، مرۆڤی بالا مرۆڤێکە ئەو بەدەرە لەعەقڵی (دین و کەللتورو ئایدۆلۆژیاو تەنانەت کۆمەڵگاش) بۆیە

دەمەوێت سەرەتا ئەم مرۆڤانەم بۆدروست بێت و ئەوکاتیش ئەوان هۆشیاری کۆمەلگا رابگەیەنن کەتاکوو کۆمەلگا هۆشیارنەبێتەوە لەم جۆرە چەق بەستوانە ئەوا هیچ شتێك ناکۆرێت. کەواتە بۆسەرەتای هەمووشتێك دەبێت روناکبیران و رۆشەنبیران لەکۆمەلگای خۆیاندا کۆڕو سیمنارسازبکەن و هەولبدەن سیستەمی وڵات بهێننە سەر رەوتی عەقڵ و هەمووشتێك لەروی (سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی) رێك بخرێت لەوێشەوە بۆپەروەردەو لەناو پەروەردەشدا مرۆڤ بۆهەموو قۆناغەکانی ژیانی پەروەردەبکرێت کەمرۆڤ خۆشەویستەو دەبێت یەکترمان خۆش بوێت و لەدوایشدا ژینگەو زانست بکرێتە پێشەنگی مرۆڤ.

جگەلەمەش دەمویست لەسەر (دیموکراسی )شتێك بنوسم بەڵام هەرهێندە دەڵێم هیچ کات دیمکراسی راستەقینە نایەتە بوون تاکوو سیستەمی وڵات رێکنەخرێت و هەرهەموویان لەناو هەناوی پەروەردەیەکی تەندروستی عەقڵی ئازادا پەروەردەنەکرێن.

## ((حیزبەکانی کۆمەلگاچەقبەستوەکان))

حیزب ئەگەر ئامرازێك بێت بۆ گەیشتنە دەستەلاتی لایەنی هەلبژێردراو ئەوا زۆرجار چونکە خودی حیزبەکە یا رابەری

حیزب کەبەدەرنەبووە لەعەقڵی چەقبەستودا بۆیە زۆرجار لەچوارچێوەی عەقڵی کۆندا ماوەتەوە، واتا ئەگەر حیزبێکی دیموکراتی خواز بوبێت ئەوا چونکە خودی ڕێبەرەکە هەمان عەقلی کۆنی لەمێشکە بۆیە زۆرجار لەکاتی سوڵتەی دەستەلاتیشا هەڵەی زۆر لەڕێساو یاسای دیموکراتیانە دەکات و زۆرینەی کارەکانی پێچەوانەی چەمکەکەن لەبەرامبەر ئازادی بوونی مرۆڤ بۆ کارەکانی خۆی، وێرای ئەمەش حیزب بەرەو ئاراستەیەك ڕۆیشتوە کەنەیتوانیوە کادیری پێشکەوتوو یا نوخبەیەکی نوێ گەری بۆخۆی دروست بکات، هۆکارەکانی ئەمانەش بۆچەق بەستوویی و لێنەهاتویی ڕێبەرەکان دەگێرمەوە کەلەناو دونیای سیاسەتکردنا کەوتونەتە کارێکی خۆویستی کەبەدەربوونە لەعەقڵی پێشکەوتو.

ئەم ناشارازایەی خودی ڕێبەرو ئەندامانی حیزب هەمیشە گەرایەك بوونە بۆ کەسانی ناشارازاو پسپۆر لەخودی ئەم حزبە دووربکەونەوە، واتا ئەگەر لەسەرەتاوە بتوانێت بانگەشەیەك بکات بەناوی خودی چەمکەکەوە ئەوا لەناوەرۆکدا چونکە لەفکرو هزری چەمك لایدەدات ئەوا خودی حیزبەکە بەرەو ئاراستەیەکی خراپ دەروات و ناشتوانێت کادیری پێشکەوتوو دروست بکات، بۆیە گرنگە حیزب لەم گۆشەگیریەو چەق بەستویەدا خۆی رزگاربکات و نوێ بونەوە بەخۆی ببینێت و بەتەنیا نەکەوێتە ژێردەستی ڕێبەرێك کەناتوانێت بەرێوەی بەرێت.

ئیتر زۆرجار دروستبوونی دیکتاتۆر لەم حیزبە چەق بەستوەدا سەرهەلدەدات، بۆیە گرنگە هەمیشە حیزب لەنوێ

بونەوەدابێت و هەولبدات کۆمەڵگابۆئاراستەی نوێ گەری بگۆرێت و کادیری هزر تیژ دروست بکات بۆئەوەی لەکاتی هاتنە دەستەڵات بتوانێت کۆمەڵگا بەشێوەیەکی نوێ گەری بەرێت و سیستەمە چەق بەستوەکان بگۆرێت.

ئەوەی من دەیڵێم ئەوا ئەبوایە لایەنە سیاسیەکان بەهەزاران سال بەرلەمن ئەم داواکاریەیان جێ بەجێ بکردایە بەڵام ئەوەشمان بۆرون بوەتەوە حیزب هاوشێوەی چەند تیپێکی یاری کردن وەهان و تەنیا کاری هەرە گەورەیان خافلکردنی تاك و کۆمەلگاکانە و بەس.

ئەگینا گەر سیستەمێ:ی پەروەردەی عەقل گەرایی بونی هەبێت لەناو سەرجەمی کۆمەلگاکاندا ئەوا هیچ کاتێك مرۆڤەکان پێویستیان بە حیزب نامێنێت بۆگرتنە سولتەی دەستەڵات ئەوەی ئەم دۆخەی دروستکردووەو تائێستا ماوەتەوە ئەوا بێ هیوابون و چەق بەستویی خودی مرۆڤە کەخۆی بەم شێوەیە هێشتۆتەوەو لەژێرهەیمەنەی دەستەڵاتە سیاسیەکانا بەوونی دێنە بوون و نمایش دەکرێن و دەخافلێندرێن.

واتا ئایدۆلۆژیا نەبوو بەهۆی ئەوەی مرۆڤەکان بگەیەنێتە لوتکەی پێگەیشتن و ئەم پێگەیشتنەش بۆسەراپای جیهانی مرۆڤایەتی بڵاو بێتەوە ئایدۆلۆژیا نەیتوانی کۆمەلگاکان لەیەکترنزیك بکاتەوەو عەقڵی کۆنی رابردوویان بۆببێتە شەرمەزاری کەچی بەجۆرێك و هاوشێوەیەکی تر پەرە بە سیستەمەکۆنەکان دەدەن بۆمانەوەی خۆیان.

خۆئەگەر دین لەكۆندا لە ونبونی مرۆڤەكان و چەق بەستویی ئەوكاتیدا سەریان هەلدابێت ئەوا ئێستاش ئەم دینانە دەپەرسترێن و لەناویانا ئامادەش نین یەكترقوبل بكەن، بەڵام ئایدۆلۆژیاكان بەهەمان شێوەی ئاینەكان مرۆڤیان لەگۆشەنیگایەكدا هێشتۆتەوە گەرلەكۆندا خاك و نیشتیمانەكان شەریان لەسەركرابێت ئەوا ئێستاش ئەم شەرانە بونیان ماوەو لەژێرهەیمەنەی ئایدۆلۆژیادا مرۆڤەكان قڕدەكرێن یا لەژێرهەیمەنەی ئایدۆلۆژیادا بەپەرە بەزانست نادرێت و گەرپەرەشی پێ بدرێت ئەوا ئەوا بەمجۆرە نیە كەمرۆڤی خودایی لێی بوێت جگەلە دروستكردنی چەكی قورس و بێ ئومێدكردنی مرۆڤایەتی.

((چەك وەك عەرزی عەزەڵات))

لەكۆمەڵگای گەلاندا چونكە سیستەمێكی ژیری بۆ مرۆڤ بوون تائێستا بوونی نەبووە خۆئەگەر هەشبوبێت ئەوا تەنیا دەتانم بڵێم وەك رەنمزێك بوەو ئیتر هیچی تر. واتا ئەم جۆرە رێكخراوانە یاكۆمەڵەو لایەنانە ئەگەر هەبونیان بۆویستی راگرتنی چەك هەبووبێت ئەوا هەمیشە بەدیویێ:ی تردا غیاب بوونە، ئەم غیاب ب بوونەش بوەتەهۆكاری مانەوەی مرۆڤ لەچەق بەستویدا.

ئێستا كۆمەڵگای گەلان گەرساتێك بۆئارامی لەكەشێكی مرۆڤانەی خۆیان لەپشودابن ئەوا هەمیشە بەهۆی هەرەشەبوونی

چەك لەسەرزەوی و بوونی لەناو کۆمەڵگاکاندا ئەوا هەم دیسان بوەتەوە بێ هیوایی مرۆڤ لەبوونی خۆیدا، چونکە هەمیشە وابووە خۆئەگەر بۆماوەی چەندساڵێك و زەمەنێك کۆمەڵگاکان لەشەرکردن پشویەکیان دابێت ئەوا چونکە نەیانتوانیوە دەمارە شەراویەکان لەناو خۆایانا بنبربکەن و کاربە ژیری مرۆڤ بکرێت بۆیە هەمیشە ئەم مرۆڤەی ئێستاش کەبونی هەیە ناتوانم بڵێم لەسەدا سەد بەئومێدەوە دەژیت لەسەر زەویدا چونکە بوونی چەك و نەبوونی کاریك کەمرۆڤەکان لەچەق بەستوی رزگاربکات و لەدەمارگیری شەراوی دایان چۆریت بۆیە هەمیشە لەم دۆخەدا ماوەتەوە.

ئیتر بوونی ئومێد کاتێك دەتوانم بڵێم بەدەست دێت کەمرۆڤ هەوڵبدات سەرجەمی کۆمەلگای گەلان بۆمرۆڤایەتی تێ بکۆشن، کەچیتر مرۆڤ لەبەرامبەر مرۆڤدا بەگومان و بەدرندە نەزاندرێت ئیتر تاکە شتێکیش کەدەبێتە رێرەوی ئەم ژیرایەتیە هەوڵدانی سەرجەمی مرۆڤە هۆشیارو عەقڵ ئازادەکانە تێ بکۆشن و ئەم ژیرایەتیە لەسەرجەمی گەلان بخوڵقێنن، بەتایبەتی لەناو سەرکردەکانی سەرجەمی گەلاندا. چونکە سەرکردە بۆ هەر کۆمەڵگایەك گرنگەو نابێت لەکارێکی وەها نزیکی بکاتەوە کەببێتە هۆی پێشێلکردنی مرۆڤەکان.

بەڵام بەداخەوە کەسەیری دیمەنەکانی کارو چالاکیەکانی بەشێك لەوڵاتە زلهێزەکانی دونیادەکەم وەك (روسیاو ئەمریکاو ئیران و کۆریاو چەندین ناوچەی تر) نمایشی چەك و جبەخانەکانیان و چەکی پێشکەوتوو بوەتە گەورەترین نمایشی

كوشندەی مرۆڤايەتيان، ئيتر مرۆڤ بەسەيركردنی ئەم ديمەنانە جارێكی تر پێمان دەڵێت ئەوە مرۆڤە لەسەرزەوی كەهاوشێوەی ئاژەڵێك خۆی نمايشەكات كەبەرەنگ و روخسار مرۆڤەو بەروحە شەراويەكەشيەوە چوەتە خانەی ئاژەڵيەوە، ئيتر ئەم بونەوەرە هيچ نەيتوانيوە مێژوە رابردووكەی كەپريەتی لە شەرمەزاری مرۆڤ كەلەناو خۆياندا بەهەموو جۆرە چەكێكی نامرۆڤانە رووبەرووی يەكتربۆتەوەو يەكتريان لەناو بردووە، ئيتر تاكەی ئەم چەكە شەرمەزارنەكرێت؟

هەڵگرتنی چەك بەدەستی مرۆڤ ئەوەمان نيشانەدات كەتوانای نەبێت ئاژەڵێكی كێويان بۆماڵی بكات ئەوا بەچەك رووبەرووشی دەبێتەوە، خۆئەگەر چەك جارێك و دووجار توانيبێتی ديكتاتۆرێك بروخێنێت و لەدوای ئەم ديكتاتۆرەشەوە ژيانێكی فەراهەمی دروست كردبێت ئەوا دروستكردنی ئەم ديكتاتۆرە لێرەو لەوێ كۆتايی پی نەهاتوە چونكە ئەوانەی ديكتاتۆردروستەكەن ئەوا هەرئەو مرۆڤانەن كەبروايان بەچەك هەيە، چونكە گەرئەوان رێگربن لەدروست بوونی سەركردەيەكی وەها لەسەرجەمی كۆی گەلاندا ئەوا مەحاڵە ديكتاتۆرێكی مرۆڤ كوژ لەهيچ قوژبنێكی دونيا سەری هەڵدات.

ئێستا سەيركردنی ديمەنی سەرزەوی لەبەرچاوی من بەشێوەيەكە وەك چۆن ئاژەڵێك بەرەڵادەكەيت بەئارەزووی خۆی كاری خراپ بكات و بچێتە ناو كۆمەڵێك دەخلۆ دان يا كۆمەڵێك مناڵ پان كاتەوەو لەدوايشدا لەدوورەوە ئەم ئاژەڵە كێويە بكوژيت، ئيتر ديمەنەكان لەبەرچاوی من لەوە زياترنيە.

واتا مرۆڤ خۆیەتی ریگەدەدات مرۆڤێك لەناویدا ببێتە درندەو لەدوایشدا هەرخۆیەتی بۆکوشتنی ئەم درندەیە خۆی دەکاتە پاڵەوان بەسەر هەموویاندا.

ئیتر پێم وایە ئەمە زۆرهەلەیەو پاڵەوانی راستەقینە ئەوپاڵەوانەن کەلەسەرەتاوە رێگربن لەدروست بوونی مرۆڤێکی وەهاداو بۆرێگربونیشی دەبێت پەرە بەعەقڵی مرۆڤ بدرێت بۆهەمووشتێك مەبەستم لەهەمووشتێکیش ئەوەیە بۆچاکە کردن و بۆ مرۆڤ گەرایی نەوەك خۆی بکاتە خودایەکی بێ ناوەرۆك لەسەرزەویداو ئیتر نەوەکانیشی ئەم بێ ناوەرۆکیە بدرونەوە کەلەوەتەی مرۆڤ هەیە لەزۆرشوێندا ئەم عەقڵە کۆنەی هەرلەمێشکدایەو نەگۆراوە. بەڵام گەرهەڵەنەبم ئیتر کاتی ئەوەیە مرۆڤ لەخۆی تێبگات ئەوەی ئەم زەویە پیرۆزە تێکەدات ئەوا هیچ کەس نیە جگەلەخۆی نەبێت، ئەوەی ئێمەش دەخاتە ژیانێکی مەترسیەوە ئەوە هەرمرۆڤەو جگەلەخۆی نەبێت ئەوا هیچ کەسی ترنیە، ئەوەی نەوەکانیشمان بەرەو چارەنوسێکی نادیارەبات ئەوا هەم دیسان مرۆڤەو هیچ کەسی ترنیە.

## ((لۆژیك لەگەڵ بوونی رووت))

((سەرباز))

ئەی سەرباز تۆسەربازی و چەکت بەدەستەوەیە وایە؟

بەڵێ.

ئەم چەکەت بۆچی بەدەستەوەیە؟

بۆئەوەی هەرکەسێك بیەوێت بیتە خاکەکەم و بەنایاسایی بیەوێت شەرم پێ بفرۆشێت ئەوا منیش بەرگری لەخۆم و لەولاتەکەم دەکەم و دەیکوژم.

کەواتە ئەوەی دەیکوژی مرۆڤە وایە؟

بەڵێ راستە.

بەڵام ئەو تەواو مرۆڤ نیەو دەیەوێت شەرت پێ بفرۆشێت و وڵاتەکەت داگیردەکات، کەسێکیش کەبەم جۆرەبوو ئەوا ئینسانیەتی لەلەشدا بوونی نیەو وەك درندەیەکی برسی هێرش دەکات.

بەڵێ راستە.

تۆش مافی خۆتە بەرگری لەخۆت بکەیت و بیکوژی.

بەڵێ راستە.

بەڵام کاتێك ئەمە روویداو ئەوەی دێت هێرش دەهێنێت و شەر دروست دەبێت، کاتێکیش ئەمە روویدا ئەوا کوشتن و کوشتنکاری و ماڵ وێرانی روودەدات.

بەڵێ وایە.

بەڵام ئەگەرئەمە روویدا ئەم کوشتنو کوشتنکاریە ئایا رەوایە؟

نەخێر پێم وایە رەوانیە بەڵام بەم جۆرە روویدا.

ئەی نەدەکرا ئەمە روونەدابایە؟

نازانم بەڵام چۆن چۆنی روونەدابایە؟

دەبو بەرلەوەی ئەمە رووبدات ئەوا سەرۆکی دەوڵەتەکەت رێگربوبایە لەسەرهەڵنەدانی ئەم شەرە.

چۆن چۆنی رێگربوبایە؟

گەر سەرۆکی دەولەتەکەت بەراستی خەلکی خۆیی و ئێوەی سەربازی خۆی خۆشەوێت، ئەبوایە بەرلەوەی ئەم شەرە رووبدات هەولی ئەوەی بدایە ئەو جۆرە دەولەتەی هێرشی بۆدێنێت فێری ئەوانی کردبا کەشەرکردن پیشەی مرۆڤ نیەو گەرئێمە شەربکەین خەڵکێکی زۆر لەهەردوولاماندا دەکوژرێن، کەواتە ئەبوایە ئەمەی فێری ئەم ولاتە بکردایە کەنابێت شەرلەنێوانماندا بوونی هەبێت.

قسەکەت دروستە.

بەڵام دیارە سەرۆکی دەوڵەتەکەت مرۆڤایەتی لەلەشیدا بوونی نیەو نەیتوانیوە کاربە عەقڵ و ژیری کەلەسەری خۆی بکات، چونکە ئەگەر ژیربوایە ئەوا رۆژێك لەرۆژان نەیدەهێشت ئەودەولەتەی کەدەماری ئاژەلی لەلەشیدا بوونی هەیە فێری دەکرد مرۆڤایەتی یانی چی؟! کاتیکیش گەرئەمەی کردبایە ئەوا ئەو شەرە روونەدەدا.

بەلێ زۆر راستە.

کەواتە ئێستا سەرۆکەکەی تۆ ژیرنیەو پێویستە ژیربکرێت، بۆیە ئەگەر پۆستەی دەوامی سەربازیت تەواو بوو برۆلای

سەرۆكەكەت پێی بلێ: جەنابی سەرۆك كەتۆمنت لەسەرماو گەرما كردۆتە سە رباز بۆ رووبەرووبونەوەی هەرشەرێك كەروودەدات، ئەوا بەرلەوەی رووبدات ئەوا شتێكی ترهەیە كەنەیەڵی ئەمە رووبدات، ئەوەش ئەوەیە گەربەراست تۆسەرۆكێكی ژیریت ئەوا برۆ سەرۆكی ئەو دەوڵەتە درندەیە والێ بكە كەشەركردن پیشەی مرۆڤ نیە و فێری بكە كەنابێت هێرش بۆسەرهیچ دەولەتێك بەریت، گەرتۆئەمە بكەیت و ئەم سەرۆكە بكەیتە مرۆڤێكی رووت ئەوا ئەوكاتیش ئەركی ئێمەش هێندە قورس نەدەبوو ترسی هەڵگیرسانی شەریشمان نەدەبوو، هەروەها ئێستا میللەتی ئێمەش لەدلەراوكێ دان و هەلگیرسانی شەر بێ ئومیدی ژیانی كردوون.

بەلێ.

هەروەها پێشی بلێ ئەركی مرۆڤایەتی لەوە دایە ئەوەی فێرنەكراوە دەبێت فێربكرێت، چونكە ئەگەر فێرنەكرێت ئەوا رۆژێك لەرۆژان هاوشێوەی ئاژەلێك هێرش دەبات.

بەلێ راستە.

هەروەها ئەمەشی پێ بلێ: جابۆئەوەی هەستی مرۆڤایەتیمان لادروست ببێت نابێت كارێكی وەها بكەی كەدەولەتانی تر ئیستیفزاز بكەی كەهێرشمان بۆبێنن و چونكە هەندێكیان كەهێرش دەبەن ئەوا هەست بەتاوانێك دەكەن كەدەرهەق بەئەوان دەكرێت و بۆیە نابێت ئەم كارەش بكرێت.

بەڵی قسەكەت زۆر راستە.

ئەمەشی پێ بڵێ: جابەرلەوەی تۆهەرکارێکی هەڵە بکەیت کەئەوان توشی تورەبوون بکات ئەوا ئەوەیان فێربکە کەنابێت توربین گەرئەمانە فێرکران ئەوا هیچ دەولەتێك و کەسێکی تر ناتوانن هێرش بۆسەر هیچ کەسێکی تربەرن، چونکە فێرکراون هێرش بردن پیشەی مرۆڤ نیە بکاتە سەر هەرمرۆڤێکی تر.

بەڵێ منیش هاورام لەکەل قسەکانت.

کەواتە گەربەم جۆرە بێت ئەوا ئەرکی تۆش وەك سەرباز قورس نابێت و رۆژ بەرۆژ لەجیاتی ئەوەی زانست بۆدروست کردنی چەك بخرێتە کار ئەوا بۆلایەنێکی مرۆیی دەخرایە کار.

بەڵێ راستە.

کەواتە ئێستا کارو پیشەی تۆ زیادەیەو مرۆڤ نابێت بۆسەربازی دروست بکرێت.

راستە.

ئێستاش کەچویتە لای سەرۆکەکەت و ئەم قسانەی منت پێ ووت ئەمەشی پێ بلێ: گەرلەمەولا ئەم قسانەی من جێ بەجێ نەکەیت ئەوا لەئێستاوە چەکەی شانم فرێ دەدەم و لەشوێنێکی ئەم زەویە دەیسوتێنم بەپیت نەبێت بۆژینگەو بوون.

بەلێ.

لەدوایشا کەلای سەرۆکەکەت گەرایتەوە ئەوا برۆلای زانا ترین کەسی ولاتەکەت و ئەمەش بەو بلێ: ئێستا تۆ زانای ولاتەکەمیت، بەڵام کەدەبینم زۆرینەی کارەکانت بۆخزمەتی سەربازی بەکاردێنیت و چەك دروستەکەیت، بەڵام ئیتر دروستکردنی ئەم چەکە بابرێتەوە خزمەتی زانستەکەت

بۆكارێكی تر بەكاربهێنە بەتایبەتی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری نەخۆشەكان و رزگاركردنیان، هەروەها بالەمەولا زانست بۆ دروستكردنی ئامێری پاراستنی مرۆڤ بێت نەوەك مرۆڤ بەزانست بخرێتە مەترسیەوە.

((پزیشك))

دكتۆر ئێستا نەخۆشێك لەبەردەستایەو دەتەوێت چاكی بكەی!؟

بەڵێ وایە

گەربشتەوێت چاكی بكەی بەدەستیەوە هیلاك دەبیت وایە؟

بێگومان!

بەڵام دەكرا كەسەكە بەرلەوەی نەخۆش بكەوێت تۆهەوڵت دابایە نەخۆش نەكەوێت، چونكە تۆئەركی گەورەت لەسەرشانە ئەویش ئەوەیە نەیەڵیت نەخۆشی رووبدات، خۆئەگەر رویدا ئەوا هاوشێوەی ئەو سەربازە وایە كەبەرگری لەوڵات دەكەن، بەڵام كاتێك دوژمن هاتە ولاتەكەی و داگیری كرد ئەوا ئەوسەربازە تەواو راستەقینە نیە ئەگینا نەیدەهێشت دووژمن بێتە ناویەوە، كەواتە بۆئەوەی سەربازەكە تەواو سەربازێكی باش بێت و پێی بگوترێت سەرباز ئەوا نابێت بهێڵێت دوژمن بێتە ناویەوە!

بەڵێ راستە.

ئێستاش تۆئاواهی دووژمن هاتۆتە ناوتەوە كەبڵاوبونەوەی نەخۆشیەكەیە، جابۆئەوەی ببیتە پزیشكێكی تەواو ئەوا نابێت

مرۆڤەکان نەخۆش بکەون، هەروەها دەبێت هەموو زانست و هەستێکت بۆئەوە بێ نەیەڵیت هیچ نەخۆشیەك رووبدات، جگەلەسوکە برینێك کەلەکاتی رۆژانەدا لەش دەروشێت!

قسەکەت بەجێ یە.

هەوەرها جگەلەمەش ئەمە ئەرکی مرۆڤایەتیە کەنابێت کەسیکی نەخۆش لەناومانا بوونی هەبێت، چونکە هەرکاتێك ئەمە هەبوو ئەوا ئەرکی مرۆڤایەتی لەدەست دەدەین، جگەلەمەش گەرکەسیکی نەخۆش بوونی هەبوو ئەوا ئەگەری ئەوەی هەیە کەسانی تریش بەم نەخۆشیە توش بکات!

جابۆئەوەی ئەمە روونەدات نابێت بهێڵیت هیچ نەخۆشیەك سەرهەڵبدات، چونکە کاری تۆ بریتی یە لە سەرهەڵنەدانی نەخۆشی و ئەگەر سەری هەڵدا ئەوا دیارە پزیشکێکی باش نیت، کاتێکیش پزیشکێکی باش نەبویت ئەوا ئەرکی مرۆڤایەتی لەدەست دەچێ!.

## ((ئاسمان و زەوی شەریان بوو))

کاتێك درەختێك کرمی هەڵێنابوو بەرەو وشك بوون دەچوو زەوی گازندەی لەئاسمان دەکردوو پێی دەگووت: ئەی ئاسمان ئەوە خەتاکەی تۆیە هەوای پیس بڵاودەکەیتەوە یاهەوای باش نانێریتە سەرزەوی درەختەکان کرم نەیانگرێت!

ئاسمانیش وڵامی زەوی دایەوەو ووتی: من هەواوی باش و پاکم بۆت ناردووە، بەڵام ئەوە خەتاکەی لەتۆیە زەویەکە بەم جۆرەبێت و درەختەکان کرم بیانگرێت!

لەم بەین و نێوەندەدا دەمەتەقێی ئاسمان و زەوی یەکترتاوانبارکردنیان بوو لەهۆکاری ئەم جۆرە رووداوانە.

لەوکاتەدا گەیشتنە قەناعەت و بیریان کردەوەو ئەمجارە بەیەکەوە ووتیان: باشە ئێمە بەهەردووکمان مەخلۆقێکمان دروست کرد، هەم بەهەواو هەم بە خاك ئەم مەخلۆقەش ناوی (مرۆڤ) بوو کەهەڵگری (عەقڵ و زانست و هەست و ژیری) بوو.

ئەم مەخلۆقەش بۆئەوە دروست بوو کەزەوی و ئاسمان بپارێزێت و هەروەها هەم خۆی و درەخت و بونەوەرەکانی تریش بپارێزێت، ئەی بۆچی ئەم مەخلوقە کەهەڵگری عەقڵ و ژیریە رێگەی دا ئەم درەختە کرم بیگرێت و هەواو ژینگەکەی خۆی پیس بێت؟

کەواتە ئەم مەخڵوقە تەواو عەقڵ و ژیرنیە چونکە ئەبوایە ئەم هەستە لەودا بوونی هەبوایە، بۆیە ئەگەر ژیربوایە نەیدەهێشت ئەمە رووبدات و لەمانای خۆشی تێدەگەیشت، بەڵام دیارە تائێستا ئەم مەخڵوقە خۆی ناناسێت!.

کەواتە لێرەدا پیویستە پێی بلێم ئەی مەخلوقی وون ببە بەمرۆڤ!.

((فرۆکە))

دەنگی فرۆکە دێ فرۆکە، تۆبلێی ئەم فرۆکانە هی ئێوەبن یاهی دووژمن؟

ئەی دوژمن کێ یە ئەی هەردوکیان مرۆڤ نین؟

ناوانیە هیچیان هەونین!

ئەی ئەمانە کێن؟

ئەمانە دوو ئاژەڵی بی کەڵکن ناوە ناوە رەقەی شەرەقۆچیان دێت!

تۆبلێی یەکێکیان خەتابارنەبێت؟

ناهەردووکیان خەتابارن، یەکێکیان هێندەخۆی دەستەمۆکردووە هێزی نیە مێش لەخۆی دەربکات، ئەوەی تریشیان هێندە بەرەڵاکراوە خاوەنی خۆی ناناسیتەوەو بەناو

هەرچی پاوان ودەشت و دەرو شارو شارۆژكەكان هەیە دەگەرێو وێرانیان دەكات.

ئێستا چاوەرێی كێ بین ئەم ئاژەڵە دەستەمۆیە زیندو بكاتەوەو ئەوەی تریشیان رۆحێكی نوێیان بەبەردا بێنێت؟

ئێستا پێم بێلین بوونی ئەمانە لەپیناو خودایە یاخودایەكی وون بووی بێ ناوەرۆك؟!

ئەی ئەگەر خودا وونە ئەوان بۆچی هێندە لەچاوەروانی ئەودان؟ ئەی ئەگەر لەپێناو خۆشیانابێت ئەی چۆن ئەبێت بەخۆشیان بلێن مرۆڤ و وەك خودایەكی شەركەرو زاڵم خۆیان فەرز بكەن بەسەر ئەوانی تردا؟

ئەی خودا وونەكەی ئەوان تۆبۆچی هێندە دەخەوی، كەلەچاوەرێی تۆدان وهەم دەشیانەوێت پێت بگەن!

ئەها خودی خەوت و لای ئەوانیش زیندوو ئەوا مرۆڤن مرۆڤ كاتێك نەتوانن خۆیان بدۆزنەوە ئەوا لەبێ تۆیداو لەتۆیدا بەم جۆرە دەتلێنەوە!

ئەی ئەگەر خوداكەتان مردووە بۆمشورێك لەخۆتان ناخۆن؟ گەرخوداكەشتان زیندووە ئەوا بۆلەهاوارتان نایەت؟

یابەراست ئێوە مرۆڤ نین و بەخۆشتان دەلێن مرۆڤ؟ یاهەون و دەبێت بەم جۆرەبن؟ ئەی بۆچی من پێم وانیە وابن؟ یاجۆریكی ترم لەئێوەو بۆسەرنزشتی ئێوەهاتووم؟!

## ((خیرکەر))

ئەی مرۆڤ تۆئەتەوێت خێرێك یاچاکەیەك بەرامبەر ئەم مرۆڤە رەزیل و دەستەوەستاوەدا بکەیت و نانێك یاقومەئاوێکی بدەیتێ؟

بەلێ بێ گوومان.

بەڵام ئەوە خێرنیە تۆپێی دەکەی، ئەوە وابزانە تۆئەو مرۆڤەت کوشت.

ئەمە چۆن وایە؟

بەلێ وایە چونکە ئەم مرۆڤە هیچ جیاوازیەکیشی نیە بەرامبەربەتۆ بەڵام ئەوە لەبی سیستەمیدا و لەبێ پەروەردەیدا ئەم مرۆڤە رەزیل کراوەو ئێستاش تۆش بویتە خودایەك بەسەر ئەم مرۆڤەوەو دەتەوێت پاروەنانێکی بدەیتێ. بەڵام بەرلەوەی ئەم خێرە بەم مرۆڤە بکەیت ئەوا شتێکی تر هەیە کەهەستی پێ ناکەیت.

ئەم شتە چیە؟

ئەمشتەش ئەوەیە گەربتەوێت ئەم مرۆڤە چیتر دەستەوەستان نەوەستێت و پشت بەخۆی ببەستێت، ئەوا برۆ لەم چەق بەستویەدا رزگاری بکە، چونکە هەرکاتێك مرۆڤێك بەم جۆرەبوو ئەوا بێ شك بزانە ئەم مرۆڤە لەبێ زانستی و لەبێ ئاگایی بونی خۆیەوە توشی ئەم دەردەبووە کەبرسیەتی و نەزانین درکی پێ

هەلچنیوە، جابۆئەوەی تۆش ئەم مرۆڤە رزگاربکەیت و چیتر لێرە دەست لەچۆکەکانی وەرنەدات، ئەوا برۆ پەروەردەی بکەو بەجوانترین شێوە زیندووی بکەرەوە، چونکە مرۆڤێك کەزیندوو بوو ئەوا هەرگیز دەست لەبەرهیچ کەسێك پان ناکەتاوە، یا لەچاوەرێی هیچ کەسێ و شتێکیشا ناوەستێت و بۆخۆی ژیانێك دروستەکات، بەڵام کەئێستا مرۆڤێك بەم شێوەیە بوو ئەوا هەمیشە وافێرکراوە کەبەبەشی خۆی رازی بێت، بەڵام رازی بوونی بەم بەشە رەزیلیەبونەی ئەوا بێ ئیرادەیی ئەم مرۆڤەمان نیشانەدات، چونکە مرۆڤەکان لەبنەرەتەوە هەموویان یەك جۆرن، کەنابێت هیچیان لەهیچیانەوە گەورەتربن یا خۆیان بکەن بەخودابەسەر هەندێ کیترەوە.

بەلێ قسەکەت راستە.

جابۆئەوەی چیتر ئەم مرۆڤە وەها رەزیل نەکرێت و لەم رەزیلیەتیەشی رزگاری بێت ئەوا دەبێت وەك خۆتی پەروەردەبکەیت و لەم نامرۆڤایەتیەبونەی رزگاربکەیت، ئیتر ئەمە گەورەترین کارو ئەرکی تۆیە لەسەرشانت کەهیچ نابیت بهێڵدرێت مرۆڤێکی لەم جۆرە لەسەرزەویدا بوونی هەبێت، چونکە ئەم زەویە موڵکی هەموو مرۆڤەکانەو کاری مرۆڤی ژیریش لەوەدایە سەرجەمی مرۆڤە بێ ئاگان لەم بێ ئاگایەدا بەخەبەربێنن، ئیتر گەرتۆ وەك مرۆڤێکی رەسەن ئەم ئەرکە مرۆڤایەتیەت رانەپەرێنیت و هەستی پێ نەکەیت ئەوا وابزانە تۆهێشتا مرۆڤێکی تەواو مرۆڤ نیت کەهیچ جاوازیەکیشت نیە بەرامبەر بەم مرۆڤە رەزیلانە، کەتەنیا جیاوازیتان ئەوەیە ئێستا

تۆبویتە خودایەکی بێ ناوەرۆك بەسەرئەم مرۆڤەداو دەتەوێت خێری پێ بکەیت، بەڵام ئەوە بزانە خێرکردن واتا کوشتنی ئەم مرۆڤە. جابۆئەوەی ئەم کوشتنەی مرۆڤەکان بەم لەم جۆرەدا بوونیان نەمێنێت ئەوا لەئێستاوە تۆوی (ژیرایەتی) بڵاوبکەرەوە کەنابێت ناژیری بوونی هەبێت، چونکە لەناژیریدا هەمیشە مرۆڤێکی لەم جۆرە چەق بەستوەدا دروستەبێت، هەرکاتێکیش مرۆڤێکی لەم جۆرە بوونی هەبوو ئەوا ژیرایەتی مرۆڤەکان هیچ مانایەك نابەخشێت.

((خوێنەر))

ئای کەخۆشم دەوێن کەدەتانبینم کۆمەڵێك گەنجی تازە رووح سوکەڵە لەلای یەکتردا سەودا سەریانەو دەڵێن: من ئەم پەرتوکەم هەیەو خوێندۆتمەوەو دەشمەوێت بیگۆرمەوە بەپەرتوکێکی تر، کەگوێم لەم وشە ئاڵتونیانە بوو هێندە خۆشم ویستن خەریك بوو وەك نوقل و چوکولیاتە قوتیان بدەم!

بەڵام پێتان دەڵێم کەخوێندتانەوە فیربن، کەفێریش بوون وەك سندوقێکی بەتاڵ نەیەنەوە سەرشەقام، چونکە ئەگەر سندوق لەسەرشەقام بەتاڵ بوو هیچ موشتەریەك لەخۆی کۆناکاتەوە، کەواتە دەبێت سندوقەکە کالایەکی تێدابێت!

کەواتە گوێبگرن ئەگەرئەم سندوقەش دووجۆر کاڵای تێدابوو ئەوا موشتەری خۆی هەردەبێت، بەڵام ئەگەر ئەوکالایە

گەنیوبێت ئەوا ئەو موشتەریانەی دەبێت کەحەزین لەکاڵای گەنیوهەیە، هەرکاتێکیش ئەمانە کالای گەنیویان خوارد ئەوا ئەوان گەنیودەبن و کاتێکیش ئەمان گەنیوبن ئەوا توشی نەخۆشی دەبن، نەخۆشی ئەمانیش زۆرینەی کەسانی تر توشی نەخۆشی دەکات، کەواتە لەوکاتەدا تۆ کارێکی نامرۆڤانەت کرد کەخەڵکت فێری گەنیوخواردن کرد!

بەڵام ئەگەر کالای ناو سندوقەکەت باش و بەسود بوو کەپربێت لەپرۆتینی بەسود بۆجەستەو مێشکی مرۆڤ ئەوا لەوکاتەدا ئەم جۆرە مرۆڤانە دەبن بەموشتەریت و کەسێکیش بەم جۆرە بێت کاڵای باش بخوات ئەوا لەش و تەندروستی باش دەبێت کەواتە تۆ هەوڵبدە باشە بفرۆشیت و خەلکی لەهزرمردویی رزگاربکەیت و هۆش بێنێتەوە بەرخۆیان!

کەواتە خوێندنەوەش بەم جۆرەی کەزۆرنوسراوە، پەرتوك خانەکان پریەتی لەرژانی قەڵەمی نوسەران، بەڵام تۆهەولبدە کەدەخوێنیتەوە ئەم شتە بخوێنیتەوە کەباس لە (مرۆڤایەتی و عەقڵ و ژیرایەتی ئەم مەخلوقەوە بکات، نەوەك پەرتوكێك مێشکت بەخەیاڵ و چیرۆکی هزرمردوی ئەفسانە مێشکت پی قانگ بدەیت، کەهیچ باسیکی راستی دروستکردنی ژیانی نوێی تۆی تێدانەبێت، کەواتە لەئێستاوە هەولبدە باخوێندنەوەکەت پەروەردەی عەقڵ و ژیری بێت کەبتوانیت لەراستیدا راست بینانە بیت ، بەڵام ئەگەر خوێندنەوەکەت هزری ئەمانەی نەبوو ئەوا هەم هزری خۆت و هزری کۆمەڵگاکەشت بەفیرۆدەروات و ئەوکات تۆ زیندویەکی وونی مردویت!.

((فلیمی ئاكشن یادیالۆگ))

مرۆڤ لەجیهانی دەوروبەریدا دووشت كاری تێدەكات (باش، خراپ)، لەچواردەوری خۆیدا ئەم دووشتە والەمرۆڤێك دەكات كەهەڵگری ئەم دووسیفەتە بێت، جاژینگەكەی چۆن بێت ئیتر هەربەم جۆرەش دەبێت، بەڵام مەرجیش نیە ئیتر هەربەم جۆرەی ئەوانیش بێت، چونكە كەزۆرباش بوو یالەو كۆمەڵگایە دەروات كەكۆمەڵگایەكی كۆنەو پریەتی لە عەقلی كۆن، یائەوەتا خودی كەسەكە گۆشەگیردەبێت زۆرتێكەلی ئەم كۆمەڵگایەی نابێت.

جابۆئەوەی كۆمەلگاو تاك وەك خۆیان گەورەبن، ئەوا دەبێت سیستەمی پەروەردەی عەقڵ گەرایی بونی هەبێت و كۆمەڵگا لەم كۆتوبەندیە رزگاربكات، سیستەمی پەروەردەیی بۆهەموو تاكێك و كۆمەڵگایەك گرنگە، كەلەناویدا سیستەمی هەرەباشیەكە پەیرەوبكات كەبەدەرنەبێت لە (عەقڵی پەتی مرۆڤ)، هەوەرها زۆرجاریش وێرای ئەمەی كۆمەڵگا لەم سیستەمە عەقڵ گەرایی خاڵیە هاوكات زۆرینەی كارەكانیشیان بێ ئاگایی دەبێت كەچ كارەساتێكی كۆمەلایەتی لێدەكەوێتەوە، هەرچەندە كەباسی (سیفەتی باشی) دەكرێت ئەوا زۆرشت هەیە كەباسی بكرێت، وەگەرباسی (سیفەتی خراپیش) بكرێت ئەوا هەم دیسان خراپەكاری زۆر گەرباسی لێوەبكرێت، بەڵام دەكرێت لێرەدا

بۆئەوەی مرۆڤ توند رەو نەبێت یالەجیاتی توندرەوی رەوشتی هەرەباشیەکەی وەربگرێت ئەوا دەکرێت باس لەم بوەباشە بکرێت کەرێگرە بۆ دروست کردنی مرۆڤێکی توندو تیژ.

بۆنمونە (فلیمی ئاکشن)

ئەم جۆرە فلیمانە کوشندەی مرۆڤایەتین کەلەناویانا دیمەنی کوشتن و برین و تۆقاندن لەناویاندا بوونی هەیە، کەبەبینینان والەمرۆڤ دەکات کەهەستی تۆڵەستێن و دەمارگیری لەناویدا دروستەبێت و کاردانەوەی هەبیت بۆجیهانی دەوروبەریدا.

بۆیە دەکرێت چیتر لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا ئەم جۆرە فلیمانە چیتر پەخش نەکرێن و بوەستێندرێن، بۆیە دەکرێت مرۆڤایەتی بەرەو میانرەویی و لیبوردەیی بەرێت بۆیە لەجێگای ئەم جۆرە فلیمانەدا ئەوا فلیمی سینەمایی (روحی مرۆڤ گەرایی) پەخش بکرێن و بێنە بەرهەم، کەتێیدا مرۆڤ بەخشندە بێت و لەبەرامبەرکەسی هەڵەدا ژیرانە رەفتاربکات و واش نیشانبدرێت کەسی تاوانکار هەست بەشەرمەزاری مرۆیی بکات، نەوەك هەمان کاردانەوەی خراپی هەبێت لەبەرامبەریدا، هەوەرها بەهاناوەهاتنی مرۆڤ بۆژینگەو بۆخودی مرۆڤایەتی و بۆسەرجەمی مەخڵوقەکانی ترو زانست و فەلسەفە بەتایبەتی، کەبۆخزمەتی ویستی ژیان بن و خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکان تێدابڵاوبکرێتەوە.

## (دیالۆگ)

دیالۆگ واتا گفتوگۆ جالەنێوان دووکەس بێت یا کۆمەڵەکەسێکا، ئەم دیالۆکانا زۆرجار لەسەر دیمەنی شاشە تیڤیەکان پەخش دەکرێن و بەجۆرێکی وەها پەخش دەکرێن کەکەسانی شیاونەبن بۆدیمانەکەو قسەو لوتفی نابەجێ و تورەیی بەقسەکانیانەوە دیاربێت، واتا دیالۆگەکە دوورە لە (لۆژیك).

زۆرجار ئەم دیمەنانە کەخۆیان نمایش دەکەن لەسەر شاشەکان بەم جۆرە توندوتیژیە کەدووبۆچونی هەمان عەقڵی کۆمەڵگان بۆگفتوگۆکردن لەسەری کەچی ئەمانە دەکەونە بەریەك بێ ئەوەی هیچ لەباسەکە بگۆرێت، ئیتردیمەنی ئەم باسە توندوتیژیە دەکەوێتەوە ناو کۆمەڵگاو تاکەکانیش لەبەرامبەر ئەم دووبۆچونەدا هەمان عەقڵی ئەوان وەردەگرن، واتا گەرباسەکە سیاسی بێت ئەوا هەرزۆرکوشندەترە چونکە کۆمەڵگا پریەتی لەعەقڵی ئایدۆلۆژی جیاوازەوە، ئیتر ناکرێت لەسەر ئەم شاشەی تیڤیە بکەونە بەریەك بەشێوازێکی نالۆژیك.

بۆیە دەکرێت لەجیاتی ئەمان کەسانی شیاو بانگ بکرێن و قسەکانی خۆشیان بکەن، بەڵام بەشێوازێکی لۆژیکانەو دوورلەهەلچوون، چونکە هەرهەلچونێك کاردانەوەی خۆی دەبێت لەسەر کۆمەڵگا.

((سەرۆك و گەل))

(کوری سەرۆك)

کوری سەرۆك ئەوەتۆی لەسەرەوە لەمن دیاریت لەوێنەکانت و لەڤیدۆکانی ناوشاشەی کەم کەمەی تیڤیەکان خۆت لەناو پۆشاکێکی گران بەهاو پیلاوێکی بریقەدارەوە بەپێزەوە سەیرمان دەکەی!

دەزانم ئەوانەی خوارەوە رقیانلێتەو حەزیان بەچارەت نیە، بەڵام من رقم لێت نیە، چونکە ئەوەتۆی خودایەتیت لەباوکەوە بۆماوەتەوە، ئەوە تۆنیت بەم شێوەیەی کەهەیت، ئەوە باوکتە بەم شێوەیە تۆی دروست کردووە، چونکە دڵنیام گەرتۆ لەگەرێکی هاوشێوەی مرۆڤە سادەکانی تر گەورەبویتایە ئێستا بەلاتەوە شەرم دەبوو بەم جلە مۆدەیەوە هەزاران سەیرت بکەن و تۆش پیکەنین بتگرێت، کەواتە من رقم لێت نیە، بەڵام ناشتوانم بلێم خۆشم دەوێی!

تۆش ئەی سەرۆك

کەدەتبینم هاوشێوەی کورەکەت پۆشاکت بەستوە لەسەری سەرەوە قسەی زل زل بەلالێوێك دەکەیت و بەگەل و مێگەلی دەفرۆشیتەوە و ئەوەتۆی وێنەی ناراستی دروستەکەی، خۆت چۆن بیت ئەوا کردەوەکانیشت هەربەم جۆرەن، جلێکی مۆدەو گەلێکی هەژار، هەژار لەعەقل، هەژار لەبرسی بوون، کەواتە

کردەوەکانیشت هاوشێوەی هەژاران دەبن، پڕبەپێستی هەژاری ئەوان کاری خۆت دەکەی!

کەواتە ئەی سەرۆك لەتۆش تورەنیم، بەڵام هەرچۆنیك بێت هەرهێندە دەزانی کەنازانی سەرۆك یانی چی؟!

بەێم بەدیوێکی تریشدا لێت تورەم کەبویتە سەرۆك و چۆنە بێت نەزانیت سەرۆك یانی چی؟

کەواتە باواز لەتۆش بێنم و سەرێك لەگەڵ و مێگەل بدەم!

تۆش ئەی گەڵ و مێگەل ئەوەتۆی لەگەمژەیدا سەرۆکێکی هاوشێوەی خۆت دروست کرد، کەواتە تۆئەی گەڵ و مێگەل ئەوسەرۆکەت هەرچی کردی و هەرچی ووتی قبوڵت بێت و گلەیی مەکە و چونکە ئەوکات گلەییەکانت هاوشێوەی منالێکی بەناز وان لەبەرچاوم، ئەها کاتێك مەمەنەبوو بیخوات ئەوا دەستەکاتە گریان، ئەومناله تۆی!

کەواتە بۆئەوەی وانەبیت ئەوا پێتە لێم ژیربە، گەرژیریش بوویت ئەوا سەرۆکیکی ژیریشت دەبێت!

بەڵام کەژیرنیت ئەبوایە ژیربایت ئێستا دەانم کەژیرنیت جابۆئەوەی ژیرببیت دەبیت ژیرتکەم، لەوکاتەشدا کەنەمتوانی ژیرت بکەم، بۆت هەیە سزام بدەیت، چونکە من کەدەزانم ژیرنیت ئەی بۆچی ژیرم نەکردیت؟

کەواتە تاوانبارم و سزام بدە قبوڵمە!.

## ((داگیرکردن و راپەرین یا شانازی))

لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بەهۆی پەلاماردانی گەلان بۆیەکترو داگیرکردن و کوشتن و بریندا بەملێۆنان مرۆڤ تێیدا بوەتە قوربانی و لەدوای سەرکەوتنیشیان بەسەریەکتریدا ئەوا هەمیشە بوەتە شانازیەکی مەزنیش لەناویاندا و زۆرینەی جاریش وەك یادکردنەوە بۆئەو رۆژە ئەوا بەپیرۆزەوە یادیان دەکرێتەوە.

بەڵام پێم وایە یادکردنەوەی ئەو رۆژانە یادێکە پریەتی لەشەرمەزاری، چونکە مرۆڤ لەم کێشمەکێشمەیەدا نەیتوانیوە وەك مرۆڤ بژیت و هەمیشە لەململانێدابوەو ئەمەش وای کردوە مرۆڤ بوونی خۆی لەدەست بدات و هاتۆتە چوارچێوەی ئاژەڵیەوە.

ئیتر لەم مێژوە پڕلەشەرمەزاریەدا چۆن بتوانم شانازی بەم سەرکەوتنە یاژێرکەوتنەی مرۆڤەوە بکەم کەبێ ئەوەی لەمانای خۆی تێبگات چ بونەوەرێکە سەروماڵی یەکیریان تێدا کاول دەکردوو قەتڵوعامی یەکتریان دەکردە پێشەنگی بونیان.

دەکرێت لێرەدا مرۆڤ چیتر شانازی بەم مێژوەی خۆیەوە نەکات کەوەك پالەوان سەیربکرێت کەگوایە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، چونکە ئەمە سەرکەوتن نیە بەشەرکردن بەسەر مرۆڤدا، بۆیە دەکرێت لێرەدا مرۆڤ بۆئەویادنە شەرمەزاری خۆی بۆ رابردووی دەرببرێت، کەئەم رابردویەی مرۆڤ پریەتی لە

وەحشیەتی بوونی، یائەم هەستە ببێتە هاندەرێك بۆئەوەی لەمەولا مرۆڤ یەکتری خۆش بوێت ئەم رۆژە پرشەرمەزاریە بێنێتەوە بەرچاوی خۆی کەچەندە قێزەونەو ناکریت جاریکی تر دووبارە بکرێتەوە و چونکە ئەمە مرۆڤەو ئاژەڵ نیە پەلاماری یەکتربدات، چونکە من کەمرۆڤ بووم ئیدی بە چ حەقێك شانازی بەم رۆژەوە بکەم کەمرۆڤ بەدەستی خۆی یەکتری کوشتوەو تێیدا منالّی ساواو گەنج و پیرو لاوی تێداخەڵتانی خوێن کراوە بەدەستی سەرکردەیەکی هزرپوچ گەرایی هاوشێوەکانی خۆیەوە کەلەمانای سەرکردەبوون و لەمانای مرۆڤ بوونی خۆشیانەوە تێنەدەگەیشتن ئیتر خەلکی ژێردەستەلاتی خۆشیان وەها جۆش دەدا بەم هزرەی خۆیانەوە کەدەبێت بجەنگن، ئیتر سال بەساڵ و زەمەن لەدوای زەمەن هەردرێژەی دەکێشا لەنێوان کۆمەلگاکانی گەلانەوە کەنەتوانن پەرەبەبوونی خۆیانەوە بدەن و بەیەکەوە لەکەشیکی ئارامدا لەسەر ئەم زەویە پیرۆزەدا ژیان دروست بکەن.

ئیتر بەئێستاشیەوە لەگەل بێت لەدوای (دە) هەزارساڵ لەتێپەربوونی شارستانیەتدا ئەم مرۆڤە نەیتوانیوە ژیانی مرۆڤ گەرایی بۆخۆی دروست بکات و سنوری نیشتیمانەکان چیتر لەسەر یەکتردانەخرێن و مرۆڤە کێویەکان تائێستا کەیی نەکراون بەیەکەوە بژن کەئاژەل نین و مرۆڤن، ئیتر گەربونەوەرێکیش خاوەنی (عەقڵ و هەست و زانین و ژیری) بێت ئیتر تاکەی لەخۆی نەگات کەپێی دەوترێت مرۆڤ؟!

وێرای ئەمەش لەسەر ئەم زویەی مرۆڤایەتیدا بەشێك لەخاکەکانی میللەتان لەلایەن نەتەوەی ترو کۆمەڵگای ترەوە تائێستا بەداگیرکراوی ماوەتەوە کەچی هەموو جیهان خۆیان لەم تاوانە گەورەیە بێ هەست کردووە، بۆچی دەبێت نەتەوەیەك و میللەتێك لەسەرخاکەکەی خۆیا بەویستی خۆیان نەژین و هەرلەژێردەستی میلەتانی ترەوە بچەوسێندرێنەوەو مافیان بخورێت؟ یابەراست مرۆڤ لەدوای ئەو هەموو مێژووە خوێناویەی کەهێناویەتی بەم سەردەمەی ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەوا دەبێت بەخوێن رشتن مافی رەوای خۆی بەدەست بهێنێت؟ ئەی بەسنەبێت خوێن رشتن و یەکترکوشتن؟ بۆچی وەك نەتەوەی گەلان و جیهان ئەم مافە بۆئەم گەلە ژێردەستانە ناگێردرێتەوە؟ ئەی مرۆڤ بوون لەکوێ یە و بە کێ دەوترێت مرۆڤ؟ یامرۆڤایەتی لەچیدایە گەر لەخەمی نەتەوەیەکی لەم جۆرە نەبێت؟ دەکرێت مرۆڤەکان لەمەولا ئەم پسیارانە لەخۆیان بکەن، بۆئەوەی چیتر هەستی مرۆڤایەتی پێشێلنەکرێت و لەوە زیاتر وون نەکرێت.

***

هۆژیرەکان هۆناژیرەکان بیستم ئێوە کێشەتان هەیە، کێشەی ئێوەش بەراستی بوەتە کیشە، هۆناژیرەکان گەرێوە بزانن ژیرچیە ئەوا کێشە دروست ناکەن کەواتە ئیوە بزانن کەژیرنین!

بۆئێوەش هۆژیرەکان گەرئیوە ژیربن ئەوا کێشە بۆناژیرەکان دروست ناکەن، جابۆئەوەی ئێوەش تەواو ژیربن دەبێت ناژیرەکان ژیربکەن!

جابۆئەوەی بشزانن ژیرچیە دەبێت لەسەرەتاوە مرۆڤێکی ژیردروست بکەن، لەهەرجێگایەکش کەناژیر بوونی هەبوو ئەوا بزانن کەژیری تەواو بوونی نیە، جابۆئەوەی ناژیری نەمێنێت ئەوا دەبێت ژیرەکان تەواو ژیربن و ناژیری نەیەڵن و تۆوی ژیری بچێنن!.

((مرۆڤی پشیلەیی))

مرۆڤی پشیلەیی یاژەلێکی دەستەمۆی نەخۆش

پشیلە دووسیفەتی بوونی هەیە (نەوسنی) و (خۆدانوساندن لەنێچیر) هەرچەندە ئەم سیفەتە لەناو بەشێکی زۆری ئاژەڵاندا بوونی هەیە، بەڵام چونکە پشیلە زیاترلەناوماندا بوونی هەیە بۆیە ناوی ئەو دەهێنم.

ئەم جۆرە مرۆڤانە لایان وایە کەژیان بەم جۆرەیە بۆدەستکەوتنێکی نان مشتومریەتی و لەچاوەرێی نێچیرێکیشە عەمبازی بدات، ئیتر ئەوە هەربۆخۆی پشیلەیەکە کاتێك خۆی لەنێچیرمات دەکات و بۆدەستکەوتنی نانیش میاوە میاویەتی، کوشندەی ئەمانە لەوەدایە میاوە میاوی ئەمانە دەبێتە کەڵلتورێك و هەزارانی تریش لەونبویدا توشی ئەم میاوە میاویەی

خۆدانوساندن دەکات، کەخۆی لەخۆیدا تەنیا ئەوە دەمێنێتەوە پیویستی بەهێزێکی گەورەی هزری رۆشەنگەر هەبێت رێ بەم میاوە میاویە بگرێت، یانەیەڵن بیچوەکانی ئەم جۆرەکەسانە بۆداهاتوو فێری ئەم میاوە میاویە ببن و لەچاوەروانی نێچیردا گەورەنەبن، چونکە دروستبوونی ئەمان ناتواندرێت نەگوترێت قریونەدان!

فریودانیش واتا وون بوون، ونبونیش واتا مردنێکی تەواو راستی بۆهەموویان، چونکە لەونبونیشدا گەرنەدۆزرێتەوە ئەوا هەرتەواو دەبێتە نەمریکی ئاژەڵی!

نەمرەکی ئاژەڵیش ئائەو کەسانەن کەلەروحێکی (نامرۆڤ گەرایی) گەورەبوبن، کەهەمیشە ئامادەو رەخساو بێت لەنێوان بروابوون بەخوداو بروانەبوون بەخودا ون بوبن و رووحی مرۆڤ گەراییان لەناودا بوونی نەمابێت، ئیتر ئەم جۆرە مرۆڤانە لەهەموو کۆمەڵگاکاندا بوونیان هەیە و زۆرینەش هەرئەمانن.

((سەرکردەو مێگەل))

سەرکردە هاوشێوەی کەرێکی خزمەتکارە کەهەرچی باری قورس هەیە بیخاتە سەرپشتی خۆی بۆئەوەی کاری گەل و مێگەل رێك بخات، بەڵام کەدەبینم سەرکردەیەك توانای ئەو بارە قورسەی نیە لەوکاتەشدا کەگەل و مێگەل لەگەمژایەتی خۆیانەوە کردویانەتە سەرکردەی خۆیان و لەوکاتەشدا کەتوانای نیە بارەکە

بخاتە سەرپشتی خۆی ئەوا کارەکان پێچەوانە دەبنەوەو هەموو بارە قورسەکە دەخاتەوە سەرپشتی گەل و مێگەل.

لەوکاتەدا کەسەرکردەیەك بەوجۆرە دروست بوو ئەوا سەرکردەنیە کەبەم جۆرەیە بەلکو ئەمە عەقڵی گەل و مێگەلە کەسەرکردەیەکی لەم جۆرەیان دروست کردووە و لەوکاتەدا کاکی سەرکردە هەرچی کردیو بردی ئەوا تاوانەکەی لەئەستۆی مێگەلەو گەمژەیەو نەزانە.

نەزانی ئەوانیش کاتێك دەردەکەوێت کەهەم دیسان بەشان و باڵی هەمان سەرکردەکەوە هەلبدات و دەم بەستراوبێت لەبەرامبەریدا.

ئیتر لەم کاتەدا هەم میللەت خۆی وون کردوو هەم سەرکردەش لەخودایی و لەبێ خودایدا وون بوون.

ئیتر تاکە شتێك بمێنێتەوە بۆئەم جۆرە گەل و مێگەلەو سەرکردەیە ئەوەیە، شوانکارەیەکی گەمژە دەبێتە شوانکارەی مەروماڵاتەکەی و کەهیچ عەقڵی مرۆڤی لەکەلەدانیەو بەویستی خۆی مەرەکانی دەخزێنێتە ناو دەغڵ و دان و گژوگیای ژەهراویەوە و ئەم ژەهرەش کەلەشیری ئەم مەروماڵاتە دەردەچێت وەك ئاژەلێك بێچوەکانی دەتۆپینێت و گێژو گەمژە دەردەچن، لەوکاتەشدا کەئەمە روویدا ئیتر چاوەڕێی چی لەم شوانکارەو مەرومالاتە دەکەی؟ کەدروست بونیان بوەتە مایەی پیس کردنی ژینگەو زەویە پیرۆزەکەی مرۆڤایەتی، کەلەوە زیاتر هیچ شتێکی ترنین!.

((ژیری بۆژیان نەوەك بۆنان))

نان واتا ویستی ژیان بۆتێربوون، بەڵام لەپاڵ نانیشدا شتیكی ترهەیە كەپێی دەڵێن (ژیری)، كەژیریش نەبوو ئەوا نەژیان هەیەو نەنان، خۆئەگەر نانیش هەبێت ئەوا ناتواندرێت پێی بگوترێت ژیان بوون، بۆیە سەرەتای هەرشتێك دەبێت ژیریشی لەگەڵ بێت، ئەم ژیریە دەتوانێت هەمووشتێك دروست بكات.

بەشێك لەگەلان بیرلەنان دەكەنەوە واتا ژیانیان بۆنانە، ئەمە زۆركوشندەیە، چونكە بەتەنیا بیركردنەوە لەنان ئەوا بەو رۆژەت دەگەیەنێت كەنەتواندرێت كاربەژیری بكەیت بۆپەیداكردنی نان ، چونكە هەركاتێك مرۆڤ توانی بەهێزە ناوەكیەكەی كەبریتین لە (عەقڵ و ژیی) بخاتە كارئەوا بۆهیچ شتیك پەكی ناخات، بەڵام ئەگەرئەمانە نەبوو ئەوا دەچیتە چوارچێوەی (ئاژەڵ)، بۆیە ژیری لای مرۆڤ گرنگەو دەبێت بیخاتە كار بۆدروستكردنی (ژیان)

ئەم ژیانەش كۆكراوەی هەموو حەزو ویستێكە بۆسەرجەمی مرۆڤایەتی.

بۆیە ئەگەر مرۆڤ بۆهەرهەنگاوێك گەرژیری لەگەڵ نەبێت ئەوا رۆژێك دێت بێ نانیش دەبێت، كاتێكیش بێ نان بوو ئەوا ناتوانێت ژیانیش بوونی هەبێت، كەواتە ژیری دەتوانێت هەم نان دروست بكات هەم ژیانێك لەناو ژیاندا.

ژیانیش لەناو ژیاندا ئەوکاتەیە مرۆڤ لەبونی خۆی بەئاگابێت و گەمژەیی وەلا نێت و بزانێت مرۆڤ بوون واتا خوداوەندی سەرزەوی، ئیتر کەمرۆڤ خودابوو ئەوا زەوی یەکپارچە دەبێتە زەوی خوداوەندان.

((لەدیکتاتۆریەتەوە هەم بۆدیکتاتۆریەت))

میللەتێك لەدیرزەمانەوە کەوتبویە دەست دیکتاتۆرە یەك لەدوای یەکەکان و ئیتر خەونی هەرەگەورەی رزگارکردنی نیشتیمانەکەی بوو بۆئازادی، لەدوای چەندان شۆرش و بەرخودان و قوربانی دان هەلی بۆرەخسا کەئازادبێت و بەویستی خۆی نیشتیمانی بۆگەرایەوە بەڵام هێندەی نەبرد تۆمەزانە عەقڵی میللەت و عەقڵی سەرکردەکەیان (عەقڵی مرۆڤ گەرایی تێدانەبوو) تەنهاو تەنها سەرجەمی ئازادیەکەیان بریتی بوو لەرزگارکردنی نیشتیمانەکەیان کەبەتەنیا بیرکردنەوەش لەمە زۆرکوشندەبوو، چونکە ئازادی عەقڵ گەرایی گەرلە سەرنیشتیمانیش بێ بەڵام کەبوونی نەبوو ئەوا بزانە نەوەك هەرنیشتیمانەکەت رزگارنەکراوە و بەڵکوو ئەمە تاکەکان و کۆمەڵگاش هێشتا رزگارنەکراون.

ئیتر هەرئەوەبوو لەدوای روخانی دیکتاتۆری بێگانە خۆیان هاتنە سەردەستەڵاتی خۆیان و سەرکردەیەکی هەمان شێوەی عەقڵی خۆیان دروست کرد.

لەدەستەڵاتی ئەم سەرکردەیە تاوانەکانی هەندێ جار هاوشێوەی دیکتاتۆرە بێگانەکەبوو کەنیشتیمانەکەیانی داگیرکردبوو، ئیتر گەل و میللەت هێندە بێزاربوون زۆرجار خۆزگەیان بۆدیکتاتۆرەکەی پیشوتریان دەخواست.

هیندەی نەبرد گەل و مێگەل لەسایەی سەرکردەکەی خۆیاندا توشی دەیان کارەساتی مرۆیی بونەوە.

لەوکاتەدا بیرم لەوەکردەوە تۆبێلی چ شتێك ئەم میللەتەی والێکرد دووبارەو سی بارە بەم دەردەی دیکتاتۆریەتەوە تێوە بگلێنەوە ئیتر لەگەمژەبوونی گەل رەچاوی هیچ شتێکی ترم نەکرد، بۆیە لەوکاتەدا زیاتر بیرم کردەوە ئەو ولاتانەی بانگەشەی مرۆڤایەتی لێدەدەن ئەوان چۆن هێشتیان ئەم میللەتە ژێردەستە جارێکی تر بکەوێتەوە دەست هەمان دیکتاتۆرێك بەڵام بەجۆرێکی تر؟

ئیتر بیرم لەوەکردەوە مرۆڤ بوون لەسەرزەوی گەرپەروەردە بکرێت ناتوانم پێی بلێم قورسە، وەناشتوانم بڵێم قورس نیە، چونکە مرۆڤێك کەبوە خوادی سەرزەوی ئەوا ئەبێت ئەم خودایەتیە بۆهەمووشتێك بەکاربهێنێت و گەلانی ژێردەستە لەهەژمەی گەمژەیی رزگاربکات، یانەیەلێت سەرکردەیەکی گەلان بەلاریدا بروات و ژیانی گەلەکەی بخاتە مەترسیەوە، چونکە گەر بەرلە هەزار سالێك یا سەت سالێك ئەمە بوونی هەبوایە ئەوا مرۆڤ دەمێك بوو هەموو ئەو کۆت و بەندانەی تیك دەشکاندوو ژیانی مرۆڤ گەرایی خۆی تێدا نمایش دەکرد بێ هیچ کیشەو کەموو کوریەك لەبوونیدا.

(جیاوازیەکانمان)

من شەوانە ناخەوم رۆژانەش نیوەی دەخەوم، ئێوەش شاوانە دەخەون و رۆژانەش لەناو گەل و مێگەلدان!

ئێوەش رازین بەم جۆرەی بوونی خۆتان، منیش رازیم بەم جۆرەی بوونی خۆم، بەڵام گەر راستیتان ئەوێت ئەبوایە ئێوەش لەبووندا وەك من بان، ئەوكات منیش وەك ئێوە دەبووم لەبووندا!

ئەی چۆن بتوانم هاوشێوەی من بن؟

كەواتە ئێوەخەوتون واشدەزانن زیندوون و ئێستا ئێوە لەخەوندان و واشدەزانن راستیە.

ئەی چۆن هەلتان سینم بەئاوێكی سارد یابەنوچركەیەك؟

هەندێ جاریش دەلیم وازتان لێ دێنم!

ئەم پسیارەش لەخۆم دەكەم، ئەی وازهێنانیان تاوانباری نیە؟

كەواتە هەردەبێت نوچركەیەكتان لێ بدەم بۆئەوەی وەك یەك بین!

دەشزانم زۆرتان بەلاوە ناخۆشە لەم خەوە قولە بەخەبەربێن، چونكە رۆژانە لەدونیای سۆزو غەریزەیی و پێكەنینێكی ناواقعدا سڕبونەو هەست بەهیلاكی ناكەن و بەڵام پێتان دەلێم: بەسیەتی زیاد لەپێویست خەوتن ئەم زۆری خەوەش بێ هۆشی كردوون!

کەواتە ئەبێت نوچرکەتان لێ بدەم بۆئەوەی زیندوبن کەزیندوش بوون سوپاسم مەکەن سوپاسی خۆتان بکەن کەهۆشتان هاتەوەبەر!.

گەرویستان خۆتان بگۆرن شەوانە مەخەون رۆژانەش نیوەی بخەون!

بیرو هزرو ئیلهامی بەرز لەشەوانەدا دادەبەزیت!

کەواتە ئەی بلیمەت خەوی شەوانە بۆتۆ حەرامە، خەوی شەوانە بۆئەو منالّەکانی ناوبازار جێ بهێلّە و مەمەکانیان بخەرە دەمەوە، گەرلەوکاتەشدا هەرگیان ئەوا تۆی بلیمەت تەنیا ئەوەت لەسەرە لۆکە بخەیتە گوێچکەکانتەوە.

1

کەبەتـــەنیام قســـەلەگەل خۆمادەکـــەم، کەبەرێگاشـــادەرۆم هەرقسەلەگەل خۆم دەکەم!

گەرپێشم بلیی شێت ئەوا زۆرگەمژەیت و بەلاّم منی شێت هەررێزت دەگرم، لەوکاتەشدا کەرێزم گرتیت ئەوا بزانە هەست بەبێ ئەقلی خۆت بکە کەواتە تۆباهەرئەو عاقلّە بیت کەپێت وایە عاقلیت، بامنیش هەرئەم شێتە بم کەلە شێت بوونی من تێنەگەی!

(بلیمەت)

هۆبلیمەت گەرسادەکانی ناوبازار لێت تێبگەن کەواتە تۆبلیمەت نیت، گەربشتەوێت بەراستی ببیت بەبلیمەت ئەوا هەرچی عەقلۆکەو مەقلۆکەی ناوبازارهەیە پێناسەی هەڵەت بۆبکەن!

گەربشتەویت بەهەلە لێت تێنەگەن ئەوا برۆ هەری وتیان قبوڵی بکەو وەك ئەوان پێ بکەنە گەرپێش نەکەنیت تۆبلیمەت نیت، گەرئەم منالە بەسمێڵانەی ناوبازاریش خۆیان بەگەورەدەزانن ئەوا دەبێت رێزت بگرن، گەرلەوکاتەشدا رێزیان نەگرتیت ئەوا ئەوان بێ رێزن و تۆی بلیمەتیش بۆئەوەی بزانن بلیمەتی چیە ئەوا هەردەبیت رێزیان لی بگریت!

وتیان کابرا ئەوەی تۆدەیلێی ئەوە شتیکی دەگمەنەو زۆرقورسە!

منیش گوتم: ئەری ئازیزم وایە کەسیك نەزانیت حەقیقەت لەچیدایەو لەناحەقیقەتیدا گەورەبوبێت و کاتێکیش ئەم حەقیقەتانەی منی بەرگوێ بکەون ئەوا باش دەزانم ئەم کەسانە توانای هەڵگرتنی ئەم حەقیقەتانەیان نیە یاشێت دەبن و وێڵی

کوچەو کۆلان سەرشەقامەکان دەبن، یاوەك رەشەمارێك و هەڵۆیەکی چنگ بەئاگرین لەبەردەمی هەموویاندا قیت دەبنەوە! ئیتر ئەوەیە حەقیقەتی راستەقینە کاتێك وون بوبیت و بشتەوێت بیدۆزیتەوە!

ئازیزم ئەی ئەوەنیە ئێستا بەم دەردەوە چووم کەنامەوێت وەك هەلۆو رەشمار لەبەردەمت قیت ببمەوەو لەسەر حەقیقەت دەست بەفش و هاشی ناودەمم بکەم و ناشمەوێت بەخەوش داریەکەی ئێوە کەپریەتی لەخۆبایەکی بێ بنەما بهێمە گفتوگۆ!

ئیتر چۆن فێرنەکراویت کەهاوشێوەکانی ئێمە جگەلەو گۆشەگیریەی کەبەهی خۆشمان نازانین روی تێدەکەین و لەویشدا لەم ئەشکەوتە روونەدا هەم جارێکی تر خۆم سەرقاڵی بیرو هزری تیژ دەکەمەوەو لەوێشدا هەم وون دەبم و هەم زیندویەکی تەواو زیندو جیاواز لەئێوە!.

(من و ژن)

ووتیان جاهویی بریارمانداوە کچەکەی خۆمت بدەمێ

وتم کابرا کچەکەی تۆبەکەڵکی من نایەت، چونکە من کەسێکم نوقمی بیرو هزری تیژبوومە!

کچەکەی تۆش کەسێکی دەوێت سۆزو غەریزەیی پێوەبێت!

ئایا لەوکاتەدا من تاوانم کردووە کەبەم جۆرەم؟ یاتۆتاوانت لەخۆت کردووە لەبی پەروەردەیدا کچەکەت واگەورەکردووە

ئاشقی پیاویك بێت بیروهزری قوڵی نەبێت و بەڵام پربێت لەغەریزە؟!

کەواتە ئەی ژن بەدوای منامەگەرێ من هیچ سۆزم نیە سۆزی من هزروبیری تیژە کەئۆقرەی لی بریوم!

تۆش برۆئەی ژن بەدوای کەسێکا برۆ هاوشیوەی خۆت سۆزداربێت لەجیهانی خۆتابێت و لەمانای هزروبیرتێنەگات!

کەواتە ئەی ژن گەرتۆش بەراست عەقڵی خودات لەکەلەدابێت ئەوا ناوە ناوە سەردانم بکەو گۆمەت بینەت سەرلێوم، گەربەراست تۆش وانەبیت ئەوا برۆ ئەی سۆزاوی!

(رۆژی ڤالانتاین)

ویستم رۆژی خۆشەویستی ڤالانتاین سەرێك برۆمەدەرەوەو لەکونی ژوورەوە خۆم رزگاربکەم و پشویەك بدەم، بەڵام کەبیرم کردەوە هیچ کەس خۆشەویستم نیە، ئیتر بۆچی سەیری دووئاشقان بکەم کەمن خۆشەویستم لەگەڵ نەبێت؟!

بۆیە لەژوورەکەی خۆما وەك پیشەی هەمیشەیی خۆم بەناچاری سەرم نایەوەو بریارمدا لەورۆژەشدا نەچمەدەر، چونکە دەمیکە دەمێکە لەم جیهانەدا بەشی هاوشێوەی ئێمەی پێوەنەماوە!

راستە بەشی ئەوانەشی پێوەنیە کەخۆیان و ئاشقەکانیان تێیدا یادی ئەورۆژە دەکەنەوە، چونکە ئەوان هەروونن، کەواتە کەمن

دەزانم ئەوان هەروونن ئیتر بۆچی بچم سەریان لێبدەم و ئەم رۆژەشیان لێ تال بکەم کەپێیان بلێم ئێوە ونن!

کەواتە ئێوە بۆخۆتان لەوێ بن و منیش وەك پیشەی خۆم دەمێنمەوە لەئەشکەوت! ئیوەش وادەزانن کەمن لەئەشکەوتم، بەڵام راستیەکەی ئەوە منم لەئەشکەوتەکەوە دەتانبینم کەونن و لەوێوە هەمووشتێکم لێوەدیارەو ئێوەش وادەزانن کەلەدەرەوەی ئەشکەوتن، بەڵام لەراستیدا ئەوە منم لەدەرەوەی ئەشکەوتەکەو ئەوەش ئیوەن لەناو ئەشکەوتەکەدان! کەواتە ئێوە بەم جۆرەن و منیش بەم جۆرەم، ئەوەمنم بەم جۆرەی خۆمم قبوڵمە و بەڵام تاوانێکی مەزنە ئێوە بەم جۆرەی خۆتان قبوڵتان بێت، چونکە ئاشقانەی ئێوە وەك منالێکە کەئاشقی بوکەڵە شوشەکەی خۆی دەبێت!.

ئیتر ئەی ژن

کەئەوبینم حەزم دەچێتە تۆ بەڵام چۆن بتوانم پێت بلێم؟

لەکاتێکا تۆش هاوشێوەی ئەوان گەورەبویت و ترسم هەیە هەرچی بیلێم هاوشێوەی ئەوان لوشکە بهاوێژی!

چونکە تۆ کەلای ئەوانەدا گەورەبویت ئیتر چۆن هەستی ئەوەم لانەبێت تۆ هاوشێوەی ئەوان لەونیدا گەورەنەکرابیت؟

ئەوان لەونیدا هەرگیز ناتوانن مرۆڤێکی زیندوو دروست بکەن، ئیتر چۆن بروابکەم تۆش هاوشێوەی ئەوان نەبێت؟

دەی ئێستا چۆن پێوبڵێم؟ چۆن جورئەتی ئەوەبکەم ساتێك وەك غەریبەیەکی شاربەدەر لەدەرگات بدەم و بهێڵیت ساتێك لەئارمیدا بتهێڵمەوە؟

من کەخۆم بەباڵترین مرۆڤی جیهان دەبینم، بەڵام هێشتا جورئەتی ئەوەناکەم لەبەرامبەر تۆی ژندا بوەستم!

ئیتر بۆتێناگەی؟ ئەها غەریبەکانی شاربەدەر خۆ هاوشێوەی ئەمانە نیم کەبەردەوام میوانن و کەچی خۆشیان بەخۆیی تۆدەزانن!؟

ئەی ژن ئیتر بۆچی تێناگەی؟

تۆ مەخلوقێکی هێندە عەنتیکەی هەرگیز حەزت لەپیاوی بیرمەندنیەو ناشتەوێت تا پیاوی سۆزاوی و نوقمی غەریزەیی هەبێت ئەوا تێکەڵ بە مرۆڤە نوقومبوەکانی هزرگەرایدا بکەیت!

ئیتر دودڵم کەسوك نیم و دەترسم تۆی ون سوکایەتیەکی خۆتم تێ هەڵسویت و بمشۆیتەوە!

ئیتر نا من دودڵ نابم لێدەگەرێم و نایەمە لات باهەروەك رۆژانی رابردوو دەستەپرێك بەخەیاڵی تۆوە لێدەدەم.

نا بەخەیاڵی تۆشەوە دەستپەرناکەم، چونکە تۆکەون بویت ئیتر چۆن مرۆڤێکی باڵدار کەسێکی وون بوو بێنێتە خەیاڵ خۆی؟

بۆیە بریارمدا دەسپەریش نەکەم و لەچاوەرێی شەیتانەکەی لەتۆیدا بمێنمەوە!

((حەقیقەت))

ئەوەی حەقیقەتی لایە بالەناخی خۆیدا نەیشاریتەوەو هەڵی ڕێژیت، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانیت هەڵرشتنی حەقیقەت لای ئەوانەی کەنازانن حەقیقەت لەچیدایە وەك ئەوە وایە ژەهرت هەڵرشتبێت، لەوکاتەدا سەربەرزیە لەسەر حەقیقەت ژەهر خواردت بکەن، ئەوکات دەتوانی بەخۆت بڵێی من نەوەی سوقراتم و وەك ئەوانی تر بیژونیم!

پەکوو چەندە بەئازارە لای کەسێك باسی حەقیقەت بکەیت و حەقیقەتیش لای ئەوکەسە بوونی نەبێت، ئیتر لەوکاتەدا ناهەقی بەخۆت دەکەی لەبەردەمیدا بمێنیتەوە، هەم دیسان ئەوەش ناهەقیە لەبەردەمیدا بڕۆی، لەوکاتەدا بەحەقیقەت بڵێ: ئەی حەقیقەت کەتۆدەزانی حەقیقەت بوونی نیە ئەی بۆچی منت هێنایە ناو حەقیقەت؟!

گەرحەقیقەتیش بوونی هەبێت ئەوا پێم دەڵێت: ئەی مرۆڤ ئەوە خۆتی حەقیقەتت وون کرد، ئیتر بۆگلەیی لەحەقیقەت دەکەی؟!

هەرکاتێك قسەی ڕاستیت ووت ئەوانەشی کەراستی نەبوون دەورەت چۆڵدەکەن، کەواتە تۆراستی و ئەمانی تریش ناراست، ئەمەش بەدەست من نیە ئەمە خودی ڕاستیە کەبەم جۆرەیەو هەم دیسان پێی ووتم: حەقیقەت بەم جۆرەیە کەواتە یاراست بە یائەوانەشی کەراست نین شەرکردنیانت قبوڵ بێت، ئێستا کانیان

هەڵدەبژێری دەچیتە لای ناراستیەکان یالەسەر راستی دەمێنیتەوە؟

وتم لێمگەرێن بابەتەنیابم!

بەڵام هەم دیسان تەنیایش پرلەبووندا ناهەقیە!.

لای من گەورەترین حەقیقەت ئەوەیە مرۆڤ لەدەست گەمژەیی راچڵەکین بکات، نەوەك لەسەر ناعەدالەتی، چونکە سەرەتا گەمژەییە ناعەدالەتی دروستەکات، کەواتە هۆگەل و مێگەل ئێوە لەخۆتانەوە دەست پێ بکەن، گەرئێوە گەمژەنەبن هەرگیزنایەڵن ناعەدالەتیتان لەناودا دروست بێت!.

چیە بۆئەوها سەیرم دەکەی کەئەوها ریشو سمێڵ و سەریکی ئاڵۆزم هێشتۆتەوە هەستەکەم دەترسیت لێم؟

بەڵام پێت دەڵێم: لەئێمە مەترسە ریشوسەری ئێمە هاوشێوەی ریشەکانی ئێستانیە و پەلاماریشت نادەم و چونکە هاوشێوەکانی ئێمە تەبیعەتی سەیەکی مالیمان هەیەو لەشوێنی خۆی بۆخاوەنەکەی دەوەرێت، نەوەك هاوشێوەی سەگێکی بەرەڵا!

جاهەرکاتێك من بەتۆوەریم و تۆش پەلامارت دام ئەوا لەوکاتە تۆدەبیتە سەیەکی بەرەڵا، نەوەك سەگێکی ماڵی کەپارێزگاری لەخاوەنی خۆی دەکات!

ئێستاش تۆئازادی کەپەلامارم بدەیت، بەڵام هیچ کات رێگەی ئەوەت پێنادەم ببیتە سەگێکی بەرەڵا، چونکە بەرەڵای تۆ سەگەکانی تر هارتردەکات بۆەرەلایی!.

(وەرن لەگەڵ مرۆڤی بالادا باڵ بگرن)

مرۆڤە باڵاکان شەپەی باڵەکانیان دێت و پێتان دەڵێن: ئێوە ونن خۆتان بدۆزنەوەو ببنەوە مرۆڤە راستەقینەکە، راستەقینەکان ئەوانەن لەبونیدا بالیان بۆدێت و لەهەموو خەوشێك دەسرێنەوە، مرۆڤە بالاکان کەپڕن لەحەقیقەت کەپڕن لەبینینی ئێوەو پیتان دەڵێن: ئێوەش وەك ئێمەن بەڵام ئێوە لەئەشکەوتان و پێشتان وایە لەروناکیدان!

ئەها سەیرکەن مرۆڤە باڵاکان چۆن شەپەی باڵەکانیان دێت و لەهزرگەرایدا لەمرۆڤ بووندا هێندە هێندە خۆشبەخت و پڕن لەهیوا، لەکاتێکا ئەوان لەونی ئیوەدا تەنیاییان هەڵبژاردوەو پەرداخێك ئاوو نانێکی وشك نوشی گیانیان دەکەن و پێشیان وایە خۆشترین پاروی چەوری وەك ئێوەیان خواردووە!

ئەوان لەتەنیایدا کەپرن لەئومێد پڕن لەهیوا دەم بەخەندەن و وەك ئێوەش نین کەپرن لەنان و خانوی بەرزو سامانی بێ بنەما و پیرۆکی هزرمردوی خەیاڵ پڵاوی!

دەی ئیوەش بەم جۆرەی ئەوان بن و لەم خەیاڵە خۆتان دەرخەن و پربن لەبوون، ، پربن لەروت، لەروتیدا باڵتان لێ دەرەخسێت، مرۆڤی رووت هیچ کەس ناتوانێت شان لەشانی بدات، چونکە ئەوان پرن لەچاو پڕن لەگوێچکە پڕن لەبوون و پرن لەهەموویان و پرن لەژیری و پڕن لەهێز!

دەی ئێوەش هەستن هەستن کەزیندوون و پرخەی خەویشتان دێت و خەواڵون و پرخەی ونیتان دێت و بەریش دەبنەوەو پێشی نازانن!

دووگوێچکەتان هەیەو هاوشێوەی تاشەبەردێك بەخۆتانەوە هەلواسیوەو ناشبیستن، دوچاوی زەقیشتان هەیەو کەچی هەرناییبینن، کەلەسەرێکی گەورەتان هەیەو کەچی هێشتا پرنەکراوە لەرووتی!

دەی هەستن هەستن ئەی زیندوەکانی مردوو ئەوا ئێمەی باڵدار لەشەوانەدا کەپێچەوانەی ئێوەین بەهزرتیژی و وەحی بەرز شەونخونیمانەو ئیشکەدەگرین لەناو وەحی بەرزو هزری تیژو بوون لەناو بوندا شاگەشکەمانە!

دەی هەستن هەستن ببینن مرۆڤی باڵا چۆن بەسەر سەرو ناخ و هزرو بیرو شاروو دەوڵەت و شارو شاخ و کێواندا دەسورینەوەو لەنگەردەگرن، لەوێشەوە هەم دیسان لەشەپەی بال دەدەنەوەو سەرێك لەئاسمان دەدەن و دێنەوە ناو بونتان لەوێشەوە

لەماڵی هەمیشەییاندا راستیەکان هەڵدەرێژن و پاسەوانن لەئێوە، چونکە ئەوان هەربۆخۆیان خوداوەندێکن و پێتان دەڵێن: خۆتان بشۆن، خۆتان بگۆرن، خۆتان بدۆزنەوە لەهزردا وابن، لەژێریدا وابن، بۆئەوانیش هەروابن، ئیتر کەوابوو هەربۆخۆتان پاڵەوانێکن و لەسەرزەوی و ئاسمان هاوشێوەی کەشتیەك شەپۆلەکانی دەریا دەدەیتە پێش خۆتان!

دەی بالبگرن ئێوەش وەرن گەشتێك بکەن بۆئاسمان و ترستان نەبێت و لەویشەوە بۆهەمویان و لەناوهەمویاندا بخولێنەوە، کەخولانەوەش ئیتر ئەوانی تریش هەروەك ئێوە هەڵدەستن و ئیتر کەسێك نامینێت خەواڵو خەوتوو، دەی ئێستا ئێستا هەستن هەستن!.

(کواخوداکەی ئێوە؟)

ئەی مرۆڤ چەند وونی

تۆتەوەزەلێکی و ناتوانیت خۆت و ئەوی تریش بدۆزیتەوە کەچی بێ ئومێدبویت و لەخودا دەپارییتەوە کارەکەت بۆبکات! ئێستا پێم بڵێ کواخوداکەی تۆ؟

ئەی مرۆڤ چەند وونی

لەناو ئایدۆلۆژیایەکدایت هەناسەسواریت و ئەم ئایدیایەش لەسەرەوەو خوارەوە مرۆڤ گەلێکی بی رووح کردووە، ئێستا پێم بڵێ کواخوداکەی تۆڤ

ئەی مرۆڤ چەند ونیت

لەسەرشەقام و کوچەو کۆڵاندا کەخۆت ونیت و هێشتا قرتەی پێکەنینتە و زۆرگەلێکیش لەکێشمەکێشدا خەم دایگرتوون! ئێستا پێم بلێ کواخوداکەی تۆ؟

ئەی مرۆڤ چەند وونیت

هێشتا مناڵ دروستەکەیت و بێئەوەش بزانی چارەنوسی ئەم مناڵە بۆکوێ دەروات!؟

ئێستا پێم بڵێ کواخوداکەی تۆ؟

لەگەڵ ئەواندا دەژیت و لوتفیشت هیچ حەقیقەتێکی پێوەدیارنیەو بێئەوەش هەست بەنالۆژیکی خۆتەوە بکەی ژەهرێکی کوشندە دەرێژی! ئێستا پێم بڵێ کواخوداکەی تۆ؟

ئەی مرۆڤ چەند ونیت

سەرکردەکان لەسەری سەرەوەدا گەل و مێگەلیان لەونیدا خستۆتە قالبی ئاژەڵیەوەو تۆش هێشتا گڤەی سمێڵت دێ!ئێستا پێم بلێ کواخوداکەی تۆ؟

پارەو سامان کەهیچ نین و گەربۆهەموانیش هەروەك یەك نەبێت ئەی بۆچی ون بویت و بویتە کۆیلەی سامان؟

ئێستاپێم بلێ کواخوداکەی تۆ؟

دەوڵەتێك لەپێناو بەرژەوەندی خۆیدا دەولەت و میللەتی تر دەچەوسێنێتەوەو روحی مرۆڤ گەراییان تێدانەماوە!

ئێستا پێم بلێ کواخوداکەی تۆ؟

هێشتا سنوری نیشتیمان و دەوڵەتان لەناوتابوونی هەیەو وەك ئاژەڵێك تێیدا بەندکراویت و بەویستی ئەوانیش مرۆڤ دروست دەکرێت و هەربەویستی ئەمانیش سزادەدرێت!
ئێستا پێم بلێ کواخوداکەی تۆ؟

لەپیناو سامان و خودادا هەردەجەنگیت و هێشتا هەر بێ ئەگایت کەخۆت بویتە ئاژەلێك! ئێستا پێم بلێ کواخوداکەی تۆ؟

ئەی مرۆڤ چەند ونیت
گەرتۆ باڵابیت و رووت بیت ئەوا خودا هیچی تری لەتۆناوێت کەچی هێشتا هەرکۆیلەی ئەویت و خۆت لەونێوەندەدا وون کردووە! ئێستا پێم بلێ کواخوداکەی تۆ؟
ئەی مرۆڤ چەند ونیت
هەست بەهەموو ئەمشتانە دەکەیت و کەچی هێشتا هەرناگۆرێی!
ئێستا پێم بلێ کواخوداکەی تۆ؟

((لەگەڵ باڵاکاندا))

دروست بوونی مرۆڤی بالا لەخۆیەوە نەبووەو هیچ مرۆڤێکیش لەسەرشەقامو لەسەر دیوی مێزێك و یالەهەرجێگایەك بوبیت نەبوەتە مرۆڤیکی باڵا، هەڵبەتە کۆمەلێك

هۆکاری گۆشەگیری و بیرکردنەوەی قول وادەکات مرۆڤ بەرەو ئەو ئاراستەیە بڕوات، بەڵام ئەوەی کەبوەتە جێگای نیگەرانی من لەسەر زەوی مرۆڤایەتی ئەوەیە کاتێك مرۆڤێکی لەم جۆرە دروستەبێت و بیەوێت لەمرۆڤ بون تێ بگات و ونەکان لەبێ ئاگایدا زیندووبکاتەوە ئەوا زۆرجار ئەم مرۆڤانە بەراوێزدەخرێن و لەلایەن خودی سیاسیەکانەوە کاربەعەقڵی ئەمانە ناکرێت، چونکە خۆی لەخۆیدا گەرسیاسەت بۆپەرەپێدانی مرۆڤ دروست کرابیت ئەوا لەئیستاوە خودی چەمکی (سیاسەت کردن) دەکەوێتە ژێرپسیارەوە، کەبۆچی لەسیاسەتکردندا رەچاوی مرۆڤ ناکرێت و بۆچی دەبێت لەپێناو بەرژەوەندی تاك لایەنە بێت، بەهەرحاڵ بەڵام شتێکی تر کەدەمەوێت لەسەریدا قسەبکەم ئەوەیش ئەوەیە زۆرجار دەبیندرێت مرۆڤێك کەعەقڵی باڵای لەسەردانیە کەچی شیکردنەوەی هەڵەش بۆخودی دارێژەرانی مرۆڤە باڵاکان دەکات و بەویستی خۆی دایدەرێژێتەوە، چونکە مرۆڤەکان لەهەستەکان و ژیری زۆردا جیاوازن و بەدەگمەن نەبێت ناتواندرێت هەموو مرۆڤێك شیکردنەوەی هزری بۆمرۆڤە باڵاکان بکات گەرهات و خۆی هەمان عەقڵی بالایی لەمێشکدا نەبێت.

بۆیە زۆرجار دەبینم کاتێك نوسراوەکانی ئەم مرۆڤاباڵایانە وەردەگێردرێنە سەر زمانەکانی تری مرۆڤایەتی ئەوا وەك خۆیان کاری وەرگێریان بۆناکرێت و لادان و سەرەرۆیەك لەکاتی وەرگێرانەکانا بەدی دەکەم، کەئەمە خۆی لەخۆیدا تاوانێکی مرۆییە لەبەرامبەر ئەم جۆرە مرۆڤانەدا دەکرێت،

بەهەرحاڵ بابێمەوە سەرناوەرۆکی باسەکەم کەلەسەر مرۆڤەباڵاکان تیبینیم لەسەریان هەیە

ئەوکاتەی سوقراتی پایەبەرزی مرۆڤایەتی دادگایی کراو تێیدا ژەهرخواردکرا لەوکاتەدا ووتی: شەرمەزای من بگەیینە ئەو پزیشکەی کەژەهرەکەی بۆئامادەکرم، لیرەدا زۆربەهەڵە لەسەر ئەم وتەیەی (سوقرات) مرۆڤایەتی تیگەیشت کەپێیان وابوو ئەم وتەیەی سوقرات ئەوە دەردەخات گوایە ناوبراو لەژیان بێزارەو دەیویست بەم ژەهرە لەکۆل دونیای بکەنەوە، بۆیە من پێم وایە ئەم بۆچونە هەڵەیەو و خودی سوقرات لەم قسەیەیدا مەبەستی ئەوەبوو کە رۆژیك لەرۆژان ئەم پزیشکە وەها مرۆڤ نەبووە یاوەها ژیرنەبووە تێم نەگەیاندووە کەنابێت ژەهر بدریتە مرۆڤێکی بالای وەك سوقرات و هەرمرۆڤێکی تریش، چونکە ئەگەر بەم جۆرە دەروپشتی سوقرات مرۆڤ بونایە ئەوا هەرگیز نەدەبوا ئەم مرۆڤە بالایە ژەهرخواردبکرێت! چونکە ناکرێت مرۆڤێك لەسەر حەقیقەت ژەهرخواردبکرێت، ئەمە چ جای ئەوەی مرۆڤێکی وەك سوقراتیش.

جگەلەمەش سوقرات هەربەراستی قەرزداری ئەوپزیشکەبووە گوایە کەڵەبابێکی بەقەرز لێ کریوەو پارەکەشی پێی نەداو.

لەلایەکی تریشەوە (نیتچە) ی فەیلەسوف ووتی: ئەی مرۆڤی باڵا لەبازاردوورکەوە! لێرەدا ئەم وتەیەی نیتچە بەلایەکدا

راستەو بەلایەکیشدا پێم وایە هەڵەیە چونکە مەبەستی نیتچە لێرەدا ئەوەبوو ئەو مرۆڤانەی کەهاوشێوەی ئەون و ناشتوانن جیهانی مرۆڤایەتی بەویستی ئەوبەرن بۆیە ئەو مرۆڤانە غەدرلەخۆیان دەکەن بێنە ناو گەل و مێگەل و لەگەلیان تێکەڵ بن، چونکە تێکەل بوونی ئەمان لەگەل ئەم خەڵکە وونە ئەوا خۆی لەخۆیدا کێشەیە بۆئەمان، لەلایەك قسەکانیان لای مرۆڤە وونەکان وەك بلقی سەرئاوەو ناشتوانن هاوشێوەی خۆیانیان لێ بکەن چونکە سیستەمی مرۆڤایەتی هاکەزایەتی بەرێگادادەروات و بەس، بەڵام دەکرێت لیرەدا هاوشێوەی نیتچە لەسەر هەموو زەوی بڵاوببنەوەو حەقیقەتی عەقڵی مرۆڤ بۆهەموولایەك روون بکەنەوەو دروست بکرێن بۆئەوەی جیهانی مرۆڤایەتی بگۆرن و لەم ونیەدا رزگاریان بکەن!.

جابۆئەمەش پێوستە مرۆڤی باڵا کەدروست بوون ئەوا برژێنە ناو مرۆڤەکان و دەست بەدروینەی بکەن کەمرۆڤ بوونەو بەس لەوێشدا تۆی مرۆڤ گەرایی بچێنن و لەوونیدا رزگاریان بکەن.

ئەفلاتون

ئەفلاتوون لەسەردەمی کۆنی مرۆڤایەتیدا دوای ئەوەی لەپەرتوکی کۆماردا دەولەتی بۆمرۆڤەکان دروست کرد هاوکات لەگەل ئەم دروستکردنەدا کۆمەلێك هەلەی کرد یەکێك لەم هەلانەی ئەوەبوو مرۆڤەکانی ناو کۆمەلگای دروست نەکرد کەچۆن بن و چۆن بژین، هەروەها سەربازوو چەکیشی بۆدەولەت دروست کردوو هەموشتیکیشی بۆرون کردنەوە،

جگەلەمەش ووتی: ئەوەی بڕوای بەخوداوەند نیە ئەوا دەبێت بکوژرێت، وتیشی شاعیران نابێت شعربنوسن!

بۆیە دەکرێت لێرەدا ڕونکردنەوە بدەم کەپێم وایە ئیستا کاتی ئەوەیە ئیتر دەولەت چیتر بیرلەچەك نەکاتەوە، چونکە مرۆڤ مادام ژیرە ئەبێت ژیرانەش ڕەفتاربکات و لەجیاتی بەکارهینانی چەك ئەوا دەبێت مرۆڤ بگۆریت و وادروست بکرێت کەپەلامارنەدات و بکرێتە خودای سەرزەوی، جابۆئەوەی ئەمە بکرێت ئەوا دەبێت سەرەتا بیرلە ئاژەل بکرێتەوە کەچۆن مرۆڤێك بیەوێت ئاژەلێکی کێوی کەیی و ماڵی بکات و ئەوا دەبێت بۆئەم جۆرە مرۆڤ و کۆمەڵگایانەش کەتوندو تیژن یا تائێستا عەقڵی کۆنیان لەمێشکدایە هاوشێوەی مرۆڤی سروشتی بگۆردرێن و توندو تیژی لەهزریاندا بوونی نەمێنێت، جابۆئەوەی گەر ئاژەڵێکی کێوی نەتواندرا ماڵی بکرێت ئەوا دەبێت مشوری بێچوەکانیان بخورێت، چونکە بێچوەکان باشترو زووتر ماڵی دەکرێت،

هەروەها سەبارەت بەشعر نوسینیش ئەوا پێم وایە مەبەستی ئەوەبوو هەمووکەسێك نابێت شعربنوسن چونکە نوسینی شعر ئەگەر هات و عەقڵی تێدانەبوو ئەوا نەنوسرێت باشترە، چونکە لەم نێوەندەدا شاعیر زۆربونەو هیچ مانایەکیش لەشعرەکانیانا بوونی نیە، واتا ئەوشتەی بەلای ئەوانەوە ڕەوایە ئەوا زۆرینەیان ڕەوانین و پریەتی لە خەیاڵ پڵاوی، بەمانایەکی تریش زۆربونی شاعیر هەرئەم لایەنی ئەو ناگرێتەوە بەڵکوو ئێستای سەرزەوی مرۆڤ گەلیك لەپیشەیەکدا دەکرێتە پیشەوان

واتا زانای کارەکەی خۆی، کەچی لەبنەرەتدا ئەم کەسە شیاونیەو لەناچاریدا ئەو لەم شوێنە داندراوە، واتا سیستەم نیە مرۆڤێکی لەم جۆرە دروست بکات کەبۆئەم شوێنەی شیاوبێت کەخودی کارەکە بیەوێت، بۆیە جیهانی ئێستا تێکەلاویەك لەناویدا بوونی هەیە ئەم تێکەلاویەش هۆکارێکی سەرەکیە بۆ وون بوونی مرۆڤ تیایداو خۆنەدۆزینەوەی و وون بوونی خودەکان تیایدا

هەورووەها کەوتیشی دەبێت ئەوکەسانە بکوژرێن کەبروایان بەخوداوەند نیە، ئەوا پێم وایە لەم بۆچونەیدا هەلەیەو دەکرێت مرۆڤ بروای بەخوداوەندیش نەبێت و بەڵام ئەم بروانەبونەی نەبیتە مایەی ئیستیفزادکردنی مرۆڤ، واتا بروانەبوونی خودا باچیتر نەبێتە کیشە بۆمرۆڤ، چونکە دەمێکە مرۆڤ لەنێوان بروابوون و بروانەبوون بەخودا ئیتر مرۆڤایەتی خۆی لەبیرچۆتەوە، ئەم بیرچونەوەشی نەیتوانیوەتی خۆی بکاتە خوداوەندی زەوی کەلەبنەرەتیشدا مرۆڤ خودای سەرزەویە.

(ئەفلاتون و سوقرات)

کاتێك ئەفلاتوون پەرتوکی کۆماری نوسیەوەو خستیەبەردەستی مرۆڤایەتی، ئەوا پێم وایە لەوکاتەوە تائیستا زۆربەهەڵە تێگەیشتن لەنوسینی ئەم کۆمارەدا لای هەندێ کەس لێك دراوەتەوە بەتایبەتی لەسەر شێوازی نوسینی ئەفلاتوون کە لەکاتی دارشتنی پەرتوکەکەیدا بەشێوەیەکی پسیارو وڵام پەرتوکەکەی دارشتوەو لەم نوسینەشیدا ناوی (سوقراتی) خستۆتە

ناو پسیارو وڵامەکانیەوە، کەلەلایەن زۆرێك کەس کەعەقڵی بالایان لەکەلەدا نیەو بەم هۆیەشەوە پێناسەی هەڵەیان بۆ (ئەفلاتوون) کردوەو گوایە ئەم نوسینانە هی سوقرات بن، بەڵام من پێم وایە ئەمە ئەسڵو ئەساسی نیەو (ئەفلاتوون) تەنیا بۆ رێزێك و مامۆستایەکی خۆی ناوی (سوقراتی) لەدیالۆگەدا بەکارهێناوە کەبەزیندویی ناوی بمێنێتەوە.

چونکە سوقرات لەوکاتەی باسی هزری فەلسەفەی دەکرد هیچ دەقێکی نوسراوی لەدوای خۆی جێ نەما ئەوەی هەیەتی تەنیا لەزاری فەیلەسوفانی دوای خۆیەوە دەگێردریتەوە بەڵام تاکە شتێك کەتائێستا لای مرۆڤایەتی وون بێت و لای منیش بوبیتە جیگای سەرنج کەلەنێوان (ئەفلاتون و سوقراتا) روویدابیت ئەوەیە بۆچی لەکاتی دادگایی کردنی (سوقراتدا) ئەفلاتوون نەخۆش کەوت و لەماڵەوە نەهاتە دەر؟ یابەراست نەخۆشیەکەی هێندە سەخت بوو کەنەیدەتوانی لەدادگادا ئامادەبێت؟

من لەسەر ئەمە دوو بۆچونم هەیە یەکەمیان ئەوەیە هەربەراستی دەبیت ئەفلاتوون تاکەی قورس بوبیت و نەیتوانیبێت بێتە دەر، دووەمیشیان (ئەفلاتوون) گەر توانیبێتیشی ئەوا چونکە لەکاتی دادگایدا بی دەستەڵات بووە بۆیە چاوی بەرایی نەداون ئامادەی ئەم دانیشتنەی دادگابێت، یائەگەر هیچ نەبێت بۆکەسێکی وەك (ئەفلاتوون) نەبووە بیتە ژوورەوە.

هەروەها ئەفلاتوون لەدارشتنی پەرتوکی کۆماردا ئەوسەردەمەی خۆیدا توانی تاحەدێك دەوڵەتێکی مەزنمان بۆدروست بکات بەڵام ئەوەی بوەکێشە لای من ئەوەبوو

ئەفلاتوون سەردانی کۆمەڵێك وڵاتیشی کردوەو کۆمەڵێك سیستەمی بەرچاو کەوتوون ئەبوایە لەگەڵ دارشتنی دەولەتدا کاتێك سەربازی بۆئەو دەەولەتە دروست کرد ئەوا رێنمایی ئەوەی بۆسەرکردەی دەولەتەکە نوسی بایە کەنابێت لەدەولەتەکەی خۆیدا بەداخرای بمێنێتەوە چونکە ئەگەر کۆمەڵگای خورافەپەرست و دواکەوتوو بوونی هەبوو ئەوا هەمیشە بۆئەو دەولەتە دەبێتە کێشە ئەم کێشەیەش بەوە چارەسەردەکرێت کەسەرجەمی گەلانی دونیا بێنە ریزی مرۆڤایەتیەوە ئەم ئەرکەش ئەبوایە خستبایەتیە ئەستۆی سەرکردە ولاتە پێشکەوتوەکە یا بیرمەندان و فەیلەسوفە کان، چونکە ئەرکی فەیلەسووف لەوەدایە بتوانێت لەمرۆڤایەتیدا سەرجەمی کۆمەڵگاچەق بەستوەکان هەڵسێنێت و بیانگۆرێت و لەیەکتریان نیزك بکاتەوە تاتێکەڵاوبونی نیشتیمانەکان و نەمانی بەربەستی سنوربەندی گەلان.

هەروەها ئەگەر دەولەتێك لەوپەری پێشکەوتندابێت و هاولاتیانی خۆی بێ کێشەبن ئەوا هەمیشە کۆمەلگای چەقبەستوو بۆئەم دەولەتانە دەبنە کێشە جابۆئەوەی ئەمکێشانە بوونی نەمێنێت ئەوا دەبێت کارلەسەرئەوە بکرێت بگۆردرێن.

بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە بیرمەندانی مرۆڤایەتی لەسەرجەمی جیهاندا لەسەرمرۆڤ بوون یەك ئامانجیان هەبێت و مەترسیەکانی (دین و کەللتورو ئایدۆلۆژیا) بخەنەگەروو بکەونە کاربۆنەهێشتنیان و بازدانی مرۆڤایەتی لەسەرجەم قۆناغە چەقبەستراوەکاندا.

(ئەرستۆ)

ئەرستۆی فەیلەسوف کاتیك ووتی: ژن دەبێت لەژێرباڵی پیاودابێت، ئەوا پێم وایە ئەم قسەیەی ئەرستۆ هەڵەو ناکرێت ژن لەژێرباڵی هیچ پیاویکا بێت چونکە ژن هاوشانی پیاو ژیرەو ئەوەی ئەم بونەشی وون کردووە ئەوا خودی نەبونی سیستەمەو ئەم سیستەمەش بوەتە هۆی وون کردنی ژن و ون کردنی پیاویش، کەلەبابەتەکانی پێشوترم روونم کردۆتەوە.

جگەلەوەش ئەو ووتی مرۆڤ هەرخۆی سروشتیەن بەسەرچەند چینیك دادابەشکراوە کەهەندێکیان دەبێت ژێردەستە بن هەم دیسان ئەمەش هەڵەیەو هیچ مرۆڤێك نابێت بکەوێتە ژێردەستی هیچ کەسێك جگەلە فێربوون نەبێت، واتا مرۆڤێك بتەوێت فێری بکەیت ئەوکات بۆمان هەیە بیخەینە ژێرعەقڵی خۆمانەوە ئیتر کەفێربوو ئەوا ئەمیش هەربۆخۆی دەبێتە مرۆڤی خودایی لەکارەکەیدا.

(ئەنیشتاین)

کاتێك ئەنیشتاین گەردیلەی یۆرانیۆمی دۆزیەوە بۆسودمەند بوون لەووزە، بەڵام لەوکاتەدا دوو دل بوو هەربۆیەش خۆی گەیاندە لای (فرۆید) ی دەرون شیکاری مرۆڤایەتی و ئەویش لای خۆیەوە پیی ووت: من هیچ لەگەڵ دروست کردنی ئەمەدانیم، چونکە دروستکردنی دەبێتە تەقینەوەی و لەدوایشدا

دەبێتە هۆکار بۆسەرنەوەی داهاتوو، بەڵام (ئەنیشتاین) هیچ گویی بەم قسەیەی ئەنیشتاین نەداو ووتی: من دلنیات دەکەمەوە شتی واروونادات و ئێستا کۆمەلەی گەلان لەوڵاتاندا بوونی هەیە، بۆیە ئەوان ریگردەبن لەهەرکارێکی وەها کەچەکی ئەتۆم بەکاربهیندرێت!

لێرەدا قسەکانی ئەنیشتاین بۆمان دەرکەوت کەئەویش لەکەل دروستکردنی ئەم گەردیلەیەدا نەبوو بۆدروستکردنی چەکی ئەتۆم بەڵام پشتی بەمرۆڤەکانی تر بەستوبوو، بەڵام من پێم وایە نەدەبوایە پشتی بەئەوان بەستبایە چونکە رێکخراوێك و کۆمەلەیەك کەلەبەردەستی سیاسیەك دابوون و (عەقڵی باڵایان) لەمێشکا نەبێت ئەوا پێم وایە دەکەونە هەلەو بەلایانەوە ئاساییە مرۆڤەکان بکرێنە قوربانی خۆیان، بۆیە ئێستا کاتی ئەوەهاتووە لەسەرجەمی ولاتاندا ئەم چەکە هەلبوەشێندرێتەوەو یۆرانیۆم تەنیا بۆ (ووزە) بەکاربهێندرێت!.

چونکە سەرکردە گەرتائیستا لەبەرچەوەندی خودی وڵاتەکەیدا کاری کردبێت ئەوا ئەمرۆ دەبێت سەرکردەکانی زۆرینەی دەولەتان بگۆردرێن، چونکە لەژێردەستەڵاتی ئەماندا مرۆڤ وەك کارگە دروستەکریت و هاوشێوەی ئەمانیش دەبێت بجولێتەوە کەئەمەیە کێشەکەی هێندەیتر قولکردۆتەوە، مرۆڤێك کەبی ویستی ئەو دێتە دونیای ئەمانەوە ئیتر چۆنە بێت ئەم مرۆڤە لەسروشتی خۆی وون بکرێت و بەویستی ونبویی ئەمانیش بیت، کەپربیت لەخورافەو نەبونی سیستەمی (عەقڵ گەرایی مرۆیی) ئیتر پێم وایە مرۆڤ کەدروست کرا ئەبێت

سیتەمیش هەبێت بۆکارپێکردنی ئەم مرۆڤە نەوەك مرۆڤێك ونبکرێت و لەدوایشدا سزابدرێت، ئیتر خۆی لەخۆیدا کۆمەلێك سزاش هەیە کەلەبنەرەتدا بۆمرۆڤ نیە ئەم سزایە و بەسەریدا خولقێندراوە، چونکە گەرهاتباو ئەم مرۆڤ کەسزادراوە لەکۆمەڵگایەکی سیستەمی (عەقڵ گەرایدا) گەورەکرابا ئەوا مرۆڤێکی تری لی دەردەچوو، نەوەك ئەو مرۆڤەی کەفێرنەکراوەو لەدوایشدا سزای نامرۆڤانە بگرێتەوە.

(داروین)

کاتێك داروین قسەی لەسەر بوونی بوەکان کرد و رایگەیاند: کەبوەکان بەبێ ویستی هیچ کەسێك نەهاتونەتە بوون لەسەرەتایاندا، بۆیە قسەی لەسەر مرۆڤیش کردوو ئەو پێی وابوو مرۆڤ لەسەرەتادا هەرخۆی ئاژەڵێك بوەو عەقڵ تێیدا گەشەی نەکردبوو بۆ ژیری، بۆیە ئەم قسەیەی داروین لەلای بەشێك لەمرۆڤەکان و بەتایبەتی کۆمەڵگا دینیەکان زۆربەهەڵە لێکدرایەوەو وایان بانگەشە بۆکرد کەگوایە هەرلەسەرەتاوە مرۆڤ ئەم مەیمونەی ئێستابوەو لەدوایشدا بوەتە مرۆڤ.

من پێم وایە داروین مەبەستی لەوەنەبوو کەمرۆڤ ئەم مەیمونەی ئێستابوبێت کەلەدوایشدا بوبێتە مرۆڤ، بۆیە دەکرێت بلێین مرۆڤ لەسەرەتایدا ئەمیش هەربۆخۆی ئاژەلێك بوە کەعەقڵ و ژیری تێیدا گەشەی نەکردبوو بۆیە بەهەمان شێوەی

جۆريك لەمەيمونەكان ژيانی بردۆتەسەر كەبۆسود وەرگرتن لەژيانی خۆی ژيرايەتی هێندە تێدانەبووە وەك ئەو مرۆڤەی ئێستا، چونكە مرۆڤی ئەوكات كاتێك ويستبيتی ميوەی درەختێك بەدەست بهێنێت ئەوا ياپەلاماری داوەو ميوەكەی لێكردۆتەوە يازۆرجار درەختەكانيشی روتاندۆتەوە تەنيا بۆبەدەست هينانی ميوەی ئەو درەختە، لێرەدا مرۆڤی ئەوكات هەمان سيفەتی ئاژەڵی هەبووەو دواتريش بەهۆی گەشەسەندنی عەقڵ و بەردەوام بوونی لەژيان ئەو مرۆڤەی ئەوكات گۆڕاوەو بەملێۆنان ساڵ گۆرانكاری تێيدا سەری هەڵداوە تاگەيشتۆتە ئەو مرۆڤەی ئێستا.

جگەلەمەش پێم وايە سەروبەری هەموو پەرەسەندنێك بۆ بونی چوار رەگەزەكەی سورشت دەگێرمەوە ئەوانيش (هەواو، ئاو، ئاگر و خاك) واتا لەيەك گرتن و كارلێككردنی ئەمانە زيندەوەران دورست بوونە، لەگەڵ گەشەكردنی روەك.

لەسەرجەمی ئەستێرەكانی تری هاوشيوەی زەوی لەناو گەردووندا تائيستا تەنيا زەويە بوونی ئەمانەی تێدابێت، واتا بەهۆی ئەوەی ئەستێرەكانی تر كەئەم پێكهاتانەيان نيە بۆيە تائێستا نەدۆزراونەتەوە ئايا ژيان لەناويدا بوونی هەيە يان نا، بەڵام دەكرێت بگوترێت چونكە لەسەر زەويدا خاوەنی ئەم چوار سيفەتە سەرەكيەيە بۆيە هەميشە ژيان تێيدا بەردەوامە.

بۆئەوەی باشتر روونكردنەوەم لەسەری هەبێت كاتێك بتەوێت زيندەوەرێك دروست بكرێت ئەوا هەميشە هۆكارێك هەبووە

بۆنمونە گەر گۆمەئاوێك یا شوێنێكی تەرایی بوونی هەبێت ئەوا هەمیشە کۆمەلێك زیندەوەریش تێدا دروست بوونە بەڵام هیچ كات زیندەوەر لەخۆیەوە دروست نابێت واتا ئەگەر لەسەر تاشەبەردێك كەروتەو هیچ بارگاویەكی ئاوی تێدانەبێت یا شێدارنەبێت ئەوا مەحاڵە زیندەوەر دروست بكات، بەڵام هەمیشە هۆكارێك هەیە بۆدروست بوونی زیندەوەری نوێ و جۆراو جۆر بەهۆی چوارسیفەتەكەی زەوی، كەهەمیشە بەرزی و نزمی و گۆڕانی باری هەوا هۆكارێك بوونە بۆ دروست بوونی زیندەوەرو ونبونی زیندەوەریش، مانەوەی زەوی كەخۆی بەملیۆنان ساڵ مەزەندە دەكرێت و بەهۆی ئەم گۆڕانكاریە سورشتیەی تێدادروست بووە هەمیشە هۆكارێك بووە گۆڕانكاری بەسەر زیندەوەران و روەكیشدا بێت، واتا بەپێی ویستی كەش و هەوا ئەمان دروست بونەو گۆڕانكاریشیان بەسەردا هاتووە.

لەجیهانی ئێستاشماندا دەبینین بەهۆی گۆڕانكاری كە شو هەواوە چەندین زیندەوەری تازە سەریان هەڵداوە كەپێشدا بونیان نەبووە، ئەوەی ماوەتەوە بڵێم ئەوەیە چیتر مرۆڤ خۆی ون نەكات بەدەست نەبوونی زانستەوە یا خۆی ون نەكات بەگوتەی دینێكەوە كەتێیدا قەتیس بكرێت و هەرسوریش بێت لەسەر بیروباوەرێكی كۆن كەلەناویاندا هەندێ چەواشەكاری بوونی هەیەو كەچی لای بەشێكیشیان بوەتە راستی. بۆیە مرۆڤ گەربیەوێت خۆی لەراستی بوون زانست وەربگرێت ئەوا دەبێت هەمیشە عەقڵی پەتی بكاتە سەرمەشقی بوونی خۆی.

دەکرێت لێرەدا نمونەیەك بهێنمەوە بۆ دروست بوونی زیندەوەر گەر بمانەوێت هێلکەیەك ببێتە جوجەڵە ئەوا هەمیشە پێویستی بەهەوایەکی گونجاو هەیە واتا هەرگیز ناتواندرێت هێلکە کە بخەیتە فرێزەرێکی سەلاجەوەو بشتەوێت ببێتە جوجەڵە چونکە دروست بوونی جوجەلە پێویستی بەهەوایەکی گەرم هەیە لەگەڵ سات و کاتی پێشگەیشتنی جوجەلەکەدا، هەروەها لەناو گۆمەئاوێکیشدا کەزۆر مایەوەو هەوا کاری تێکرد ئەوا هەمیشە لەئامادەییە بۆ دروست بوونی زیندەوەرێکی هاوشێوەی بۆق یا کرمی لەم چەشنە بابەتە، کەهیچ کات لەسەر تاشەبەردێك یا بێ هەواو ئاودا زیندەوەر دروست نابێت.

((مارکس))

مارکس کەخۆی لەدژە سەرمایە ناسراوە ئەو لەتێزە فکریەکانیدا پێی وایە سەرمایە هۆکارێکی گرنگە بۆئەوەی مرۆڤ وون بکات یا دەبێت بەشێوەی یاسا رێك بخرێت، بەڵام کێشەی ئەم فەیلەسوفە ئەوەبوو خۆی لەراستیدا بروای بەئاین نەبوو بەڵام لەدەولەتەکەی خۆیدا تەنیابۆئەوەی تێزە فکریەکانی خۆی رابگرێت لەدژی ئاین نەوەستا بەڵام هەمیشە دەشیگووت: ئاین تریاکی گەلانە کەچی لەدەولەتەکەی خۆشدا ئاینی هێشتەوە.

ئەمە دەلالەتێکەلەوەی تەنیا بتوانێت کۆمەلگا رێکبخات کەچی بێ خەیالبوو لەوەی چۆن سەرمایەداری مرۆڤ ونەکات و هاوکات کارێکی باشیشە دەست بەئابوری بگیرێت بەڵام ئاینیش

بەهەمان شێوەی سەرمایەداری مرۆڤەکان ونەکات بۆیە پێم وایە مارکیس بەشێوەیەکی جدی و کارانەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت چونکە بێخەیالبوو لەوەی ئاینەکانیش دەبنە کێشەیەکی مەزن بۆکۆمەلگا.

(هۆ مرۆڤی سەرزەوی)

گویێ بگرە پیاوی سەرشەقام گویێ بگرە پیاوی سەرزەوی گوی بگرن هەمووتان، دەمێکە دەست لەئاسمان پانەکەیتەوە یارمەتیت بدات، بەڵام هیچ یارمەتی نەدایت و لەچاوەروانیدا هێندەی نەماوە ڕەق و تەق دەبێت،

_بەڵێ وایە

_دەمێکیشە لەچاوەرێی سیاسیەکدایت و ئەم داوایەت بۆبهێنێتە دی

_ بەڵێ وایە

_ دەمێکیشە لەچاوەرێی کۆمەڵگاکەتدایت و ئەم داوایەت بۆبهێتە دی

_ بەڵێ وایە

_ هەروەها ئەمەش دەزانی کەهاورێکانیشت ناتوانن ئەم داوایەت بهێنە دی

_ بەڵێ وایە

_ کەواتە ئەمەش دەزانی گەرچیتر لەچاوەروانیدا بمێنیتەوە ئەوا هیچ کەسیش نیە رزگارت بکات.

_ بەڵێ راستە

_ ئەی کەئەمە دەزانی بۆچی هێندە دەڵێی: بەلێ وایە؟

_ ئەی بڵێم چی؟

_ بڵێ ئێستا دەزانم کەزۆرگەمژەم

_ رەنگە وابێ

_ کەواتە بڵێ: جابۆئەوەی گەمژەنەبم نابێت لەچاوەرێی هیچ مەخلۆقێکا بمێنمەوە، کەواتە لەئێستاوە ببە بەمرۆڤێکی تەواو(خود) خودی تەواویش واتا (ژیر) گەرهات و ژیریش بەکاربهێنیت ئەوا خۆت هەمووشتێکیت!

_ بەلێ بەقسەت دەکەم

_ جاکەتۆ ئەمەت زانیو ئەمانیش هەربەم جۆرەی خۆیان بوون و نەگۆران، ئەوا تۆ ژیریت و ئەوانیش گەمژەن.

_ بەلێ

_ جابۆئەوەی ئەوانیش هەرگەمژە نەبن ئەوا دەبێت تۆلەم گەمژایەتیە رزگاریان بکەیت، چونکە ژیری لەوەدانیە هەرخۆت ژیربیت و بەس، بەڵکو ژیری تەواوەتی لەوەدایە ئەم روحە زلەی بێناوەرۆك بەلابنێیت و گەمژەکان ژیربکەیت، واتا

نوستوەكان هەڵسینیت، چونكە ئەوان لەزیندویەتیدا وون و هەرپێشیان وایە تەواو زیندوون!

_بەڵێ بەقسەت دەكەم، بەڵام ئارەزوومە تۆش هاوریەتیم بكەیت.

من هاورێی هەموو مرۆڤایەتیم، چونكە دەمەوێت تۆوی مرۆڤی بالا بروێنم و بەرهەمی ئەوانیش بدرومەوە.

(سیستەمی تێكهەڵكێش)

سیستەمی تێكهەڵكێش وەنەبێت مەبەستم لەمە بێت دووسیستەم یاچەندێك تێكەڵی یەكبكرێن بۆ باشتركردن، نابەڵكوو مەبەستی من لەم جۆرە سیستەمەیە كەجۆرێك لەگەلان لەنێوان ئاین و ئایدۆلۆژیادا وون بوونە كەنەیانتوانیوە سیستەمێكی عەقڵ گەرایی دروست بكەن كەبەدەرنەبێت لەئازادی رووحی مرۆڤ گەرایی بۆخۆیان، بەڵكوو سیستەمیان نیەو ئەمەش وایكردووە لەوكاتەدا گەل و مێگەل لەبێ سیستەمیدا گەورەبن و بێنە دونیاوە ئیتر ئەم بێ سیستەمیە والەمرۆڤەكانی دەكات هاكەزایی گەورەبن و لەگەورەیشدا هەربەوونی نەوەی تر بێننە دونیای بوونەوە، ئیتر ئەم گەلەی هاوشیوەی ئەم جۆرە بێ سیستەمیە بێت ئەوا

هەربۆخۆی زیندانیەکەو ئەم زیندانیەش تەنیا لای بەشێکی کەمیان هەست بەبونیان دەکرێت کەلەزیندان دان.

ئەم جۆرە سیستەمانە زۆرینەیان لەوڵاتە دواکەوتوەکانا بونیان هەیە بەتایەبتی خۆرهەڵاتی ناوەراست و ئەفریقاو ئەمریکای باکورو کۆریاو چەندان وڵاتی تر کەروحیان لەمرۆڤەکان کردۆتەوەو بێ ئەوەی هەستیشی پێ بکەن، بەتایەبتی خۆرهەڵاتی ناوەراست کەلەهەموو رویەکەوە لەوپەری هەژاری عەقلیدایە.هەروەها خۆسەپاندنی ئاین لەلایەن پیاوانی ئاینی ئەم کۆمەلگایانەدا هێندەی تر بوەتە بەربەستی مرۆڤایەتی.

((مرۆڤ لەلوتکەدا))

مرۆڤ لەلوتکەدا ئەوکاتەیە کەهیچ دەولەتێك و کۆمەڵگایەك بوونی نەمێنێت بەدەست ئایدۆلۆژیای چەق بەستوو یا دیندا بنالێنێت، جگەلەمەش کۆمەلگاکان راچڵەکین بکەن و سەرجەمی سیستەمەکانیان لەپێناو عەقڵ گەرایی مرۆیەوە بێت، واتا مرۆڤەکان مانایەکی پرلە راستی بەژیانی خۆیان بدەن و گەلانی پێشکەوتوو چیتر وەك خێرو سەدەقە سەیری کۆمەڵگا چەق بەستوەکان نەکەن و لەژێردەستەیی و لەخورافات بەخەبەریان بێنن و ئەوانیش هاوشێوەی پێشکەوتوەکان بکەونە سەر سکەی خۆیان، ئیتر شتێك نامێنێتەوە پێی بگوترێت (سیاسەتی نامرۆڤانە) جیهانی مرۆڤایەتی لەرووی (ئابوری و سیاسی و

کۆمەڵایەتی) دا لەوپەری پێشکەوتندا دەبێت، کاتێکیش ئەمە رویدا ئیتر سەرجەمی هەموو کۆمەڵگاکان و نیشتیمانەکان دەبن بەموڵکی هەموو مرۆڤەکان و نەوەك بەتەنیا نیشتیمانێك تەلبەند بکرێت و مرۆڤ تێیدا لەژێر سیستەمێ:ی دینی یا چەشنە بابەتێکی لەم جۆرە تێیدا قەتیس بکرێت و لەمرۆڤ بوونی خۆی شۆرابێت.

ئەمەش کاتێك دێتە ئاراوە کەسەرجەمی وڵاتە پێشکەوتوەکان بۆئەم سیستەمە تێ بکۆشن و کۆمەڵگا چەق بەستوەکان بەخەبەربێنن و رزگاریان بکەن و سەرکردەی سەرجەمی کۆمەڵگاکان بگۆدرێن بۆ سەرۆکێك کەعەقڵی باڵای لەمێشکدابێت و سەرجەمی زەوی پیرۆزی مرۆڤایەتی بەهیخۆیان بزانن بۆئەوەی چیتر گەمژەیی بونی نەمێنێت لەسەر ئەم زەویەدا، چونکە هەتاکوو گەمژەیی بونی بمێنێت ئەوا مەحاڵە مرۆڤ بگاتە لوتکەی خۆی و لەگەمژەیدا نەخۆشی و پەککەوتەیی مرۆڤەکان سەرهەڵدەدات، هەرکاتێك کۆمەڵگایەك بەم جۆرە بوو ئەوا هاوشێوەی نەخۆشخانەیەکی گەورە وایە و ناتواندرێت بتواندرێت پێی بگوترێت کۆمەڵگای تەندروست و لەش ساخ چونکە گەمژەیی هاوشێوەی نەخۆشی وایە لەهەرجێگایەك بوونی هەبوو ئەوا هەمیشە مەترسیە بۆبڵاو بونەوەی.

بەراست ئەوان گۆڕان؟

لەکۆندا دپەرسترا قوربانی بۆدەکراو لێی دەپارایەوە هەرخۆشیان دەستەوەستان بوون و هەردەپارانەوە، خۆشیان لەپێناودا دەکردە قوربانی.

لەکۆندا دەیانهێنایە بوون لەبووندا ونیان دەکرد و ناوەناوە دەشیان کوشت، دروستیان دەکرد دڵەکانیان خۆشدەکردوو دەچونە ناوی و دەچونە سەری، دەگەیشتنە لای یەکترو پێدەکەنین و دەشگریان.

کەچی ئێستا هاوشێوەی کۆنی رابردوو دەپەرسترێت و لێشی دەپارێتەوەو بۆشی دەکرێتە قوربانی. دروستی دەکەن و دلەکانیش خۆشدەکەن و زۆرینەی جاریش دەگرین. دروستیشی دەکەن دەچنە ناویشی و دەچنەسەریشی و دەشی کوژن.

ئەی کواگۆڕان؟

کەواتە ئێوە هەرنەگۆڕان و پێشتان وایە گۆڕاون و زۆرینەی جاریش مێژوەکەتان شەرمەزاردەکەن.

کەچی ئێستاش ئەوەمنم پێتان دەلێم: ئێوە نەگۆراون و پێشتان وایە گۆڕاون، کەواتە ئەوەمنم شەرمەزارتان دەکەم.

ئەی مرۆڤی ون منی (شێت)چەند قیزم لێتە کاتێك دەوبینم لەگەمژەیدا پێدەکەنی، ، ئەی گەمژە منی شیت کەپێکەنینیشم لەبەر وون بوونی تۆ لەخۆم زەوت کردووە، ئیتر ئەوە ناچارمدەکات هەندی جار غەدر لەخۆم بکەم و پیَ بکەنم، ئیتر لێرەدا ئەوەمن نیم کەبەختەوەرم بەم جۆرەی تۆوە، ، ئیتر

ئەوەمنیشم بەختەوەرم کەبەم جۆرەی تۆنیم، ،، هەم دیسان دەیلێمەوە کاتێك منیش بەختەوەرەبم کەهیچمان لەوونیدا پێنەکەنین،

2

ژن کوشتن لەم وجیهانەدا لەسەر ماچ و لێویکی حیز هەربەردەوامە، ،، ئاخر گەل و مێگەل تۆ کەنەزانیت خۆت پەروەردەبکەیت و ئەوەندە سۆزاوی و غەریزەیی بیت چۆن وەك ئاژەل پەلاماری ژن نادەیت بۆسواربوون و تیربوونی شەهەوەت؟؟؟ هەروەها کەنەشتوانی ژن پەروەردە بکەیت کەچیتر هاوشێوەی خۆت سۆزاوی نەبێت ئەی چۆن فێرنابیت گان بدات؟! وەئەگەر گانیشی دا لەبیپەروەردەیدا ئەی بۆچی لات ئاسایی نیە و بۆچی دەیکوژیت؟؟؟ گەل و مێگەل گەرئەوەندە ژن بکوژیت ئەوا رۆژێك دیت لەجیاتی قوز کێرتان بخەنە میزلدانێکی نەرمەوە، ، گەرئەمەشتان کرد ئیتر من دەستخۆشیتان لێدەکەم، چونکە بۆهەتاهەتایە هەرگیز مرۆڤ نەبوونەو وەحشی گەری خۆتان سەلماند، ،، جابۆئەوەی زیاتر بیسەلمێنن کەهاوشیوەی ئاژەڵێش نین ئەوە بۆیەکجاری کێرتان بخەنە میزڵدانەوەو بابۆهەتاهەتایە ئاسەوارتان لەسەر ئەم زەویە پیرۆزە بسرێتەوە، بیسەلمێنن کەئێوە مرۆڤ نین و چاوەریی مەخڵوقێکی ترم لەمانای خۆیان تێبگەن و بێنە سەرزەوی، ، ئیتر ئێوە بەنەفرەت بن!.

3

گوتیان جاهویی تۆ کێشەی چیت هەیە زۆرجار پیس دەرشێیتەوە بەسەرهەمووشتێکا؟؟ یاخۆت گۆشەگیرکردوەو نایەیتە ناومان!؟ جاهویش ووتی: من هیچ کێشەیەکم نیە، تەنیا ئەوەنەبیت گەمژەیی سەرکردەکان و گەل و مێگەلەکان منیان ناچارکردووە شەوان خەونەیەتە چاوم و بەمەرەکەبی قەڵەمەکەم لەسەر پەڕی کاغەز رەنگاو رەنگیان بکەم!

دیسان ووتیان: بۆئەمانە رەنگ نەکراون کەپێویست بەتۆبێت رەنگیان بکەی؟؟

جاهویش ووتی: گەرئەمانە رەنگ کرابان ئەوا ئێستا پێویستی بەمن نەدەما

دیسان ووتیان: بەچی ئەزانی رەنگ نەکراون؟؟

جاهویی ووتی: گەرئەمانە رەنگ کرابان ئەوا کاری دادگاو تورەبوونی خوودەکان و گریانی ئەم و ئەوو نەشتەرگەری نەخۆشەکان و دزیکردن و مرۆڤ کوشتن بوونی نەدەما.کەواتە بەوە دەزانم کەرەنگ نەکراون.

دیسان ووتیان: ئەی تۆ چۆن رەنگیان دەکەی؟؟؟

جاهویی ووتی: رەنگەکەی من ئەوەیە هەرکاتێك کۆمەڵگا وەها پەروەردەکران کەهیچ کەسێك کاری بەدادگانەبێت هەرکاتێك نەخۆشی نەما پزیشك چارەسەری بکات، هەرکاتێك گریانی هیچ کەسێك نەما جگەلە گریانی مردنی کەس و کاری نەبێت، هەرکاتێك کارەکانی کۆمەڵگاو خوودەکان وەها

بەرێدابرۆن کەهیچ کەس نەزانێت توورەبوون چی، کاتێکیش کەئەمە روویدا ئیتر سنورەکانی نیشتیمان و دەوڵەتان بوونی نامێنێت و هەموویان بۆ مرۆڤایەتی هەڵدەوەشێندرێنەوەو زەوی دەبێتە یەك پارچەی نیشتیمان بۆهەمووومان، ئیتر ئەوە رەنگەکانی منە و هەرکاتێکیش ئەمە روویدا ئەوا دێمە ناوتان و چیتر بەسەرتانا نارشێمەوە!. بەڵام کەگۆشەگیرم ئەوە بزانن کەهۆکارەکەی ئەوەیە!.

## 4

دیکتاتۆرو خۆسەپێن نیم کەدێمە بەرامبەرت بەهیچ زمانێکی سۆزاویەوە قسەناکەم لەگەڵت، ،، ئەزانم تۆ دڵگرانیت بەمە، ، بەڵام کەنامەوێت منیش سۆزاوی ببم و بمەوێت تۆش لەم سۆزاویە وونە هەڵتەکێنم و بووبەم بۆدوونیای پڕلەحەقیقەت و راستی، ، ئەوا ناکرێت بەزمانەکەی تۆ و لەسەرخۆ لەبەردەمت بدوێم، ، چونکە دواندنی من بۆئێوە دەمێکە هەستەکەم ئازاردەرە هەم بۆخۆم و هەم بۆتۆش، ، بەڵام کەبمەوێت ووشەکانم بەناو هزرتا برۆنە خوارەوە ئیتر ناکرێت هەروەك تۆ لەخەیاڵدا قسەبکەم و واشبزانم پڕم لەحەقیقەت.، ئەوە من نیم کەبەخۆم دەلێم حەقیقەت ئەوە عەقڵی بالایە کەپێم دەلێت حەقیقەت لای تۆیە، جاکەتۆش نازانی عەقڵی بالا لەچی دایە ئەوە تاوان لەخۆتە ئەها کەپێتە لێم وونی!!؟؟؟ ئەها ئازیزم ئێستا دەزانی کەبتەوێت لەجیهانی حەقیقەتدا بژیت کەلای تۆوونە! ئیتر ئەتەوێت وەك

چۆلەکەیەکی دەستەمۆ سەماشت بۆبکەم!؟؟ یاوەك هەڵۆیەك لەبەرزە کێوانەوە ملت بگرێت و وەك رەشەمار فشەفشی دەمی بێت؟؟ هەرکاتێکیش تۆش گەیشتیتە جیهانی حەقیقەت ئەوا تاوانە بۆمن بەم زمانە بی سۆزاویەش بدویم لەگەڵت، ، تۆش ئەگەر بتەویت جیهانی حەقیقەت لەچیدایە!؟ ئەوا دەبێت لەخۆتەوە دەست پێ بکەیت و بۆهەرهەنگاوێك با عەقل گەرایی سەرمەشقت بێت وکەدەشڵێن خوداهەیە ئەوا عەقڵی خودا بخەیتە کەلەسەرتەوە، ،، کاتێکیش ئەمە روویدا ئیتر تاوانە جیهانێك نەخوڵقێنیت کەپرنەبێت لەبەختەوەری، تۆپێت وایە ئێستا بەختەوەری هەیە؟؟ ئەها ئازیزم کۆمەڵگاو دین و ئایدۆلۆژیەکان بێ ئەوەی مرۆڤ بەرهەم بێنن خۆیان زەمینە دەرەخسێنن ژینگەیەك پربێت لەنادات پەروەری، ، ژینگەیەك پربێت لە تاوانکاری و نەخۆشی و کەلتورێکی نالۆژیك و هەزارو یەك کێشە، ، ئەها ئەوان مرۆڤێك دروست دەکەن بەبێ پەروەردەیی عەقڵانی دواتریش کەدەستی بەتاوانکاری کرد بەتوندترین شێوە سزای دەدەن!! ئێستا من وەك عەقڵی کەریکی خزمەتکارو سەیەکی ماڵی کامەیان سزابدەم؟ تاوانبار یاسەبەبکار؟؟ ئەها دادگاکان وەك بای موشەك بەستەزمانێك سزادەدەن کەهیچ سەبەبکاری ئەم تاوانەی نیە!! دەی پێم بلێن کامەتان سزابدەم؟؟ ئەها نەخۆشیەکی کوشندە بڵاودەبێتەوەو مرۆڤ گەلێك توشی نەخۆشی دەکات و دواتریش بەرەو مەرگ!دەی دەتوانی بلێی پزیشك تاوانبارنیە؟؟ ئەها مرۆڤێك پەروەردە دەکەن لەبازاروو سەرشەقام و ئەم و ئەودا بەنالۆژیکی دەدوێت و ئەم نالۆژیکیەش دەبێتە کەلتورێکی

سەرمەشقی هەمووان!! دەی پێم بلێن كێتان سزابدەم؟؟؟، ئەها ئەو مرۆڤانەی بانگەشەی مرۆڤایەتی لێدەدەن دەمێكە لەخەودان و ناتوانن عەقڵی خوودایی بۆنەتەوەو گەلانی تری بەرەوا بزانن و هەوڵی بۆنادەن و وەك ئەوەی بلێی ناتوانن لەتوانایاندانیە ئاژەڵێكی كێوی كەیی بكەن و بۆمرۆڤ گەرایی دەستەمۆی بكەن كەچیتر لەدورەوە لوشكە نەهاویژیت، ئادەی پێم بڵێ كێتان سزابدەم؟؟!

## 6

پەكوو لەم تاوانەی كەهەندێكمان لەخۆماندەكەین، ،، لەنێوان عەقڵی ئەوان و شێتۆكەكانی ئەمانیشدا دەمێنینەوە تۆبڵێی ئەمانە كێین و ناویان چی بێت؟! تۆبلێی هەڵەبم كەناویان بنێین مەخلۆقێكی تر؟! یابەراست ئەوانیش هەرمرۆڤن!؟ ئەی گەر مرۆڤن بۆچی لەم نێوەندەدا دەمێنەوە؟؟ یابەراست كەدەڵێن خوداوەند هەموویانی وەك یەك دروست كردووە ئەی بۆچی هەموویان وەك ئەمان نەدەبوون؟! ئەی چۆن دەكرێت ئەمانە هەمووشتێك ببین و ئەوانیش هیچ نەبینن كەپێشیان وایە لەنێو ئەمری واقیع دان؟! تۆبلێی ئەم واقیعەی ئەوان دەیڵێن راستی بێت؟! نا من پێم وانیە راستی بێت، چونكە ئەوان گەر بەراست لەراستیدادەبوون هێندە خافڵاوی بوكەڵە شوشەی یەكترووو پارەو موڵك و قسەی نالۆژیكی نەدەبوون، كەدەیان بینم لەسەر شتێكی

پوچ گەرایی مشتومریانەو بەرامبەر بەیەك هەناسەسوارن و دەشلێن خودا بەم جۆرەی ئێمەی دروست کردووە، ، کەدەیانبینم بۆ خودا سوجدەدەبەن و دەیپەرستن، تۆبلێی ئەم خودایە پێویستی بەئەوان بێت بۆپەرستن و هەربەناوی ئەمیشەوە رووح و جەستە و عەقلیان قوفڵ کردووە! ئەی ئەم خودایە بۆچی هێندە زاڵمە ئەم بەرخۆکانەی بەوجۆرە بوێت؟! کەزۆرجار لەنێوان بروابوون بەخوداکەیان و بروانەبوون بەخودا دەکەونە شەرکردن و یا هەربۆخوداکەی خۆشیان ملی یەکتر دەقرتێنن،! لەونێوەندەشدا ئەوەی ونیان کردووە خوداکەی ناو کەلەسەریانەو نایدۆزنەوە! دەی باهەروابێت و لای ئێمەش ئەم مشتومرەی ئەوان و عەقڵ وونی خافلاویاندا قاقایە بۆپێکەنینمان و هەندێ جاریش بۆ دەم بەهەراش بونمان ووەرینمان پێنانەوە یا گۆشەگیریەکەی ماڵی هەمیشەییمان؟! ئەی چۆن تاوانیك نیە بەهەردووکیان بگوترێت مرۆڤ؟!

7

ئەوەی نازانێت مانای تێکبەربوون چیە ئەوا برۆن تێکبەربن!

لەدوای تێکبەربوون وەرن دانیشن و پێناسەیەکی تێکبەربوون بکەن، کەپێناسەشتان کرد ئەوا ئەو پێناسەیە لەبەربکەن و کەلەبەریشتان کرد، ئەوکات نەوەکانی خۆتان فێربکەن تێکبەربوون یانی چی؟!.

8

کاتژمێر درەنگانێکی شەوبوو میللەتێکی وون بوو حکومەتێکی وون بویان دروست کردبوو، ئەم حکومەتە وونە هەرشتێکی کردبا بەقەد نیوەئەقڵی میللەتەکەی بوو، ئەومیللەتەش رژابونەسەر شەقامەکان و داوای مافی خوراوی خۆیان دەکرد لەرستیشدا ئەومافە قابیلی ئەوان نەبوو، لەدەستی حکومەتەکەشیانا نەبوو، هەرهێندەی مابوو بەیەکەوە شەرەقۆچ بکەن،

لەوکاتەدا حەکیمێك شەپەشەپی باڵەکانی هات و لەسەرلوتکە چیاکاندا دابەزیە ناویان و پیی ووتن: هۆگەل و میگەل هۆحکومەت هۆونەکان گەرئیوەشەرەقۆچ و شەقتان کرد من ئاگادارتان دەکەمەوە باتەپوتۆزی شەری قاچتان بۆری هەناسەم نەگرێت چونکە من لەژورەوەم و دەمەوێت شەرلەگەل عەقلدا بکەم ، کەسیکیش بیەویت شەری عەقڵ بکات دەبێت شوێنەکەی ئارام بێت، کابرای حەکیم هەرهێندەی ووت و لەشەپەی بالەکانی داو بەجێی هێشتن!.

9

دز

گەرویستان دزێك وازلەدزی کردن بهێنێت ئەوا بەئەدەبەوە پێی بڵێن: کابرا ئەمشتە بۆتۆ، لەوکاتەشدا کەلەبازرو ناوگەل و

مێگەلدا ووتی: ئەمشتەم بەئارەقی ناوچەوانی خۆم دەسکەوتووە ئەوا بۆت هەیە پۆتی هەڵدەیتە ناوحەلاگە و پێی بڵێی: کابرا بۆئەوەی بەئەدەبەوە دزیەکەت پێ تەرك بکەم ئەمشتە بەئەدەبەوە دام بەتۆ، بۆیە هاوارمەکە بڵێی بەئارەقی ناوچەوانم پەیامردووە، جابۆئەوەی بەرلەوەی ئەمەت بەسەربێت هەوڵبدە دزمەبە!

## 10

هزری باش هاوشیوەی حەبلێکی پاك کردنەوە وایە دەچێت تۆزو خۆڵی هزرە ژەنگاویەکان پاك دەکاتەوە، بەڵام لەگەل ئەو پاککردنەوەیەدا هزرە ژەنگاویەکان سیڕة سیڕیان لێ هەڵدەستێت، لەوکاتەشدا هزرەباشەکە ناوەناوە شلیکات و ناوەناوەش توندتری راکێشێت و گوێش بەم سیرەسیری ئەوان نەدات، چونکە ئەوان هەست بەم ژەنگاویەی خۆیان ناکەن و واش هەستەکەن ژەنگاوی نین، بەڵام کەدەزانین ئەوان ژەنگاوین ئەوا دەبێت هەرپاك بکرێنەوەو بەجێ هێشتینیان کوشندەیە، کەواتە ئەی هزری باش حەبلەکە باش بەناویاندا بهێنەو بیبە!.

## 11

من رقم لەکەس نیە، چونکە نازانم رق یانی چی

ئەوەی بشیەویت نیشانم بدات باخۆی لەگەڵ دارێکی داربەروو بێتە لاموو هەرچی رقی دەرونیەتی لێم هەڵبرێژیت، لەوکاتەشدا گەرهەستی بەحەسانەوەی دەرونی کرد ئەوا مرۆڤ نیە و گەردەنیشی ئازابێت!

گەردەشتەوێت بزانی بۆچی ئازادی دەکەم؟

چونکە من گەمژەبووم کەفێرم نەکرد رق لەکینەی دەربکەم!.

12

وتیان جاهویی کۆمەڵێك برات هەیە، وتم: راستە هەرچی مرۆڤە بەبرای خۆمیان دەزانم، بەڵام من یەك برام هەیە ئەویش (نیتچە) بوو!

وتیان بەچی ئەزانی براتە خۆپزیشك پشکنینی بۆنەکردویت؟!

وتم: پزیشك ناتوانێت پشکنینی ئەم راستیەم بۆبکات، چونکە دەزانم کەلێی نازانێت کەواتە پێی بڵێن لەئێستاوە نەیەتە لام!

گەردەشتانەوێت لەراستی براکەی خۆمدا بۆتان روونبێتەوە ئەوا تەنیا نیتچە خۆی دەزانێت کەئێمە برای راستی یەکین!

13

سوقراتی باپیرم دەیوت: جنێك لەناو كەلەسەرم دایەو ئۆقرەی لێ بریوم!

منیش دەلێم: هۆسوقراتی باپیرەم ئەوجنەی تۆ وائیستا لەناو كەلەسەری منیشدایەو بەڵام پێشم وانیە ئەمە جن بێت، چونكە پێم وایە ئەمە رێك عەقڵی خودایە بەناو هەموو لەشی منا تێكەڵ بووە، (بلیمەتێكیش) لەولاوە ووتی: ئەوجیهانەی ئێمە عەقڵەكان خرابیان كردوو ئێستاش پێویستمان بە شێتێكە چاكی بكات!

منیش بەودەلێم: ئەوا من شێتێكی تازەم و دەشمەوێت چاكی بكەم، بەڵام ئەگەر هەرچانەبوو ئەوا دیارە ئەم جیهانە گەر ئەقڵەكان وێرانیان كرد ئەوا باچاوەرێی هیچ شێتێكی ترو عاقلێكی تر نەكات.

## 14

سەرۆك نیەو كراوەتە سەرۆك!
كاسپكارنیەو بوەبەكاسپكار!
مامۆستانیەو كراوە بەمامۆستا!
سیاسی نیەو كراوە بەسیاسی!
زانكۆنیەو كراوە بەزانكۆ!
قسەكەرنیەو كراوە بەقسەكەر!
نوسەرنیەو كراوە بەنوسەر!
بێ ئەخلاق نیەو كراوە بە بێ ئەخلاق!

گەورەنیەو کراوە بەگەورە!
خودا بوونی نیەو دروستیشیان کرد!
خودابونی هەیەو ونیشیان کرد!
مرۆڤ نیەو کراوە بەمرۆڤ!
ئاژەڵیش نیەو کراوە بەئاژەڵ!

## 15

کەسێك هەرچی درۆی هەبوو هەمووی خستەناو تیانوسیك و هەڵی واسین، ئەوانەشی کەلەدژی درۆکردن بوون چون ئەو قەڵەمەیان هێنا کەدرۆکانی پێ نوسرابونەوەو لەت و پەتیان کرد، لەکاتەشدا حەکیمێك کەئەمەی بینی هاتە لایان و پێی ووتن: بۆچی ئەم قەڵەمەتان شکاند؟

ئەوانیش ووتیان: چونکە هەرچی درۆی شاخدارهەبوو بەم قەڵەمە نوسرابونەوە!

کابرای حەکیمیش ووتی: ئەم قەڵەمە نازانێت درۆبکات، بەڵام ئەوەی فێری درۆی کردووە ئەوا ئێوەن!

ئەوانیش وتیان: جائێمە بۆچی؟

حەکیمەکەش وڵامی دانەوەو ووتی: گەرئێوە بەراست راستگۆبونایە ئەوا نەتان دەهێشت مرۆڤێکی درۆزن لەناوتانا دروست بێت، کەواتە ئەوە ئێوەن ئەم درۆزنەتان دروست کردووەو دەبێت کەسێکیش هەبێت ئێوە سزابدات!

## 16

ئەی من چەند سەیرم کەدەچمە ناو گەل و مێگەل هەموویان لەیەك دەچن و یەك جۆرن

تۆبلێی هەموویان لەدایك و باوکێکا لەدایك نەبوبن و تەنیا ناوەکانیان جیاوازبێت!؟

ئەی من لەکامە دایك و باوکم کەلەهیچیان ناچم؟

ئیستا کە زانیم کەمن لەئادەم و حەواکەی ئەوان نیم!

چونکە من درۆنازانم و عەقڵی پەتی سەرمەشقی ژیانمە و ئەوانیش لەونیدا قاقایانە بۆپێکەنین و هەندێکیشیان رەنگ زەرد هەڵگەراون لەچاوەروانی ژیانەکەی ئەودیانن و بەخەیاڵ فریون بۆئەوێ!

هەندێکیشیان رەنگ سوروسپی لەبێ خودایی عەقڵی سەریاندا و لەونی خۆیاندا هەر ریك بۆخۆیان گەلحۆیەکن کەناو روحیان پریەتی لەچڵکنی و ئەم چڵکنیەشیان لەگەل رۆیشتن و کارکردنا چواردەوری خۆیان چلکنتردەکەن!

## 17

ئازیز ئەو جیهانەی ئێوە رەنگاو رەنگە و دەشخوازیت کامەرەنگ بەلاتەوە جوانە هەڵی بژێری؟

بەلێ بێگومان!

کەواتە ئەو قەلەمەی نەخشەکەی پێدەکەی مەیدەدەست منالّ، چونکە ئەو جیهانەی ئیوە بۆی دەچن قەڵەمی رەنگەکانی بەدەست منالّەوەیە!

نەخشەیەکیش منالّ دروستی بکات ناتواندریت پێی بگوترێت نەخشە، چونکە ئاستەمە هەموو رەنگێك کەپڕمانابێت و لەنەخشەکەشدا دیاری بکات!

کەواتە ئەم جیهانەی ئێستا بۆئەوەی چیتر منال لەخۆیەوە رەنگیان نەکات ئەوا دەبێت لەدەستی دەربهێندرێت، بۆئەوەی نەخشەکە مانادار‌بێت، خۆئەگەروانەبێت ئەوکات واتا هیچ!.

## 18

ئەوەی وڵاتی ئێمەیان خراپ کرد ئەمان بوون!
مامۆستا خۆی لەقوتابی جیاکردەوە!
نوسەرخۆی لەخوێنەرجیاکردەوە!
کچان و کوران لەقوتابخانەکاندا لەیەکترجیاکرانەوە!

پیاوانی سیاسی خۆیان لەمیللەت جیاکردەوە!
ئەونامرۆڤانەی خۆیان بەژیردەزانی لەئەوانی ترجیابونەوە!
پیاوانی سیاسی بون بەخودایەکی بێ ناوەرۆك و ئەوانی تریشیان کردەکۆیلە!
ئاین هیچ خودایەکی نەبوو کەچی خودای ئەوانی تریشی وون کرد!

## 19

کابرایەکی روخسار بەناو نورانی ناو گەل و مێگەل کەهەمیشە لەخشتەی بردبوون لەدوورەوە هاواری دەکردوو پەنجەی بۆمن درێژدەکردو ووتی: ئەم کەسە ئەبینن بیرو بۆچونی ئەم کەسە زۆر لەکەل ئێمەدا نزیکە، بەڵام لەوە تێناگەم بۆچی خۆی لەئێمە بەدووردەگریت؟ !

منیش کەلەدوورەوە گوێم لەو قسەیە بوو هەرلەشوێنی خۆمەوە جرتەیەکم بۆلێداو پێم وت: کابرا ئێوە خۆتان لەونیدا گل کردووە، ئیتر ئەتەویت منیش وەك ئێوە ون ببم و پیسم بکەن؟! چونکە ئێوە روحتان بەخۆتانەوە نەهێشتوەو هاوشێوەکانی ئێمەش لەبالایدا نەخشەیەکتان بۆدروست دەکەن کەتێیدا بتان دۆزنەوە کەلەدێرزەمانەوە بەوونی لەدایك بوونە!

ئێتر ئەوە منم بەم جۆرەم و ئەوەش ئێوەن لەونیدا ژەهر بەهەنگوین دەشوپهێنن! ئیتر جارێکی تر هەلەی لەم جۆرە

نەکەیت پێم بڵێی لەئێمە دەچێت، من گەرلەئێوە چوبام ئەوا ئێستا ئەم روحەی

من لای خۆم نەمابوو ئێوە دەتانبردەوە بەرەو جیهانی نەبویی! ئەوجیهانەش گەربونی هەبیت یانەبیت ئەوا هەمیشە مرۆڤ گەرخۆی لەعەقڵدا رووت بێت ئەوا هەرهیندەی دەوێت و هیچتر! ئیتر بۆچی مرۆڤ روحی لەخۆی بکاتەوەو بیداتە دەست قەدەرێکی وون؟!!

## 20

مرۆڤ هاوشێوەی درەختێك وایە کەلەسەرەتای لەدایك بونیدا بێ بەربێ، درەختیکیش کەزانیمان بەرنادات ئەوا یادەبێت بیبریتەوە یائەوەتا دەبێت موتربەبکرێت، مرۆڤیش بەهەمان شێوە کەهاتە بون دەبێت بزاندرێت ئەمرۆڤە بۆچی دیتە بوون، جابۆئەوەی ئەم مرۆڤەش بێ بەرنەبێت ئەوا دەبێت لەسەرەتاوە موتربەبکرێت، موتربەکردنیشی واتا راهاتنی لەناو سیستەمێکی عەقڵ گەرایی هزریدا گەورەبکرێت، بۆئەوەی کەهاتە بەر ئەوا بەرهەمێکی پرژیریمان لێ وەدەست بکەوێت! بەڵام ئەگەر سیستەمێکی عەقڵ گەرایی بوونی نەبوو ئەوا ئەم مرۆڤەش تاوانە بێهێندرێتە دونیای بوون گەراییەوە!

## 21

ئەی فەیلەسوف تۆبچوکی یاگەورەیت؟
گەربچوکی ئەوا زوکەو گەورەبە!
گەرگەورەیت ئەوا گەورەیت نیشانبدە!
گەرتۆش بەراست گەورەیت نیشاندا؟!
ئەوا دەبیت گەل و مێگەلیش هاوشانی خۆت گەورەبکەیت!
ئەوکاتەشی کەئەمەت کرد ئیتر تۆبەراستی مرۆڤی باڵای!.

22

من (ئارگۆسم)!
(ئارگۆس) یانی چی؟
من پێت نالێم یانی چی؟!
بۆچی پێم نالێی؟
گەرتۆبەراست دەتەوێت لەمانی ئارگۆس بزانیت؟
بەلێ دەمەوێت بزانم!

کەواتە لەئێستاوە چاوەریی وەلامی من مەکەو برۆ بەدوایدا بگەرێ! جائەگەر بەدوایدا گەرایت و دۆزیتەوە ئەوا دەزانیت (ئارگۆس) یانی چی؟!

جاتۆمەبەستت چیە هێندە ماندووم دەکەی؟

مەبەستم ئەوەیە تۆلەناو گەل و مێگەلیت و دەشتەوێت فێربیت؟، کەواتە بۆئەوەی فێربیت برۆ واز لە نوسراوە خەیاڵ

پڵاوەکان بهێنەو هەرچی پەرتوکی (عەقڵ گەرایی مرۆڤە) بیخوێنەوە!

چونکە دلنیام تۆی وون لەناو کەل و مێگەلێکی وندا هیچ شتێك فێرنابیت جگەلە دووبارەبوونەوەیەکی وون بوویی، ئەوکاتەشی کەفێربویت ئەوا بۆت هەیە بچیتەوە ناو گە ل و مێگەل و تۆی زیندو ئەوانی خەوتوو هەڵسێنیت!.

## 23

لەتۆیداو لەبێ تۆیدا نوێ بومەتەوە، ، ئەوەمنم هاوشێوەی ئەمان نیم لەتۆیداو لەبێ تۆیدا وون بن، ، بەڵکوو بێ تۆیی و لەتۆیی دا باکم نیە و هەر رەش مارەکەی خۆمم، ، رەشمارەکەی منیش ژەهری کوشندەی ئێوەیە کەهەمووی لەمندا کۆبۆتەوە، ، ئێتر ئەوەمنم بەم جۆرەم ترستان لەمن هەبێت، ترسیشتان لەمن نەبێت، ، چونکە ژەهرەکەی من جیاوازە لەگەل هەرچی ژەهرەکانی ترکەبوونیان هەیە، ، ژەهرەکەی من ئەوژەهرەیە مردووەکان بەئاگادێنێتەوە، ،، بەڵام ئەوان هەست پی ناکەن تائەوکاتەی ژەهرەکە ی من لەبوونمدا لەبەرچاویان ون دەبێت، ، بەوون بونی خۆشم ژەهرەکە لەگەڵ خۆما نابەم بەڵکوو دەزانم کەئێستا لەونیتاندا هەست بەم بوە هەنگوینیەم ناکەن کەلەبەرچاوی ئێوەدا بوەتە ژەهرێکی کوشندە، ، ئەوەمنم بەم جۆرەم، ئەم هەنگوینەی کەلەژەهری ئێوەدا دروستم کردووە

بۆئێوەی جێ دێڵم، چونکە دلنیام رۆژێك دێت ئەم هەنگوینەم لەبرسیبونتانا پشتی پێ دەبەستن، ،، کەواتە ئەوە منم بەم جۆرەم، ، ترستان هەبێ و ترسیشتان لەمن نەبێت، ، ئیتر هەربەم جۆرەم کەژەهری ئێوەم کردۆتە هەنگوین و بەبێ پاداشتیش پێتان دەدەمەوە.

***

گەمژەیەك و فەیلەسوفێکی راستەقینە لەدووشتا لەیەکتر دەچن، ئەوییش ئەوەیە کەهەردووکیان خۆیان بەکاری خەڵکەوە سەرقال دەکەن، بەڵام جیاوازیان ئەوەیە گەمژەکە لەونیدا دونیا کاول دەکات و فەیلەسوفیش دونیاکەی ئەو دروست دەکاتەوە و ونەکانیش دەکات بەخودای سەرزەوی.

24

بلیمەتێك رەخنەی توندی لەدوو نوسەرگرت کەلەدێرەکانیاندا بوونی هەبوو ، کاتێکیش ئەم دوونوسەرە بەرەخنەکانی ئەم بلیمەتەیان زانی هەردووکیان هاوارهاوریان لێهەستاو پێیان ووت: کابرا تۆئەم گوڵانەت لەرەگەوە دەرهێناون،

کابرای بلیمەتیش پیی گووتن: گوێ بگرن ئەگەر هات و درەختی گوڵ هەبوو بەڵام لەجیاتی ئەوەی (گوڵ) بدات و

(گووی) دا ئەوا دەبێت ئەم درەختە یالەرەگەوە دەربهێندرێت کەگووی داوە، یائەوەتا
دەبێت موتربە بکرێت، ئیتر ئەم دوونوسەرە کەئەمەیان بیست هەستیان بەهەڵەی خۆیان کردوو لەشوێنی خۆیان بێدەنگ بوون، بەڵام چونکە عەقڵی بالایان لەکەلەدانەبوو کەسوپاسی کابرای بلیمەت بکەن بۆیە هەرچۆنێك بێت بەکۆمەلێك پەلارو لوتفی مناڵانە دەهاتنە گۆ و هاوشێوەی مناڵێك دەنوزاناوە.

## 25

گوێبگرە رۆشەنبیر سەرکردەو گەل و مێگەلی سەرشەقام هەر هەمووتان، هەرکاتێك قسەیەکی گەورەپیاوەکانت دووبارەکردەوەو گەرهات و گەورەیی ئەم قسەیەت لەناوتا بوونی نەبوو ئەوا وابزانە یەك تەنەکە گووت خواردووە، چونکە مرۆڤە بالاکان ئەم قسەیان بۆتۆ کردووە کەبەگوێرەی گوتەکەی ئەوان گەورەبیت، نەوەك هەربچوك بیت و قسەگەورەکەی ئەمانیش دووبارەبکەیتەوە، کەواتە یابۆت نیە قسەی ئەم مرۆڤە بالایانە دووبارەبکەیتەوەو خۆت وانیشانبدەیت گوایە تۆبەم ماستاوانە گەورەدەبیت، یائەگەر بشەویت هەمان قسەبکەیتەوە ئەوا فێربە ئەی پیاوی بچوك هەست بەبچوکی خۆشت بکە و ئەم بێ رێزیە بەمرۆڤە باڵاکان مەکە، چونکە ئەم قسانە بۆتۆکراون

کەفێربیت. بۆئەوە نەیانوتوە تۆ لەپشت مێزێکەوە یالەدیوەخانێکدا دووبارەیان بکەیتەوە.

26

وەك تۆنیم
تۆکیی؟
وەك تۆش نیم
ئەی وەك کێ وای؟
وەك ئەوانیش نیم
ئەی تۆچی؟
من خۆمم وەك تۆنیم و لەناوهەموشتانم.

27

تاکەشتێك لەم جیهانە لێی بترسم و زۆرئازارم بدات ئەوەیە کەچۆن بتوانم لەبەردەم مرۆڤێکی ونبوودا راستی بونی تێ بگەیەنم؟ کەلەوکاتەدا واهەستەکەم دوومەخلۆقی زۆرجیاز لەبەردەمی یەکتردا بونیان هەیەو لەبەرچاوی ئەویشدا کاتێك قسەی بۆدەکەم وەك ئەوە وایە لەژێرئاودابم و بلقە بلقی هەناسەم بێ.

## 28

گەرگەمژەیەك بەسیمای ئێمە پێکەنی ئەوا بێ شك گەمژەیی لەئیمەشدا بوونی هەیە، ئەویش ئەوەیە کەبۆچی ئەم گەمژەیەمان فێرنەکردووە؟!

## 29

سوقرات دەیگوت: دڵگران مەبن کاتێك مرۆڤێك کت و پر لەگەڵت دەگۆرێت، رەنگە ئەوکەسە وازی لەنواندن هێنابێت و گەرابێتەوە سەر کەسایەتی راستەقینەکەی.

منیش دەڵێم: ئەی سوقرات جائەگەر من وابووم لەگەل ئەو گەڵ و مێگەلە ئەوا ئەوان چوزانن گەرانەوەی راستەقینە لەچیدایە؟

رەنگە ئەوان کاتێك من نەمەوێت بچمەلایان ئەوا بەشێت بمشوبهێنن، ، یا بەگۆشەگیرو نەخۆش، ئیتر ئەی سوقرات تۆ ئەم قسانە بۆکی دەکەی؟ خۆئەوان راستە دوو گوێچکەیان هەیە، بەڵام گوێچکەکانی ئەوان وەك تاشەبەرد بەخۆیانا شۆرکردۆتەوەو هیچی پێ نابیستن جگەلەم مۆسیقایەی کەبەردێك بەرتەنەکەیەك بکەویت و ئەوانیش بەمە دێنە سەما، ، ئیتر مۆسیقاکەی ئەوان تەنیا تەنەکەو بەردەو هیچی تر.

## 30

هەركاتێك مرۆڤی باڵا لەسەرزەوی بوونی نەما ئەوكات جیهان وێرانەیەو هەروەك ئاژەل بوونی رابردوی خۆی نمایش دەكات، كاتێكیش مرۆڤی باڵا هاوشێوەی نوكە دەرزیەك نوچركەی دا لەگەل و مێگەل و شوانكارەی وڵات ئائەوكات تیژو پۆلاین روحم بەهیچ شتێك ناكات، لەوكاتەشدا بەكۆمەلێك رستەی مانادار هەموویان دێنێتە لەرزین.

ئائەمەیە نمونەی مرۆڤی بالا كەلەوڵاتدابوونی هەبوو ئیتر هۆگەل و مێگەل ئێوە لای ئەو سەرخۆشێكی سڕن، بەڵام دڵتان بەوەخۆش بێت مرۆڤی باڵا دەتان پارێزێت.

راستە قسەكانی ئەوانتان بەلاوە قورسن بەڵام ئەوە بزانن مرۆڤی بەرزوو باڵا خوداوەندن لەسەرزەوی، ئیتر هۆگەل و مێگەل مرۆڤی باڵا لەسوپێكی سەرئەم زەویە چاودێری ئیوەو شوانكارەكەتانە چونكە ئەوان هەربۆخۆیان (ئارگۆسن و) زەوی و ئاسمان وەك بێژینگ لەناو لەپی دەستیاندا دەلەرزێنن، ئەم لەرزینەش بۆپاك راگرتنی زەویەكەی ئێوەیە كەنایەڵێت خەوش داربێت و هاوشێوەی خۆركی ئاسن بتانهاریت.

ئیتر هۆگە لو مێگەل ئەوان بەم جۆرەن تەنیاو تەنیا بوونی كامەرانی راستەقینەی ئێوەیان لەناو بووندا دەویّ.

***

31

گوێ بگرە پیاوی سەرشەقام پیاوی سیاسی پیاوی دینی پیاوی کۆمەڵگاو پیاوی نوسەر و هەرکەسێکتان کاتێك وڵامتان نایەمەوە ئەوە مەزانن گوێچکەکانم نابیستێت یا ترسنۆکم لەبێدەنگیدا، ناوانیە بەڵکوو من شەرمەکەم وڵامی تۆبدەمەوە، چونکە هاوشێوەی ئێوەنیم و لەبونمدا دووباڵی بەرزە فرم لێ رواوەو لەسەروی ئێوەوە شەپەشەپی باڵەکانم دێت، بەڵام ئێوە هاوشێوەی من نین و لێشم تێناگەن چونکە دلنیام گەرلێم تێگەیشتبان ئەوا بەهەردوو دەستان لەپێشوازیمدەبوون و بەم جۆرە خۆشتان گەورەدەکردوو گەورەیی منیشتان بۆدەردەکەوت، ئیتر کاتی ئەوەیە ئێوەش دووباڵەکانی منتان لێ برەخسێت و لەئومێدیا فرمێسك بۆدەبەنگەکان برێژن، بافرمێسکەکانیشتان بۆخۆتان بێت کەبۆچی نەتانتوانی مرۆڤێك دروست بکەن بیکەن بەخودای سەرزەوی؟! ئێستا ئێوە پێتان وایە هەمووشتێکن لەسەرزەوی بەڵام ئەوەمنم پێتان دەڵێم ئێوە بونەتە خودایەکی بێناوەرۆك بەسەرهەمووشتێکەوە.

32

سوقرات دەیگووت: کاتێك دەچمە بازار دەبینم ئەوشتانە هێندە زۆرن کەمن هیچیانم پێیان ناویت، ، منیش دەڵێم: کاتێك منیش دەچمە بازار ئەشیاکان زیادنین بەڵام مرۆڤەکان هێندە زیادن کەمن زۆرینەیانم پێ ناوێن. چونکە مرۆڤەکان کەزیادبوون ئەوا هەمیشە شتی زیادەش دروستەکەن ، ئیتر ئەمەیە کاری مرۆڤی زیادە کەلەزۆریدا کەل و پەلی زیادەش بەرهەم دێنن کەزۆرینەمان پێمان ناوێن.

## 33

جیاوازی بیرکردنەوەی من و ئێوە

ئێستا ئیوە بەبینینی دیمەنیك زۆرجار سۆزتان رادەکێشێت کاتێك مرۆڤێك خەڵکی ولاتیکی پیشکەوتوبێت و بیەوێت ئاو بکاتە سەرزاری منالە هەژارێکی وڵاتێکی چەق بەستو ، لەوکاتەدا سۆزتان بۆلای ئەومرۆڤە دەروات و پێی دەڵێن: بەراستی مرۆڤێکی هەست بزوێنیت،

منیش ئەڵێم: ئەم مرۆڤە چەندە نامرۆڤە کەنەیتوانیوە رێگەبگرێت لەسەر زەوی ئەم جۆرە مرۆڤە لەبرساناو لەگەمژەیدا گەورەبکرێت و بەم جۆرە سەیربکرێت کەببێتە جێگای بەزەیی هاتنەوە، ، کێشەی مرۆڤەکان ئالێرەدا دەست

پێدەکات بۆچی مرۆڤ رێگە بدات ئەم مرۆڤە دروست بێت؟ لەجیاتی ئەوەی بهێڵدرێت مرۆڤێکی لەم جۆرە دروست بکرێت ئەوا هەوڵبدە لەگەمژیی رزگاری بکە چونکە هەمیشە سەرهەلدانی مرۆڤێکی لەم جۆرە ئەوا هەمیشە وڵاتەکەی نوقمی گەمژەیی بوە، جابۆئەوەی ئەم بەزەیی بوونی نەمێنێت و مرۆڤێك نەبێتە خودا بەسەر مرۆڤیکی ترەوە ئەوا هەولبدە لەگەمژەیی رزگاریان بکەیت، چونکە سەرەتای هەمووشتێك لەگەمژەیەوە سەرهەڵدات، مرۆڤێك بتەوێت بۆهەتاهەتایە لەدەست هەژاری و چەق بەستویدا رزگاربکرێت ئەوا بەرلەوەی جامێك ئاوی بخەیتە سەرزار دەبێت هەولبدرێت لەگەمژەیی رزگاربکرێت، چونکە گەرلەگەمژەیی رزگاری بوو ئیتر وابزانە بۆهەتاهەتایە ئاستەمە جارێکی تر برسیەتی رووی تێبکاتەوە.

34

هەموو مامۆستاکان شەرمەزاری منن چونکە تاکە شتێك کەلێوەی فێری هیچ نەبووم قوتابخانەکانی من بوون، ، بۆیە دەکرێت لەمەولا من مامۆستای مامۆستاکانم بم ئەوەیان فێربکەم کەهیچ لەئێوە فێرنەبووم و بەبێ هیچ شتێك خۆتان کردبویە خودایەکی بێ ناوەرۆك بەسەرمنەوە، ، مامۆستا ئاینیەکان لەبێ خودایدا دەیانویست خودایەکم بۆدروست بکەن و مامۆستاکانی تریش کەزۆرینەی دەرسەکانیان پوچ گەرایی بون دەیانویست

ئەم پوچ گەراییەم بەزۆر لەمێشك بئاخنن، ، کەواتە ئێستا بۆم دەرکەوت هێندە بچوکن کەهاوشێوەی مێرولەیەکن لەبەرچاومدا.

گەمژەکان هەمیشە پسیارێکم لێدەکەن: بۆچی خوێندنت تەواو نەکرد؟

ئەم گەمژانە بێ ئاگان لەوەی خوێندنیان تەواو کردوەو کەچی هێشتا هیچ نازانن، لەگەمژەیشیانا پسیارگەلێکی مناڵانە دەوروژێنن. ئەم جۆرە پسیارانە وەك ئەوە وان کچێك ئارەزووی شوکردنی نەبێت یاجارێ دڵی لەسەودایی دابێت کەچی پێی بلێن: بۆچی مایتەوەو کەس نەهاتە داوات؟.

35

بەشێکیان کاتێك سەریان دەروتێتەوە و کەچەڵ دەبن هیچ لەخوداناپارێنەوە کەسەریان موی لێ بروێنێتەوە، چونکە دلنیان خودا ئەم کارەی پێ ناکرێت، کەچی هەمیشە بەرلەوەی پشت بەخۆیان ببەستن لەزۆرینەی کارەکانیان بۆسەرکەوتنیان لەخودا دەپارێنەوە، لێرەدا حەقی خۆیەتی ئەم مەخلۆقانە پسیارگەلێك لەخۆیان بکەن.

زۆرجار پێمەلێن جاهویی بۆچی بۆینباخ لەملت نابەستی؟

جاهویش ووتی: ئازیزم ئەوانەی بۆیانباغیان لەملە نەیانتوانی جیهانی دەورو بەری خۆیان بگۆرن ئیتر من چۆن بێزم بێت

بۆیانباغەکەی ئەوان لەمل بکەم؟! بۆیە ناشمەوێت هاوشێوەی ئەوان درۆزن بم و بچمە پشت مێزێکەوە ریکلام بۆخۆم بکەم کەلەوە زیاتر هیچ شتێکی ترنین.

***

هیچ کات لەوەناخۆشترنیە مرۆڤێك کەزۆر تێگەیشت لەژیاناو خۆشی لەناو کۆمەڵگایەکا ژیان بەرێتە سەر کەلەوپەری هەژاری عەقڵیدابن، ئیتر ژیان بۆئەم کەسە لەم کۆمەڵگایەدا لەدۆزەخێك زیاتر هیچ شتێکی ترنیە، ، ئێستا بیرلە بیرمەندانی رابردوومدا دەکەمەوە تۆبلێی ئەوان لەکۆمەڵگاکەی خۆیاندا چ دۆزەخێکیان بۆخۆیان دروست کردبێت؟! لەکاتێکا هەموو بیرکردنەوەکانیان بۆ ئەوەبووە کەویستویانە کۆمەڵگاکەیان لەم دۆزەخەی تێی کەوتوون رزگاریان بکات، کەچی خۆشیان یەکەم کەس بوونە بەم ئاگرەدۆزەخەی کۆمەلگاکەیانەوە سوتاون.

ئەم جیهانە هاوشێوەی مەیدانی ئاژەڵانی لێهاتووە ئەوەی راستدەبێتەوە دەبێتە سیاسیەك و هاوشێوەی کەر دەزۆرێت و جوتەش دەهاوێژێت، ، بەڵام لەهەمووشی تاوانتر ئەوەیە بەرەنگ و روخسار لەمرۆڤەکان دەچێت. جالەهەرجێگایەك ئەم جۆرە نامرۆڤانەتان بینی ئەوا برۆن یەك دەستپەر لەبەرامبەر سیاسیەکان لێبدەن، چونکە ئەمانە بەرهەمی گەرای ئەمانن.

مرۆڤێکیش کەهاتە ریزی ئاژەڵیەوەو خۆی لەخەتی بێ ئاگایی دا ئیتر باکی بەوەش نیە کەسێك دەستپەری بکات لەبەردەمیدا چونکە ئاژەڵەکان لەوکاتەی دوو مرۆڤ لەبەرچاوی ئەواندا

سێکس دەکەن هەست بەهیچ شتێك ناکەن، کەواتە ئەم جۆرە مرۆڤانەشی خۆیان لەخەتی بێ ئاگایی دەدەن هەمان شتن لەگەڵ ئاژەڵدا.

***

لەوەرزی باراندا کاتێك دێمە دەرەوە هەمیشە گوێم لەم هەواڵە دەبێت، شەپۆلیکی باران بارین بەریوەیە، منیش دەڵێم: ئەی کەی شەپۆلی عەقڵ بەرێدەکەوێت؟ لەوەتەی هەم تەنیا لەچاوەروانی شەپۆلەکانی باران بارین بوومە، ئیتر کاتی ئەوەیە لەچاوەروانی عەقلیشدابین چونکە ئەگەر عەقلی تیژوو هزری بەرز هەبوو ئەوا هەمیشە باران دروستەکات و لەچاوەروانی بارینی بارانیش نامێنێتەوە

***

لەخۆرهەلاتی ناوەراستدا خەڵك هێندە دەبەنگە گەرهات و لەبرسانیشا مردن و سیاسیەك هەرقسەی نەکرد یا خۆیان هۆکارێك بوون بۆچەق بەستویی کاروباری وڵات ئەوا ئەو خەڵکە لەگەمژەییدا دەڵێن ئەوا حیکمەتێکی تێدایە، یارازین بەم کارەی سیاسیەکان.

ئاخر هەی دەبەنگ سیاسیەك کەدەستەوەستان بوو لەئاست ئەو هەموو زوڵمەی کەلەتۆ دەکرێت ئەی ئەم حیکمەتە لەچیدایە؟ یاتۆش بویتە ئەو لاسارانەی لەوەتەی هەن دەست لەخودایەك پانەکەنەوەو خۆشیان هاوشێوەی تاشەبەردێك لەکارکەوتون و خۆیان بەزەویدا نوساندووەو ناجولێن.

***

زۆرجار موناقەشەکردن لەگەڵ گەمژەدا ئەوا خۆی لەخۆیدا گەمژەییە، چونکە کەدەزانی گەمژە وون بوە لەژیان ئیتر چۆن موناقەشە لەکەل گەمژەدا دەکرێت؟ هەم دیسان دەیلێمەوە ژیری لەوەدایە گەمژەکان لەخەوهەلسێنێت، بەڵام کاتێك گەمژە نەیتوانی بیرو هزری تۆ هەزم بکات ئەوا ژیری لەوەدانیە بەجێی بێلێت بەلکوو لەوەدایە تێی بگەیەنێت، بەڵام هەم دیسان دەیلیمەوە ئەم گەمژەیە کەتێنەکەیشت ئەوا هەم دیسان کابرای بلیمەت خەدریکی زۆرگەورە لەخۆی دەکات بەجێی بێێلیت، ، کەواتە ئەی گەمژە گەرتۆلەگەمژەیدا ونیت و بەرپەرچی بلیمەتیش دەدەیتەوە ئەوا بلیمەتە لەبەرامبەرتۆدا خۆراگرەو بەسەرخۆیدا زالە کەدەنگ ناکات کەدەنگیش دەکات ئەوە ناژیری تۆیە کەبەدەنگی دێنێت، ،، بەڵام گەمژە کەگەمژەبوو ئیتر چوزانێت ئەم حەقیقەتە لەچیدایە؟! کەواتە هەرچۆنیك بێت ئەی بلیمەت ئەبێت ئەم شوینە جێی تۆی تیانیەو بەجێی بێڵە، هەم دیسان دەیلیمەوە ئەی بلیمەت ئەم شوینە بۆت نیە بەجیی بێلێی چونکە نابێت گەمژەیی بونی بمێنێت، ، کەواتە ئەی بلیمەت تۆخودای سەرزەوی ئەبێت ئەم خودایەتیە لەتۆدا بوونی هەبێت و کەدەزانی گەمژەکان لەگەمژەیدا ونن ئەوکات ئەبێت تاکوو ئەیاندۆزیتەوە عەقلی خودایی بەکاربهێنیت.

***

ئەزیزم کاتێ مرۆڤێکی باڵدار ئەحواڵت ئەفرسێت وەنەبێت بەگەورەت بزانێت وەدەشزانێت کەئەم هەلەیەدەکات بۆئەحوال پرسین ئەوا کەسانی بچوکی وەك ئێوە ولامتان بۆئەمان نیە، ، چونکە ئەوە پیشەی ئەوانە لەکۆمەلگا کەی خۆیانا بەم جۆرەبن و ئێوەش بەم جۆرە بن، ، ئیتر ئەمە وون بوونی مرۆڤە گەورە سلاو بکات و بچوکیش وڵامی نەبێت.. ئیتر ژیانی بالدارەکان هەمیشە وابوە، ، بچوکەکانیش هەست بەمە ناکەن، کەچەندە لەبەرچاوی مرۆڤە باڵاکان بچوکن و بەلام نایانەوێت بچوکی ئەوانیش دەربخەن، ،بەلێ ئەمە حەقیقەتی مرۆڤە کاتێك لەلوتکەدابێت و بشیەوێت سلاو لەبچوك بکات، ، بەلێ ئەمە حەقیقەتی مرۆڤە، ، لەوونیدا بچوك بێت و خۆشی لەمرۆڤە بالاکان گەورەتربزانێت، ،، ئیتر ئەمە حەقیقەتی مرۆڤە بچوك لەخوارەوە نەزانێت باڵاکان کێن ئیتر حەقی گلەیشی لی ناکرێت، ، کەواتە ئەوە باڵاکانن سلاو دەکەن و ئەوە ئێوەشن بچوکن و هەست بەبچوکی خۆتان ناکەن، ، ئەم هەستنەکردنەش وون بونەو پێی نازانی، ، کەواتە هەرچۆنێك بێت من دەزانم کەئاواهی وونی، ، ئیتر حەقی گلەیم نیەو ئەبێت هەرسڵاو بکەم، ،، ئەی مرۆڤی بچوك جاهویی ئەمەشی ووت و هێشتا هەرپێی نازانی

***

تاریکستانەو کارەبا نیە، ، کارەبا هەیەو هەرتاریکستانە، ، یتر تۆبلێی لەم گۆی زەویە لەکویێ روناکایی هەبێت؟ پێم وابێت جگەلە روناکایی خۆر ئیتر لەهەرچی شتە روناکایی بوونی نەماوە! من ئومێدم بەمرۆڤ بوو ببێتە روناکایی کەچی ئەم بونەوەرە هەتائێستا هەرلەبەر سێبەرەکەی خۆی دانیشتوەو هەست بەم هەموو روناکایە ناکات کەلەناویدا بوونی هەیە.

***

هەرچەندە من کاتم نیە سەیری تیڤی بکەم، ، نەبونی کاتیشم بۆئەوە دەگێرمەوە زیاترحەزم لەخویندنەوەو نوسینە، ، بەڵام سەیرم لەوەدێت هەرکاتیك گوێم لەباسێکی پوچ گەرایی دەبێت لێرەو لەوێ و منیش دەپرسم: ئەمە لەکویت بیست ئەم ژەهرە؟ دەڵێن: ئەمشەو لە تیڤیەکانمان بیست، بۆیە منیش بەلامەوە سەیرە ئەم تیڤیانە رۆاژنە هەرچی پیاوی عەقڵی ئەم وڵاتەهەیە دەیانهێنێتە سەرشاشەو لەژەهرزیاترهیچ شتێکی ترنین، چونکە بەمانە ناگۆریت کەخۆیان عەقڵی منالیان لەکەلەدابێت، ،بۆیە دەلێم ئێستا کاتی هاتووە لەجیاتی ئەم عاقڵۆکانە شێتەکان بێنە سەرتیڤیەکان و کەمێك گوێ لەوانیش بگیرێت!

***

کەئەوبینم حەزم دەچێتە تۆ بەڵام چۆن بتوانم پێت بڵێم؟

لەکاتێکا تۆش هاوشێوەی ئەوان گەورەبویت و ترسم هەیە هەرچی بیلێم هاوشێوەی ئەوان لوشکە بهاوێژی!

چونکە تۆ کەلای ئەوانەدا گەورەبویت ئیتر چۆن هەستی ئەوەم لانەبێت تۆهاوشێوەی ئەوان نەبیت؟

ئەوان لەونیدا هەرگیز ناتوانن مرۆڤێکی زیندوو دروست بکەن، ئیتر چۆن بروابکەم تۆش هاوشێوەی ئەوان نەبێت؟

دەی ئێستا چۆن پێوبڵێم؟ چۆن جورئەتی ئەوەبکەم ساتێك وەك غەریبەیەکی شاربەدەر لەدەرگات بدەم و بهێڵیت ساتێك لەئارمیدا بتهێڵمەوە؟

من کەخۆم بەبەرزترین مرۆڤی جیهان دەبینم، بەڵام هێشتا جورئەتی ئەوەناکەم لەبەرامبەر تۆی ژندا بوەستم!

ئیتر بۆتێناگەی؟ ئەها غەریبەکانی شاربەدەر خۆ هاوشێوەی ئەمانە نین کەبەردەوام میوانن و بەڵام خۆشیان بەخۆیی تۆدەزانن!؟

ئەی ژن ئیتر بۆچی تێناگەی؟

تۆ مەخلوقێکی هێندە عەنتیکەی هەرگیز حەزت لەپیاوی بیرمەندنیەو ناشتەوێت تا پیاوی سۆزاوی و نوقمی غەریزەیی هەبێت ئەوا تێکەڵ بە مرۆڤە نوقومبوەکانی هزرگەرایدا بکەیت!

ئیتر دودڵم کەسوك نیم و دەترسم تۆی ون سوکایەتیەکی خۆتم تێ هەڵسویت و بمشۆیتەوە!

ئیتر نا من دودڵ نابم لێدەگەرێم و نایەمە لات باهەروەك رۆژانی رابردوو دەستەپرێك بەخەیاڵی تۆوە لێدەدەم، ،، نا

بەخەیاڵی تۆشەوە دەستپەرناکەم، چونکە تۆکەون بویت ئیتر چۆن مرۆڤێکی بەرز کەسێکی وون بوو بێنێتە خەیاڵ خۆی؟
بۆیە بریارمدا دەسپەریش نەکەم و لەچاوەرێی شەیتانەکەی لەتۆیشدا نامێنمەوە!

***

مرۆڤی بەرزوو باڵدار دەبێت شەربکات لەگەل ئاسمان لەگەڵ زەوی لەگەل هەموو مەخلۆقەکانی ناوی، ،، ئیتر گەر ئاواهی نەبێت ئیتر ئەی مرۆڤی بالا شیرەشیری تۆ وەك بلقی سەرئاون و هیچ جیاوازیەکیشت نیە لەگەڵ ئەوانەی کە بێ باڵن.

***

ئەومیللەتە هورە مێشك منالە کۆمەلێك سەرکردەی مێشك پوچی کردووە بەخوداکەی خۆی، ، ئاخر دەرتان لەگیانم ئەی میللەت نەئێوە نەسەرکردەکانیشتان هیچتان خوداتان نیە ئەی بۆچی ئەم مێشك پوچانە چین کردوتانە بەخوداکەی خۆتان، ،، کەواتە ئەی میللەت تۆ هێشتا لەوسەردەمەدای کەسوجدەت بۆدارو بەرد و بتی بی رووح دەبرو دەتکرد بەخودا، ، بەڵام ئەوە منم مرۆڤی باڵدار شەپەشەپی باڵەکانم دێت و پێت ئەلێم ئەی مێشك هوورِ بەسیەتی ئەم خۆگەوجاندنە، ،، ئەرێ گوێتان لێ یە کەچۆن مرۆڤی باڵا باڵەکانی بەسەرسەری ئێوە لێکدەدات و پێتان دەلێت ئێوە وونن؟؟ ئەها چۆن خەوتوون و پرخەی خەوتان دێت!

ئەها گوێتان لەشەپەشەپی مرۆڤی باڵداره پێتان دەڵێت هەلسن لەخەو ئەی میللەتی بێ خوودا، ،

که پێتان وایه رزگارکەری ئێوه ئەم سەرکرده مێشك پوچانەن؟؟ بەڵام دەرتان لەگیانم ئەمانه خودایەکی بتی بێ رووحن بەڵام ئەوەی رووحی بەبەرئەوانا هێناوه ئەوا ئێوەن ئەی میللەتی مێشك هوور، ،، ئێوه نازانن کەخۆتان خودای خۆتانن، ، بەڵام کوێرن، ونن، مێشك مناڵن، ، کەخودای مێکشتان وون کردوەو ئەم بێ خوودایەی ئێوەش وایلێ کردوون سەرکردەی بێ خوودا بپەرستن.

***

بۆئەوەی لیم تیبکەن بیویستە هەندیکیان ببن بەفەیلەسووف ، کەواتە دەبیت هەرواش بیت ، ئەی ئەمەتان نەبیستووە فەیلەسووف هەمووکەسیك دەناسیت ، بەلام کەس ناتوانیت خویندنەوەیان بۆئەوان هەبیت. خۆئەکەر وانەبیت ئەی فەیلەسوف مانای جی دەبەخشیت و بۆجی ناوەکەی هیندە کەورەبیت؟ کەواته ئەی بچوکەکانی قەلەم بەدەست ئەگەر خۆت عەقڵی فەیلەسوفت لەکەلەدانەبێت ئەوا بەهیچ شێوەیەك بۆت نیه پێناسەی هەڵه بۆفەیلەسوف بکەی.

***

هەرکەسێك عەقڵی باڵای نەبێت ناشتوانێت لەباڵاکان تێ بگات، کەواتە ئەوان دەبێت تەنیا لەیەك گۆرستان بنێژرێن و بۆئەبەد سەربنێنەوە، وەك ئەوانی تر کەسەریان نایەوەو نەمانتوانی لەبوونیان تێ بگەین .

هاهاهاها

جاهویی بەچی پێدەکەنی؟؟

بەعەقلی ئەوان پێدەکەنم

بۆعەقڵی ئەوان چیانە؟؟

ئەوان بیرکردنەوەیان بۆتێربوونی وورگیانە، ،، واتا تەنیا بیر لەتێربوون دەکەنەوە نەوەك تێربوونی مێشك لە عەقڵ و ژیری.

جاهویی تۆ مەبەستت چیە لەم ژیریەدا واتا ئەتەوێت چۆن بن؟؟؟ گوێ بگرە ئازیز (ئاژەڵێکی کێوی) بێنە بەرچاوی خۆت کەبتەوێت کەیی و ماڵی بکەی و دەستەمۆی بکەی ئەوا ئەو ئاژەڵە ئەگەر گەورەبێت ئەوا زۆر بەئاستەم دەتوانی کەیی بکەی، ،، بەڵام ئەگەر بچوك بوو ئەوا کەیی کردنی زۆرئاسانە.

جاهویی مەبەستت چی یە ئەتوانی روونی بکەیتەوە؟؟؟

ئازیزم تازە ئەم چیلەی ئێستا چۆنن ئەبێت هەربەم شێوەیەش برۆن و ناگۆرێن، ، بۆیە ئێستا ئەو ژیریەتیەی کەمن ئەمەوێت بۆداهاتوومە نەوەك بۆئێستا، ، بەڵام تاکە شتێك کەبمەوێت بەم چیلەی ئێستای رابگەیەنم ئەوەیە تکادەکەم مناڵی زۆرمەخەنەوە، ،، هەروەها مەشیانخەنە ناو دین و سیاسەتەوە، ،، چونکە دوایی بۆگێرانەوەیان بۆناو خوودی مرۆڤ گەری ئەوا زۆربەئاستەم لە

ئاژەلیەوە دەگۆرێن بۆسەر راستی سروشتی خۆیان کەمرۆڤن، ، سویند بەعەقڵی کەلەسەرم دەبێت هەموو مرۆڤایەتی بەرهەمی ئەم تەنیایەم بخوات، ، چونکە گۆشەگیریەکەم بیرکردنەوەیە لەرەسەنایەتی مرۆڤ گەرایی، ،، ئالەوێشدا بۆی هەلدەرێژم و پیشانی ئەیەم و پیان رائەگەیەنم: ئەها نەوەکانی ئێستا باپیرانی ئێوە ئائەم ئاژەڵەبوون، ،، کەلەکەل گەمژەکانا دەکەوتنە شەر.

جاهویی ئەی ئەکەر شەرنەکەن ئەوان چۆن بتوانن بەسەر گەمژەکانا سەربکەون؟؟؟

ئازیزم ئەم ژیرانە زۆرگەمژەبوون کەنەیانتوانی گەمژەکان ژیربکەن کاتێکیش کەنەیانتوانی ئەمە کبەن ئەوا هەموو بیرکردنەوەیەکیان ئەوەبوو چۆن بەسەر ئەم گەمژانەدا سەربکەون، ، ناوە ناوە شەرخوازیان پیشان دەدان، ،و یا لەبەرامبەریاندا گۆشەگیردەبوون، ،، بۆیە گەمژەکان هەمیشە لەزۆربوندابوون و نەشدەتواندرا ژیریان بکەن، ، بۆیە ژیرەکان لەبەرامبەریاندا دەستەوەستان دەوەستان تازەمەن خۆی بریاریکیان بۆدەدات، ،، ئائەمەبوو عەقلی پەتی باپیرانی ئێوە کەبەخۆیان دەووت ژیر، ، جابۆیە بەرلەوەی ئەمە روودات، ،، ئێوەش ئەی نەوەی ئێستا سوود لەم مێژووە پرلەشەرمەزاریەی باپیرانتان وەربگرن کەهەرگیز نەیەڵن گەمژەیی لەولاتدا بوونی هەبێت چونکە ئەکەر بوونی هەبوو ئەوا دوایی زیاد دەکەن و ناتواندرێت بەربەلێشوایان بگیرێت، ، کاتێکیش ئەمە روویدا ئەوا وڵات بەجارێ وێران دەبێت، ، جابۆئەوەی ئەمە روونەدات، ،

ئەوا هەمیشە تۆوی ژیرایەتی دوور دوور و نزیك نزیك بهاوێژەو بابڵاو بێتەوە.

عەقڵی (کەرێکی خزمەتکاروو سەیەکی) ماڵی لەناو کەلەسەری (فەیلەسووفی راستەقینەدا)دا بوونی هەیە، ،،، بەڵێ ئەوان لەعەقڵی ئەوانیش بێ بەش نین.

جاهویی ئەمە چۆن وایە؟؟

بەڵێ من وادەڵێم وایە چونکە تۆ نازانی (فەیلەسوف) چیەو ناشتەوێت بزانی، ،، کەواتە من وادەڵێم و تۆش مەیسەلمێنە.

ئاخر چۆن بیسەلمێنم؟؟؟

گوێ بگرە ئازیز تۆهێشتا نازانی کەری خزمەتکارو سەی ماڵی چیە، ئەی ئەم زۆرگوتنەت لەچی؟ یاتۆش وەك سەگەبەرەڵاکانی سەرشەقام دەتەوێت هەندی جار لەخۆتەوە بوەری وەك هەمیشە لەوەریندان؟! یاوەك ئەو کەرە بەرەلایانەی کەهێشتا فێری پشت نەکراون و جوتەش دەهاوێژن.

دیسان گوێ بگرە ئازیز فەیلەسوفانی رابردوو دەمێکە بەعەقڵی ئەمانەو شێرەکانیش کاریان کردووە بەلام ئەوەی تێکی داوە لەناو سەرکردە کانا ئەوا ئەم عەقڵە شێرەیە بەرامبەر بەیەکترو بەرامبەر بەمیللەتی دەستەمۆ بەکاریان هێناوە، کەواتە ئەم عەقڵە بۆپەلاماردان نابێت بمێنێت.

***

بێ ئەقڵەکان وەك پیشەی خۆیان کاربەعەقل ناکەن و ناشیانەوێت گویان بەر بەئەقل بکەوێت، ،، کەواتە ئەوان باهەربێ ئەقل بن، ، عەقلەکانیش وەك پیشەی گۆشەگیریان کەمەستن لەراست گوتندا بالەگەل حۆیاندا شەربکەن، ، شەرکردن لەگەڵ عەقڵ ئەوپەری پیشەی مرۆڤی بالایە، ،، کەواتە تۆ هەرلەدوورەوە بە ئەی بەرزە پیاو، ،، تێکەڵی تۆ لەگەڵ ئەوان وەك ئەو نەخۆشیە وایە کاتێك لەنەخۆشێکەوە بۆت دەگوازرێتەوە، ،، دوورکەوە ئەی بەرزە پیاو، تێکەڵی تۆ لەگەل ئەوان راستە ئازاربەخشە بەڵام ئەوە لەسەرتۆ نیە تێکەڵێ ئەمان بێت ئەوەی لەسەرتۆیە گۆرینی سیستەمی ناویانەو بەس کەواتە گەر بەم جۆرەبوو ئەوا بۆهەمیشە بەرزەپیاو دەبێتە جێگای رێز لای ئەوان. بەڵام مەخابن ئەم رێزە هەندێ جار بۆدوای مردنیانە.

***

## سەرۆك چی یە؟

سەرۆك دوو رێچکەی هەیە، ، یەکێکیان ئەوەیە زۆربەراشکاوانەو مەنتیقی دادەبەزێتە ناو گۆرەپانی سیاسەتەوە بۆ گۆرین و بەریوەبردنی کۆمەلگا و پرۆسەی بەریوەبردن، لەم

سەرۆکەدا دەتوانم بلیم کارەکانی سەرکەوتودەبن لە پرۆسەکەیدا چونکە بەپیوەری راویژکاری عەقلی خۆی دەورە دەدات.

سەرۆکی دووەم ئەوەیە ئەوسەرۆکەیە دەستەلات دەکریتە دەست کەهەموو شێوازیکی بریاردانی تاك لایەنەیەو لەلایەن خۆیەوە بریارلەسەر سیستەمی سیاسی و حوکم کردنی وڵات دەدریت، ، ئەم جۆرە سەرۆکە بۆئەوەی وەك دیکتاتۆریك دەرنەکەوێت ئەوا زۆرجار کۆمەلیك کەس کەتارادەیەك گونجاون بۆناو کۆمەلگاو خەلك ئەوا ئەرکیان پی رادەسپیریت کە باس لەهەموو حەقیقەتیك بکەن بۆولات جگە لەهیچ کاریکی سەرۆکەکەیان، ، ئەمە کوشندەترین دەردە بۆهەرمیللەتیك کەهەست بەم جۆرە کەسانەو سەرۆکە نەکات بۆولاتەکەی کەپیی وایە هەرچی سەرۆکەکە دەیلیت ئەوا راستە ئائەوەی ئەم کارەش دەخولقینیت ئەوکەسانەن کەلەلایەن سەرۆکەکەوە کاریان پی رادەسپیردریت و خۆشان زۆربە فریشتە نیشان دەدەن بۆشاردنەوەی هەموو حەقیقەتیکی پرۆسەی سیاسی،، لەم دەستەلاتەدا بەشیك لە گەل و میگەل ریك دەکەویتە چوارچیوەی ئاژەلیەوە. ، لەم نێوەندەشدا خەلك بۆدوو گروپ دابەش دەبیت بەشیکی بیدەنگ و بەشیکی دەنگ هەلبر بەلام زۆرجار ئەم تێك هەلکێشیە و چارەسەرنەکردنی خۆیلەخۆیدا دەبیتە کوشندەترین دەردی گەل کەبەرەو بی ئومێدی مل دەگرێت.جابۆئەوەی بێ ئومید نەبێت ئەوا ئەرکە لەسەر ئەو دەنگ هەلبرانە کارەکانیان ژیرانەتربیت

***

لەدونیای مۆدێرندا کاتێك سیاسیەك دێتە ناو گەل و مێگەل و پێان دەڵێت: هۆخەڵکینە چیتان پێویستە بۆتان بکەم؟؟؟؟ لەوکاتەدا ئەوخەڵکە هیچ گوێی پێنادەن و شەقیشی لەقن هەڵنادەن، ،، بەڵام لە کۆمەڵگایەکی چەق بەستودا ئەوگەل و مێگەلە چونکە عەقڵ تەواو نین هەرزوو دەکەونە چەپڵە لێدانی سیاسەکانی خۆیان، ،، ئەمە وێرای ئەوەی پارەکەشیان دەدزن و برسیشیان دەکەن، ،، هێشتا ئەم گەل و مێگەلە هەرعەقڵ نابن و لەچەپڵە لێدان بەردەوامن، ، ئائەوەیە قەیرانی عەقڵ لەم وڵاتانەدا.

***

لەسەردەمی پێش زاینیدا واتا سالی 330 پێش زاین، کاتێك (سوقراتی فەیلەسوفی باپیرم) دەچویە بازار کەسەیری کاڵاکانی دەکرد دەیووت: پەکوو ئەمشتانە چەند زۆرن کەمن هییچیانم پێ ناوێت، بەڵام ئێستا ئەم قسەیەی (سوقرات) دەقاودەقە، ، لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتی و بەتایبەتی لای خۆمان هەمووشتێکمان پێدەوێت بەڵام رەنگە هەڵەشم نەبم کەزرۆ شتمان پێی ناوێت و زۆر زیادەیە، ،، بەڵام ئەوەی کەزۆر لێی زیادە بێت ئائەم سەرۆکەیە کەدەمێکە لێی زیادە، ،، بەڵام ئەوەش لەهەندێ رووەوە دەڵێم: ئەو میللەتە ئائەم سەرۆکەشی لێ زیادنیە، ، چونکە ئەم سەرۆکە پڕاو پڕ بەپێستی عەقڵی خەڵکەکەیە، ، ئەمە وێرای ئەوەی گەربلێم بەهەرحاڵ ئەوە دەنگت دابەم سەرۆکەو

حکومەتە کەنەتزانی و تێکەوتی!! بەڵام ئەی بۆچی ئێستاش هەر سوری لەسەر ئایدۆلۆژیای ئەم سەرۆکەو حکومەتە؟؟ خۆ ئەگەر ئەوکات نەتزانیبیت کەرۆژێکی کوشندەی وەك ئەمرۆ دروست دەکات ئەوە خۆ ئێستا دەزانی ئەوە رۆژی رەشی بۆ دروست کردیت ئەی بۆچی هەرسووری لەسەر بەشان و بالاهەڵدانی ئائەم سەرۆکەو حکومەت و دارو دەستەکەی؟؟؟ کەواتە ئێستا گەربەشانی هەلبدەیت ئەوا هەرزۆر زۆر گەمژەی!!

ئەمەش بەهەرحاڵ کەچی ئێستا هەندێ گەمژەی هیچ نەزان بیردەکەنەوە پێم دەڵێن: جاهویی ئێمە نەماندەویست ئەم سەرۆکەو ئەم حکومەتە دروست بێت بەڵام ئەوە دروست بوو!

منیش پێتان دەڵێم: هەی مێشك پوچینە ئێوە کەخۆتان بەژیردەزانن ئەی بۆچی هێشتان رێژەی ئەم خەڵکە زیادبێت لەکۆمەڵگاکەتاندا، ، کە سەرۆکێکی ئاواهی بویت و قبوڵی بێت؟؟ کەواتە ئەوە ئێوەشن تاوانبارن نەوەك هەرئەوانەی دەنگیان بەم حکومەتەو سەرۆکە داوە، ، چونکە خۆجیاکردنەوەو گۆشەگیریتان و بەکەم زانینی ئەوان لای ئێوە و تێکەلنەبوونتان ئەوە زۆر کوشندەیە ئەم کوشندەیەش ئەمرۆکە بۆتان دەرکەوت کەبەهۆی دەنگ و رێژەی ئەوانەوە ئێوەش گرفتاربوون و ژەهری گەمژەیی ئەوان دەخۆنەوە، ، جاگەر بتانەوێت ئەم ژەهرەلەناوتانا نەمێنێت ئەوا دەبێت سەرەتا خۆتان نوێ بکەنەوە نوێ بونەوەش بەجۆرێك دەبێت کە دەست بەشۆرشی (عەقلگەری) بکەن و لەچواردەوری خۆتانا (ژیری) بڵاو بکەنەوە، ، بەلام کام (ژیری)؟؟؟ ئائەم ژیریەی من ئەمەوێت

تەنیا بەس نیە بۆ عەدالەتی دارایی، ، چونکە عەدالەتی دارایی بەبێ شۆرشی (عەقل گەرایی) ئەوا لەئێستا کوشندەترە، ، چونکە عەقل گەرایی تەواوی هزرو بیری کۆمەلگاو تاکەکان دەگۆرێت بۆ نوێ بوونەوەو تێگەیشتن لە مرۆڤ) بوون، ، کاتێکیش ئەمە روویدا ئەوا مرۆڤ بوون واتا (ئازادی و یەکسان) ی خوازی بۆ گشت چین و توێژەکانی کۆمەلایەتی، ،، کاتێکیش ئەمە روویدا ئیتر گە لو میللەت هەموو کۆششێکی بریتی دەبێت لەپێشکەوتنی بواری (زانست و تەکنەلۆژیا) ئیتر هەرئەوە ماوە بلێم: ئەی جاهویی قورت بەسەر چۆن دەتوانی رێبەرێکی وەها کەتۆ ئەتەوێت لەم میللەتە خەواڵ و خەوتوەدا بدۆزیتەوە؟؟ کەهەموو بیرو هزرێکی بریتی یە لە (دین و ئایدۆلۆژیای) سەقەت و مەقەت، ،، پەکوو لەم تاوانە هەندێ ئاوی سارد یا عەقل لەکوێ بێنم ئائەم میللەتەی پێ هەلسێنم؟؟؟

هەندێ جاریش دەلێم: باشە ئەرکی مرۆڤایەتی لەچی دایە

***

ئیتر تۆبێدەنگ بەو منیش بێدەنگم، ، بەڵام هەستەکەم بێدەنگیش هەرتاوانەو جگەلەسوتانی خۆم هیچی ترم بۆنایەڵێتەوە، ، ئەی چۆن ئەم گڕە ئاگرەی کەلەی سەرو ناخی دڵم بکوژێنمەوە؟ تۆبلێی (مرۆڤە باڵاکانی) رابردوومان چۆن خۆیان لێ وون نەبووە لەبێ سۆزیدا، ،، نانا ئیتر چۆن ئەبێت من هەڵەبکەم و بلێم وون بوون لەبێ سۆزیەوەیە؟ ئەی چۆن بلێم

سۆزیش وون بوونە لەکاتێکا ئەم هەستەم بۆدەرژێت!!؟ ئێستا منی (شێت) لەخۆم ناگەم چۆن ئەم سۆزە کاتیەم خاڵی بکەمەوە؟ کەهەندێ جار پێویستە لەناویشمدا بوونی هەبێت، ،، ئێستا چاوەرێم تاکوو بۆئەبەد نەمکوشتوە لەبوونمدا دەکرێت تۆی وون و منی بی وون لەبووندا، ، ئەی ئەمەت نەبیستوە، ،، سۆز ناوە ناوە بۆئێمە باشەو بۆ وونبوەکانیش هەمیشە پێوەی تێوەگلاون و وون بوون تێیدا کەهاوشێوەی ئاژەڵێك هەمیشە نەوسنی سۆزن؟! دەی ئێستا لەگەڵ تۆمە دەکرێت بمدۆزیتەوە ئەوە منم هاوشێوەی (مرۆڤە بالاکان) ناوە ناوە نەوسنی تۆم، ، بەڵام سوك نیمەو بیرو هزری تیژ بێ سۆزی کردووم لەبەرچاوت، ،، کەئاواش دەڵێم کەمەسۆزێکت بۆدەردەبرم، ، ئەوە حەقی خۆمە چونکە من سنورم هەیە بۆسۆزداری خۆم و خۆت، ،، بەڵێ ئەوەنم منی شێت هاوشێوەتم و بمدۆزەوە.،، ئەزانم تۆش تێنوی هاشێوەی خۆتی، ،، بەڵام بالەتۆوە دەست پی بکات و ترست لەمن نەبێت، ،، تۆش ئەزانی کەهاوشێوەت بوونی هەیە، ، ئیتر نابیت شەرم لەنێوانمانە بوونی هەبێت، ،، چونکە ئەها هەندێ جار وەك مناڵ نوزەنوزمان دێت و هاوشێوەی (باڵاکانیش) گۆچان بەدەستین؟ ئەی چۆن لەنیوانمان شەرم بوونی هەبێت؟

ئێستا ئەوەمنم بێ شەرمم لەبەرامبەرتۆ و ئەوەش تۆی بێدەنگی بەرامبەرمن، ،، دیسان ئەوەمنم بێ شەرمم بەرامبەربەخۆم و بەرامبەربەتۆش، ،، بەڵام ئەوە بێ شەرمی نیەو ئەمە حەقیقەتە، ،، ئیتر تۆی نەوسنی هەندێ جاروو منی نەوسنی هەندی جار چۆن لەیەکتر تێ بگەین؟!

بەڵێ ئێستا حەزم لەقاوەكەی ئەوێندەرە!

***

نازانم نەئەو خەڵكە عەقڵی لێی زیادە نەمن لێم زیادە، ، ئەی بۆچی لەو نێوەندەدا بمینینەوە، من لەلایەك و ئەوان لەلایەكی ترەوە؟؟ تۆبلێی كێمان تاوانباربێت كەهەردووكمان بەیەك جۆرنەبووین؟! ئەی خوداكەی ئێوە بۆچی ئێوەی بەم جۆرە دروست كردووە كەمن پێی رازی نەبم؟ ئەی ئەمشتە چیە كەلەیەكی دابریوین، ،، تۆبلێی كامەمان لەوونیدابین؟! من یائێوە؟ ئەوەی ئیوە دەیكەن من نامەوێت و ئەوەی منیش دەیلێم ئێوە ناتانەویت و پێشی نازانن، تۆبڵێی ئەوەی ئێوە ناتانەوێت و پێشی نەزانن راستی بێت؟ منیش دەلێم: ناكرێ و نابێت دەبێت " یەكێمان هەڵەبین ئێستا بەدڵ حەزەكەم هاواربكەم و دەنگ هەلبرم ئەی فەیلەسوفان ئێوە وەرنە لام و شیكردنەوەمان بۆبكەن، ، بەڵام ئەوەش نالێم چونكە كەمن خۆم بناسم ئیتر پێویستم بەئەمانەدا چیە؟! ئیتر من ئاواهیم و بائەوانیش هەروابن، ، بەڵام هەم دیسان تاوانە وابێت!

***

هیچ كەسێك لەسەر كوچەو شەقامەكانداو لەكۆڕوكۆبونەوە نالۆژیكیەكاندا نابێتە بلیمەت و مرۆڤی بالا، ،بەلكوو ئەوەی لەم

شوێنەن ئەوا هیچوپوچەکانی بتەکانن کەئێوە ئەیان پەرستن، ، بەڵکوو بلیمەتان و بالاکان ئەوانەن لەقولایی تەنیایی و هزری تیژوو تێرامانیاندا وەحیان بۆدەبارێت،، ئەوان لەوتەنیایەدا کەخۆیان خزاندۆتە کونی ئەشکەوت و هەمووجیهانیان لێوەدیارەو هەرلەوێشەوە بەفیکەیەك لەهەڵەکان دەتانگێرنەوە، ،، ئیتر تۆی سەرشەقام تۆی بۆیانباخ لەمل تۆی مامۆستا تۆی پاشاو تۆی گەمژە تەنیا ئەوەت لەسەرە گوێ لەفیتەی ئەوان بگریت و هیچی تر، ، چونکە ئەوان بۆئیوە قوربانین و ئەشکەوتیان هەلبژاردووە نەوەك دانیشتن لەکۆشك و تەلارو گویگرتن لە وونبوەکانی هەرخۆتان، ،، ئەزانی ئەم وونبوانە کێن؟؟ ئەوانەن کەخۆیان کردووە بەخوداوەندی ئێوەی وون بوو، ، پێشتان وایە ئەوان راستەقینەن، ، بەڵام ئەوە منم پێتان دەلێم: نەئێوە راستەقینەن و نەئەوانیش، ،، چونکە مرۆڤی باڵا هیچ کەسێك بەهاوشانی خۆی نازانێت، ،، جگەلە کۆچ کردوانی رابردوو کەباپیرە گەورەی ئەوان بوون و لەسەر هەمان رێچکەی بالایدان کەهەندێ جار تربەئەمانیش دەکەن، ، باڵاکان ئەوانەن رێك عەقڵی خودایان لەمێشکدایەو بۆهەر قسەکردنێکیشیان ئەرزوو ئاسمان دێننە لەرزین، ،، ئیتر ئەوە مرۆڤی باڵان و ئەوەش ئێوەن، ،، دەزانم باپیرە کۆچ کردوەکانیش ئێوە نایان ناسن، ،، چونکە ئەگەر ناسیبانتان ئەوا رێك هاوشێوەی ئەوان دەبوون، ، کەواتە ئێوەی وون ئەوە ئیوەن و ئەوانیش باڵان، ،، ئێستاش دێمە لای تۆ ئەی پیاوی بچوك کەخۆت کەگەورەترین پلەی کۆمەلگات هەیە

جاهەرهیچ و پوچیك بیت، ،، کەئەحوالت ئەپرسم وەنەبێت بەگەورەت بزانم وەدەشزانم کەئەم هەلەیەدەکەم بۆئەحوال پرسین ئەوا کەسانی بچوکی وەك ئێوە ولامتان بۆمن نیە، ، چونکە ئەوە پیشەی ئیمە یە لەکۆمەلگا کەمن بەم جۆرەبم و ئێوەش بەم جۆرە بن، ، ئیتر ئەمە وون بوونی مرۆڤە گەورە سلاو بکات و بچوکیش وڵامی نەبێت.. ئیتر ژیانی بالدارەکان هەمیشە وابوە، ، بچوکەکانیش هەست بەمە ناکەن، کەچەندە لەبەرچاوی مرۆڤە باڵاکان بچوکن و بەلام نایانەوێت بچوکی ئەوانیش دەربخەن، ،بەلێ ئەمە حەقیقەتی مرۆڤە کاتێك لەلوتکەدابێت و بشیەوێت سلاو لەبچوك بکات، ، بەلێ ئەمە حەقیقەتی مرۆڤە، ، لەوونیدا بچوك بێت و خۆشی لەمرۆڤە بالاکان گەورەتربزانێت، ،، ئیتر ئەمە حەقیقەتی مرۆڤە بچوك لەخوارەوە نەزانێت باڵاکان کێن، ، ئیتر ئەمە حەقیەتی باڵاکانە کەخۆیان بەبچوك دەزانن و کەس لەگەورەیشیان تێناگات کەچەندە خۆیان بەبچوك نیشانەدەن ئیتر حەقی گلەیشی لی ناکرێت، ، کەواتە ئەوە باڵاکانن سلاو دەکەن و ئەوە ئێوەشن بچوکن و هەست بەبچوکی خۆتان ناکەن، ، ئەم هەستنەکردنەش وون بونەو پێی نازانی، ، کەواتە هەرچۆنێك بێت من دەزانم کەئاواهی وونی، ، ئیتر حەقی گلەیم نیەو ئەبێت هەرسڵاو بکەم، ،، حەقیی ئەوەشم نیە سلاویش بکەم، ، کەبۆچی تۆ وادەزانی هەویت و کەچی لەبەرچاوم هەرجوجەلەی، ، ئەی بۆچی وەك من نیت؟ من لەبالاییدا بچوك کراومەتەوەو تۆش لەونیداو لەبچوکیدا گەورەکراویت، ، ئەی مرۆڤی بچوك ئەی مرۆڤی نالۆژیك ئەی مامۆستای زانکۆو هەرهەمووتان ئەی

سەرکردەو ئەی هیچوپوچتان حەدتان نیە بەقەد یەکپێڵای باڵاکان لێك بچن چونکە ئێوە هێشتا هەروونن حەزتان بەوەیە بتان پەرستن و ئێوەش نەبن بەکەری خزمەتکار.

***

ئەی مرۆڤ تۆ مرۆڤیت و ئاژەل نیت. ئەی مرۆڤ ژیربە، ، ئەی مرۆڤ خۆت خودای سەرزەوی، ، ئەم زەویە هی تۆیە، ،، ئەم زەویە هی تۆیە، ،، ئەم زەویە هی تۆیە، ،، خۆت خاوەنی هەمووشتێکی، ، بەڵام خۆت و هەمووشتێکیشت وون کردووە، ،، ئەی مرۆڤ خۆت بدۆزەوەو تۆ ئاژەڵ نیت، ،، خۆت بدۆزەوە ئەی مرۆڤ، تۆخودای سەرزەویت.

***

هۆدەستەلاتدارانی سەرەوە ئێوە سەرۆکمن یادووژمن؟، ، ئەی گەر سەرۆکن ئەوا دەمەوێت شتێکی نوێم فێربکەن کەتائێستا نەمزانی بێت، ئەی نەتانزانیوە سەرکردەی باش ئەوەیە شتێکی نوێ فێری کەسەکانی خۆی بکات! ئەی بۆچی فێرم ناکەن؟ یائێوە سەرکردە نین و دوژمنن؟؟ ئەی بۆچی راستی ناڵێن کەبەخۆتان ناڵێن هیچ نازانین؟ ئەی ئەگەر دەزانن بۆ فێرم ناکەن و بۆچی خۆشتان لەم گێژاویە رزگارناکەن کەپێتان وایە دەبێت هەربەم

جۆرە بێت!؟ کەواتە ئێوە یا دووژمنن یا هیچ نازانن. وەئەگەر ناشزانن ئەی بۆچی خۆتان کردوەبەبار بەسەرمنەوە؟ ئەزانن گەرلەجیگای ئێوەبام چیم ئەکرد؟

دەچووم دوورلەهەمو مرۆڤەکان توند توند چاوەکانی خۆم دەگرت و لەسەر کورسیەکەم دادەبەزیم چونکە ئەوەی من دەیزانم کەئێوە هیچ نازانن گەرئێوە بیزانن هەربەم جۆرە دەبوو کەخۆتان چیتر شەرمەزارمەکەن.

***

زۆرجار موناقەشەکردن لەگەڵ گەمژەدا ئەوا خۆی لەخۆیدا گەمژەییە، چونکە کەدەزانی گەمژە وون بوە لەژیان ئیتر چۆن موناقەشە لەکەل گەمژەدا دەکرێت؟ هەم دیسان دەیلێمەوە ژیری لەوەدایە گەمژەکان لەخەوهەلسێنێت، بەڵام کاتێك گەمژە نەیتوانی بیرو هزری تۆ هەزم بکات ئەوا ژیری لەوەدانیە بەجێی بێلێت بەلکوو لەوەدایە تێی بگەیەنێت، بەڵام هەم دیسان دەیلیمەوە ئەم گەمژەیە کەتێنەکەیشت ئەوا هەم دیسان کابرای بلیمەت خەدریکی زۆرگەورە لەخۆی دەکات بەجێی بێێلیت، ، کەواتە ئەی گەمژە گەرتۆلەگەمژەیدا ونیت و بەرپەرچی بلیمەتیش دەدەیتەوە ئەوا بلیمەتە لەبەرامبەرتۆدا خۆراگرەو بەسەرخۆیدا زاله کەدەنگ ناکات کەدەنگیش دەکات ئەوە ناژیری تۆیە کەبەدەنگی دێنێت، ،، بەڵام گەمژە کەگەمژەبوو ئیتر چوزانێت ئەم حەقیقەتە لەچیدایە؟! کەواتە هەرچۆنیك بێت ئەی بلیمەت ئەم

شوینە جێی تۆی تیانیەو بەجێی بێڵە، هەم دیسان دەیلیمەوە ئەی بلیمەت ئەم شوینە بۆت نیە بەجیی بێلێی چونکە نابێت گەمژەیی بونی بمێنێت، ، کەواتە ئەی بلیمەت تۆخودای سەرزەوی ئەبێت ئەم خودایەتیە لەتۆدا بوونی هەبێت و کەدەزانی گەمژەکان لەگەمژەیدا ونن ئەوکات ئەبێت تاکوو ئەیاندۆزیتەوە عەقلی خودایی بەکاربهێنیت کەهەمیشە لەناو تۆدا بوونی هەیە.

***

مرۆڤە بەختەوەرەکان هەندێ جار لەبەختەوەریدا جلەکانیشیان لەبەرخۆیانا دادەکەنن، ،، بەڵام لای گەمژەکان لەبەختەوەریدا مرۆڤ خۆی رووتبکاتەوە ئەوا هەم دەبێتە گەمژەیی، ،، بەڵام لای من ئەمە راست نیە، ،، چونکە مرۆڤ گەر لە عەقڵدا رووت بوو ئەوا رووتی جەستەشی بەلاوە ئاسایی دەبێت، ،،، ئیتر جگە لەکۆمەلێك هەڵگری سیفەتی نالۆژیکی وەك چاوت هەبێت و حەقیقەت نەبینیت و دوو گوێچکەی گەورەشت هەبێت و راستی نەبیستی، ،، عەقلیشت هەبێت و ژیری تێدانەدۆزیتەوە، ،،، ئیتر ئائەوەیە گەمژەیی لای من نەوەك رووتی جەستە کەلەرووتی عەقڵدا ئەویش رووت دەبێت، ،، بەڵام مەرجیش نیە جەستە تەواو رووت بێت و پێشی بگوترێت ژیر چونکە لەنێوان رووتی عەقڵ و رووتی جەستەشدا دەبێت هاوسەنگی هەبێت کەزیاتر بۆلای رووتی جەستەدا بگەرێتەوەو رووتی عەقلێش تەواو لەرووتیدا بێت، ، چونکە رووتی عەقڵ گەرتەواو نەکاتە شوێنی

خۆی ئەوا ناتواندرێت پێی بگووترێت: عەقڵی رووتی تەواو و ئەوا کێشەی رووحی دروست دەکات، ،، کێشەی رووحیش دوولایەنەیە، ،، لایەنێك دەمانگەیەنێتەوە لای ئاین و کەللتورو وون بوونیەوە، ،، لایەنەکەی تری روحیش بۆ مرۆڤ گەرایی یە، ، کەهەمووشتێك بۆمرۆڤایەتی بێت و ببێتە سەرچاوەی ژیانی بوون لەناو ببوندا.

***

پەکوو لەم تاوانەی کەهەندێکمان لەخۆمندەکەین، ،، لەنێوان عەقڵی ئەوان و شێتۆکەکانی ئەمانیشدا دەمێنینەوە تۆبلێی ئەمانە کێین و ناویان چی بێت؟! تۆبلێی هەڵەبم کەناویان بنێین مەخلۆقێکی تر؟! یابەراست ئەوانیش هەرمرۆڤن!؟ ئەی گەر مرۆڤن بۆچی لەم نێوەندەدا دەمێنەوە؟؟ یابەراست کەدەلێین خوداوەند هەموویانی وەك یەك دروست کردووە ئەی بۆچی ئەمانە جیان؟! ئەی بۆچی هەموویان وەك ئەمان نەدەبوون؟! ئەی چۆن دەکرێت ئەمانە هەمووشتێك ببین و ئەوانیش هیچ نەبینن کەپێشیان وایە لەنێو ئەمری واقیع دان؟! تۆبلێی ئەم واقیعەی ئەوان دەیلێین راستی بێت؟! نا من پێم وانیە راستی بێت، چونکە ئەوان گەر بەراست لەراستیدادەبوون هێندە خافلاوی بوکەڵە شوشەی یەکتروو پارەو موڵك و قسەی قۆری نالۆژیکی نەدەبوون، کەدەیان بینم لەسەر شتێکی پوچ گەرایی مشتومریانەو بەرامبەر بەیەك هەناسەسوارن و دەشلێن خودا بەم جۆرەی ئێمەی دروست کردووە، ، کەدەیانبینم بۆ خودا سوجدەدەبەن و

دەپپەرستن، تۆبلێی ئەم خودایە پێویستی بەئەوان بێت بۆپەرستن و هەربەناوی ئەمیشەوە رووح و جەستە و عەقلیان قوفڵ کردووە! ئەی ئەم خودایە بۆچی هێندە زاڵمە ئەم بەرخۆکانەی بەوجۆرە بوێت؟! کەزۆرجار لەنێوان بروابوون بەخوداکەیان و بروانەبوون بەخودا دەکەونە شەرکردن و یا هەربۆخوداکەی خۆشیان ملی یەکتر دەقرتێنن،! لەونێوەندەشدا ئەوەی ونیان کردووە خوداکەی ناو کەلەسەریانەو نایدۆزنەوە! دەی باهەروابێت و لای ئێمەش ئەم مشتومرەی ئەوان و عەقڵ وونی خافڵاویاندا قاقایە بۆپێکەنینمان و هەندێ جاریش بۆ دەم بەهەراش بونمان و یا گۆشەگیریەکەی ماڵی هەمیشەییمان؟! ئەی چۆن تاوانیك نیە بەهەردووکیان بگوترێت مرۆڤ؟!

***

ئێوە ئارەزوتان لەبارینی بەفرە بۆئەوەی بچن یاری تێدابکەن، ،، بەڵام بێ خەیاڵن لەوەی کەنازانن هەمو رۆژێك لەناو بەفردا سڕبوونە، پەکوو لەوتاوانە تۆبلێی ئەوان سڕبوونی جەستەو رووح لەچیدا ببینن؟؟؟ ئەی بۆچی دەچنە ناوبەفر لەکاتێکا هەموو رۆژێك هەرلەناو بەفردان و رووحی بەستوون؟؟

منیش پێیان دەڵێم: ئێوە حەق وانیە بچنە ناو بەفر، ، بەڵکوو ئێستا کاتی ئەوەیە برۆنە بەرهەتاو کەرووحتان خاوبکاتەوە، ، چونکە رووح کەمرد ئیتر جەستە مانای چی دەگەیەنیت؟

***

هەرکاتێك نادادپەروەری و نایەکسانی چینەکانی کۆمەڵگابوونی هەبوو ئەوا هەمیشە (حەکیم) لەوێداسەرهەڵدادات، ، بونی حەکیمی راستەقینەئەوکاتەیە گوی نەدات بەنارەزایەتی ئەوکۆمەڵگایە لەسەرقسەکانی خۆی، ، چونکە کۆمەڵگای لەمجۆرە گەر هەستیان بەبونی خۆیان بکردایە لەنادادپەری و نایەکسانی کۆمەڵگا غەرق نەدەبوون و پێویستیشی بەتۆنەدەکرد لەناویانا ببی بەحەکیم، ،، کەواتە ئەی حەکیم لەوکاتەدا ئامادەبە بتبەن بۆبەردەم پەتی سێدارەش.

***

گەل و مێگەلی کۆمەلگای چەق بەستوو دەمێکە بەدەست خودای سەرکردە سیاسیەکانەوە دەناڵێنێت، ،، ئەمەش وەنەبێت خەتاکە لەسەرکردەکان بێت، ،، بەڵکوو خەتاکە لەو کۆمەڵگایەیە کەسەرکردەکانی وەك (خودا) سەیردەکات، ،،، ئەم سەیرکردنەی خودایەش ئەوانی هێندەی تر گەوج و گەمژە کردووە کەلەمانای دەستەلات و سەرکردە تێنەگەن و لەسەرەوە بوونەتە خودایەکی بێ ناوەرۆکی سەرزەوی، ،، ئائەوەیە تاك و کۆمەڵگای کۆیلە

کەبەردەوام بوون لەچەپلە لێدان بێ ئەوەی بزانن چارەنوسیان بەرەو کوی دەگات، ،، ئیتر ئێوە ئەی تاك و کۆمەڵگا تاکەی لەوە تێدەگەن و تاکەی خۆتان دەکەن بەکۆیلەی هزرمردویەکی بێ توانای هزر مردویەکی سیاسی، ، دەستەلاتێك و سەرکردەیەك کەنەیتوانی حەزوو ویست و داواکاریەکانی کۆمەڵگا لەسەر رێچکەی (عەقل) گەریی بەرێوەبەرێت لەجیاتی ئەمە ژەهرتان نۆش بکات، ،، ئەی ئێوە ئەم چەپڵەتان لەپای چی؟؟ ئێستا پێت بلێم گەمژە؟؟ ئێ ئەگەر ناوت نەیەنم بەگەمژە ئەوا تاوانبارم، ، چونکە کاری گەمژەیی لەوە زیاتر نیە، ، مرۆڤ ئەگەر عەقڵی باڵای لەکەلەسەردانەبێت ئائەوە چارەنوسی دەبێت، ،، سەرکردەی سیاسی و کۆمەڵگا خۆیان توشی داوێك کردووە لەگەل خۆمان و لەگەل دەرەوەش چاومان هێندە شۆرە لەمرۆڤ بوون داچۆراوین، ، ئێمە بەرووخسار مرۆڤین، ، کەچی لەناو کەلەسەردا عەقڵی ئاژەڵمان لەسەردایە، ،، ئەقڵی ئاژەلێش ئەوەیە تەنیا بیرلە نان و ئاو دەکاتەوەو نازانێت ژیانی ئینسان یانی چی؟؟، ،، ئێستا ئەم خودایانەی دەستەڵات نان و ئاویشیان لەسەر بریوین چونکە بەهای کۆمەلگا لای سیاسیە خوداکانی سەرەوە هەرهێندە بەباش دەزانێت و دە با بەهەمومان نوشی بکەین چونکە حەقی هیچمان نیە لەسەر زەوی مرۆڤێك نەزانێت بۆچی هاتۆتە بوون ئیتر هەرهێندەی داروو بەردێك قابیلیەتی.

***

لەوەسەیرتر چی تر باڵندە بچوکەکان لەخوارەوە بەباڵندە گەورەکان دەڵێن: باڵندەگیان لەسەرەوە جیقنەمان بەسەردا بەرمەدەنەوە، ئیتر باڵندە گەورەکەش گەرلەمە تێبکات ئەوا گەورەیی ئەو لەوەدا دەردەکەوێت بچێت لانەی باڵندە بچووکەکان پاك رابگرێت و جیقنەی تێنەکات، ،، ئەوکات دوای ماوەیەك هەمووان بەیەکەوە دەتوانن بفرن و باڵندەیەکیش لەخوارەوە نامێنێتەوە دەست بە جیقەجیق بکات.

***

من راستە کوردم بەڵام خۆم وەك کورد هەژمارناکەم، ، چونکە بەرلەوەی کوردبم ئەوا مرۆڤم، ، کەواتە مرۆڤ بوونم پێش هەمووشتێکەوەیە، ، ئەوکاتەشی کەمرۆڤ بووم ئیتر شتەکانی تریش هەموی بۆتەنەکەی خۆڵ.

ئەم نیشتیمانەی ئێمە وەك کەسێکم دێتە بەرچاو کە هوتێلێکی هەبێت، بەلام تاپۆی هۆتێلەکەی لای خۆی نەبێت و کەسێك لیی داگیرکردبێت، ، هەرکاتێکیش بیەوێت لەهۆتیلەکە بخەوێت ئەوا پارەی شەوانە بدات بەوکەسەی کە تاپۆکەی لێ داگیرکردووە.. ئێستا ئەو هاونیشتیمانیانی ئەو وڵاتەم ئاواهی دێتە بەرچاو.

***

گەربتەویت شۆرشێکی حوکمی عەقڵ بێتە ئاراوە، ، ئەوا دەبێت ئەوانەی ئێستا بانگەشەی حوکمی عەقڵ لێدەدەن ئەوان پشتگیریت بکەن، ، بەڵام گەر ئەوان بۆخۆیان کارەکانیان بێ ئەقڵی بوو، ،، ئەوا ئاستەمە شۆرشی عەقڵی بەبێ رابەرێکی عەقڵی بێتە ئاراوە.

***

دونیای ئێستا بەدەست پیاوی بێ ئەقلەوەیە، ، کەواتە ئەوەی خۆی بەعەقڵ دەزانێت باراپەرین لەدژی بێ ئەقڵی بکات.

هەرکەسیك وشەکانی فەیلەسووفانی خویندبیتەوە دەبیت بشتوانیت فەیلەسوفیك دروست بکات ، ئەکەر وانەبیت کەواتە هیجتان لەبارەی فەیلەسوفانەوە نەبیستوەو ناشتانەویت ببن بەفەیلەسووف ، بەلی ئیستا زانیم کەزۆر وونن ، جونکە ناتانەویت ببن بەفەیلەسووف ، بەس تکادەکەم ئەکەر فەیلەسوفیکی تر دروست بوو لەدوای مردنی ریزلە بوونی مەکرن ،جونکە لەبووندا نەتان توانی ریزلەبوونی بکرن.

***

ئيوة بيتان واية دةبيت مرؤف هةربةوجؤرة بمينيتةوة كةنةتوانيت لةماناى بوونى خؤى تيبكات؟ ئةى ئةكةر وابيت بوونى ئيمة لةجيداية؟ لةوةتةى هةين بةعةقليكى دؤكمايي و كةشةوةستاو لةبازنةيةكدا دةسورييينةوة كةناتوانن خؤتانى لي رزكاربكةن و بيشمان واية دةبيت هةربةوجؤرة بيت ، ئةزانن ئيوة ئيستا لةكوين؟ من باش سةيرتان دةكةم و يةكة بةيةكة دةتانخوينمةوة ، كةهةنديكتان هيندة ونن كةربيتان بليم ونبونى ئيوة لةجيداية سةرتان واق دةمينيت ، كةواتة ليتان دةكةريم تائةوكاتةى لةماناى بوونى ئيمةش تيدةكةن. خؤئةكةر وانةبيت بوونى ئيمةش هيج مانايةك نابةخشيت.

***

((شەری من و عەقڵ))

من دەڵێم: ئەوەی سێکس دەکات بێ ئەخلاقە، ئەوەشی خۆی لەم کەسە هەڵدەقورتێنێت ئەوا لەو بێ ئەخڵاقترە، عەقلیش ووتی: ئەی مرۆڤ تۆ دەتوانی لەهیچیان نەبیت.

دیسان وتم: سێکس ئازادەو ئاساییە بەڵام بۆدەبێت هێندە گەورەبکرێت مرۆڤ رووحی لێ بسەندرێتەوەو بێ

کەرامەتبکرێت کەواتە مرۆڤ ئازادە بۆکردنی بەڵام وون نەبێت لەکردنیدا.

ئەوەی بوەتە کێشەی هەرەگەورەی نێوان دینەکان و فەیلەسوفان لە ژن زیاتر هیچ شتێکی ترنیە، کەواتە ئەم کێشەیە لێگەرێن باخودا خۆی چارەسەری بکات نەوەك بکەوێتە ژێردەستی ئێوەو بریاری لەسەربدەن و لەسەرزەوی مەحکومی بکەن. کەواتە ئەی دینەکان ئەگەرخۆتان برواتان بەژیانی ئەودیوهەیە ئەوا لەم ژنە گەرێن بادونیای ئەمدیو خۆی هەلبژێرێت.

جگەلە دونیای ژن هاوکات پارانەوەو نوزەنوزیش بۆهیچ خودایەك پێویست نیە، چونکە مرۆڤ کەخۆی بووبەخودا ئیتر پارانەوە گەوجایەتیە.

ئەو مەخلۆقانەی باپیری منیان کوشت ئێستا نەوەکانی ئەوانن لەبازار یاری دەکەن، ،، بۆیە بریارمدا منیش بازار بۆئەوانە چۆلبکەم، ،، باپیرت ناوی چی بوو؟؟؟

ناوی سوقرات بوو

باشە بۆچی بۆیان چۆڵدەکەی ترست هەیە بتکوژن؟؟

نا ترسم لەمردن نیە ترسم لەوەهەیە نەبم بەتۆپەکەی یاری کردنی شەق شەقێنەی ئەوان، ،، چونکە ئەوان نازانن یاری بکەن، ، کەسێکیش یاری نەزانێت ئەوتۆپە دەبێتە خەسارە.

یاهاوشێوەی فلچەو بۆیاخێکن کەکەوتبێتە بەردەستی منالێك و نەزانێت وێنەیەکی پرمانا بکێشێت کەچی رەنگ و کاغەزەکە هەرلەخۆیەوە رەنگاو رەنگ بکات. یا هاوشێوەی ئالتونێکی بەنرخ و ئەوانیش لەکۆلانی سەرشەقامەکان یاری پێ بکەن و بکەوێتە درزی دیوارەوەو ونی بکەن، ئیتر ئازیز گیان لەکۆمەلگای ونەکاندا بەرزە مرۆڤەکان بەمجۆرە خۆیان خواردۆتەوە.

***

روخساری دەمووچاوم هێندە ئالۆزە، ، بۆئەوانەشی بیریان ئالۆزنیە والێم تێدەگەن و وادەزانن، ،، یاتورەم، ، یا پێدەکەنم، ،، یادەگریم، ، یاهەرنامۆبونێکی تر، ،، کەواتە من بەو جۆرەم کەوەك تۆنیم، ،، تۆش وەك من نیت کەنەتتوانی تێم بگەی، ،، کەواتە نەکەی پێناسەی هەلەم بۆبکەی، ،، پێناسەی هەلەش ئەوکاتەیە دەبێت زۆرئالۆزبیت ئەوکات بۆت هەیە ببیت بەدارێژەری پێناسە، ،، کەواتە خۆت لەقەرای پێناسەی مرۆڤ نەدەیت ئەگەر نەزانی مرۆڤ یانی چی؟؟

***

پەکوو لەو تاوانە مرۆڤێك قسە بۆئەوان بکات کەپڕمانابێت و لێشت تێنەگەن، ،، پەکوو لەو تاوانە، ئەرێ ئەوان بۆتێناگەن؟؟ لەوکاتەدا ئەوان وادەزانن گودەخۆین چونکە ئەوان لەگوو

خواردن زیاتر هیچ شتێکی تر فێرنەکراون لەوکاتەشدا وادەزانن قسەی پرمانا گوخواردنە.

***

ئایا دەزانن کاتێك منالًێك گران و هاواریەتی نایەوێت پزیشك قەترانی دەرمان بخاتە دەمیەوە هەستی ئەم منالًە چۆنە؟

ئەومنالًە پێمانەلێت: رقتان لێمە

کەگەورەش بوو دەزانێت کەرقمان لێی نەبوو کەچی بۆئەومان بوو، بەڵام ئێستا کاتی ئەوەیە لەناو گەورەکاندا سرنجی عەقڵ بخەیتە کەلەسەریانەوە کەچی هاوشێوەی منالًەکە هاوار هاواریەتی. بەلێ دەبێت بەم جۆرە بێت سرنجەکە بەکاربێنی

***

ئێستا روناکیەك لەئێوە دیارە ، بەلام لەمن دیارنیە ، ئیستا بیردەکەمەوە تۆبلێی ئەو روناکایە کامەیان بیت کەلای ئێوەیەو من نەمدیبێت؟

***

گەر خوێندتانەوەو هاوشیوەی خوێندنەوەکەش نەگۆرایت، ، ئەوا وابزانە چڵکاوت خواردۆتەوەو هیشتا هەرچلکنیت، ،، بەڵام کەخوێندتەوەو خۆت هاوشێوەی خوێندنەوەکە گۆرایت ئەوکات

دەبیتە گوو لەبەرچاوی گەمژەکان، ،، هەرکاتێکیش تۆگۆرایت و خەڵکیش گۆرا لەوکاتەدا هیچ شتێك بەقەد ئەم شیرینیە شیرین نیە، ،، بەڵام پێم وایە ئەمە تەنیا خەیاڵەو هیچی ترنا.

کەسێك لەمنالیەوە لەژورێکا دەست بەسەرکرابوو بەدەیان ساڵ لەم شوێنەدا مابویەوەو لەکونێکی بچوکیشا نانیان بۆدادەنا لەکۆتایی تەمەنیدا کاتێك دەرگایان لێکردەوە و هاتە دەرەوە وتی: ئێستا بزانم ئەم جیهانە هێندە گەورەیە.
بەڵام ئێستاش من زۆرینەیان هاوشێوەی ئەم کەسە دەبینم بەئازادی دەسورێنەوە بەڵام کوێرن و نابینن.

***

زةوی ئیستای مرؤفایةتی توشی نةخؤشی شیربةنجة بووة بةلام نوسةران کةبیان دةلیم بزیشك ، دةجن دةرمانی زك ئیشةی بیدةدةن ، ئائةوةیة جیاوازی نوسةران و فةیلةسوفان ، کةنوسةران ناتوانن ببن بة بزیشکی نةشتةرکةری کشتی ، کةواتة لیرةدا ئةوةی درکی بةم مةترسیة کرد ، ئةوا بیان دةکوتریت فةیلةسووف.

***

بیرمەند دەبێت بنوسێت، ، بەڵام کەنوسی ئەوا دەبێت جیاوازیەکی زۆریشی بەرامبەر نوسەرەکانی تر هەبێت و بۆهەر وشەیەك کەدەینوسێت دەبێت ئەرزوو ئاسمان شەربکەن، ، ئەگەر وانەبیت ئەوا هیچ جیاوازیەکیش نیە لەنێوان بیرمەندی و نوسەرانی تردا، ، کەواتە ئەی نوسەر ئەگەر نابیتە بلیمەت دژایەتی بلیمەتیش تاوانێکی مەزنە.،، ئەوە دەزانی ئەی نوسەر؟؟ یاپیت بلێم چۆنە. ئائەوەبوو کەپێم ووتی.

***

رۆژێك بانگەشەی شێتیم لێ داو رامگەیاند: من شێت بوونی خۆم

راگەیاندوو تەعەداش دەکەم هیچ کەس لەمن شێت ترنیە.

ئیتر کەس تێنەگەیشت مانای شێتی یانی چی؟ کەئەوکەسانەی بەخۆیان دەڵین شێت ئەوا ئەوکەسانەن کە هەرچی عەقڵی کۆمەڵگاو سیاسەت هەیە دەیانکاتە یەك پاروەنان، ، بۆیە کەبەکۆلانەکانا دەرۆیشتم هەستم کرد ژنانی بەردەرگا دەیانگووت: چەند گوناحە دەلێن ئەم کورە جوانەش تێك چوەو شێت بووە تۆبلێی لەبێ ژنیدا وای لێ بەسەرهاتبێت؟

منیش کەگوێم لەم مشتومرەی ئەوان بوو لەبەرخۆمەوە پێدەکەنیم و نەمدەزانی چۆن چۆنی پێیان بڵێم: من ئەم شێتە نیم کەئێوە باسی دەکەن، بەڵکوو شێتایەتی من ئەوەیە کەهەرچی

کەسایەتی سیاسی و فەیلەسوفی جیهانی هەیە ناتوانن لەبەردەمم بوەستن.

ئیتر بەناچاری بەبەردەمیانا رۆیشتم و دیسان لەبەرخۆمەوە ووتم: ئەگەر فەیلەسوفانی رابدروو بەراستی فەیلەسو بونایە ئەوا ئەم گەمژانەی بەردەرگاو ناوبازار دەکردە مرۆڤ، بۆئەوەی ئەوانەی بانگەشەی شێتی لێدەدەن ئەوان بەراستی مرۆڤی راستەقینەن، ، ئیتر ئەوکات بۆم دەرکەوت لەسەر ئەم زەویەدا تائێستا عاقلێکی تێدانەبوو نەهێلێت ئەم هەموو گەمژایەتیە کەلەمرۆڤەکاندا بوونی هەیە بیسرێتەوە، ، ئیتر بەناچاری لەبەرخۆمەوە هەم دیسان لەدوای ئاخێکی سارد دەستم کردەوە بەزەردەخەنەیە کی کەس لێ تێنەگەیوو لەبەردەمیانا ئاوابووم، ، ئیتر ووتم ئەوە پیشەی گەمژەکانە کەلینگاو قوچ لەمرۆڤەکانی هاوشێوەی ئێمە تێدەگەن، دیسان لەبەرخۆمەوە ووتم: تاکەی شێتایەتی هەمووومان بەیەکەوە نەگرێتەوە کەلەوێدا مرۆڤ سورشتی بوونی خۆیەتی؟!

***

هةتاكوو لةناوتانا بووم هيج فيرنةبووم ، كةليشتان دووركةوتمةوة كةوتمة تةنيايى و لةوياشا نةوةك هةرخؤم بةلكوو هةمووتانم دؤزيةوة.

كةورةترين هاوريي من تةنياييية ، كةلاى تؤشم هةرتةنيام ، ئيوةش تةنيا مةبن جونكة ناتانةويت لةتةنيايي تي بكةن ،

***

هەرکاتیك ویستان باسی فەلسەفە بکەن خۆتان رووت رووت بکەنەوە، ئەوکات کەرووت بوون برۆن فەلسەفە بشێلن، دوو دوو بەیەکەوەو کۆمەل کۆمەل لەکەشیکی ئاراموو فەیلەسوفانەدا شەرەقۆچ بکەن، ، گرمە گرمی شەرەقۆچتان ئەستێرەکانی ئاسمان بهێنێتە لەرزین، لەوکاتەدا لەگەڵ ئیوە گەر مانگ و رۆژ نەکەوتنە شەر کەواتە باسی فەلسەفەتان نەکردو ئەوتان کوشت.

ئەی سیستەم بەرلەوەی خۆت ئامادەبکەیت بۆسزادانی تاوانبارێك ئەوا هەولبدە ئەم مرۆڤە لەتاوانکردن نزیك نەبێتەوەو رقی هەرەگەورەی تاوانکردن بێت .

***

گوایە دەلێن دینەکان بۆمرۆڤەکان هاتوون بەڵام ئەوەی بوەتە کێشەی مرۆڤەکان تەنیا دینەکانن.

***

سوقرات دەیگوت: جنێك لەناو کەلەسەرم دایە، ،، منیش دەلێم: سوقراتی باپیرم ئەو جنەی تۆ ئێستا یاری لەناو مێشکمدا دەکات و کەس لێم تێناگات، ، پیم وایە بەدەردی تۆ دەچم، ،، نیتچەش پێی وتم: جاهویی ئەوەی لێت تێنەگات گەمژەییە، ،، منیش دەڵێم: بابەقسەی ئێوەبێت

***

## ((من و دایکم ))

دایکم سەری لەمن سوڕماوەو زۆرجار دەرگای ژوورەکەم دەکاتەوەو دێت قسەم لەگەڵ دەکات و پێم دەلێت: ئەرێ کورم تۆبۆچی هەرلەژوورەوەیت و ناچیتە دەرەوەو قسەش لەگەل کەساناکەی و خۆت بەم نوسن و پەرتوکانەوە سەرقاڵکردووە، تۆ هاورێت نیە؟ ئەی ئەوان غەریبی تۆناکەن؟ ئەی تۆ چۆن بێتاقەت نابیت لەخوێندنەوە؟ کورە بەسە وازبێنەو ببە بەبەشەر.

منیش ووتم: من نایةمة دةرةوةو بؤجی بجمة دةرةوة؟ ئةوانةی هاوریشمن باش لیم تیناکةن و منیش نامةویت نةئةوان ئازاربدةموو نةخؤشم ئازاربدةم!! دایکم زیاتر کووتی: کورم ئةزانی بؤجی خةمی تؤمة؟ منیش ووتم: ئةکةر بیم بليي باشترة ، ووتی: ئةترسم هیندة دةخوینیةوة رؤزیك منالآن و کةورةکان لةکؤلانةکان بةدوات بکةون و بیت بلیت ئةمةشمان شیت بوو ، جونکة بیستومة زؤرکةس کةبةو شیوةیةی تؤبونة لةدوایدا شیت بوونة ، منیش بیم ووت: ئةوةی تؤ باسی ئةکةی من دةمیکة کویم لةو جیرؤکانة بوةو ئیستا دةزانم ئةوان بؤجی شیت بوونة ، ووتی: ئادةی بیم بلی بزانم بؤجی؟ ووتم ئةمانة تیرعةقل نةبوونة ، جونکة بروام وانیة کةسیك لةعةقلدا شیت بیت ' ئةوانةی شیت دةبین دوو جؤرن ، هةندیکیان ئةوانةن کةنازانن ئیش بةعةقل بکةن و دةیشیوینن ، ئةوانةی تریشیان ئةوانةن کة هةقی خؤیان

نةداوةتة عةل ، واتا هةركاتيك عةقل نةكاتة شوينى خؤى ئةوا كيشة دروست دةكات!!

دايكم سةريكى هيناو بردى و ووتى: كابرا ئةوة من لةتؤتيناكةم نةهةقى ئةوانةش ناكرم كةليت تيناكةن بةلى ئةوان راستةكةن ئةوة من دايكى تؤم ليشت تيناكةم ، كةواتة ئةوانيش وةك من سةريان لةتؤ شيواوة ، دواتر بيم ووت: كةواتة لةوانيش دةكةريم كةليم تيناكةن و ئازاديشن هةرجى دةلين بابيلين ، جونكة ئةوكةسانةى كةليم تيناكةن بيناسةكةيان لاى منة.

***

هەموو مرۆڤە عەقڵ باڵاکان لەسەردەمێکە مرۆڤیان هۆشیارکردتەوە کەلەونیدا بەخەبەریان هێناون، بەڵام زۆرینەی ئەم عەقڵە باڵایانەش لەدوای مردنیانەوە لەبالایدا ناسراون، بەڵام لەوە بەدبەخترنیە مرۆڤێك ناسراویەتی خۆی بکەوێتە دوای مردنیەوە، ، ئەوەش هەمیشە شەرمەزاری مرۆڤەکانی سەرزەویە کەبەم جۆرە لەونی خۆیاندا مرۆڤە بالاکان وونەکەن.

***

من تەنیام و لەژووریکدا خۆم و پەرتوکەکانم بوین بەهاورێ،، لەوێدا کەبرسیم بوو وەك پشیلەیەکی نەوسن دەگەڕێم بەدوای خواردن کەهیچم نەدۆزیەوە لەتەنانێکی تەڕ لەسەرسۆپاکەم گەرم دەکەم و بەپەرداخێك ئاو دەیخۆم،

،،لەوکاتەشدا پێدەکەنم هەست بەدەوڵەمەندی دەکەم، ،، بەڵام ئێوە جیاوازن خواردنی خۆش دەخۆن و کەچی هێشتا هەردەگرین و نزەنوزتانە هاوشێوەی منالێك.

***

دووکەس پێوستی بەخوێندنەوە نیە، ،، یەکێکیان کەهیچ نازانێت و نمایشی گەمژەیەك نیشاندەدات لەدەروپشتی خۆی، ،، دوەمیشیان ئەو بەرزە مرۆڤانەن کەلەئاسمان شەپەشەپی باڵەکانیان دێت و باڵندەکانی تریش نایان ناسن.

***

سوقرات دەیوت: دڵگران مەبن کاتێك مرۆڤێك کت و پر لەگەڵت دەگۆرێت، رەنگە ئەوکەسە وازی لەنواندن هێنابێت و گەرابێتەوە سەر کەسایەتی راستەقینەکەی.

منیش دەلێم: ئەی سوقرات جائەکەر من وابووم لەگەل ئەو گەڵ و مێگەلە ئەوا ئەوان چوزانن گەرانەوەی راستەقینە لەچیدایە؟ چونکە ئەوان گەر ئەمەی تۆیان زانیبایە ئەوا دەمێك بوو چیتر پێویستی بەدروست کردنی هاوشێوەی تۆیان نەبوایە.

ئیتر رەنگە ئەوان کاتێك من نەمەوێت بچمەلایان ئەوا بەشێت بمشوپهێنن،

ئیتر ئەی سوقرات تۆ ئەم قسانە بۆکی دەکەی؟ خۆئەوان راستە دوو گوێچکەیان هەیە، بەڵام گوێچکەکانی ئەوان وەك تاشەبەرد بەخۆیانا شۆرکردۆتەوەو هیچی پێ نابیستن جگەلەم مۆسیقایەی کەبەردێك بەرتەنەکەیەك بکەویت و ئەوانیش بەمە دێنە سەما،

ئیتر مۆسیقاکەی ئەوان تەنیا تەنەکەو بەردەو هیچی تر. جاکاتێکیش مرۆڤێك نە زانێت دەنگی نۆتەو ئاوازی رەسەن لەچیدایە ئیتر چۆن لێی دەگیرێت کەپێمان دەلێت شێت، یا گومرا.

***

هۆ بێ برواکان هۆئاین زادەکان و ئەوانەی بروایان بەخودا هەیە یان بروایان بەخودانیە، ئێوە شەرلەسەر خودامەکەن، بەرلەوەی خودا بدۆزنەوە یاوونی بکەن، ئەوا مرۆڤ بن ئەوکاتەشی کەمرۆڤ بوون گەرخودا بوونی هەبێت یانەبێت ئەوا هیچی لەئێوە ناوێت، چونکە ئێوە هەردووکتان مرۆڤن کەمرۆڤیێکی پرلەمرۆڤیش بون ئەوا ئێوە خۆتان خودان و خودایی ئێوەش پردەبێت لەخۆشەویستی.چونکە خودایی بوونی مرۆڤ کەدووباڵی لێ رسکا ئەوکاتەش پریەتی لە ژیرایەتی.

***

من کافرنیم کاتێك باسی هەبوون و نەبوونی خودادەکەم، کافەرەکان ئەوانەن کەلەهەبوون و نەبوونی خودا ناتوانن وەك مرۆڤ بوون بژین .

تێبینی / لەدوای ئەم پەرتوکەمدا پەرتوکی (ووتە ئالتونیەکان) م بەرێوەیە کەحۆی دەدات لە 400 وتە، هەروەها لەگەل رۆمانێك دەستیانم پێی کردووەو لەم دەرفەتەنزیکەدا بۆخوێنەرانی بڵاو دەکەمەوە، بەڵام بەرلەوەی رۆمانەکەم تەواو بکەم ئەوا وتەکانم ئامادەن بۆچاپ کردن بەم زوانە.

***

تێبینی / ئەمە ناونیشانی بابەتەکانی پەرتوکەکەیە

پێشەکی
1/ مشتومری مرۆڤ لەسەر بونی خۆی ئێستایدا
23 بوون یاخود هاتنە بوون
27/ تورەبوون
30/ مرۆڤ و خودا
36/ پێخەمبەرو فەیلەسووف
51/ ژن یاخوود ژن و سیکس
65/ ژنی غەریزەیی یاژنی نەوسن
61 لەشفرۆشی
68 نەخۆشی
69 دەستدرێژی سێکسی
72 هاوسەرگیری
23 پەروەردەکردنی مناڵ
78 دادگا
84 پسپۆڕ
87 ئەوروپاو بانگەشەی مرۆڤایەتی
100 دەولەتی مەزن
106 نەخۆشی دەرونی

107 شوێن گرەوەکانی سەربازی
118 هزری فەلسەفە
124 حیزبەکانی کۆمەلگا چەق بەستوەکان
126 چەك وەك عەرزی عەزەڵات
129 لۆژیك لەکەل بوونی رووت
141 فلیمی ئاکشن یادیالۆك
164 لەگەل باڵاکاندا

